# دەربارەی تەرجەمەناسی

ئاسۆس شەفیق

مشتومالْدانی: ئاکۆ مودیری، ڕێژیار فاخر، کاروان عارف و عەبدولْلا عەبدولڕەحمان

«جاوتەنە»، ستۆکهۆلم 2023

## پێڕست

**پێشەکی** --- **3**

**شاچەمکی تەرجەمەناسی** --- **8**

**پاشخانێکی مێژووکرد** --- **12**

**شارێی بیردۆزەکی** --- **16**

*بیردۆزەی هاوتایەتی Equivalence theory* --- *16*

*بیردۆزەی سکۆپۆس Skopos theory* --- *26*

*تەرجەمەناسیی راڤەکار Descriptive Translation Studies (DTS)* --- *34*

**تێکستبارەتی و تەرجەمە** --- **47**

**نۆرم Norm** --- **54**

**لە بیردۆزەوە بۆ کردار** --- **63**

*جۆری تەرجەمە* --- *63*

ڕوانگەی «هێمابار» --- 65

سێ مۆدێلی تەرجەمە --- 68

کێشە و چارەدۆزی --- 71

*چوار ڕووکاری بنەڕەتیی تەرجەمە* --- *74*

ڕووکاری ساختار --- 76

ڕووکاری چەشنەزار --- 81

ڕووکاری سەمانتیک --- 86

ڕووکاری پراگماتیک --- 94

*هاوشانەتی لە تەرجەمەدا* --- *98*

*سەرەنجام* --- *103*

**تەرجەمەی ماشێنکرد** --- **108**

**«زاراوەسازی»ی جەلیزادە** --- **118**

**فێرکاری و تەرجەمە** --- **125**

*پرۆژەکاری بۆ بارهێنان و ڕاهێزان* --- *132*

**پاشکۆی «صد سال لموپیش»** --- **143**

**سەرچاوە** --- **164**

**پێشەکی**

ژمارە نۆزدەی هەفتەنامەی «پێشکەوتن»، کە دەسەڵاتی بریتانیای ئەو دەمە لە سولەیمانی پەخشی دەکرد، لەژێر سەردێڕی «صد سال لموپیش» گەشتنامەی *Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh* (1836) کە بەرهەمی ڕیچ[1] Claudius James Rich ـە بە چەند دێڕێک دەناسێنێت و دەکەوێتە تەرجەمەکردنی بەشێک لەو گەشتنامەیە. ئەم تەرجەمەیە لە چەند ژمارەیەکی «پێشکەوتن»ـدا، بەشبەش، زنجیرە دەبەستن. سەرلەبەری ئەو بەشەی گەشتنامەکەی ڕیچ کە «پێشکەوتن» لە ژمارەکانی 19-33 تەرجەمەی کردوون لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا، لەگەڵ کۆشانێکی - لەگوێرەی توانا - بۆ تایپکردنەوەی بە ڕێنووسی ئەمڕۆ، تۆمارە.

بەشی یەکەمی ئەو تەرجەمەیە سەرلەبەری دووهەم لاپەڕەی ژمارە نۆزدە دەگرێتەوە و بەم جۆرە دێتە گۆ:[2]

صد سال لموپیش

صد سال لموپیش قونسولوسیکی انکلیس لە بغداد ناوی میستر ریچ بو. لبرامە کەنختیک ناخوشی بو. سفر کردنی کویستانی بەباش زانی بە قصۀ هنی لە مأمورەکانی بغداد لبر أوۀ هتا أو روژە هیچکس لە مأمور انکلیس بخذمت پاشاکانی سلیمانی نەکەیشتبو. سفر سلیمانی بە چاک دی. لپاشا سفرنامەیکی نوسیەوە کە لیرە دا دینوسینەوە.

رۆژ ٥ مایس ١٨٢٠ کیشتە دربند بازیان لوی وە لسر نوسینی خوی دلیم

وا دەلیت

*ساعت ۹ آلافرانکە لەبیاندا کەیشتینە دربند لەبردمیا خانیکی پچوک هیە و لە ناو دربند کلاوەیک هیە کە جیکا هودە و چالی آوی تیا دیارە. بقد ١٢ کس تفنکچی لوی هیە. لەلاینی پاشای سلیمانی لە همو باریک کە رابوریت ١٢ پارە باج وردەگرن. هر وک لەدواییدا لە بنجوبناوانی کەیم کە عبدالرحمن پاشا أم دربندۀ زور قایم کردبو. دیواریکی کردبو و قاپیکی زور کرانی پیوە بو چوار طوپی لەسەر شاخەکە دانابو کە بو اوردوی عثمانی بهاویژن. لواقعدا هیچ نە دەبو کە عثمانی دربند بکرن مکر بە هاودستی محمد بیک خالد پاشا کەلکل سلیمان پاشای قومندان عثمانی بو.*

---

[1] ڕیچ Claudius James Rich (1787-1821) مێژووناس، شوێنەوارناس، زمانزان و گەشتەوارێکی بریتانییە لە ماوەی کاری وەک نوێنەری جێگیر لە بەغدا، سەردانی کوردستان دەکات و لە سولەیمانی میوانی مەحموودپاشای بابان دەبێت. ڕیچ لە کتێبی *Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh* (1836) دا سەرنج و بیرەوەرییەکانی خۆی لەو گەشتانە تۆمار کردووە.

[2] هەفتەنامەی «پێشکەوتن» - سلێمانیساڵی یەکەم، ژمارە نۆزدە، ڕۆژی پێنجشەممە، دووی سێپتەمبەر 1920، لاپەڕە 2.

*لپاش چن روژ که عثمانی هجومیان هینابو. محمد بک للایکی دربندەوە ریکای پیدا کرد. هنی له لشکری کرد کرمیان[3] و پیادهٔ عثمانی لسر شاخەوە هینا و له پشت عبدالرحمن پاشاوە هاتن.*

*طوپەکانی أو که لسر شاخ بو کرتیان و رویان کردە عبدالرحمن پاشا لبر أمه عبدالرحمن پاشا شکا و روی بو سلیمانی. سلیمان پاشای قوماندان أو دیوارهٔ تیکدا. که أمرو شوینی أو دیارە.*

سەنگی شاکارەکەی ڕیچ، لەبەر ئەوەی سەرچاوەیەکی دەگمەنی سازگارە بۆ ناسینی هەلومەرجی ئەو سەردەمەی بەشێکی کوردستان، بەولای نرخاندنەوەیە. ڕیچ لەو گەشتنامەیەدا، بارودۆخی کوردستانی 1820 «تەرجەمە»ی ئینگلیزی دەکات و پاش سەد ساڵ - لەبەر بەرزیی بەهای ئەو کتێبە - دەسەڵاتی بریتانیی فەرمانڕەوا لە سولەیمانی، بەشێکی لە ئینگلیزییەوە «تەرجەمە»ی کوردیی 1920 دەکەنەوە. ئەم تەرجەمە دووسەرە سەدساڵ تەمەنە نەبا کەلێنێکی تاریک دەکەوتە واری خۆناسیمانەوە.

تەرجەمە تاوی مەزنی هەیە لەسەر گەشە و هەڵکشانی زمان و فەرهەنگ. لەڕێی تەرجەمەوە، جگە لە ئاشنابوون بە بەرهەمی هزریی مرۆڤکار،[4] بە هاوردنی زانیار،[5] بە چەمک و داڕشتنی نوێ، زمان و بیری خۆمان دەفراژێنین. تەرجەمەی *ئاڤێستا* و *سەرەنجام*، *جیلوە* و *مەسحەفی ڕەش* بۆ زمانی ئەم سەردەمە دەرفەتی توێژینەوەی هەمەجۆرمان بۆ دەڕەخسێنێت، لەبەر ئەوەی هەم زمان و هەم فەرهەنگ بەدەم کاتەوە بەرگۆڕن. بیر، چەمک و داڕشتن هەیە لە سەردەمی نووسینی تێکستی سەرشاردا[6] بەردەرک بوون، بەڵام بۆ ئاپۆرەی ئەم سەردەمەی تەرجەمەکە لەوانەیە نامۆ و پەنهان بن. دوور نەڕۆین، زۆر لە هۆنراوەکانی نالی، گەر ڕاڤەی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕریس و کوڕەکانی[7] نەبێت - کە ئەویش جۆرێکی باڵایە لە تەرجەمە - سەرەدەریی لێیان بۆ خوێندەواری ئەم ڕۆژگارە ئاسان نابێت. لەوەش بترازێت، *«دەستەودامانی نالی»*[8] نەبێت، نە ئەو ڕاڤەکارییەی مودەڕریس و نە پەیبردنی نالیدۆستان، لە کەماسی دەرباز نابن. لەم نموونەیەدا باس لە لێکدانەوە/تەرجەمەی هەمان شێوەزاری کوردییە و مەودای نێوان هەردوو بەرهەم یان نێزیکە دوو سەدەیە، ئەوجا دەبێت فرەواندنی پانتایی تەرجەمە بۆ بەرهەمی کەڤنار و بۆ زمان و شێوەزاری دوورەدەست، بۆ ڕشتە و ژانرەی نوێ چ دونیایەکی فەرهەنگیمان بۆ واڵا بکات. هاشم ئەحمەدزادە، گوتاری «وەرگێڕان وەک دیاردەیەکی فەرهەنگساز» تەرخان دەکات بۆ سەنگی تەرجەمە لە گەشە و فراژووتنی فەرهەنگدا و دەڵێت:

*ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن لە دوو ئیمپراتۆریی گەورەی عوسمانی و قاجاردا بەدەر نەبوو لە دەکارهێنانی وەرگێڕان وەک ئامرازی گواستنەوەی فەرهەنگ و زانستی ڕۆژئاوایی بۆ ناو دڵی جیهانی ڕۆژهەڵاتییەوە. سەدەی نۆزدەهەم لە وڵاتانی ئێران و تورکیای ئەمڕۆدا، هاوتەریب و شانبەشان لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، شاهیدی شەپۆلی وەرگێڕانی دەقە زانستییەکانی ڕۆژاوایی بوو بۆ سەر*

---

[3] بۆ ئەم «کرد کرمیان» (کوردی گەرمیان)ـە و چەواشەکاریی دیکەی نێو ئەم تەرجەمەیە، بڕوانە پەراوێزەکانی پاشکۆی پاشکۆی *«صد سال لموپیش»*.

[4] مرۆڤکارەتی = humanism، مرۆڤکار = humanistic، سەربە مرۆڤ

[5] زانیار = knowledge، زانست و هونەر، مەعریفە.

[6] سەرشار = starting point، خاڵ و هێڵی دەستپێک.

[7] «دیوانی نالی»، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس، فاتیح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم. بڕوانە سایتی ڤەژین https://books.vejin.net/ck/book/58

[8] جەلیزادە، *«دەستەودامانی نالی»*، بڕوانە: https://mamosta.net/Kteeb/Kteebi_PDF/DestewDamani_Nali.pdf

*زمانگەلی تورکی و فارسی. لە قەڵەمڕەوی مێژوویی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا و لەو مەڵبەندانەی زمانی عەرەبی زمانی سەرەکیی دانیشتووان بوو، وەرگێڕان بۆ سەر زمانی عەرەبییش هێدی هێدی دەبوو بە دیاردەیەکی بەرچاوی سەردەمی مۆدێرن. لەڕاستیدا ئەگەر وەرگێڕان و هاوردەکردنی مامۆستای بیانی نەبووایە ئەنستیتۆ هاوچەرخەکانی ئیستامبۆل و تاران هەرگیز نەیاندەتوانی ئەو ڕۆڵ و کارتێکەرییەی لەسەر ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی ئەم دوو ئیمپراتۆرییە گەورەیەیان هەبوو، بەجێ بێنن.*
(ئەحمەدزادە 1918:175)

تەرجەمە، جگە لەوەی کاریگەریی هەیە لەسەر پێشخستنی زمان و فەرهەنگ، نۆرەی بەرچاویشی هەیە لە ئافراندنی ئەلفبێ و زمانی نووسین. Mall Stålhammar ی تۆژەری سوێدی لە کتێبی *Att översätta är nödvändigt*-دا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم نۆرەیە، ئاوڕ لە مێژووی تەرجەمەکردنی تەوجیل[9] دەداتەوە و دەڵێت:

*تۆمارکردنی و گەیاندنی هەر تەرجەمەیەک پێویستی بە ئەلفبێ و زمانی نووسین هەیە. بۆیە تەرجەمەکردنی «تەوجیل»یش بووە هۆکاری ئافراندنی ئەلفبێ، بۆ هەر زمانێکی ئەلفبێی نەبا و هۆکار بۆ، ڕێساڕێژیی هەر زمانێک ڕێزمانی تۆمارکراوی نەبا. لە سەدەی چوارەم (ساڵانی سێسەد) -دا ئەلفبێی گۆتی،[10] بۆ تەرجەمەی تەوجیلی کەشیش Wulfila (Ulfilas)، ئەوەی بە «تەوجیلی زیوین» Codex Argenteus ناودێرە، هاتە چلوورەبەستن. پاش چەند ساڵێک و بۆ هەمان مەبەست ئەلفبێی ئەرمەنییش هاتە ئافراندن و لە سەدەی نۆیەم (ساڵانی هەشتسەد) -دا ئەلفبێی گلاگۆتی Glagolitic script لە لایەن جووتەبراوە Cyril و Methodius، بەدەم تەرجەمەکردنی تەوجیل داڕێژرا و بووە بنەما بۆ ئەلفبێی کریلیک، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ بە کەنیسەی سلاڤی ناودارە.*

...

*چاکسازییەکەی لوتەر[11] Luther، کە دەیگوت گشت باوەڕداران دەبێت تەوجیل بە زمانی خۆیان بخوێننەوە، بووە مایەی گەشەسەندنی تەرجەمەکردنی تەوجیل بۆ زمانی ناوچەیی گشت وەڵاتانی سەربە ڕێچکەی پرۆتێستانت. لە سوێد تەوجیلی Gustav Vasa ی لێ بەرهەم هات: ئینجیل (پەیمانی نوێ) ساڵی 1526 و ئەوجا سەرلەبەری تەوجیل ساڵی 1541. پاشان، تەرجەمەی تەوجیلی ساڵی 1526، لە «وشەنامەی ئەکادێمیای سوێدی» Svenska Akademiens ordbok över det svenska språket (SAOB) دا کرایە سەرچاوە بۆ نموونە یەکەمینەکانی زمانی سوێدی.* (Stålhammar 2015:28)

تەرجەمە پێویستی بە چەندین جۆر هونەر هەیە، یەک لەوان زمانزانییە و داوا لە سیستەمی فێرکاری دەکات پەرۆشی زمانزانی بێت. ڕشتەی «زمانەوانیی فێرکار»، بۆ سەرخستنی ئاستی زمانزانی و فێربوون، لەمێژە جەختی لەسەر هەردوو ڕووکاری هەم فێرکردن و هەم فێربوونی زمانە بۆ تێکبەستنی بیردۆزە[12] و کردار، بیرۆکە و

---

[9] تەوجیل = Bible، کورتکردنەوە و لێکدانی هەردوو چەمکی تەوارت (پەیمانی کەڤنار) Old Testament (OT) و ئینجیل (پەیمانی نوێ) New Testament (NT) ـە.

[10] زمانی گۆتی = Gothic language، زمانێکی فەوتاوی جێرمانیی ڕۆژهەڵاتییە. گۆتییەکان گەلێکی جێرمانی بوون نەخشیان لە ڕووخاندنی فەرمانڕەوایی ڕۆمانیی ڕۆژاوادا هەبوو.

[11] مارتین لوتەر (لوثەر) = Martin Luther (1483-1546)، کەشیش، نووسەر و خوداناسی ئەڵمانییە و ناودارە بەوەی داهێنەری ڕێچکەی «لوتەریانەتی» Lutheranism یە لە چاکسازیی پرۆتێستانەتی Protestant Reformation ـدا.

[12] – بیردۆزە: theory، بیردۆزەکی: theoretical، بیردۆز: theorist

پەیڕەو لەم بوارەی فێرکاریی زماندا. زانایانی زمانەوان، لە جیهانی سینەفرەواندا، نەک لە سیستەمی ڕەگەزپەرستی تەنگبیردا، پەرۆشی فرەزمانزانی و مافی یەکسانی زمانن لە فێرکاریدا. Sara Laviosa لە گوتاری Translation and Education ی نێو چەمکستانی *The Cambridge Handbook of Translation* دا دەڵێت فێربوون پێڤاژۆیەکی هەرەوەزییە لەنێوان مامۆستا و فێرخوازدا، زانایان دەڵێن فێرخواز دەبنە سەرچاوە بۆ پێشکەشکردنی زانیار دەربارەی فەرهەنگ و زمانی خۆیان و بەو جۆرە، هەموو مامۆستا و فێرخواز هاوپشکن لە پێڤاژۆی فێربووندا. پێڤاژۆی فێربوون جگە لە ڕووکاری هزری و جڤاکی، لایەنی مێژووکرد، فەرهەنگی، سۆزەکی، کارلێکی مرۆڤکرد و ئاکارناسیی هەیە. زمان دەبێتە بەشێک لە سیستەمێکی چڕی تێکبەستەی جۆشخواردووی جیهانی هێماکاری هەمەلایەنی دونیای مرۆڤ. زمانفێربوون پێویستی بە بەشداربوونی واتابەخشە لە کرداری مرۆڤکاردا، کە دەکاتەوە پەیبردن و تەک (کار) و هەروەها هەڵبەستنی واتا. لە بەستێنی[13] فێرگەدا، ئەم جۆرە خوێندنەی زمان دەکاتەوە بەشداری لە پرۆژەدا، لە پەیجۆری و لە پێشکەشکاریی جۆراوجۆر. چالاکیی لەم بابەتە، لەڕێی دەرک و کارلێک، بەرنامەڕێژی و تۆژینەوە، گفتوگۆ و کاری گەلدەستی زانیارهەڵچن، دەبنە هاندەر بۆ فراژووتنی زمانزانیی فێرخواز. بنەمای ئەم دیدە لە فێرکاری و زمان دەگەڕێتەوە بۆ بیردۆزەی «جڤاک-فەرهەنگی»[14]ی ڤیگۆتسکی Vygotsky دەربارەی فێرکاری کە دەڵێت هەڤبەندییەکی[15] داینەمیکیی هەیە لەنێوان فراژووتنی جووتە لایەنی هزری و جڤاکیدا و زمان دەبێتە ئەو بەستەرە نێوانسازەی[16] بیر و کارلێک لەنێوان ئەو دوو جیهانەدا. لەبەر ئەوە فێرکاری و فێربوون لە چالاکیی هاوکۆدا دێتە فراژووتن، لەوێدایە کارلێکی جڤاکی و فەرهەنگی گەشە دەکەن. ئەم دیدەیە دەبێتە بناخەی ئەو بۆچوونەی دەڵێت تەرجەمە پێڤاژۆیەکی ڕاگەیەنە[17] و لە بەستێنی جڤاکیدا دێتە چەرخاندن.

زمانزانی و تەرجەمەزانی لە فەلسەفەی فێرکاریدا چوار ڕوانگەی جیاوازی هەیە: (Malmkjær 2022:309)

- لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە خوێندنی زمان و تەرجەمە پێویستن بۆ هەڵکردن لەگەڵ مرۆڤگەلی سەربە زمانی دیکە، بۆ دانوستان لە واری فرەمیللیدا، بۆ سەرکەوتن لە خوێندندا و هتد.
- لە ڕوانگەی جڤاکییەوە، تەرجەمە دەبێتە پشتیوان بۆ بزاڤی ئازادیخوازی و دیمۆکراسی چونکە سەروکاری لەتەک زمان و فەرهەنگی جۆراوجۆردا هەیە.
- لە ڕوانگەی مرۆڤکارەوە، خوێندنی تەرجەمە، لای فێرخوازان دڵپەسەندە چونکە دەبێتە مایەی فراژووتنی دیاردەی فرەزمانی.

---

[13] بەستێن = context

- بەستێنبەند = contextual، بابەتی بەستێنبەند واتە بابەتەکە لە بەستێنی دیاریکراودا سەیر دەکرێت.
- بەستێنبەندکردن = contextualization، داڕشتن و بەستنەوەی بابەت بە بەستێنەوە بۆ واتابەخشین بەو بابەتە.
- بەستێنهەڵوەشاندن = decontextualization، دابڕین و داماڵانی بابەتەکە لە بەستێنێکی دیاریکراو.

بەستێنبەندکردنەوە = recontextualization، داڕشتنەوە و بەستنەوەی بابەت لە بەستێنی نوێدا.

[14] جڤاک-فەرهەنگی = socio-cultural

[15] هەڤبەندی = relation، هەڤبەند = relative

[16] نێوانسازی: mediation، نێوانساز: mediator, mediative

[17] ڕاگەیاندن: communication، ڕاگەیەن: communicative، ڕاگەیەنبار: communicable، ڕاگەیەنبەدەر: incommunicable.

- له ڕوانگەی ئەکادیمییەوە، خوێندنی تەرجەمە، دەبێتە هاندەر بۆ گواستنەوەی زانیار لەنێوان ڕشتەی دیکەی نێزیکدا، وەک زمانەوانی، زمانەوانیی پێکگیر[18] و تەرجەمەناسی.

هەر لەم ڕوانگەی تاوی زمانزانی و تەرجەمەکردن لەسەر فراژووتنی زمان و فەرهەنگ، بێنە پێشچاوت گەر پێڤاژۆیەکی تۆکمەی خۆشڕەوت هەبێت بۆ تەرجەمەکردنی بەرهەمی نووسراو بە هەر شێوەزارێکی کوردی بۆ شێوەزارەکانی دیکە، چ سوودێکی دەبێت بۆ سەرلەبەری فەرهەنگی کوردستان. ئەم پێڤاژۆیە گەر لە سایەی کەسانی کارامە و پسپۆردا بێت، جگە لە فرەواندنی ئاشنایەتیمان بە بەرهەمی کوردیی ئەودیو سنووری شێوەزاری خۆمان، دەبێتە باشترین هاندەر ڕووەو نێزیکبوونەوە لە ئەلفبێ و زمانێکی هاوکۆی نووسین. کاری وەها سوودی دیکەی لابەلاشی زۆرە، یەک لەوان هەڵکشانی سەنگی تەرجومانی شارەزایە لە شێوەزاری دیکە و گەرمکردنی بازاڕی تەرجەمەکردنی بەرهەمی خۆماڵییە.

تەرجەمەناسی[19] ڕشتەیەکی تۆژینەوەیە بەمەبەستی ڕاڤەکردنی[20] هونەری تەرجەمە.[21] تەرجەمە چییە و بۆ چییە، یەک جۆرە یان فرەجۆر، یاسای هەمەپۆش و کاتبەدەری هەیە تەرجومان لە گشت کات، زمان، فەرهەنگ و ڕشتەدا ناچار بێت پەیڕەویان بکات؟ تەرجەمەی وشەبین[22] دروستە یان واتابین؟[23] مەرجە تەرجومان شێوازی تێکستە بنجییەکە بپارێزێت یان بۆی هەیە شێواز و هونەری خۆی بنوێنێت؟ گەر مەرجە بەرانبەر تێکستی سەرشار دەستپارێز بێت، چی بکات گەر هەلومەرجی ئەو دوو زمانە وێکچوو نەبوون، گەر بۆی هەیە سەرفەراز بێت سنووری ئەم سەرفەرازییە کامەیە، پێوەری بڕیاردانی چۆنن؟ هەر بەگشتی، تەرجەمە یاسا و ڕێسای دامەزراوی گشتگیری خۆی هەیە، یان نا، ڕێکەوتنی کاتیی هەیە لەسەر ئەوەی چی زیادتر مایەی سەلماندنە و چی کەمتر، ئەویش ڕێکەوتنێکە پەیوەست بە سەردەم، فەرهەنگ و ڕشتەی تایبەت؟

ئەم چەند ڕووپەلەی بەردەستت کۆشانێکە بۆ ئاشنابوون بە خەتوخاڵە گشتییەکانی تەرجەمەناسی و دیدی چەند تۆژەر، بیردۆز و بیرمەندێکی ئەم بوارە. بۆ ئاسانکردنی ئەم مەبەستە ڕوونکردنەوەی چەمکە سەرەکییەکانی تەرجەمەناسی دەبێتە دەروازەی ئەم بەرهەمە.

---

[18] پێکگیر = contrastive، پێکگرتن، بەیەکگرتن، بەراوردکردنی دوو لایەن و دیاریکردنی جیاوازیی نێوانیان، زمانەوانیی پێکگیر = contrastive linguistics

[19] تەرجەمەناسی = translatology، ڕشتەی تۆژینەوە لە هونەری تەرجەمە translation and interpreting studies

[20] ڕاڤە، ڕاڤەکردن = description

[21] تەرجەمە = translation، تەرجومان = translator.

[22] وشەبین = literal, word-for-word، تەرجەمەی وشە-بە-وشە: Metaphrase, literal translation, direct translation, word-for-word translation، گواستنەوە تاکتاکی وشە لە زمانێکیەوە بۆ زمانێکی دیکە، سەرنجگیری وشەیە. بۆ پێچەوانەی «وشەبین» بڕوانە چەمکی «واتابین».

[23] واتابین = sense-for-sense، تەرجەمەی واتابین: Paraphrase, free translation, sense-for-sense translation، گواستنەوەی واتا و مەبەستی ڕستە و دەستەواژە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، سەرنجگیری واتایە. بۆ پێچەوانەی «واتابین» بڕوانە چەمکی «وشەبین».

## شاچەمکی تەرجەمەناسی

بەمەبەستی ئاشنابوون بە چەند چەمکێکی باوی سەربە بە بواری تەرجەمەناسی، ئەم پۆلە لێرەدا ڕیز دەکەم و پاشان بەدەم ڕەوتی نووسینەوە، چەمک و دەستەواژەی دیکە دێنە ڕێمان لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێ دەدرێت:

- تەرجەمە = translation، تەرجومان = translator. چەمکی تەرجەمە و تەرجومان، بەلای منەوە گونجاوترە لە وەرگێڕان و وەرگێڕ لەبەر چەند هۆیەک: «تەرجەمە» بەو «تەر»ەی سەرەتایەوە دەکاتەوە گواستنەوە، گواستنەوەی تێکست لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، لەم بەستێنە فەرهەنگییەوە بۆ ئەویان، لەم ڕشتە، جۆر و سەردەمەوە بۆ ئەویان. کارکردی ئەم «تەر»ەیە لە زمانی ڕۆژانەشدا بە واتای دوورخستنەوە، دوورکەوتنەوە و گوێزتنەوە، دێت، بۆ نموونە: «ئێمەیان تاراند»، «شەونم تەرە بوو»... عوسمان ئەحمەدی لە هۆنراوەکەی «نەسیمەکەی ساردی پاییزی» دەنووسێت:

ئەتۆ پاییز، گوڵت ژاکان
بە جەورت بولبولت تاران

فەرموو سەرنج بدە نێزیکایەتیی «تەر/تەرە» ی کوردی لەگەڵ tra ی چەمکی وەک translation, transformation, transfer, transparent, transport... کە شەبەنگی جۆراوجۆر دەدەن لە کارکردی دەربازبوون و گواستنەوەی. جگە لەوەش وشەی تەرجەمە گەلێک ئاڵۆزتر و فرەوانترە لە «وەرگێڕان»ی بابەتێک - تەرجەمە دەکاتەوە هونەری دەرککردنی گشتەیەکی سەرلەبەر، هەم شێواز و هەم نێوەڕۆک و ئەوجا دارِشتنەوەی ئەو گشتەیە لە زمان و فەرهەنگی ئارمانجدا.[24]

هەر بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست دەڵێم، جەمال نەبەز لە شاکارەکەی خۆیدا «وەرگێڕان هونەرە»، کە دێتە سەر تەرجەمەی بەرهەمی ئەدەبی، دەنووسێت:

---

[24] ئاکۆ مودیری، بەدەم مشتومالدانی گەلالەیەکی ئەم بەرهەمە، نووسیویەتی:
*«ڕیشەی وشەکە تەرا و تارا - یە، کەس و گیاندار دەتارێت. تاران: کەسێک بتارێنی / دەری بکەیت / ڕاوی بنێیت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، دەرچوون لە وێستگە. ئەم وشانە ئێستەش لە هێندێک ناوچەی کوردستان بەتایبەت لە زمانی ئاژەڵداریدا هەر باوە و بەکار دێن. بۆ نموونە پاش چوار مانگ ڕاگرتنی ئاژەڵان وەک جوانەگا، ئەسپ و ئێستر، لە وەرزی زستاندا و دەرکەوتنیان بۆ یەکەم جار لە بەهاردا دەبێتە هۆی هەڵاتنیان بەملاوبەولادا بە خێراییەکی زۆر و دوورکەوتنەوەیان لە شوێنی تەرخانی خۆیان، بەم دیاردەیە دەگوترێت تەرابوون. گەر گورگ بدات لە ڕانەمەڕ، ڕانەمەڕەکە دەڕەوێتەوە و مەڕەکان تەرا دەبن، شوێن دەگۆڕن، دەڕۆن. کەواتە وشەی تەرا لە بنەڕەتدا کوردیی کۆنە بە واتای ڕەواندنەوە، شلکردنەوە، جێگۆڕکێ، شوێنگۆڕکێ، گواستنەوە و دوورخستنەوەیە».*

*... هەوڵ بدە، شێوازی دەقەکە و هەستی دەروونی نووسەرەکە ون نەکەیت و ئەویش وەرگێڕیت. چونکە وەرگێڕان هەر بریتی نییە لە گۆڕینی وشەکان، بەڵکوو هاوکات گۆڕینی بیروباوەڕ و هەستی دەروون و شێوازی نووسەرەکەشە...* (نەبەز 2008:18)

ئەم *«گۆڕینی بیروباوەڕ و هەستی دەروون و شێوازی...»* بەڵگەیەکی باشە بۆ ئەوەی چەمکی تەرجەمە لە «وەرگێڕان» باشترە، چونکە ئاشکرایە کە مەبەستی نەبەز «تەرجەمە» و «گواستنەوە»ی *«بیروباوەڕ و هەستی دەروون و شێوازی...»*ە نەک *«گۆڕین»*یان.

- تەرجەمەناسی: translation studies, translation theories، بوارێکی فرەڕشتەی[25] تۆژینەوە و فێرکارییە بۆ پەیجۆری لە هونەرە جۆراوجۆرەکانی تەرجەمە.
- تێکستی سەرشار، تێکستی بنەوان، تێکستی سەرچاوە: source text or start text - ST
- تێکستی ئارمانج یان تەرجەمە: target text or translation - TT
- زمانی سەرشار، زمانی سەرچاوە: source language - SL
- زمانی ئارمانج: target language - TL
- تەرجەمەی ماشێنکرد (تەرجەمەی دیژیتاڵ): machine translation – MT، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و داتاکارییە بۆ تەرجەمەکردن لە زمانێکی مرۆڤکردەوە بۆ زمانێکی دیکەی مرۆڤکرد. بەگشتی تەرجەمەی ماشێنکرد دوو ڕێبازی جودا دەگرێتە بەر:

❖ تەرجەمەی ماشێنکردی ڕێسابەند Rule-based machine translation (RBMT)، جۆرێکە لە بەرنامەی تەرجەمەکار، ڕێزمانی هەردوو زمانی سەرشار و ئارمانج دەکەنە بنەمای یەکەم بۆ پێشنیازکردنی تەرجەمەی گونجاو. ئەمیان ڕێبازێکی کۆنتر و سنووردارە.

❖ تەرجەمەی ماشێنکردی داتادۆز Data-driven machine translation، ئاماردۆزی لەنێو بڕێکی زۆری داتادا، ئەمیان نوێترە و دوو شاڕێی هەیە:

- تەرجەمەی ماشێنکردی ئاماردۆز Statistical machine translation (SMT)، جۆرێکە لە بەرنامەی تەرجەمەکار ئامار دەکەنە بنەمای یەکەم بۆ پێشنیازکردنی وشە و دەستەواژەی لەبار بۆ تەرجەمەکردن
- تەرجەمەی ماشێنکردی دەمارکار Neural Machine Translation (NMT)، جۆرێکە لە بەرنامەی تەرجەمەکار، پەنا دەباتە بەر «تەونی داتازێی[26] دەمارکار»[27] بۆ دۆزینەوەی باشترین شیمانەی ڕیزبەندیی وشەگەل، کە بەگشتی دەبنە ڕێباز بۆ داڕشتنی ڕستە لە یەک مۆدێلی تێکبەستەی سەرلەبەردا.

---

[25] فرەڕشتە = Interdisciplinarity or interdisciplinary studies

[26] داتازێ = artificial، بەرهەم و دیاردەی دەستکرد لە بواری داتاکاری و دیژیتاڵدا.

[27] تەونی داتازێی دەمارکار = Artificial Neural Networks (ANNs)

- تەونی داتازێی دەمارکار artificial neural networks (ANNs)، سیستەمی ژمێرکارییە لاسایی تەونی دەمارکاری ژینەوەر دەکاتەوە. بنەمای ئەم تەونە بریتییە لە تێکبەستەی «گرێ»ی تایبەت بە کاری دیاریکراو، بە «گرێدەماری داتازێ» artificial neurons ناودێر کراون. هەر یەک لەو تێکبەستانە، هەر وەک شانەی مێشکی ژینەوەر، سیگنال دەنێرن بۆ گرێدەمارەکانی دیکە و لە تەونی دەمارکارەدا، سیگناڵەکان بەپێی بەرنامەی کار تاوتوێ دەکرێن بۆ ئافراندنی بەرهەمی مەبەست.
- بەرنامەی تەرجەمەکار Machine Translation Software، بەرنامەی دیژیتاڵە بۆ تەرجەمەی ماشێنکرد، بۆ نموونە: BabelFish, Google Translate, Babylon...
- بژارکاریی تەرجەمەی ماشێنکرد: editing MT، هەڵەچنی و ڕاستدۆزیی پاش تەرجەمەی ماشێنکرد، پاش-بژارکاریی تەرجەمەی ماشێنکرد: machine translation post-editing (MTPE)
- کۆتا-بژارکاری، بژارکاریی هەر تێکستێک بەر لە ناردنی بۆ وەشانخانە: End-editing - editing any text to publishing
- فەرهەنگی سەرشار، فەرهەنگی سەرچاوە: source culture – SC
- فەرهەنگی ئارمانج: target culture – TC
- مشتوماڵ، مشتوماڵدانی تێکستی تەرجەمەکراو: revision = correcting a translation
- تەرجەمەی بەرەواژ: back translation، بەرەواژکردنەوەی تەرجەمەکە لە تێکستی ئارمانجەوە بۆ تێکستی سەرشار، زۆر جاریش وشەبین بەمەبەستی پێشاندانی تێکستی سەرشار.
- تەرافراندن: *Transcreation* داهێنانی Purshotam Lal, P. Lal (1929-2010) ی نووسەر، تەرجومان و هۆزانڤانی هیندوستانە. وشەکە بە تێکبەستنی «تەرجەمە» *translation* و «ئافراندن» *creation* داڕێژراوە و لە تەرجەمەناسیدا بەکار دێت بۆ ڕاڤەکردنی پێڤاژۆی سازاندنی پەیامی تێکست بەدەم تەرجەمەوە. تەرافراندن، بەولای تەرجەمەی تێکست، سازاندنی تەرجەمەکەیە لەگەڵ فەرهەنگ و بەهای هاوکۆی جێکەوتوو لای ئاپۆرەی ئارمانج. گەر بە پێوەری تەرجەمەی وشەبین-یان-واتابین تەماشا بکرێت، تەرافراندن نێزیکترە لە تەرجەمەی واتابین و ئازادەوە. تەرافراندن لە بواری مێدیا و داتاوازیدا[28] برەوەی زۆرە.
- نۆرم: norm، ئەو دەستوور، ڕێوڕەسم، نەرێت، بۆچوون، هەڵسوکەوت و دیاردەگەلەی لە جڤاکدا مایەی پەژراندن و سەلماندنن، یان ڕەتکردنەوە و ڕێبەستنن. چی دروستە بێتە گوتن و کردن و چییش نادروستە.
- بەرنامەی دیژیتاڵی یاریدەر Computer-Assisted Translation (CAT)، بەرنامەی داتاکارە بۆ یارمەتیی تەرجومان، تێکست لە زمانێکی مرۆڤزادەوە بۆ زمانێکی دیکەی مرۆڤزادە تەرجەمە بکات.
- یادگەی تەرجەمە Translation Memory (TM): شابەشێکی CAT ـە، بە کورتی دەکاتەوە تۆمارێک لە ڕستەی سەربە زمانی سەرشار و بەرسڤیان بە زمانی ئارمانج. ئەم «ڕستە-و-بەرسڤ»ـە بە «پاژ»[29]

---

[28] داتاوازی = computer game، گەمەی دیژیتاڵ کە بە کۆمپیوتەر و ئامێری دیکەی دیژیتاڵ دەکرێت.

[29] پاژ= segment، بەش، پار، لایەن

ناودێر کراوە. «پاژ» بریتییە لە دوو بەش: ڕستەی زمانی سەرشار و بەرسڤی ئەو ڕستەیە بە زمانی ئارمانج. کاتێک مرۆڤ تێکستێکی نوێی سەربە زمانی سەرشار لە بەرنامەیەکی CAT دا تەرجەمە دەکات، بەرنامەی CAT تێکستەکەی سەرشار بەراورد دەکات بەو «پاژ»گەلەی لە TM-دا زووتر تۆمار کراون. بەرنامەکە لەو بەراوردەدا «پاژ» دەدۆزێتەوە وێکچووی ئەو مەبەستە بێت مرۆڤ داوای کردووە و تێکستەکە دەکاتە «پێشنیاز بۆ تەرجەمە». (Malmkjær 2022:298)

- واتاناسی semantics: لە ڕشتەی زمانەوانیدا، پاڕشتەی تۆژینەوەیە لە واتا، تۆژینەوەیە لە فراژووتنی زمانەوانی لەڕێی پۆلێنکردن و ئاروینکردنی[30] گۆڕانکاریی لە واتا و شێوازدا. واتاناسی پەرۆشی واتایە لەسەر ئاستی وشە، دەستەواژە، ڕستە و یەکەی دیکەی مەزنتر لە زماندا. لەم پاڕشتەیەدا چەند شادۆزی زمانەوانیانە بەسەر دەکرێنەوە، وەک شادۆزی سەربە:

  - «واتاناسیی پێکبەستە» compositional semantics – سەرنج دەداتە پێکبەستن و تێهەڵکێشکردنی یەکەی بچووکی وەک وشە بۆ هەڵبەستنی واتا لە یەکەی گەورەتری وەک ڕستەدا.
  - «واتاناسیی وشەمەنی» lexical semantics – باسی لە ماکی نێوەڕۆکی وشەیە.
  - شادۆزی دیکەی زمانەوانیانەی سەربە «بەستێن» context و نۆرەی بەستێن لە تەرجەمە و لێکدانەوەدا، «بەستێنی تەماوی» opaque contexts، «واتالێڵی» ambiguity، «شلویتی» vagueness، «پێبەستی لۆژیکی» entailment، «بەرەگریمانەتی» presupposition.
  - هەڤبەندیی نێوان شێواز و نێوەڕۆک خاڵی هاوکۆیە لەنێوان دیدی جیاواز دەربارەی واتاناسی.

- دەکارناسی pragmatics: لە بەستێنی لۆژیک و فەلسەفەدا بەشێکە لە ڕشتەی تۆژینەوە لە هێمابارەتی و لە هەڤبەندیی نێوان پێکهاتەکانی دەربڕین، وەک وشە، هێما و دەستەواژە، لەگەڵ کەسی بەکارهێنەر، بێژەر و بیسەر، نووسەر و خوێنەر. لە ڕشتەی زمانەوانیدا، پاڕشتەیەکە بۆ تۆژینەوەی زمان لەڕووی ئەو بەستێنەی تێیدا دەچەرخێت و دێتە بەکارهێنان. لەم چێوەیەدا ڕووکاری وەک زانیار و باوەڕی ئاخێوەر و هەروەها هەڤبەندیی نێوان ئاخێوەر و بیسەریش هاوئامێزە.

  دەکارناسی لە زمانناسیدا پەرۆشی تۆژینەوەیە لە نۆرەی بەستێن لە پێکهێنانی واتادا، چۆنەتی دەکارهێنانی زمان لە کارلێکی جڤاکیدا. دیاردەی سەربە زمانەوانیی وەک «نێوتۆژکە» implicature، «زمانکاری» speech acts، «پەیوەستە» relevance، «گفتوگۆ» conversation و هەروەها «ڕاگەیاندنی نازارەکی» nonverbal communication لەم پاڕشتەیەدا هاوئامێزن. توانای پەیبردن بەمەبەستی کەسی ئاخێوەر بە کارامەیی پراگماتیکانە pragmatic competence ناودێرە.

[30] ئاروین = test، تێست، تواناداۆزی، ئیمتیحان، تاقیکردنەوە، ئاستدۆزی.

## پاشخانێکی مێژووکرد

گەرچی تەرجەمە هونەرێکی دێرینە و مێژووی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام تەرجەمەناسی وەک بیردۆزە و ڕشتەی تۆژینەوە دیاردەیەکی تاڕادەیەک نوێیە و بەگشتی شابەرهەمەکانی ئەم ڕشتەیە لە پاش جەنگی دووهەمی جیهانییەوە برەو پەیدا دەکەن. سەیر لەوەدایە، کتێبخانەی کوردی کە لە زۆر بواری دیکەدا بیابانێکی وشکی بێبەرە، کە دێتە سەر تەرجەمەناسی، *«وەرگێڕان هونەرە»*ی جەمال نەبەز لە ساڵی 1958 ـەوە تێدا دەدرەوشێتەوە. ئەم نامیلەکەیە لەڕووی نێوەرۆکەوە بە مەودا سەردەمی هەم خۆی و هەم ئێستامان جێ دەهێڵێت، جگە لە کردنەوەی دەروازەیەک بە ڕووی تەرجەمەناسیدا، پەیامی ڕاستەوخۆیشی هەیە بۆ دونیای کوردەواری:

> *بەڕاستی، هیچ نەتەوەیەک نییە بتوانێ واز لە وەرگێڕان بهێنێ، هەرچەندە سامانێکی نەتەوایەتیی کۆن و بەنرخیشی هەبێ - چونکە هەر وەرگێڕانە دەبێتە هۆی ئەوەی گەلێک ئاشنای شارستانێتی و زانیاری و ئەدەبیاتی گەلێکی دیکە بێ، بێئەوەی ناچار بێ بە فێربوونی زمانەکەی - نەخوازەڵا ئێمەی کورد کە بووینەتە قرەی کاروانی گەلان، پێویستییەکی تەواومان هەیە بە وەرگێڕان. بە جۆرێک دەتوانم بڵێم، دەبێ ڕاپەڕینی هزریی پاشەڕۆژمان، تا ڕادەیەکی بەرز لەسەر بنچینەی وەرگێڕان دابمەزرێنین. هەرچەندە جێی سوپاسە، وا لەم ڕۆژانەی دواییدا، نووسین و بڵاوکردنەوە و چاپ و چاپگەری لەچاو جاراندا بووژاونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، نابێ بەم چەشنە «وەرگێڕان» بخرێتە پشتگوێ و کەس نەچێت بەلایدا. بەڵکوو بەلای منەوە و بەتایبەتی لەم پلەیەدا، گەلێک لە دانان (تألیف) گرینگتر و کاریگەرترە بۆ ئێمە و، هەر دەبێ لە ڕێگەی پەیداکردنی ئاشنایەتییەوە لەگەڵ وێژە و زانیاریی گەلە پێشکەوتووەکان، بناخەی وێژەیەکی زیندووی نوێ و بنچینەی کۆشکێکی زانیاریی بۆ خۆمان بنیات بنێین.* (نەبەز 2008:8)

ئەم جەختکردنەی نەبەز لەسەر سوودی تەرجەمە بۆ خزمەتی زمان و فەرهەنگ ڕەنگدانەوەی هەیە لای تۆژەرانی ئەم بوارە. بۆ نموونە Stålhammar ی تۆژەر دەڵێت:

> *لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا،*[31] *چەند دیاردەیەک تێکهەڵکێش بوون و گۆڕمیان دایە ڕەوتی تەرجەمە لە ئەورووپادا، وەک: هەڵکشانی زمانپەروەریی میللی بەدەم سەرهەڵدانی هۆشی دەوڵەت-نەتەوەدا، پەیدابوونی چاپخانەی گوتێنبێرگ Gutenberg، برەوسەندنی پرۆتێستانەتی،*[32] *تەرجەمەکردنی تەوجیل و تێکستی دیکەی کەڤنار لە گریکی و لاتینەوە بۆ زمانی گەلانی ئەورووپا، داهێنان و دۆزەوەی نوێ لە*

---

[31] ڕۆشنگەری = Renaissance، چەمکە بۆ سەردەمێکی ئەورووپا کە دەکەوێتە نێوان «سەدەکانی ناڤین» و سەردەمی مۆدێرنیتە. زانایانی ئەو سەردەمە کەوتنە کۆشان بۆ پەیبردن و پێشخستنی زانیار بە گەڕانەوە بۆ و وردبوونەوە لە کلاسیکی دێرین.

[32] پرۆتێستانەتی = Protestantism، ڕێچکەیەکی دینی مەسیحایەتییە سەرچاوەی دەگەڕێتەوە بۆ بزاڤە چاکسازەکانی سەدەی شازدەیەم، کە بەرەنگاری کڵێسەی کاتۆلیک Catholic Church بۆوە و نەشچووە پەنا کڵێسەی ئۆرتۆدۆکس Orthodox Church.

*بواری جۆراوجۆردا. ئەمانە پێویستیان بە وشە و چەمکی نوێ بوو، جگە لە وشە، دەربڕین و داڕشتن لە تێکستی کلاسیکەوە هاوردەی زمانی میللی کران.* (Stålhammar 2015:35)

تەرجەمەناسی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ڕەوتی ساختارەتیی[33] گرتبووە بەر. ساختارەتی جەختی لەسەر ساختاری زمان بوو، هەر زمانێک وشەگەلی خۆی هەیە بۆ بیرۆکەی جۆراوجۆر و ئەو پەیڤانە لە ساختار و سیستەمی تایبەتدا پەیوەستی یەکدی دەبن بۆ بەخشینی واتا. گەر گشت زمانگەلی مرۆڤکار ساختاری وێکچوویان هەبا و هەموو زمانێک یەک وشەی دیاریکراوی بۆ هەر بیرۆکەیەک، دیاردەیەک، کاڵایەکی دیاریکراو هەبا، ئەوا تەرجەمەکردن ئاسان دەبوو. بەڵام دونیا وەها ساکار نییە، جار هەیە زمانی سەرشار دوو پەیڤی جودای هەیە بۆ دوو دیاردەی جودا، بەڵام زمانی ئارمانج تاکە یەک پەیڤی بۆ هەردووکیان هەیە، جار هەیە پەیڤ و دەستەواژەی ئەم زمانە، هەمان واتای لە زمانێکی دیکەدا یان نییە یان هەیە بەڵام تەواو جیاوازە. ئەم دۆخە هۆکارە بۆ ئەوەی تەرجەمەکردن ئاسان نەبێت. جار هەیە هاوتایەتی[34] لەنێوان دوو تەرجەمەدا پەیدا دەبێت و جار هەیە نا. تۆژەرانی ئەو سەردەمانە باسیان لە هەڤبەندایەتی[35] دەکرد بۆ ڕوونکردنەوەی دژواری و «شیانبەدەربوونی[36] تەرجەمەکردن».[37]

Walter Benjamin ی تۆژەر لە گوتاری The Task of the Translator ی نێو کۆگوتاری *The Translation Studies Reader* دا دەڵێت تەرجەمەکردن، گەر ئەوپەڕی کۆشانی بریتی بێت لە بەرهەمهێنانەوەی تێکستێکی وێکچووی تێکستی سەرشار، ئەوا تەرجەمەکردن دەبێتە کارێکی شیانبەدەر. چونکە تێکستی سەرشار بەم ژینە نوێیە، بەم دۆنایدۆنە،[38] بەم گواستنەوەیە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، تەنانەت وشەی خاوەن واتای دیاریکراویش دەکەوێتە بەر پێڤاژۆی فراژووتنی ڕووەو ڕسکان. ئەو شێوازە ئەدەبییەی سەردەمانێک برەویان هەبوو، بەدەم کاتەوە، دەژاکێن و جێ بۆ پشکووتنی شێوازگەلی دیکە خۆش دەکەن، ئەوانەی زووتر نوێ و سەرنجڕاکێش بوون هێدی هێدی ڕەنگوبۆیان دەپەڕێت. چۆن ماک و سەنگی شاکاری ئەدەبی بەدەم کاتەوە، گۆڕانی بەسەدا دێت، زمانی تەرجەمەش دێتە گۆڕان. وشە و دەربڕینی هۆزانڤان لە زمانی خۆیدا لە جێی خۆیدا داوەستاوە، بەڵام تەرجەمە بەرتاوی فراژووتنی زمانی خۆیەتی و دەرەنجام دەبێتە زادەی ئەم دۆنایدۆنە، ئەم نوێکارییە.

---

[33] ساختار = structure، بونیاد، ئەو کەرەستانەی بەشدارن لە تێکبەستنی بابەتێک و هەروەها جۆری تێکبەستنیان. ساختارەتی = Structuralism، ناوێکی گشتییە بۆ جیهانبینییەکی دەڵێت دیاردەی مرۆڤکار تەنها لەڕێی هەڤبەندیی نێوخۆوە بەردەرک دەبێت. لە ساختارەتیدا جەخت لەسەر ساختار و سیستەمە.

[34] هاوتایەتی = equivalence.

[35] هەڤبەندایەتی = relativity، بۆچوونێکە دەڵێت زانیار ڕەها نییە، هەڤبەندە بە سنوورداربوونی ماکی ئاوەز و دۆخگەلی زانینەوە.

[36] شیانبەدەر = Impossible، لەکردن نەهاتوو.

[37] شیانبەدەربوونی تەرجەمەکردن = impossibility of translation، دیدێکی ڕێچکەی ساختارەتییە کە پێی وایە لەبەر ئەوەی هەر زمانێک خاوەن ساختاری تایبەتی خۆیەتی، تەرجەمەکردن دەبێتە کارێکی شیانبەدەر.

[38] دۆنایدۆن = transmigration، گواستنەوەی گیان لە بەرگێکەوە بۆ بەرگێکی دیکە، لە لەشێکەوە بۆ لەشێکی دیکە، لە بوونەوەرێکەوە بۆ بوونەوەرێکی دیکە.

تەرجەمەکردن بریتی نییە لە هاوکێشەیەکی نەزۆکی نێوان دوو زمانی مردوو، بگرە کارێکە خاوەن ئەرکی تایبەت: چاودێریکردنی پێڤاژۆی ڕسکانی زمانی سەرشار و بەرەژانی زانەوەی خۆی. (Venuti 2000:15-25)

Anthony Pym لە کتێبی *Exploring Translation Theories* دەربارەی نەرینی[39] ساختارەتی لە تەرجەمەناسیدا دەڵێت:

> *گەر نەرینی ساختارەتی جڵەوکێش بێت، ئەوا ئێمە لەڕاستیدا هەرگیز ناتوانین ئەرخەیان بین لەوەی شتێک تێدەگەین لە دەرەوەی سیستەمی زمانەکی و فەرهەنگیی خۆمان، چ جای تەرجەمەکردنی ئەو کەمەی تێی دەگەین.* (Pym 2014:10)

لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە، تۆژەرانی بواری تەرجەمەناسی، هەر یەک لە سەردەم و مەڵبەندی خۆیدا، خەریکی تۆژینەوە بووە لە یەک یان چەند ڕووکارێکی[40] ئەم بوارە و بۆچوونی دیکە هاتنە بەرهەم.

تۆژەر و بیردۆزی تەرجەمەناسی، Rune Ingo لە کتێبی *«هونەری تەرجەمەکردن: پراکتیک و دیداکتیکی تەرجەمەکردن» Konsten att översätta: översättandets praktik och didaktik* ـدا بەم جۆرە وێنەیەکی گشتیمان دەداتێ دەربارەی ڕەوتی تەرجەمەناسی لە پاش جەنگی دووهەمی جیهانییەوە (Ingo 2007:12):

1) دەستپێک بیردۆزەی زمانەوانی Linguistic theory، بۆ نموونە Catford (1965)، برەوی پەیدا کرد. Catford وەک تۆژەرێکی زمانەوانی، گەر دەهاتە سەر وردبوونەوە لە کێشەی «جێگواستن[41] لە تەرجەمەدا»،[42] هەمیشە خولیای چارەدۆزیی زمانەوانییانە بوو.

2) پاشان بیردۆزەی «زمانەوانیی جڤاکی»[43] Sociolinguistic theory لە لایەن Nida & Taber (1974) ـەوە داڕێژرا. ئەمان، جگە لە زمانەوانی، ڕوانگەی جڤاکی و مۆژیارەتی[44] (گواستنەوەی «ئاگاداری»)[45]ـیشیان ڕەچاو دەگرت: دەرک و بەرتەک لە تەرجەمەکە دەبێت وێکچووی دەرک و بەرتەک بێت لە تێکستی سەرشار.

3) ئەوجا «بیردۆزەی سکۆپۆس»[46] Skopos theory، برەوی ستاند، کە لە لایەن تۆژەرانی وەک Reiss & Vermeer هاتە داڕشتن، بڕوانە: Reiss & Vermeer (2014). ئەم بیردۆزەی «سکۆپۆس»ـە بەگشتی

---

[39] نەرین = approach، دید و بۆچوون، لێنێزیکبوونەوە، ڕووکردن.

[40] ڕووکار = aspect، دیو

[41] جێگواستن = shift، جێگۆڕکێ، بارگۆڕکێ. گواستنەوە لە جێیەک، بارێک، دۆخێک بۆ یەکێکی دیکە.

[42] جێگواستن لە تەرجەمە = translation shifts، دەستوەردان لە تەرجەمەدا، گۆڕینی داڕشتن لە تەرجەمەدا.

[43] زمانەوانیی جڤاکی = Sociolinguistics، ڕشتەی تۆژینەوەیە لە دەکارهێنانی زمان لە بەشە جیاوازەکانی جڤاکدا. تۆژینەوەی ڕاڤەکارە لە تاوی ڕووکاری جۆراوجۆری جڤاک لەسەر زمان. سەرشارێکی ئەم جۆرە زمانەوانییە دەڵێت زمان هەم ڕەنگدانەوەی جڤاکە هەم شێوەڕێژی جڤاکە.

[44] مۆژیار = informative، ڕاگەیەنی ئاگاداری. بۆ مۆژیار، ئامۆژیار، مۆژگار، ئامۆژگار، بڕوانە فەرهەنگەکانی مەردۆخ، خاڵ و زەبیحی لە سایتی وشەدانی برادۆست bradost.net/ferheng

[45] ئاگاداری = information

[46] بیردۆزەی سکۆپۆس = Skopos theory، بە ئەڵمانی: Skopostheorie، بیردۆزەیەکە لە بواری تەرجەمەناسیدا «سکۆپۆس»، کە دەکاتەوە «مەبەست»، بە شاخاڵی بڕیاردەر دەزانێت بۆ هەڵبژاردنی ستراتیژی تەرجەمەکردن.

نەی دەسەلماند لایەنی زمانەوانی ببێتە بناخەی تەرجەمەناسی، دەیگوت تەرجەمە لە پلەی یەکەمدا گواستنەوەیەکی زمانەوانی[47] نییە، بەڵکە گواستنەوەیەکی فەرهەنگییە،[48] لەبەر ئەوە دەبێت «مەبەست» *Skopos* و ڕووکاری فەرهەنگیی تەرجەمەکە ڕەچاو بگرین. ئەم تەرجەمەیە بۆ کێیە، بۆ چییە، بۆ کام مەبەستەیە.

4) پاشان بیردۆزەی «نەرینی تێهەڵکێش» Integrated approach لە بەرهەمی (Snell-Hornby (1988، پەیدا بوو. لێرەشدا لایەنی فەرهەنگی سەرنجگیرە.

5) «بیردۆزەی دەستتێوەردان» Manipulation لای (Hermans (1985 و هەروەها «بیرکردنەوە دەنگدار» think-aloud لای Tirkkonen-Condit، جەختیان لەسەر کەسی تەرجومانە. ئەمان دەڵێن کەسایەتی و هەروەها خواست و توانستی هونەریی تەرجومان گرینگە. تەرجومان هونەرمەندە، بە دەستوەردانی لە بەرهەمی ئەدەبییەوە، بەرهەمی نوێ دەئافرێنێت.

Ingo ئاماژە بەوەش دەدات کە هاوکات لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا، ئاڕاستەگۆڕییش دەبینین لە تەرجەمەناسیدا: لە هەڵوێستێکی «دەستووربەخش»[49] ـەوە، کە تێیدا تۆژەر دەبێتە ڕێنوێن و پێوەر بۆ تەرجەمە دادەڕێژێت و ئەوجا لەڕێی «ڕاڤەکاری»[50] ـیەوە، کە تێیدا تۆژەر پتر جەختی لەسەر وردبوونەوە و ڕاڤەکردنی تەرجەمەکەیە بۆ هەڵوێستی «دەستووردانەر»،[51] و پاشان دەگاتە هەڵوێستی «ڕوونکەرەوە»،[52] واتا پەیدۆزی لە ڕوونکردنەوەی لۆژیکانە بۆ ڕەفتاری تەرجومان.

بەشی داهاتوو دەبێتە کورتەباسێک لەو ڕێچکە هزرییانەی برەویان لە تەرجەمەناسیدا هەبووە و هەیە.

---

[47] گواستنەوەی زمانەوانی = linguistic transfer

[48] گواستنەوەیەکی فەرهەنگی = cultural transfer

[49] دەستووربەخش = normative، ئاڕاستەسەپێن، دەستوورسەپێن، ڕێچکەسەپێن، نۆرمبەخش.

[50] ڕاڤەکار = descriptive

[51] دەستووردانەر = prescriptive، ڕێنوێن

[52] ڕوونکەرەوە = explicative، لێکدەرەوە

## شارێی بیردۆزەکی

Ingo ی تۆژەر دەڵێت لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، تەرجەمەناسی بۆ بەسەرکردنەوەی لایەنی هەم بیردۆزەکی و هەم کردەکیی تەرجەمەکردن، چەندین ڕەوت و ڕوانگەی جۆراوجۆری گرتە بەر و زۆر جار ئەو بۆچوونگەلە، جەختیان لەسەر تاکە یەک ڕووکار، یان بواری دیاریکراوی تەرجەمەکردن دەکرد. بەڵام تۆژەریش زۆرن، یەک لەوان Ingo خۆیەتی، کە خۆیان لەو گیرۆدەیە ڕزگار کردووە و لە ڕوانگەیەکی فرەلایەنەوە دەڕواننە دۆزی تەرجەمەکردن. بە کورتی ئەمانە بەشێکن لەو ڕێچکە هزرییانەی لە تەرجەمەناسیدا بوونەتە شارێ:

- بیردۆزەی هاوتایەتی[53] Equivalence theory
- بیردۆزەی سکۆپۆس Skopos theory
- تەرجەمەناسیی ڕاڤەکار[54] Descriptive Translation Studies (DTS)

### بیردۆزەی هاوتایەتی Equivalence theory

Pym لە *Exploring Translation Theories* دەڵێت، لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمدا دیدی ساختارەتی لە تەرجەمەناسیدا کەوتە پاشەکشە و پارادایمی[55] نوێ پەیدا بوون. یەک لەوان چەمکی «هاوتایەتی»یە کە دەیگوت بە گۆڕینی ئەو ئاپۆرەیەی تێکستەکەیان ئاراستە دەکرێت، دەبێت تێکستەکەش دەستکاری بکرێت. جیاوازیی ساختاری زمان نابێتە کۆسپ بۆ تەرجەمە، ئێمە دەستکاری تێکستەکە دەکەین. بەم دەستوەردانە دەگوترێت «جێگواستن لە تەرجەمەدا». ئامانج لە «جێگواستن»ی نێو تەرجەمە گەیشتنە بە هاوتایەتی (Pym 2014:9). بیردۆزەی هاوتایەتی دەڵێت زمانگەل بۆ خۆیان هاوتا نین، تەرجومانە، لەڕێی جێگواستن لە تەرجەمەدا، هاوتایەتیی تێکست دەئافرێنێت. تەرجومان دەستکاری تێکست دەکات بۆ دامەزراندنی کارکردێکی ڕاگەیەن. هاوتایەتی وەک شابیرۆکە مەبەست لێی ئەوەیە دەربڕینێک بە زمانێک هاوتای هەیە لە زمانێکی دیکەدا.

تەرجەمەناسی لەم بوارەدا باس لە هاوتایەتیی جۆراوجۆر دەکات، Reiss & Vermeer ئەم لیستەیەی لە تۆژەرانی پێش خۆیانەوە گرد دەکەنەوە (Reiss & Vermeer 2014:120):

- هاوتایەتیی شاواتەکی[56] denotative equivalence، نێوەڕۆکی تێکستی سەرشار ڕەچاو دەگرێت

---

[53] بیردۆزەی هاوتایەتی = Equivalence theory

[54] تەرجەمەناسیی ڕاڤەکار = Descriptive Translation Studies (DTS)

[55] پارادایم، پارادیگم = Paradigm، دید، بۆچوون، نموونە، دارشتە

[56] شاواتا = denotation، شاواتەکی = denotative، لە سەمانتیکدا پێناسەی دەرهەستە، کە دەکاتەوە «چرواتا» intension، واتای خەستۆڵی ئەو چەمکە. بۆ نموونە شاواتای وشەی «بەرخ» ئەو ئاژەڵەیە کە بەچکەی مەڕە. ناوێکی

- هاوتایەتیی پاواتەکی[57] connotative equivalence، ڕووکاری جڤاکی، تۆماری زمانەکی، جیۆگرافیی مەبەستە
- هاوتایەتیی ژانرە genre equivalence، هاوتابوونێک کە لە جۆر و ڕشتەی تایبەتی نووسیندا دەکرێتە مەرج
- هاوتایەتیی پراگماتیک pragmatic equivalence، ئاڕاستەی ئاپۆرەی تێکستەکەیە، فەرهەنگ و دۆخیان دەخوێنێتەوە
- هاوتایەتیی شێوازبین formal equivalence، وردەکاری و ئادگاری داڕشتن ڕەچاو دەگرێت
- هاوتایەتیی نیازبین intentional equivalence، کارکردی مەبەست لە تێکستی سەرشاردا سەرنجگیرە
- هاوتایەتیی مەبەستبین teleological equivalence - کارکردی مەبەست لە تێکستی ئارمانجدا گرینگە

بەگشتی، لە پارادایمی هاوتایەتیدا پەرۆش بۆ بەرهەمهێنانەوەی بەهاگەل و مەبەستی نێو تێکستی سەرشارە، تێکستی سەرشار شابەرهەمە و تەرجەمەکە لابەرهەم. تێکستە تەرجەمەکراوەکە دەبێت ڕێک ئەو پەیامە بگەیەنێتە ئاپۆرەی خۆی (ئاپۆرەی ئارمانج) کە تێکستی سەرشار دەیگەیەنێتە ئاپۆرەی خۆی (ئاپۆرەی سەرشار). ئەمیان پارادایمێکی سەرشاربینە.[58]

تۆژەران Reiss & Vermeer بۆ گردکردنەوەی چەمکی «هاوتایەتی» دەنووسن:

> *بەم جۆرە، کە هاتە سەر هەڤبەندیی نێوان تێکستی سەرشار و تێکستی ئارمانج، دەتوانین بیسەلمێنین کە هاوتایەتی چەمکێکی بزۆزە. بۆ هەر تێکستێک (و هەروەها بۆ هەر پێکهاتەیەکی ئەو تێکستە، بە ڕەچاوگرتنی سەنگی ئەو پێکهاتەیە بۆ واتا و کارکردی تێکستەکە وەک گشتەیەک)، هاوتایەتی داوای ڕێکخستنەوەی پێشەمیی گشت ئەو هۆکارانە دەکات کاریگەرییان هەیە لەسەر پێڤاژۆی تەرجەمەکە. ئەم هەڵبژاردنی هۆکار و بڕیاری پێشەمییە هەم ئەرکی تەرجومانە، هەم بەشێکە لە کارامەیی تەرجومانی، کە باسێکی فرەوانترە لە تەنها زمانزانیی زمانگەلی بەرباس.* Reiss & Vermeer (2014:153)

بە دیدی ئەو تۆژەرانە، ئەم چەمکی هاوتایەتییە هەم فرەدیوە و هەم فرەماک، کاتێک وەدەست دێت کە هەڤبەندیی نێوان شێواز و نێوەڕۆک، لە هەردوو تێکستدا، هەمان کارکردیان هەبێت لە هەڵبەستنی واتادا. لەبەر ئەوەی جیاوازی هەیە لەنێوان زمان و فەرهەنگی جیاوازدا، تەرجومان دەبێت ڕووماڵێکی تێکستی سەرشار بکات

---

دەرهەستی گشتییە بۆ ئەو جۆرەی ئاژەڵ. بۆ پێچەوانەی شاواتا بڕوانە «پاواتا» کە تێیدا پاواتای «بەرخ» دەبێتە بەستەزمان، نەرمونیان، جۆری خۆراک... هتد.

[57] پاواتا = connotation، پاواتەکی = connotative، گشت ئەوانەی وشەکە دەیانگرێتەوە، هەموو ئەوانەی دەکەونە بەر واتاکێشەکێی وشەیەک، دەکەونە پانتایی ئەو چەمکەوە، کە دەکاتەوە «پەرتواتا» extension، واتای بەرین و پەلهاوێژی ئەو چەمکە. بۆ نموونە پاواتای «بەرخ» دەشێت بەستەزمان، نەرمونیان یان خۆشەویست (بەرخەکەی دایە) بێت بەڵام شاواتای «بەرخ» بەچکەی مەڕە. بۆ پێچەوانەی پاواتا بڕوانە «شاواتا».

[58] سەرشاربین = source-oriented، جەختکردن لەسەر لایەنی سەرشار، لەسەر تێکست، زمان و فەرهەنگی سەرشار. سەرنجگیری لایەنی سەرشارە. بۆ پێچەوانەکەی بڕوانە «ئارمانجبین».

بۆ هەڵبژاردنی پێکهاتە و بڕیاردان لەسەر پێشەمییان لە گوێرەی تاویان لەسەر واتای گشت تێکستەکە. جگە لە شێواز و نێوەڕۆک ئەمان جەخت لە سەر «دۆخ»یش دەکەن، کە دەبێت تەرجومان بە وردی ڕەچاوی بگرێت، چونکە ئەوە لە «دۆخ»ـدایە تێکستێک دەبێتە واتابەخش - واتای تێکست بەندە بە هەلومەرجێکی تایبەت. کەواتە تەرجومان سەروکاری لەگەڵ پێنج هۆکاردا هەیە (Reiss & Vermeer 2014:49):




Reiss & Vermeer (2014:31)

وەک ئاماژەی پێ درا، ئەم چەمکی هاوتابوونە ڕووکاری جۆراوجۆری هەیە. Lawrence Venuti لە *The Translation Studies Reader* دەڵێت هیچ تەرجەمەیەک نابێتە دەستڕەسییەکی ڕاستەوخۆی بێ نێوانساز بۆ تێکستی سەرشار:

*بە دیدی من، شاچەمک لە بواری تەرجەمەناسیدا بریتییە لەوەی پێی دەڵێم «ئاوتۆنۆمی»ـی هەڤبەندی تەرجەمە، ئەو ستراتیژ، ئادگار و کردارەی سەربە تێکست کە تەرجەمەکە جودا دەکەنەوە هەم لە تێکستەکەی سەرشار و هەم لە تێکستی دیکەی هەر لە سەرەتاوە بەم زمانەی تەرجەمەکە نووسراون. ئەم ئادگار و ستراتیژگەلە ئاڵۆزانەیە دەبنە ڕێبەست لەوەی تەرجەمەکردن ببێتە دانوستانێکی پاشبین[59] و بێ نێوانساز؛ ئەم دووانە، ئادگار و ستراتیژ، بە کارکردن لەسەر تێکستی سەرشار، کۆسپ دەخەنە ڕێی تێگەیشتنی نێوان فەرهەنگی جودا. ئەمانەن بوونە بناخەڕێژی بەڵگە بۆ شیمانەبەدەربوونی تەرجەمەکردن کە بەدرێژایی ئەم سەدەیە [سەدەی بیستەم] دووپات دەبۆوە. بەڵام تەرجەمە، بەبێ دەرککردنی ئادگار و ستراتیژ، نابێتە بابەتێک بۆ تۆژینەوە.*

*دەکرێت مێژووی تەرجەمەناسی وەک زنجیرەیەک هەڤبەندیی بەرگۆڕی[60] نێوان دوو بەرە پیشان بدرێت: یەکیان داوای ئاوتۆنۆمییەکی هەڤبەند دەکات بۆ کرداری تەرجومان و تێکستی تەرجەمەکراو، دووهەمیان خەریکی دوو چەمکە: «هاوتایەتی» و «کارکرد». هاوتایەتی بە «وردپێکان»،[61] «سەرومڕی»،[62] «دروستی»، «پێکخواردن»،[63] «پەیمانپارێزی»[64] و «وێکچوونەتی»[65] دەهاتە لێکدانەوە. هاوتایەتی دیدێکی بەرگۆڕە لە چۆنەتیی بەستنەوەی تەرجەمەکە بە تێکستی سەرشارەوە. کارکرد بە بەرشیانی تەرجەمەکە دەزاندرا هەم بۆ گەیاندنی ئاگاداری و هەم بۆ بەرهەمهێنانی بەرسڤێک بۆ ئەو مەبەستەی تێکستی سەرشارەکە لە فەرهەنگی*

---

[59] پاشبین = transparent، پاشڕوون = translucent، بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»*، www.mamosta.net

[60] بەرگۆڕ = variable، دیتە گۆڕین، دەشێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت

[61] وردپێکان = accuracy، وردەکاری، دروستایەتی

[62] سەرومڕی = adequacy، سەروبەری، تەواوەتی

[63] پێکخواردن = correspondence، لەم بەستێنەدا دەکاتەوە: پێکگونجان، بەرانبەری، یەکانگیری

[64] پەیمانپارێزی = fidelity، سەرڕاستی، پاکڕەوتی

[65] وێکچوونەتی = identity، وەکیەکی، هاوچەشنەتی. identity لە بەستێنی دیکەدا واتای ناسنامە و کەسایەتی... دەدات.

*خۆیدا دەیدات. بەڵام تەرجەمە کاریگەریی دیکەی جڤاکی هەیە و بەکار دەهێنرێت بۆ مەبەستی فەرهەنگی، ئابووری و سیاسیی جۆراوجۆر. کەواتە کارکرد دیدێکی بەرگۆڕە لە چۆنەتیی بەستنەوەی تەرجەمەکە بە زمان و فەرهەنگی ئارمانجەوە.* (Venuti 2000:5)

چەمکی هاوتابوون ناڵێت دوو تێکستی سەرشار و ئارمانج دەبێت لەڕووی پێکهاتەی زمانەوانییەوە پێکەڵ[66] بن، چونکە دوو زمانی جیاواز خاوەن دوو سیستەمی جیاوازن و هاوتابوونی پێکهاتە بەگشتی بەرشیان نییە. مەبەست هاوتابوونی گەیاندنی مەبەستە وێڕای جیاوازیی زمانەوانی. ئەم توانستی ڕاگەیەنبوونەی تێکست داوای ڕەچاوگرتنی فەرهەنگ و زمانی ئارمانج دەکات. لای Reiss & Vermeer هاوتایەتی هەم هەڤبەندیی[67] نێوان تاکتاکی پێکهاتەی زمانەوانیی هەردوو تێکست دەگرێتەوە، هەم هەڤبەندیی گشتەی هەردوو تێکستیش. جگە لەوەش هاوتایەتیی تێکستامێز تەنها ڕووکاری زمانەوانیی نییە، بەڵکە هاوتابوونی فەرهەنگیشی هاوئامێزە.[68] (Reiss & Vermeer 2014:121)

لەم بواری هاوتایەتیی تەرجەمەیەدا، تۆژەری ناوداری تەرجەمەناسی، Eugene Nida لە گوتاری Principles of correspondence نێو کۆگوتاری *The Translation Studies Reader (*126-140*)* -دا باس لە بوونی جەمسەری هاوتابوون دەکات و دەڵێت بەگشتی دوو جۆری جەمسەری هاوتایەتیی هەیە، یەکیان «هاوتایەتیی شێوازبین»[69]ـە و ئەوەی دیکەیان «هاوتایەتیی داینەمیکی» (بزۆز).[70] هاوتایەتیی شێوازبین جەختی لەسەر هاوسەنگیی نێوان پەیامی تێکستی سەرشار و پەیامی تێکستی ئارمانجە. لێرەدا تەرجەمەکردن پەرۆشی هاوسەنگیی تێکستە لە هەردوو زماندا، لەڕووی چەمک، دەستەواژەوە و شێوازی دەربڕینەوە. لەم هاوتابوونە شێوازبینەدا، تەرجومان خەریکی ئەوپەڕی دروستپێکانی مەبەست و پەیامی تێکستی سەرشارە، نەک ئاپۆرەی ئارمانج. هاوتایەتیی شێوازبین خەریکی بەرهەمهێنانەوەی چەند پێکهاتەیەکی تێکستی سەرشارە، وەک: (Venuti 2000:134)

- یەکەی ڕێزمانەکی: ڕەنگدانەوەی ناو بە ناو، کار بە کار... پاراستنی شیرازەی شارستە و پارستە... و هەروەها دەستپارێزی لە خاڵبەندی و دابڕینی کۆپلە... هتد.
- یەکنەوایی لە بەکارهێنانی وشەدا: مەبەست لێی پەرۆشییە بۆ «هاوسەمای زاراوەمەنی»،[71] کۆشانە بۆ بەکارهێنانی زاراوەی هاوسەنگ بە شێوەیەکی یەکبین و خۆلادان لە گۆڕینی ناپێویست. بەڵام جاریش

---

[66] پێکەڵ = identical, matching، پێکەڵپێک، وەکیەک، وێکچوو. بۆ چەمکی پێکەڵ، «پێکەڵان»-ی تێنەپەڕ و «پێکەڵاندن»-ی تێپەڕ بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»*، www.mamosta.net

[67] هەڤبەندی = relation، هەرچی «پەیوەندی»یە دەمێنێتەوە بۆ contact.

[68] هاوئامێز = include، پێچەوانەی دەرئامێز = exclude

[69] هاوتایەتیی شێوازبین = formal equivalence، دەستەواژە و دەربڕینێک، لەم زمانەدا، بەرسڤێکی هەبێت لە زمانی بەرانبەردا لە شێواز و نێوەرۆکدا هاوتەراز بن. بۆ پێچەوانەی هاوتایەتیی شێوازبین بڕوانە «هاوتایەتیی داینەمیکی».

[70] هاوتایەتیی داینەمیکی (بزۆز) = dynamic equivalence، هاوتایەتیی کارکرد = functional equivalence، دەستەواژە و دەربڕینێک، لەم زمانەدا، بەرسڤێکی هەبێت لە زمانی بەرانبەردا خاوەن کارکردێکی جڤاکیی پێکەڵ یان وێکچوو بێت. بۆ پێچەوانەی هاوتایەتیی داینەمیکی، بڕوانە «هاوتایەتیی شێوازبین».

[71] هاوسەمای زاراوەمەنی = concordance of terminology

هەیە ئەو دەستگۆڕینە دەبێتە کاری ناچاری چونکە دەربڕینی دوو تێکستەکە، لە بەستێنێکی فەرهەنگیی تایبەتدا، دەیسەپێنێت.

- واتا لەڕێی چەمکی سەربە بەستێنی سەرشار: تەرجومان دەستپاریزە لە گۆڕینی چەمکی سەرشار، هەوڵ دەدات لەڕێی تەرجەمەی «وشەبین»ـەوە چەمکی سەرشار بپارێزێت بۆ ئەوەی پێشانی بدات تێکستی سەرشار چۆن پێکهاتەی بەستێنی فەرهەنگیی خۆی بەکارهێناوە بۆ گەیاندنی واتا.

جەمسەری دووهەم، هاوتایەتیی داینەمیک (بزۆز)، سێرەی لەسەر هاوسەنگیی نێوان پەیامی تێکستی سەرشار و پەیامی تێکستی ئارمانج نییە، بەڵکە پتر خەریکی هاوسەنگیی هەڤبەندییە، هاوتابوونی دوو هەڤبەندییە: لەملا هەڤبەندیی نێوان پەیامی تێکست و ئاپۆرەی وەرگر لە بەرەی ئارمانجدا و لەولا هەڤبەندیی نێوان پەیامی تێکست و ئاپۆرەی وەرگر لە بەرەی سەرشاردا. گرینگ گونجاندنی تێکستە لەتەک چێوەی فەرهەنگی و جڤاکیی ئاپۆرەی ئارمانجدا، بۆ ئەوەی لای ئەوان پەیامی تێکستەکە ڕوون و بەردەرک بێت، بۆ ئەوەی ئەو هەڤبەندییەی هەیە لەنێوان تێکست و ئاپۆرەی سەرشار، هاوتا بێت لەگەڵ هەڤبەندیی تێکستی تەرجەمە و ئاپۆرەکەی خۆیدا. گواستنەوەی نەخشی فەرهەنگیی نێو تێکستی سەرشار بۆ تێکستی ئارمانج، لێرەدا شامەبەست نییە. تەرجومان بەوە ئەرخەیان نابێت ئاپۆرەی ئارمانج بڵێن تەرجەمەکە لای ئێمە «بەردەرکە»، بەڵکە لەوەش زیاتر چاوەنۆڕە بڵێن تەرجەمەکە لای ئێمە «واتابەخشە».

Nida، هەر لەو گوتارەی Principles of correspondence دا دەڵێت هاوتابوونی داینەمیکی (بزۆز) ئەوەیە کەسێکی سەر بەو دوو زمان و دوو فەرهەنگە تەرجەمەکە بە دروست بزانێت. بەڵام گرینگیشە بزانین کە مەبەست لە هاوتابوونی داینەمیکی ناکاتەوە بەرهەمهێنانەوەی هەمان پەیام بە شێوازێکی دیکەی نێزیک لە سەرشار. بەڵکە تەرجەمەیە و دەبێت واتا و مەبەستی سەرشار تێیدا ڕەنگ بدەنەوە.

> *پێناسەیەک بۆ تەرجەمەی سەربە «هاوتایەتیی داینەمیکی» بریتییە لە «نێزیکترین هاوتای خۆڕسک بۆ پەیامی تێکستی سەرشار». ئەم جۆرە پێناسەیە، سێ شاچەمکی هەیە، یەکەم «هاوتا»یە و ئاماژە دەدات بە پەیامی تێکستی سەرشار، دووهەم «خۆڕسک»ـە و ئاماژە دەدات بە ئاپۆرەی وەرگر، سێهەم «نێزیکترین»ـە، کە لەسەر بنەمای ئەوپەڕی پلەی نێزیکبوونەوە، ئەو دوو ئاڕاستەیە [تێکستی سەرشار و ئاپۆرەی وەرگر] تێک دەبەستێت.* (Venuti 2000:136)

Pym لە ڕوونکردنەوەی دیدی خۆیدا دەربارەی ئەو دوو جەمسەرە دژوەستاوەی هاوتابوون، دەنووسێت: پارادایمی هاوتایەتی دوو جەمسەری هەن، دوو لاپارادایم[72] کە بریتین لە «هاوتایەتیی خۆڕسک»[73] و «هاوتایەتیی ئاڕاستەبار».[74] هاوتایەتیی خۆڕسک، هاوتابوونێکی دوولایەنەیە، لەسەر بناخەیەکی بەهێز و پتەوی بیر دامەزراوە، بناخەیەکی جۆشخواردووی زمانەوانیی کردەنی.[75] لەم جۆرە تەرجەمەیەدا، هاوتابوون دەکاتەوە

---

[72] لاپاردایم = sub-paradigm، پارادایمی لاوەکی، پادید و لابۆچوون. بڕوانە: پارادایم، پارادیگم = Paradigm

[73] هاوتابوونی خۆڕسک = natural equivalence

[74] هاوتابوونی ئاڕاستەبار = directional equivalence

[75] زمانەوانیی کردەنی = applied linguistics، بوارێکی زانستیی فرەڕشتەیە خەریکی پەیجۆری کێشە و چارەدۆزییە لە بواری زمانەوانی لە داکەوتدا. زمانەوانیی کردەنی جەختی لەسەر تاوی زمانە لەسەر ژیانی مرۆڤ و گوزەرانی جڤاکی.

«هاوسەنگیی بەها» لە گشت ئاستێکی زمانەوانیدا (Pym 2014:6). تەرجەمەکردن لە زمانی سەرشارەوە بێت بۆ زمانی ئارمانج، یان بەرەواژ، لە ئارمانجەوە بگەڕێتەوە بۆ زمانی سەرشار، جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێت، لە هەردوو باردا، لەڕووی بەهاوە هاوتابوون لە ئارادایە و بەو جۆرە لێکنۆڕە.[76]

«هاوتایەتیی ئاڕاستەبار» لێکنەنۆڕە،[77] دووسەرە نییە، ئەو هاوتابوونەی لە تەرجەمەکردنی تێکستی یەکەم بۆ تێکستی دووهەم پەیدا دەبێت، مەرج نییە لە تەرجەمەی بەرەواژدا، لە زمانی دووهەمەوە بۆ یەکەم، پەیدا بێتەوە. هاوتایەتیی خۆڕسک جەختی لەسەر ڕێگەچارەی پۆلبەندکراوی جۆراوجۆرە لە تەرجەمەدا، بۆ نموونە چێوەی: شاواتا، پاواتا، شێواز و پراگماتیک. تێکستی سەرشار بڕیار دەدات کامە کارکرد دەبێتە شامەبەست بۆ هاوتابوون. بەڵام لە هاوتایەتیی ئاڕاستەباردا تەرجومان - نەک تێکستی سەرشار - بڕیار دەدات هاوتابوونەکە کام ئاڕاستەیە دەگرێت. هاوتایەتیی ئاڕاستەبار ئەو پۆلبەندییە فرەجۆرەی نییە کە هاوتایەتیی خۆڕسک هەیەتی، ئەم خەریکی دیکۆتۆمی[78] جۆراوجۆرە، تەنها دوو جەمسەر دەبینێت (Pym 2014:24)، وەک: تەرجەمەی وشەبین یان واتابین، بەرسڤی شێوازبین یان هاوتابوونی داینەمیکی (بزۆز)، تەرجەمەی سەمانتیکانە[79] یان تەرجەمەی ڕاگەیەن.[80]

Pym دەشڵێت لە باسی هاوتایەتیی ئاڕاستەباردا، زۆربەی بیردۆزان، بیرۆکەی دوو جەمسەر هەڵدەبژێرن، گەرچی جەمسەرەکان لایان جۆراوجۆرە، بڕوانە خشتەی (Pym 2014:32) Polarities of directional equivalence.

بە دیدی تۆژەران Reiss & Vermeer «هاوتایەتی» چەمکێکی بزۆزە (داینەمیکە)، نەک داوەستاو[81] (ستاتیک) لەبەر ئەوەی ماکی تەرجەمەکردن وەهای گەرەکە. تێکستی سەرشار یەکجار دەنووسرێت بەڵام دەشێت تەرجەمەی زۆر بن. تەرجومانی جیاواز، لەسەردەمی جیاوازدا، بەمەبەستی فرەڕەنگ، هەمان تێکست تەرجەمە دەکەن و دەرئەنجام تەرجەمەی جیاوازمان دەبێت. ئەمان، لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی سەربە دیدی «سکۆپۆس»ـەوە، دەڵێن «هاوتایەتی» واتا هەڤبەندیی لەنێوان دوو تێکستدا و هەتا ئەو دوو تێکستە نەگەن بەوەی لە بەستێنی فەرهەنگیی خۆیاندا هەمان کارکرد پێشکەش بکەن، ناکرێت باس لە هاوتایەتی بکەین. لەبەر

لەبەر ئەوەشە تۆژینەوەی زمانەوانیی کردەنی لەتەک چەندین بواری دیکەی زانستیی وەک فێرکاری، دەروونناسی، تۆژینەوەی دانوستان، تۆژینەوەی فرەفەرهەنگی... هتد هەڤبەندە. زمانەوانیی کردەکی، بەدەم پەیجۆریی لە زمانی مرۆڤگەل، دەکەوێتە چەرخاندنی ئەو دەرکەی دەرئەنجامی تۆژینەوە پەیدای دەکات، بەسەر کێشە و بواری ڕاستینە جۆراوجۆردا. بڕوانە: https://www.languagehumanities.org/what-is-applied-linguistics.htm

[76]- لێکنۆڕ = symmetric، پێچەوانەی لێکنەنۆڕ = asymmetric

[77]- لێکنەنۆڕ = asymmetric، پێچەوانەی لێکنۆڕ = symmetric

[78]- دیکۆتۆمی Dichotomy، دابەشینی گشتەیەکە بەسەر دوو پارچەی تەواو لەیەک جودا. ئەم دوو پارچەیە دوو تایبەتمەندییان هەیە: یەکەم: «وێکرا سەرلەبەرن» - واتە هەرچی لە گشتەکەدا هەیە دەبێت سەربە یەک لەم دوو پارچەیە بێت، نەک هەردووکیان و نەک هیچیان. دووهەم: «لە یەک دابڕاون» - واتە هیچ شتێک نییە هاوبەشی هەردوو پارچە بێت.

[79] تەرجەمەی سەمانتیکانە = semantic translation، تەرجەمەی واتای وشە، دەستەواژە و ڕستەی تێکستە، جەختی لەسەر پاراستنی بەهاگەلی تێکستی سەرشارە. بۆ پێچەوانەکەی بڕوانە «تەرجەمەی ڕاگەیەن».

[80] تەرجەمەی ڕاگەیەن = communicative translation، تەرجەمەی تێکستە لە بەستێنی گوتاردا، جەختی لەسەر ئاپۆرەی ئارمانجە تا بگاتە دارشتنێکی ڕاگەیەن. بۆ پێچەوانەکەی بڕوانە «تەرجەمەی سەمانتیکانە».

[81] داوەستاو = static، ستاتیک، نەگۆڕ، پێچەوانەی: بزۆڕ، داینەمیک = dynamic.

ئەوە گرینگە بزانین هاوتایەتیی تێکست چییە و چۆن دێتە بەرهەم. بە دیدی ئەمان، لەم بواری هاوتایەتییەدا، دوو خاڵ هەیە شایەنی ڕەچاوگرتنن: (Reiss & Vermeer 2014:130-132)

| | | |
|---|---|---|
| **Cicero** | ut interpres | ut orator |
| **Schleiermacher** | foreignizing | domesticating |
| **Nida** | formal | dynamic |
| **Newmark** | semantic | communicative |
| **Levý** | anti-illusory | illusory |
| **House** | overt | covert |
| **Nord** | documentary | instrumental |
| **Toury** | adequacy | acceptability |
| **Venuti** | resistant | fluent |
| Polarities of directional equivalence<br>(Pym 2014:32) | | |

1) جیاوازیی ساختارەکیی دوو زمان، دەشێت ببێتە هۆکار بۆ سنووردارکردنی دەرفەتی هاوتابوون لە تێکستی ئارمانجدا.
2) هاوتابوون یان نەبوونی تێکست، وابەستەی داوەری مرۆڤە، چونکە گشت زمانێکی خۆڕسکی مرۆڤکار مەیلی ڕەنگاڵەبوونی[82] هەیە. ئێمە، وێڕای بوونی بەڵگەوبەندی زۆر و بابەتەکی، ناتوانین ڕێ لەم داوەری بەهایە بگرین.

Pym لە وەڵامدانەوەی بەشێک لەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی پارادایمی «هاوتایەتی» دەکرێت، دەڵێت ئەو دیدەی پێی وەهایە هاوتایەتی «وێژەنگی[83] لێکنۆڕینی زمان پێشکەش دەکات»، تەنها ڕووکاری «هاوتایەتیی خۆڕسک»

[82] مەیلی ڕەنگاڵەبوون = variability-oriented، لە زمانەوانیدا دەکاتەوە بەکارهێنانی زمان بە شێوازی جیاواز، دەربڕینی جیاواز لە لایەن مرۆڤگەلی جیاوازەوە.
[83] وێژەنگ = illusion، وەهم.

دەگرێتەوە نەک «هاوتایەتیی ئاڕاستەبار»، چونکە لاپاردایمی یەکەم - کە هاوتایەتیی خۆڕسکە - باسی لە خۆڕسکیی زمانە، لاپارادایمی دووهەم - کە هاوتایەتیی ئاڕاستەبارە - جەختی لەسەر هەڵسوکەوتی داهێنەرانەیە لەگەڵ زمان. Pym ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەم دیدەی هاوتایەتیی ئاڕاستەبارە ڕەنگدانەوەی هەیە لە بیردۆزەکانی دیکەی وەک سکۆپۆس. (Pym 2014:38)

بە بۆچوونی Pym، زۆرێک لەو بیردۆزەگەلەی باس لە «هاوتایەتیی خۆڕسک» دەکەن دیدیان دەربارەی ڕەوتی ئەم هاوتابوونە خۆڕسکە ڕوون نییە. بەگشتی وەهای ڕادەنوێنن کە «بابەت»ێک: بیرۆکەیەک، پەیامێک، دیاردەیەک... هەیە لە دەرەوەی زمان، کە هەردوو زمانی سەرشار و ئارمانج، ئاماژەی پێ دەدەن. ئەم «بابەت»ـە دەکەوێتەوە دەرەوەی زمان دەبێتە «سێهەم لایەنی بەراورد» *Tertium comparationis*[84]، کە بەردەستی هەردوو زمانەکەیە. تەرجومان لە زمانی سەرشارەوە دەڕوات بۆ ئەم «بابەت»ـە و ئەوجا لەوێوە بۆ زمانی ئارمانج. تەرجەمەکردنی یەکسەر لە تێکستی سەرشارەوە بۆ تێکستی ئارمانج، بێ ئەم لایەنە سێهەمەی بەراورد، نابێتە تەرجەمەیەکی خۆڕسک. (Pym 2014:17)

بەگشتی، هاوتابوونی خۆڕسک پەرۆشی خۆڕسکبوونی زمانە، باس لە هاوتابوونی چارەسەر و ئاستی زمانەوانی دەکات، هاوتایەتیی ئاڕاستەبار باسی لە جۆری جیاوازی تەرجەمە و جۆری جیاوازی هاوتابوونە. بەم دیدە، هاوتایەتیی ئاڕاستەبار، دەرفەتی بڕیاردان و هەڵبژاردنی بەرینتر بۆ تەرجومان دەڕەخسێنێت، زەمینە ساز دەکات بۆ ڕەهاندنی دیاردەی تێدان و تێبردن، چونکە هاوتابوون تەنها یەک جۆری خۆڕسک نییە، فرەجۆرە و بەم فرەجۆرییەش، هاوتایەتیی ئاڕاستەبار، دەبێتە وەڵامدەرەوەی بیرۆکەی «شیانبەدەربوونی تەرجەمەکردن» کە ساختارەتیی زمانەوانی باسی لێ دەکرد.

جگە لە تێکستی تەرجەمە، کەسی تەرجومانیش مایەی سەرنجە و لەم بوارەدا تووشی Anthony Pym دێین کە یەکەم بیردۆزە سەرنجی تەرجەمەناسیی لە تێکستەوە گۆڕیوە ڕووەو تەرجومان وەک مرۆڤ. ئەم دەڵێت تەرجومان کەسێک نییە تەنیا گوتەی کەسانی دیکە دووپات بکاتەوە، بەڵکە نووسەرە، بیر و هەست هەڵدەبژێرێت بۆ دەربڕین. تەرجومان، بە دیدی ئەم، لەگەڵ نووسەردا کار دەکەن بۆ داڕشتنی مەبەست، لەبەر ئەوە هەردووکیان وێکڕا واتا دەبەخشن بە تەرجەمەکە. Pym دەڵێت تەرجەمەکردن سەروکاری لەگەڵ «مەترسی»دا هەیە، جۆرێکە لە مەترسیکاری،[85] پتر لەوەی کۆشان بێت بۆ هاوتایەتی. «مەترسی»ـیش سێ جۆر و ئاستی هەیە:[86]

1) مەترسیی جێباوەڕی:[87] پەیوەستە بە تایبەتمەندیی تەرجەمە و بە هەڤبەندیی نێوان مرۆڤگەلەوە، کە مەترسیی تێدایە تەرجومانەکە جێباوەڕی بدۆڕێنێت.

---

[84] *Tertium comparationis*، چەمکێکی لاتینییە بە واتای «سێهەم لایەنی بەراورد»، ئەو دیاردە، بابەت، بیرۆکەیەی دەبێتە سێهەم کوچکەی بەراورد. دوو بابەتی جودا مەرج نییە لە بەراوردکردندا تەراز نابن بەڵام دەبێت ئەو لایەنی سێهەمە لە هەردووکیاندا هاوکۆ بێت.

[85] مەترسی = risk، مەترسیکاری = risk management

[86] Translating as risk management, in Journal of Pragmatics. volume 85, August 2015, Pages 67-80. And https://www.youtube.com/watch?v=SA94r2AejSM

[87] مەترسیی جێباوەڕی = credibility risk

2) مەترسیی دوودڵی:[88] بریتییە لە پرۆسەی هزریی تەرجومان کاتێک دوودڵ دەبێت لە چۆنەتیی پێشکەشکردنی بابەتەکە.

3) مەترسیی ڕاگەیاندن:[89] دەکاتەوە لێکدانەوە و بەستێنرێژکردنی تێکستەکە، بەدەم تەرازکردنی مەترسیی هەم گەورە و هەم بچووک لەگەڵ لێکدانەوەکەدا.

بۆ نموونە لەو مەترسییانەی دێنە ڕێ تەماشا ئەم تێکستەی Robert Olson بکە لە کتێبی *The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880–1925* و تەرجەمەکردنی ئەبووبەکر خۆشناو لە فارسییەوە بە ناوی: *«ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران»*.

Olson دەڵێت:

> *The rebellion did not demonstrate much tribal coordination with urban dwellers. Diyarbakir, heavily Kurdish, did not rise in support of the rebels. The populace of Elaziğ initially surrendered without fighting, only to turn against the rebels of their excessive looting and pillage. Again, urban participation in the Iraqi and Jangali rebellions was greater than in the Sheikh Said rebellion. The coordination with the urban groups was inhibited by the territorial isolation of the core area of the rebellion. Communication, except on horse or donkey, was impossible, especially after the telegraph lines where cut. Also, telegraph lines had not yet been extended to many towns.* (Olson 1989:155)

کوردییەکەی دەڵێت:

> *لە یاخیبوونی شێخ سەعید، هاوئاهەنگییەکی وا لەنێوان هۆزەکان و شارنشینان نەبینرا. دیاربەکر کە خۆی شارێکی کوردنشین بوو، پشتیوانی لە یاخیبووان نەکرد. خەڵکی ئەلازیگ لە سەرەتا بێ شەڕ خۆیان بەدەستەوە دا، بەڵام بەهۆی تاڵان و ڕاووڕووت و زێدەڕۆییەکانی یاخیبووان، لە دژیاندا ڕاپەڕین. بەشداریی شارنشینان لە یاخیبوونەکانی عیراق و جەنگەلییەکان زۆر لە یاخیبوونی شێخ سەعید زۆرتر بوو. جودایی ناوچەکان لە ناوچەی ناوەندی یاخیبوون ڕێگری دابینکردنی هاوئاهەنگی لەگەڵ گرووپە شارنشینەکان بوو. پەیوەندی، بەتایبەتی بڕینی خەتی تەلگراف، بێجگە لە ئەسپ و وڵاخ مەیسەر نەبوو، و هێشتا خەتی تەلگراف لەنێوان زۆربەی شارەکان دروست نەکرابوو.* (ئۆلسۆن 1999:251)

تەرجەمەکە گەرچی زۆر ورد و دروستکارە بەرانبەر تێکستی سەرشار، بەڵام یەکدوو خاڵی بچووکی تێدایە دەبنە ئاماژەدەر بە پێوەرەکانی لەم کتێبەدا باسیان هات. بۆ نموونە «و»ی نێو دەستەواژەی *«ڕاووڕووت و زێدەڕۆییەکانی»* – کە دەشێت هەڵەی تایپ بێت – بەو بچووکییەی خۆی گرییەک لە تەرجەمەکەدا دروست دەکات چونکە پێمان ناڵێت «زێدەڕۆیی» لە چیدا، بەڵام تێکستی سەرشار ڕوونە *«ڕاووڕووتیی زێدەڕۆ»*.

[88] مەترسیی دوودڵی = uncertainty risk

[89] مەترسیی ڕاگەیاندن = communicative risk

دەستەواژەیەکی دیکەی سەرنجراکێش دەڵێت: *«جودایی ناوچەکان لە ناوچەی ناوەندی یاخیبوون»* کە بەرانبەر *the territorial isolation of the core area of the rebellion* هاتووە. پێم وایە «جودایی» و دووبارەبوونەوە «ناوچە» لەم دەستەواژەیەدا داڕشتنەکەی تارادەیەک کەمڕەنگ کردووە چونکە جیاوازیی ناوچەیەک لە ناوچەیەک نابێتە هۆکار بۆ *«ڕێگری دابینکردنی هاوئاهەنگی»*، بەڵکە وشەیەکی وەک «دابڕان» لەوانەیە باشتر ببێتە وەڵامدەرەوەی *isolation* و پاشان بۆ جوداکردنەوەی *territorial* و *area* دەکرا وشەگەلی وەک ناوچە، هەرێم، دەڤەر، ڕووبەر... سوودبەخش بان.

مەبەست لێرەدا ڕەخنە و ڕێنوێنی نییە چونکە دەزانم تەرجومان خۆی خاوەن بڕیارە لە هەڵبژاردنی نووسینی خۆی. مەبەست پێشاندانی کاریگەریی بڕیاردان و هەڵبژاردنی تەرجومانە لەسەر واتای تێکست، ئاماژەیە بەوەی بڕیاری هەڵبژاردنی یەک ئامرازی پەیوەندی، یان یەک شەبەنگی وشە چ سەنگێکی هەیە لە بڕشتی تێکستی نووسراودا. دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەم کتێبە، هەم نووسینەکەی Olson و هەم تەرجەمەکەی خۆشناو، پێگەیان لە کتێبخانەی کوردیدا یەکجار بەرزە، وردە سەرنجی ئێرە و ئەوێ ناچێتە خانەی هەڵسەنگاندنەوە.

بۆ نموونە دەربارەی تەرجەمەی هاوتا، تێکستێک لە نووسین و تەرجەمەی مەسعوود محەمەد-ی جەلیزادە دەهێنمەوە. ئەم تێکستە بەشێکە لە نامەیەک لە نامەیەک نووسەر تێیدا وەڵامی پرسیارێک دەداتەوە دەسەڵاتی بەغدای ئەو سەردەمە ئاراستەی جەلیزادەیان کردووە. جەلیزادە ئەم نامەیەی ساڵی 1975 بە زمانی عەرەبی نووسیوە و پاشان لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ وێنە کوردییەکەی، کە نووسەر خۆی تەرجەمەی کردووە، لە کتێبی *«گەشتی ژیانم»*دا بڵاوکراوەتەوە:[90]

*یشيع بين عدد غير قليل من ذوي الرأي الاكراد تصور سياسي محدد في واحدة من اهم الركائز التي تستند اليها وقائع الامور والمصالح الكبرى في الشرق الاوسط ولقد وجدتني مندمجا في ذلك التصور ومقتنعا به ولربما كنت من اوائل الاكراد الذين لمحوا الى ذلك في وقت مبكر بعد ميلاد ثورة 14 تموز، ومن يراجع سلسلة المقالات ا لتي نشرتها سنة 1960 في جريدة الحرية بتوقيع «هوشيار» يجد ملامح هذا التصور و خطوطة مطلة بين سطورها بوضوح.*

*لەنێوان ژمارەیەکی بەرچاوی خاوەن بیروڕای کورد بینینێکی خەستی سیاسی هەیە لە بارەی یەکێک لە بنگە هەرە گرنگەکان کە واقیعی کار و بەرژەوەندە زلەکان بەسەریەوە دەوەستن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندی. منیش خۆم لەو بینینەدا دەبینمەوە و متمانەم پێی هەیە و ڕەنگە خۆم یەکێک بم لە کوردانی کە هێمای بۆ ئەم لایەنە کردبێت پاش ماوەیەکی کورت دوای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووز. جا ئەگەر کەسێک بچێتەوە بۆ ئەو گوتارانەی ساڵی 1960 لە ڕۆژنامەی «الحرية» دا بڵاوم کردنەوە بە ئیمزای «هوشیار» ئاگاداری ئەو بینینە و هێڵە پانەکانی، بە ئاشکرایی، لە دێڕەکانیدا سەرەتاتکەی لێ دەکەن.*

گرنگیی تێکستە سەرچاوەکە لەوەدایە بیرمەندێکی کورد بە زمانی عەرەبی، لە شەوگار و ڕۆژگارێکی خوێنین و ژەهراویی ڕووەو هەژەندا، پەیامێکی یەکجار هەستیاری هزری، وەک وەڵامێک بۆ داواکارییەکی خۆیان،

---

[90] جەلیزادە. *«گەشتی ژیانم»*، بڕوانە www.mamosta.net

ئاراستەی دەسەڵاتێکی عەرەبی دەکات. ئەمە تێکستێکی تەژەندە سەرفەرازی، ئاشتی و بەرژەوەندبینی بە ئامانج گرتووە. گەشەندبوونی زمانەکەی لە ئاستێکدایە لایەنی بەرانبەر، کە شانازیی بەو زمانەوە دەکات و بە زمانی خودا، دین و فەرهەنگی باڵای دەزانێت، سەرسام دەکات.

سەنگی تەرجەمەکە چەند ڕووکارێکی هەیە: ساختاری پتەوی کوردییەکە بەرانبەر ساختاری زمانی سەرشارەکە هاوسەنگە، ئەم هونەرەش، گەر تەمەن و پێگەی نووسین بەو دوو زمانە بخەینە تەرازووی بەراوردەوە، ئەرکێکە بە ئاسانی ساز نابێت. کارکردی پەیامەکە، چۆن لە تێکستە سەرچاوەکەدا ڕوونە و ناکەوێتە بەر سێبەری جوانکاری، لە کوردییەکەشدا درەوشاوەیە. شێوازی نووسینەکە، کە بەرهەمێکی هزرییە لە هەناوی بیرمەندێکەوە سەر دەکات ڕووەو بازنەیەکی دەسەڵاتپەرستی کەمزانی خۆ بە هەمەزان... لە کوردییەکەدا جۆرێکە داوای ڕەوایەتیی گشتپۆشی کاتبەدەر دەکات. شێوازێکی هێند هونەربارە تۆ دەتوانیت ئەم تێکست و شێوازە بۆ بەستێن و سەردەمی هەمەجۆر بچەرخێنیت. هەلومەرجی بڵاوکردنەوەی تەرجەمەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەلومەرجی نووسینەوەی سەرشارەکە نییە، لە هەردوو باردا ژینگەیەکە بۆ ئازادیی دەربڕین وێکچووی دۆزەخن، بەڵام هاوسەنگیی نێوەڕۆکی زەنگین و شێوازی هەرە نایابی داڕشتن، بەمەودا ئەو هەلومەرجە تاریکەی بەزاندووە.

### بیردۆزەی سکۆپۆس Skopos theory

بۆچوونگەلی سەربە بیردۆزەی «هاوتایەتی» هەتا دەمەو هەشتاکانی سەدەی بیستەم برەویان زۆر بوو. لە نێوەڕاستی هەفتاکاندا تۆژەر Hans Josef Vermeer و پاشان لە هەشتاکاندا لە لایەن زمانەوان و بیردۆزی تەرجەمەناسییەوە Katharina Reiß (Reiss)، بیردۆزەی سکۆپۆس، وەک جیهانبینییەکی ڕەخنەگرانە هەم لە ڕێچکەی زمانەوانیی پەتی و هەم لە دیدی هاوتایەتی، هاتە داڕشتن. بنجی وشەی «سکۆپۆس» گرێکییە بە واتای مەبەست، ئامانج، نیاز. بیردۆزەی سکۆپۆس دەڵێت شاخاڵی بڕیاردەر بۆ هەڵبژاردنی ستراتیژی تەرجەمە بریتییە لە ئامانج و مەبەستی تەرجەمەکە - ئەم تەرجەمەیە بۆ چییە، دەیەوێت چی بکات و بگاتە چی، بۆ کامە بەستێنە، ئاستی جۆرایەتی و چەندایەتیی کامەیە؟ لای Reiss & Vermeer لە تەرجەمەدا «مەبەست دەستاوێژ دەرەهێنێت»،[91] ئەمان دەڵێن: (Reiss & Vermeer 2014:89)

> *مادام تەکی تەرجەمەکارانە[92] جۆرێکی تایبەتە لە کارلێک، ئەوا پێکانی مەبەستێکی دیاریکراوی تەرجەمەکە گرینگترە لەوەی پێڤاژۆی تەرجەمەکردنەکە بە شێوازێکی تایبەت بێتە چەرخاندن.*

کەواتە بڕیاردان لە «سکۆپۆس»ی تەرجەمەکە پێشەمیی یەکەمی هەیە، ئەم بڕیاردانەش سێ هەنگاوی هەیە:

---

[91] مەبەست دەستاوێژ دەرەهێنێت = *the end justifies the means*، بۆ ڕەهاندن، دەرەهێنێت بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە» و «لە پەرۆشەکانی ژیان»*، www.mamosta.net

[92] تەکی تەرجەمەکار = translatorial action، چەمکێکی تایبەتی Reiss & Vermeer ئاماژەی تێدایە بەوەی تەرجەمەکردن تەکە، کارە و کاریش ئارمانجی هەیە، مەبەست و نیازی دیاریکراو ڕەچاو دەکات، واتە سکۆپۆس Skopos ی خۆی هەیە کە دەبێتە بڕیاردەر لە تەرجەمەکردنەکەدا. (Reiss & Vermeer 2014:ii)

1) دیاریکردنی سکۆپۆس کە پێویستی بە شارەزاییە لە زمان و فەرهەنگی ئارمانج.
2) چاوخشاندنەوە بە پێناسەکردنی بەشێک لە ڕووکارەکانی تێکستی سەرشار بەڕەچاوگرتنی ئەم سکۆپۆسە دیاریکراوەوە
3) چەرخاندنی ئەو سکۆپۆسە

دروستە تێکستی تەرجەمەکراو پەیوەستی تێکستی سەرشارە، بەڵام تەرجەمەکردن شێواز و چارەسەری جۆراوجۆری هەیە، چونکە مەرج نییە کارکردی مەبەست لە هەردوو تێکستدا، هەم سەرشار و هەم ئارمانج، پێکەڵ بن، بگرە زۆر جار کارکردی جودایان لێ مەبەستە. کەواتە پرسیاری گرینگ دەڵێت: چی بڕیاردەرە لە هەڵبژاردنی ئەم یان ئەو شێواز و چارەسەرە؟ هەڵبژاردنی ستراتیژ لێرەدا بەرتاوی مەبەست و ئامانجی تەرجەمەکەیە، نەک تێکستی سەرشار. هەمان تێکست، بۆ پێکانی مەبەستی جۆراوجۆر، دەشێت تەرجەمەی جۆراوجۆر بکرێت. لای بیردۆزەی هاوتایەتی، تێکستی سەرشار شاخاڵی بڕیاردەرە بۆ تەرجەمەکردن، لای بیردۆزەی سکۆپۆس شاخاڵ بریتییە لەو کارکردەی مەبەستە بگاتە بەرەی ئارمانج، نەک تەنها بەرهەمهێنانەوەی بەهاگەلی تێکستی سەرشار. کەواتە ئەم پارادیمەی سکۆپۆس دیدێکی ئارمانجبینە.[93]

تۆژەران Reiss & Vermeer لە ڕوونکردنەوەی هەڤبەندیی نێوان تێکستی سەرشار و تێکستی ئارمانجدا دەڵێن:

*هەڤبەندیی نێوان تێکستی سەرشار و تێکستی ئارمانج ناکاتە پێکەڵبوونی کوتومتی پێکهاتەی تێکست. بنەما گشتییەکە بریتییە لەوەی دەستەیەک X ی بەهای نێو تێکستی سەرشار دەبێت بە دەستەیەک Y ی بەها لە تێکستی ئارمانجدا نوێنەرایەتیی بکرێن. ئەمەش دەشێت هەم سوودبەخش بێت و هەم زیانبەخش.*

*مەبەست لەم چەمکەی «بەها» لێرەدا جەختکردنە لەسەر ئەوەی کرداری تەرجەمەکردن سەرنجگیری دیاردەی زمانەوانی نییە، بەتایبەتیش سەرنجگیری دیاردەی فەرمیی زمانەوانی نییە، بگرە کرداری تەرجەمەکردن بریتییە لە پێڤاژۆیەکی گواستنەوەی فەرهەنگی، گواستنەوەی زمانەکیی تێیدا هاوئامێزە.*

(Reiss & Vermeer 2014:113)

بە دیدی ئەمان، نووسەری تێکستی سەرشار، «ئاگاداری»ـیەک دەداتە ئاپۆرەی بەستێنی خۆی، تەرجومان ئەو «ئاگاداری»یە وەردەگرێت و بە تەرجەمە، ئاپۆرەی خۆی ئاگادار دەکاتەوە لە «ئاگاداری»یەکەی سەرشار. ئەوجا مادام ئاپۆرەی یەکەم و لەویشەوە ئاگاداریی یەکەم جیاوازن لە ئاپۆرە و ئاگاداریی دووهەم، ئەوا ڕوونە کە ئەو دوو تێکستە لە چەندین لایەنەوە جیاوازییان دەبێت. ئەم جیاوازییە زادەی «بڕیاردان» و «هەڵبژاردن»ی تەرجومانە، چی و چۆن تەرجەمە دەکات و تێکستی خۆی دادەڕێژێت. کەواتە تەرجومان نابێتە «نێوانسازی زمان»،[94] ئەم لە «تەکی تەرجەمەکار»دا خاوەن بڕیارە لە چەندوچۆنی تەرجەمەکردن و لەو بڕیارەشدا زانین و شارەزایی خۆی دەربارەی زمان و فەرهەنگی هەم سەرشار و هەم ئارمانج دەکاتە بنەما، بەم جۆرەش تەرجومان دەبێتە پسپۆر، نەک نێوانسازی زمان. (Reiss & Vermeer 2014:78)

---

[93] ئارمانجبین = target-oriented، جەختکردن لەسەر لایەنی ئارمانج، لەسەر تێکست، زمان و فەرهەنگی ئارمانج. بۆ پێچەوانەکەی بڕوانە «سەرشاربین».

[94] نێوانسازی زمان = language mediator، کەسێک زمانێک بگوێزێتەوە بۆ زمانێکی دیکە.

Vermeer، لەم بوارەدا چەمکی «فەرهەنگ» بە جۆرێکی تایبەت پۆلێن دەکات کە لە تەرجەمەکردندا ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە. Celia Martín de León لە بەشی Functionalism ی نێو شاکاری ***Routledge Encyclopedia of Translation Studies***، لەژێر سەردێڕی Skopos theory دا، دەربارەی چەمکی «فەرهەنگ» لای Vermeer، دەڵێت:

> *Vermeer فەرهەنگ دەکاتە سێ لاپۆل: فەرهەنگی گشتپۆش[95] paraculture، فەرهەنگی بەشپۆش[96] diaculture و فەرهەنگی تاکپۆش[97] idioculture کە سروشگیری سێ چەمکی زمانەوانین: ئاوازەزار[98] paralect، شێوەزار[99] dialect و کەسەزار[100] idiolect. چەمکی فەرهەنگی گشتپۆش لە هەموان بەرینترە، چونکە ئاماژەیە بەو پێکهاتن و نۆرمانەی سەرپاکی جڤاک دەگرێتەوە، فەرهەنگی بەشپۆش دەستەی جڤاکیی نێو جڤاکێکی فرەوان دەگرێتەوە، هەرچی فەرهەنگی تاکپۆشە باسی لە فەرهەنگی تاکەکەسە لە کاتێکی دیاریکراودا.*
>
> (Baker & Saldanha 2020:200)

بە دیدی Pym، مەبەست لە سکۆپۆس، پێکانی مەبەستە ڕاگەیەنەکەی تەرجەمەکەیە، نەک خۆبەستنەوە بە تێکستی سەرشار. کەواتە بڕیاردان لە چۆنەتیی تەرجەمەکە بەندە بەو مەبەستەی دانراوە بۆ ئەم تەرجەمەیە، ئەو لایەنەی تەرجەمەکەی بە ڕادان داوە مەبەستی چییە، ئەوەی دەیخوێنێتەوە چ سوودێکی لێ وەردەگرێت (Pym 2014:44).

پاش ڕووماڵکردنی بۆچوونی بیردۆزانی جیاوازی سکۆپۆس، Pym بەم جۆرە گردیان دەکاتەوە: (Pym 2014:55)

1) *دوابڕیاری تەرجومان بەندە بە مەبەست لەو تەرجەمەیە.*
2) *مەبەستی ئەوەی تەرجومان دەیکات («تەکی تەرجەمەکار») دەشێت بریتی بێت لە بەرهەمهێنانی هاوتابوون لەتەک چەند ڕووکارێکی تێکستی سەرشار، یان خەریکبوون بێت بە داڕشتنەوەی تێکستەکە، یان پێشکەشکردنی ئامۆژگاری، یان هەرچییەکی لەو نێوانە.*
3) *هەمان تێکست، بۆ پێکانی مەبەستی جۆراوجۆر، دەشێت بە شێوەی جیاواز بێتە تەرجەمەکردن.*
4) *شاخاڵی بڕیاردەر لە دیاریکردنی مەبەستی تەرجەمەکە بەندە بە مەرجگەلی ئەو لایەنەی تەرجەمەکەی بەڕادان داوە.*

---

[95] فەرهەنگی گشتپۆش paraculture: ئەو ڕێوڕەسم، دابونەرێت و نۆرمگەلەی سەرپاکی جڤاک دەگرێتەوە.

[96] فەرهەنگی بەشپۆش diaculture: ئەو ڕێوڕەسم، دابونەرێت و نۆرمگەلەی بەشێکی جڤاک دەگرێتەوە، بۆ نموونە بەشێکی گەل، دەڤەرێک، دەستەیەک، کۆمپانیایەک.

[97] فەرهەنگی تاکپۆش idioculture: فەرهەنگی تاکەکەس کە جودایە لە فەرهەنگی کەسانی دیکە، لە فەرهەنگی بەشپۆش و گشتپۆش.

[98] ئاوازەزار (پارالێکت) paralect: ئەو کەسەزار (ئایدیۆلێکت) -یە کە فرە نێزیکی زمانی سەردەست و پتر شکۆمەندی وەڵاتە بەڵام جوداوازییەکی کەمی هەیە کە دەبێتە ڕەنگدانەوەی شێوەزار (دیالێکت) ی ڕەسەنی ئاخێوەرەکە، بەتایبەتی ئاوازی زاراوەکەی.

[99] شێوەزار (دیالێکت) dialect: شێوەیەکی زمانە کە تایبەتە بە ناوچە یان بەشێکی گەل و جوداوازییەکی تاڕادەیەک کەمی لە وشەداری vocabulary، گۆکردن و شێوازدا.

[100] کەسەزار (ئایدیۆلێکت) idiolect: ئەو لازارەیە کە تایبەتە بە تاکەکەس.

5) *دوا وێستگەی بڕیاردان لای کەسی تەرجومانە، کە لە کاری خۆیدا بەرکەوتی هەیە لە تەک لایەنی دیکەی جڤاکی.*

تەریب لەگەڵ داڕشتنی بیردۆزەی سکۆپۆس لە لایەن Vermeer ەوە، بیردۆزەی «تەکی تەرجەمەکار» لە لایەن تۆژەری فینی (فینلاندی) خاتوو Justa Holz-Mänttäri، لە نیوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا هاتە داڕشتن. ئەم بیردۆزەیەش، هەر وەک سکۆپۆس، سەربە نەرینی «کارکردایەتی»یە،[101] نەرینی «کارکرد-بین» ـە.[102] لەم چێوەیەدا، تەرجەمەکردن، بە پلەی یەکەم دەبێتە پێڤاژۆیەک بۆ دانوستانی نێوان-فەرهەنگی،[103] کە بەرهەمی کۆتا دەبێت لە دۆخی تایبەت و بەستێنی دیاریکراودا سوودبەخش بێت.

Celia Martín de León لە گوتارەکەی زووتر ئاماژەی پێ درا، لە ژێر سەردێڕی Theory of translatorial action دا، دەڵێت ئەم بیردۆزەی «تەکی تەرجەمەکار»ە، هەر وەک بیردۆزەی سکۆپۆس-ی Reiss & Vermeer، جەختی لەسەر «تەک» action ـە، تەرجەمەکردن بە جۆرێک لە «تەک» ڕاڤە دەکەن، مەبەستیان فرەوانکردنی ئەو دیدە بەرتەسکەیە کە ئەو دەمە تەرجەمەکردنی بە پێڤاژۆیەکی زمانەوانیی پەتی دەزانی، پێڤاژۆیەکی «کۆدڕێژی-کۆددۆزی».[104] Holz-Mänttäri لەم بیردۆزەیەی «تەکی تەرجەمەکار»ەدا، تەرجەمەکاری بە پێویستییەکی جڤاکی دەزانێت؛ کاتێک جیاوازیی فەرهەنگ دەبنە کۆسپ لەڕێی دانوستانی نێوان-فەرهەنگیدا، تەرجەمەکاری دەبێتە دەستاوێژێکی هاریکار. تەرجومان، بۆ بەرهەمهێنانی تێکستێکی خاوەن کارکردی لەبار، دەبێت هەم پەی بەرێت بە دونیای نووسەر و دونیای ئاپۆرەی وەرگر، هەم دەرکی هەبێت بۆ ئەو دۆخگەلەی تێکستەکەی تێدا دێتە بەکارهێنان. (Baker & Saldanha 2020:202)

کەواتە پەیبردنی تەرجومان بە پێگە و کارکردی تێکستی هەم سەرشار و هەم ئارمانج گرینگە بۆ ئەوەی توانای بڕیاردانی هەبێت لە چۆنەتیی بەرهەمهێنانی تەرجەمەیەکی خاوەن ئەو کارکردەی مەبەستە لە فەرهەنگی ئارمانجدا. بۆ ئەم پەیبردنەش، تەرجومان پێویستی بە شرۆڤەکاریی تێکستە. تۆژەران Reiss & Vermeer ئەم خاڵانە دەکەنە ڕێنوێن بۆ شرۆڤەی تێکست لەڕووی تەرجەمەناسییەوە (Reiss & Vermeer 2014:181-191):

- جۆری تێکست: نووسەر تێکستی خۆی لەسەر سێ ئاستی جیاواز کۆدبەند[105] دەکات و بەم کارە سێ جۆری جیاوازی تێکست پەیدا دەبن - (بۆ بەراورد بڕوانە بەشی «ڕووکاری پراگماتیک»):

1) تێکستی مۆژیار، نووسەر دەیەوێت نێوەڕۆکێک پێشکەش بکات زانیاربەخش بێت، وەک زانست، بۆچوون، گۆشەنیگا،

2) تێکستی هەستراگەیەن،[106] نووسەر بەنیازە هەم نێوەڕۆک و هەم ئادگاری هونەربار پێشکەش بکات،

---

[101] کارکردایەتی = functionalism

[102] کارکرد-بین = function-oriented

[103] نێوان-فەرهەنگی intercultural، نێوان فەرهەنگی جیاواز.

[104] کۆدڕێژی-کۆددۆزی = coding-decoding، زمان بە نووسین کۆدڕێژ دەکرێت و پاشان بە خوێندنەوە و تێگەیشتن، بە تەرجەمەکردن، کۆددۆز دەکرێت، مرۆڤ کۆدی نووسینەکە شی دەکاتەوە، ڕوونی دەکاتەوە.

[105] کۆدبەند = encode، داڕشتنی پەیام و تێکست بە کۆد

[106] هەستراگەیەن = expressive

3) تێکستی چەرخێنەر،[107] نووسەر مەبەستیەتی جگە لە نێوەڕۆک، ڕەداهێنان[108] و هاندان پێشکەش بە خوێنەر بکات بۆ ئاڕاستەکردنی ڕووەو خواستێکی تایبەت. لێرەدا جار هەیە ئادگاری هونەربارێش هاوئامێز دەکرێت.

- شێوازی تێکەڵ: تێکست کەم جار هەیە تەنها یەک لەو جۆرانەی سەرەوە بێت، زۆر جار تێکەڵە. لەم بارەدا تەرجومان خۆی بڕیار دەدات کام جۆر بۆ تێکستی ئارمانج ڕەچاو دەگرێت.
- نیشانەدۆزی: تەرجومان، بەدەم شرۆڤەکاریی پێشکاتی تێکستی سەرشارەوە، دەتوانن لە گوێرەی شارەزایی خۆیان، لە ئاماژەگەلی سەربە سەمانتیک[109] و پراگماتیکی[110] نێو تێکستەکە سوودمەند بن بۆ دیاریکردنی پێگە و کارکردی ئەو تێکستە.
- ڕاهێزانی جۆرناسی:[111] زۆر جار تێکستی نووسراو لەڕێی هونەری دیکەی وەک زمانی جەستە و تۆنی دەنگ و ڕەنگاندنی تێکستەوە دێتە ڕاهێزان. ئەمیان دەشێت ببێتە جۆری چوارەمی تێکست: «جۆرەهارە».[112]
- ڕادەی لەباربوونی جۆری تێکست بۆ تەرجەمە: تۆژەر هەیە پێی وایە پاش دیاریکردنی ژانرەی تێکست (بۆ نموونە ئەدەبییە یان زانستی)، هەڵاوێردنی دیکەی جۆری تێکست پێویست نییە. بەڵام لە تەرجەمەدا جەختکردن لەسەر ژانرە، بە تەنها، بەش ناکات.
- پێگەی تێکست: پێگەی تێکستێکی دیاریکراو لە فەرهەنگێکدا وابەستەی ئەو کارکردەیە، ئەو مەبەست و خواستەیە کە نووسەرەکەی دەیەوێت بیداتە تێکستەکە بەو جۆرەی دایڕشتووە.

---

[107] چەرخێنەر = operative

[108] ڕەداهێنان = persuasion، قایلکردن، پێسەلماندن. ڕەداهێنەر = persuasive، ڕازیکەر، قایەلکەر.

[109] سەمانتیک = semantic، لە زمانەوانیدا مەبەستی لە واتای پێکهاتەکانی تێکستە، واتای وشە، دەستەواژە و ڕستەی تێکست. هەر زمانێک ساختاری سەمانتیکانەی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ وشەپۆشکردنی دەوروبەر، بۆ ئافراندنی وشە بەمەبەستی دەربڕین لە واتا، بۆ گرێدانی وشە بە واتاوە.

[110] پراگماتیک = pragmatic، لە زمانەوانیدا مەبەست لێی واتایە لە بەستێنی گوتاردا، لەو دۆخەدا کە زمان تێیدا دێتە بەکارهێنان.

[111] ڕاهێزانی جۆرناسی = amplification of the typology

[112] جۆرەهارە = hypertype، لە پێوانەی «داشەهارە».

| | | مۆژیار informative | هەستراگەیەن Expressive | چەرخێنەر operative |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی کۆدبەند | نێوەڕۆک + ڕەداهێنان (+ هونەربار) | | | X |
| | نێوەڕۆک + هونەربار | | X | (X) |
| | نێوەڕۆک | X | X | X |

جۆری تێکست (Reiss & Vermeer (2014:183

سەرەتای ئەم جەختەی سکۆپۆس لەسەر زمان و فەرهەنگی ئارمانج، لە 1978 لە لایەن Vermeer ەوە، ڕێچکەیەکی دیکەی هاوکات و تەریبی هەیە لە لایەن Gideon Toury ی بیردۆزەوە کە لە 1977 دا هەمان ئاڕاستەی زمان و فەرهەنگی ئارمانجی هێنایە بەرباس. بەڵام جوداوازیی ئەم دوو پارادایمە لەوەدایە ئەمیان دەڵێت تەرجەمەناسی کاری ئەوەیە لە کارکرد و پێگەی تێکستە تەرجەمەکراوەکە ورد بێتەوە و «ڕاڤە»ی بکات، نەک ڕێنوێن و دەستووردانەر بێت لەوەی تەرجەمە دەبێت چۆن بێت و چۆن نەبێت (Toury 1995/2012:19).

Hans J.Vermeer لە گوتاری Skopos and Commission in Translational Action نێو کۆگوتاری *The Translation Studies Reader (221-232)*-دا ئاوڕ لە ڕەخنەگران دەداتەوە و دەڵێت لاریبوون بەگشتی دوو شاجۆری هەن: (Venuti 2000: 224)

1) لاریبوونی یەکەم دەڵێت مەرج نییە هەموو کردارێک مەبەستی دیاریکراوی خۆی هەبێت. کردار هەیە «بێمەبەستە». ئەمیان پتر ڕووی لە تەرجەمەی بەرهەمی ئەدەبییە.

Vermeer لە بەرسڤی لاریبوونی یەکەمدا دەڵێت نووسەر لە نووسینی تێکستدا مەبەستی خۆی هەیە کە دەشێت جودا بێت لە مەبەستی کرداری خوێندنەوەی تێکستەکە لە لایەن خوێنەرەوە. هەر کردارە و مەبەستی خۆی هەیە کە دەشێت جودا بن بەڵام کرداری بێمەبەست بوونی نییە. بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست، Vermeer، سێ واتای جودا بۆ چەمکی سکۆپۆس دیاری دەکات کە هەر یەکەیان چەرخاندنی خۆی هەیە:

a) پێشازۆی تەرجەمەکردن و لەویشەوە ئامانجی ئەم پێشازۆیە

b) بەرهەمی ئەم تەرجەمەکردنە و لەویشەوە کارکردی تەرجەمەکە

c) ڕەنگی ئەم تەرجەمەیە و لەویشەوە نیاز لەم ڕەنگە

2) لاریبوونی دووهەم دەڵێت مەرج نییە هەموو تەرجەمەیەک نیاز و مەبەستی دیاریکراوی هەبێت، تەرجەمە هەیە ئامانجبین نییە - هەر جۆرێکە لە لاریبوونی یەکەم و ئەمیش ڕووی پتر لە بەرهەمی ئەدەبییە. ئەم ڕەخنەیەش سێ پێداگریی هەیە:

a) تەرجومان خەیاڵی لای مەبەست، نیاز و کارکردی تایبەت نییە، تەنها تێکستی سەرشار تەرجەمە دەکات و هیچی دیکە.

b) مەبەست، نیاز و کارکردی دیاریکراو دەرفەتی تەرجەمەکردن سنووردار دەکات و بەوەش پانتایی لێکدانەوەی تێکستی سەرشار بۆ تێکستی ئارمانج بەرتەنگتر دەبێت.

c) تەرجومان هیچ لایەنێکی وەرگری نییە ڕەچاویان بکات.

Vermeer لە بەرسڤی لاریبوونی دووهەمدا دەڵێت تێکستی سەرشار هەر پۆلێک بێت ئامانج و مەبەستی خۆی هەیە و گەر مەرجیش بێت تەرجەمەکە ڕەنگدانەوەی کوتومتی تێکستی سەرشار بێت ئەوا ئەو مەرجەش بۆخۆی ئامانجە.

3) لاریبوونی دووهەم لێکدانەوەی دیکەشی هەیە. لە ڕشتەی زمانەوانی تێکست[113] و بیردۆزەی ئەدەبیدا،[114] زۆر جار تێکستی ڕاستێنراو[115] و تێکستی شیمانەدار[116] جودا دەکرێنەوە. گەر بیردۆزەی سکۆپۆس پێداگر بێت لەوەی هەر تێکستێک ئامانج، نیاز و کارکردی دیاریکراوی هەیە و هەروەها دەستەیەک وەرگری خۆی هەیە، ئەوا دەشێت وەهای تێبگەین کە لاریبوونی دووهەم تێکستی ڕاستێنراو دەگرێتەوە، چونکە تێکست لە واتای باڵاتردا دەشێت شیمانەدار بێت، بەوەی دەکرێت لە دۆخی دیکەدا، بۆ وەرگری دیکە و بە کارکردی دیکە بێتە چەرخاندن.

Vermeer لە بەرسڤی ئەم لاریبوونەدا دەڵێت، تێکست هەر بەوەی دێتە داڕشتن، ئەرکی دیاریکراوی هەیە و بیردۆزەی سکۆپۆس نکووڵی ناکات لەوەی دەشێت هەمان تێکستی سەرشار پاشان تەرجەمەی دیکەی هەبێت بە مەبەست و ئەرکی جودا لەوەی یەکەم و بەوەش تێکستی شیمانەداریش دەبێتە خاوەن مەبەست و کارکردی خۆی.

لە دیدی «بیردۆزەی سکۆپۆس»ـەوە، تەرجومان پسپۆڕە و لەبەر ئەوە خۆی بڕیاردەرە لەوەی چی، چۆن، کەی... تەرجەمەکردن دێتە ڕاستاندن (پیادەکردن). ڕاستاندنی تەرجەمەکردن پەیوەستی هەلومەرجی فەرهەنگیی ئارمانجە، نەک سەرشار. ئەوەی پەیوەستی هەلومەرجی فەرهەنگی سەرشارە تێکستی سەرشارە نەک تەرجەمەکە. Vermeer لە گردکردنەوەی بیردۆزەی سکۆپۆسدا دەنووسێت، سکۆپۆس: (Venuti 2000: 231)

1) باسگەلێکی زووتر نکووڵییان لێ کراوە، لێرەدا پاتەوپات[117] و بەردەرک دەبن.

---

[113] زمانەوانیی تێکست = text linguistics

[114] بیردۆزەی ئەدەبی = literary theory

[115] تێکستی ڕاستێنراو = text as realization

[116] تێکستی شیمانەدار = text as potential

[117] پاتەوپات = explicit، ڕاشکاوانە هاتۆتە دەربڕین

2) ئەو سکۆپۆس (مەبەست، نیاز) ـە دیاریکراوە دەبێتە مایەی فرەواندنی دەرفەتی تەرجەمەکردن، پانتایی ستراتیژەکانی تەرجەمەکردنەوە بەرینتر دەکات، هەروەها تەرجومان سەرفەراز دەکات لە کۆتوبەندی وشەبینی، کە زۆر جار بێمانایە.

3) بەوەی مەرجە تەرجەمەکە کارکردێکی تایبەت هەڵسووڕێنێت، سکۆپۆس دەبێتە مایەی هەم ڕاهێزان و هەم تێچێنکردنی بەرپرسایەتیی تەرجومان. ئەم بەرپرسایەتییە بریتییە لە کرۆکی ئەم بیردۆزەیە.

بۆ نموونە لە تەرجەمەی واتابین و مەبەستڕاگوێز تەماشای ئەم تێکستە دەکەین کە مارکس Marx لە *«سەرمایە»* *Capital* دا بە ئەڵمانی نووسیویەتی، ڤیگۆتسکی Vygotsky ی زانا و تۆژەر لە کتێبی *«ئاوەز لە جڤاکدا - فراژووتنی پێڤاژۆی باڵای دەروونناسانە»* بە زمانی ڕووسی پەنای بۆ بردووە و هاوبەش خالید لە ئینگلیزییەوە تەرجەمەی کردووە. ڕاگواستەکە دەڵێت:

> *The spider carries out operations reminiscent of a weaver and the boxes which bees build in the sky could disgrace the work of many architects. But even the worst architect differs from the most able bee from the very outset in that before he builds a box out of boards, he has already constructed it in his head. At the end of the work process, he obtains a result which already existed in his mind before he began to build. The architect not only changes the form given to him by nature, within the constraints imposed by nature, he also carries out a purpose of his own which defines the means and the character of the activity to which he must subordinate his will.* Karl Marx, *Capital (*Vygotsky 1979)

هاوبەش خالید بەم جۆرەی تەرجەمە کردووە:[118]

> *جاوتەنە (جاڵجاڵۆکە) کاری وەها دەکات جۆلامان وەبیر دەخاتەوە، ئەو سندووقانەی هەنگیش لە ئاسمان چێیان دەکەن، دەتوانن کاری زۆرێک لە تەلارسازان شەرمەزار بکەن. بەڵام کۆڵەوارترین تەلارساز جیاوازە لە تواناترین هەنگ بەوەی ئەم (تەلارساز) هەر لە سەرەتاوە، بەر لەوەی سندووقەکە لە تەختە دروست بکات، پێشتر لە مێشکی خۆیدا سازی کردووە. لە کۆتای پێڤاژۆی کارەکەدا ئەنجامێک وەدەست دەهێنێت کە زووتر، بەر لەوەی دەست بداتە دروستکردن، لە زەینی خۆیدا هەبووە. تەلارساز هەر بەوە ڕاناوەستێت کە شێوەیەک بگۆڕێت سروشت پێی داوە، لە چێوەی ئەو ڕێبەستانەی سروشت دەیانسەپێنێت، ئەم (تەلارساز) مەبەستێکی خۆیشی دەنەخشێنێت بە دیاریکردنی دەستاوێژ و ئادگاری ئەو کارەی ئەم دەبێت سەرفرووی ویستی خۆی بکات.*
>
> Karl Marx, *Capital*
> کارل مارکس، *سەرمایە*

---

[118] ڤیگۆتسکی Vygotsky. *«ئاوەز لە جڤاکدا - فراژووتنی پێڤاژۆی باڵای دەروونناسانە»*. تەرجەمەی لە ئینگلیزییەوە: هاوبەش خالید، کوردستان 2022.

ئەم تەرجەمەی، بە دیدی من، تابلۆیەکە لە زۆر لاوە نەخشین، لێ هەرە گەشیان هونەری پاراستن و گەیاندنی مەبەستە بە چارەکردنی کێشە ساختاری زمان، تەماشا چارەدۆزیی گرفتی جێناو[119] کە جار هەیە لە تەرجەمەی کوردیدا، ئاماژە تێیدا سەرگەردان دەبێت. لە ئینگلیزیدا he جێناوێکی تەرخانە بە کەسی سێهەمی زایەندی نێرە، لە دەستەواژەی وەک *before he builds…* و *he obtains a result which…* بە ڕوونی تەلارسازەکە دەگرێتەوە چونکە ئەو جێناوە مرۆڤی دابڕیوە لە جاوتەنە و هەنگ. «ئەو/ئەم»ی کوردی ئەو دابڕینە ڕوونەی نییە، گەر تەرجومان وردبین نەبێت دوور نییە تێکستە کوردییەکە تەماوی بمێنێت. لێرەدا، تەرجەمە کوردییەکە بە زیادکردنی *(تەلارساز)* لە کەوانەدا، دەردەکەی تیمار کردووە.

بەم کورتەباسە، بیردۆزەی سکۆپۆس، جێ دەهێڵین و دەچینە لای بیردۆزەی ڕاڤەکار.

**تەرجەمەناسیی ڕاڤەکار Descriptive Translation Studies (DTS)**

James S Holmes ی بیردۆز بە گوتاری The Name and Nature of Translation Studies (1972) بووە بناخەڕێژی «تەرجەمەناسیی ڕاڤەکار» وەک بوارێکی تۆژینەوەی وەها ڕشتەی جۆراوجۆر تێیدا هاوسەما بن. هۆڵمز دەڵێت «تەرجەمەناسیی پەتی» Pure Translation Studies، دوو شائامانجی هەیە (Venuti 2000: 172-185):

1) ڕاڤەکردنی دیاردەی تەرجەمە و تەرجەمەکردن بەو جۆرەی خۆیان لە دونیای شارەزایی ئێمەدا خویا دەکەن.

2) دارشتنی بنەمای گشتیی وەهای ببنە یاریدەر بۆ ڕاڤەکردن و پێشبینیکردنی ئەو دیاردەگەلە.

لە تەرجەمەناسیی پەتیدا، دوو شارێچکەی تۆژینەوەی جیاواز هەن، کار ڕووەو ئەو دوو شائامانجە دەکەن:

1) تەرجەمەناسیی ڕاڤەکار descriptive translation studies (DTS) یان ڕاڤەکردنی تەرجەمە translation description (TD)

2) تەرجەمەناسیی بیردۆزەکی theoretical translation studies (ThTS) یان بیردۆزەی تەرجەمە translation theory (TTh)

بە دیدی Holmes شارێچکەی یەکەم، DTS، سێ جۆر تۆژینەوەی هەیە هەر یەکەیان سێرەی لەسەر ڕووکارێکی تایبەتە، بەرهەم-بین، کارکرد-بین و پێڤاژۆ-بین:

---

[119] بۆ وردەکاریی زیادتر دەربارەی جێناو، بڕوانە: کتێبی *«ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی - بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی»*. کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا 1976. لاپەڕە 74-27.

1) «تەرجەمەناسیی ڕاڤەکاری بەرهەم-بین»:[120] سەرشاری ئەم جۆرە تۆژینەوەیە بریتییە لە ڕاڤەکردنی تێکستێکی دیاریکراوی تەرجەمەکراو. ئەمیان دوو هەنگاوی هەیە: هەنگاوی یەکەمی بریتییە لە «ڕاڤەی تێکست-بینی تەرجەمە»[121] کە جەختی لەسەر تێکستە تەرجەمەکراوەکەیە. هەنگاوی دووهەم دەبێتە «ڕاڤەی بەراوردکارانەی تەرجەمە»،[122] کە تێیدا شرۆڤەی بەراوردکارانە دەکرێت بۆ تەرجەمەی جۆراوجۆری هەمان تێکست، جا بە یەک زمان بێت یان بە زمانی جیاواز.

ئەم ڕاڤەی تێکست-بین و ڕاڤەی بەراوردکارە بوونە مایەی بەرهەمهێنانی کەرەستە بۆ ڕووماڵکردنی کۆرپوس[123] corpus ی مەزنی تەرجەمە، بۆ نموونە لە بوار، زمان و سەردەمی دیاریکراودا. ئەمەی بە «شرۆڤەی کۆرپوس»[124] ناودێرە - نەرینێکی زمانەوانییە تێیدا بڕێک بەرهەمی زمانەوانی وەک گوتاری نووسراو، گوتاری زارەکی و پەیامی هەمەجۆر، کە بە شێوەیەکی سیستەمبەند[125] یان ڕەشۆکی، گرد دەکرێنەوە و دیژیتالانە پۆلێن دەکرێن، بەمەبەستی هەڵێنجانی ڕێسای زمانکار، ڕێسای سەربەنەخشی وشەسازی و ڕێزمان، ڕێساگەلی وەها کە برەویان هەبێت لە ژانرە یان جۆری تایبەتی تێکستدا و دەشێن ببنە سەرچاوەی گرینگ بۆ «زارناسی»،[126] «زمانەوانیی جڤاکی» و بواری دیکەی هاومەبەست.[127]

2) «تەرجەمەناسیی ڕاڤەکاری کارکرد-بین»:[128] ئەمیان لەبری تێکستی تەرجەمەکراو، جەختی لەسەر بەستێنە، خەریکی تۆژینەوەیە لە کارکرد، لە کاریگەری و پێگەی ئەو تەرجەمەیە لە بەستێنی ئارمانجدا، پەرۆشی ڕووماڵکردن و شرۆڤەی تاوی تەرجەمەیە لەسەر دۆخی جڤاک و فەرهەنگی ئارمانج. ئەم جۆرە ڕاڤەکارییە دەپرسێت کامە تێکست لەو سەردەمە دیاریکراوەدا و لەو جێگە دیاریکراوەدا تەرجەمە کراوە یان نەکراوە و ئەوجا بەرهەمی ئەو کارە لەو جڤاکەدا چی بووە. ئەم جۆرە ڕاڤەکارە کارکرد-بینەی تەرجەمەناسی بووە زەمینەساز بۆ جەختکردن لەسەر «جڤاکناسیی تەرجەمە».[129]

---

[120] تەرجەمەناسیی ڕاڤەکاری بەرهەم-بین = Product-oriented descriptive translation studies, Product-oriented DTS

[121] ڕاڤەی تێکست-بینی تەرجەمە = text-focused translation description

[122] ڕاڤەی بەراوردکارانەی تەرجەمە = comparative translation description

[123] کۆرپوس = corpus، لاشە، پەیکەر، برە تێکستی گەورە کە تەرخانە بۆ تۆژینەوەی زمانەوانی.

[124] شرۆڤەی کۆرپوس = Corpus Analysis

[125] سیستەمبەند = systematic

[126] زارناسی = dialectology، تۆژینەوەی سیستەمبەند لە زار (دیالێکت، بنزار)، هەروەها ئەو کەرەستەیەی تەرخانە بۆ ئەم جۆرەی تۆژینەوە.

[127] پێناسەی «شرۆڤەی کۆرپۆس» لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: https://www.igi-global.com/dictionary/corpus-analysis/47997

[128] تەرجەمەناسیی ڕاڤەکاری کارکرد-بین = Function-oriented descriptive translation studies, Function-oriented DTS

[129] جڤاکناسیی تەرجەمە = translation sociology

3) «تەرجەمەناسیی ڕاڤەکاری پێڤاژۆ-بین»:[130] جەختی لەسەر پێڤاژۆ و کرداری تەرجەمەکردنەکەیە، لەسەر ڕەوتی بیرکردنەوەی کەسی تەرجومانە لە کاتی تەرجەمەکاریدا. لەم جۆرەدا، پەرۆش بۆ تۆژینەوەیە لە بیرکردنەوەی تەرجومان، ئەویش دیاردەیەکی تەواو سەخت و ئاڵۆزە. ئەم جۆرە ڕاڤەکارییە دەبێتە دەرفەتساز بۆ «دەروونناسیی تەرجەمە».[131]

شارێچکە دووهەمی تۆژینەوە، تەرجەمەناسیی بیردۆزەکی[132] ThTS، بە دیدی Holmes:

*هەر وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، خۆی خەریک ناکات بە ڕاڤەکردنی تەرجەمەی بەردەست، یان ئەو کارکردانەی لە تەرجەمەدا بینراون، یان پێڤاژۆی تەرجەمەکردنی وەهای ئەزموونکارانەی هاتوونەتە بەرهەم. بەڵکە سەرنج گیر دەکات لە بەرکارهێنانی ئەو بەرهەمانەی زادەی تەرجەمەناسیی ڕاڤەکارن، بە تێهەڵکێشکردنیان لەگەڵ ئەو ئاگادارییانەی بەردەستن لە بەستێن و ڕشتەی دیکەی هاوبواردا، بەمەبەستی داڕشتنی بنەما، بیردۆزە و مۆدێلی وەها ببنە یاریدەر بۆ ڕاڤەکردن و پێشبینیکردنی تەرجەمە و تەرجەمەکردن، بەو جۆرەی هەن و دێنە پەیدابوون.* (Venuti 2000: 177)

لە وردەکاریدا، Holmes «تەرجەمەناسیی بیردۆزەکی» دەکاتە دوو جۆر، «گشتی» General و ئەوەی دیکەیان خاوەن «پانتایی تایبەت» Partial کە ڕێچکەی جۆراوجۆری لێ دەبێتەوە:

1) تەرجەمەناسیی سنووورداری جۆری بەرهەمهێنانی تەرجەمە medium restricted، بۆ نموونە مرۆڤکردە یان ماشێنکرد (دیژیتاڵ) یان تێکەڵی مرۆڤکرد و ماشێنکردە، زارەکییە یان نووسراو.

2) تەرجەمەناسیی سنووورداری پانتایی area restricted، بۆ نموونە سنووودارە بە تەرجەمە لەنێوان بازنەی زمانی دیاریکراودا، یان پانتایی فەرهەنگی تایبەتدا.

3) تەرجەمەناسیی سنووورداری ئاست rank restricted، تۆژینەوەی ئەم بوارە جەختی لەسەر لایەنی زمانەوانییە و زووتر پەرۆشی ئاستی ڕستەسازی بووە، بەڵام ماوەیەکە خەریکە لەم «ڕستە-بینی»یەوە دەرباز دەبێت ڕووەو وردبوونەوە لە سەرپاکی تێکست نەک تەنها تاکتاکی ڕستە.

4) تەرجەمەناسیی سنووورداری جۆری تێکست text-type restricted، ژانرەی تێکست، دید و جیهانبینی، دیسکۆرسی تێکست، نووسەر و تۆژەرانی بواری ئەدەب بۆ نموونە پەرۆشی تەرجەمەی بەرهەمی ئەدەبین، دینناسان خولیای تەرجەمەی تێکستی دینین، ماوەیەکیشە کۆشان هەیە بۆ داڕشتنی بیردۆزەی تایبەت بە بواری زانستی.

5) تەرجەمەناسیی سنووورداری سەردەم time restricted، بەگشتی دەبنە دوو بەش، بیردۆزەی خەریک بە تەرجەمەی تێکستی دێرین و بیردۆزی وەها کە جەختی لەسەر بەرهەمی هاوچەرخە.

6) تەرجەمەناسیی سنووورداری دۆز problem restricted، ئەمیان جەختی لەسەر دۆزێکی تایبەتە لە تەرجەمەناسیی گشتیدا، بۆ نموونە دۆزی بەرینی وەک وێکچوون و جیاوازی، هاوتایەتی، پێکەڵبوونی

[130] تەرجەمەناسیی ڕاڤەکاری پێڤاژۆ-بین = Process-oriented descriptive translation studies, Process-oriented DTS

[131] دەروونناسیی تەرجەمە = translation psychology

[132] تەرجەمەناسیی بیردۆزەکی = Theoretical Translation Studies

هەردوو تێکستی سەرشار و ئارمانج، یان دۆزی بەرتەنگی وەک کێشەی تەرجەمەکردنی ناوی کۆک، مێتافۆر... هتد.

جگە لە تەرجەمەناسیی بیردۆزەکیی پەتی، Holmes، ئاوڕ لە «تەرجەمەناسیی کردەنی»[133] دەداتەوە و دەڵێت لەم ڕشتەی تەرجەمەناسییەدا، وەک زۆر ڕشتەی دیکە، دۆزێکی گرینگ بریتییە لە بواری فێرکردن. لە ڕاستیدا فێرکردنی تەرجەمەکردن دوو جۆری هەیە دەبێت لێک جودا بکرێنەوە: (Venuti 2000: 181)

1) سەردەمانێکە تەرجەمە بەکار دەهێنرێت هەم بۆ فێربوونی زمانی بیانی و هەم بۆ ئاروینی بەهرەگیری[134] لەو فێربوونە

2) بەکارهێنانی تەرجەمە لە فێرگەدا بۆ بارهێنانی تەرجومانی پیشەوەر. لەم جۆرەدا پرسیاری گرینگ پەیدا دەبن و داوای وەڵامی دروست دەکەن، پرسیاری سەربە ڕێبازی[135] فێرکاری، تەکنیکی ئاروینکردن و داڕشتنی پلانی فێرکاری. ئاشکرایشە کە پەیدۆزی لە وەڵامی تۆکمە و جێباوەڕ بۆ پرسیارگەلی لەو بابەتە دەبنە بەشێکی گرینگ لە بواری تەرجەمەناسیی کردەنی.

لە پەنا بواری یەکەمدا کە فێرکردنە، تەرجەمەناسیی کردەنی، چەند بوارێکی دیکەشی هەیە، بۆ نموونە: پێداویستیی «یاریدەری تەرجومان» translation aids، یاریدەری سەربە وشەدانسازی،[136] زاراوەمەنی و یاریدەری سەربە ڕێزمان. بواری دووهەم بریتییە لە «ڕاهێنانی تەرجومان» translator training و «ڕێسای تەرجەمە» translation policy، بواری سێهەم: «ڕەخنەکاریی تەرجەمە» translation criticism یە کە هێشتا لە زۆر بواردا بەرتاوی فراژووتنەکانی تەرجەمەناسی نییە و لە ئاستێکی نالەباردایە. (Venuti 2000: 182)

لەم بوارەی فێرکاریدا، گفتوگۆی نێوان تۆژەران و فێرکاران دەربارەی فرەزمانەتی و هونەری تەرجەمەکاری، دەبێتە مایەی هەم فرەواندنی پانتایی تەرجەمەناسی و هەم نێزیکبوونەوەی تەرجەمەی بەرهەمی فێرکارانە و خوێندنی تەرجەمەکردن لە خوێندنی باڵادا. تەرجەمەی بەرهەمی فێرکارانە دەبێتە هاندەری فرەزمانەتی و فرەفەرهەنگی، خوێندنی تەرجەمەکردنیش لە ئاستی باڵادا دەبێتە مایەی فراژووتنی توانستی تایبەت بە هونەری تەرجومانی. (Malmkjær 2022:313)

ڕشتە و بەرنامەی هاوچەرخی تەرجومانی سەنگی هەم بەرهەم و هەم پێڤاژۆ دەخوێنێتەوە. شرۆڤەی پراگماتیکانە، جۆری تێکست، ئاگایی سەربە مێتازانانن،[137] دەبنە بابەتی سەرنجگیر. جگە لە لایەنی زانانن، ڕووکاری سۆزەکییش مایەی ڕەچاوگرتنە، چونکە دەشێت ڕووکاری سۆزەکی ئاماژە بێت بە توانست و کارامەیی.

---

[133] تەرجەمەناسیی کردەنی = Applied Translation Studies، تۆژینەوە لە بواری کردەکیی تەرجەمەدا.

[134] بەهرەگیری = acquisition، بەهرەگر ئەو کەسەی بەهرە دەگرێت، بەهرەگیر: ئەو بەهرەیەی وەرگیراوە. بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»*، www.mamosta.net

[135] ڕێباز = method، ڕێبازەکی = methodical، ڕێبازدۆزی = methodology، ڕێبازدۆزەکی، ڕێبازدۆزانە = methodological

[136] وشەدانسازی = lexicography، سەربە کاروباری وشەدانەوە، کاروباری فەرهەنگنووسییەوە.

[137] مێتازانانن = metacognition، زانین دەربارەی زانانن. زانانن جودایە لە زانینی ئاسایی، زانینێکە بەرهەمی تێڕامان و بیرکردنەوەی ورد. بۆ زانانن بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»*، www.mamosta.net

تۆژینەوە لە تەرجەمەکاری، هەم بۆ مامۆستا و هەم بۆ فێرخواز، ڕێگەیەکی باشە بۆ پەیبردن بە «کردەی سەلمێنەبەند»[138]ی ڕامانکار لە کاری تەرجەمەکردندا. «مامۆستا-وەک-تۆژەر» ڕێگە خۆش دەکات بۆ مامۆستا و بۆ فێرخواز، بەدەم خەریکبوونیان بە پلانڕێژی و هەڵسەنگاندنی کارەوە، وێکڕا بگەنە چارەدۆزیی باڵاتر. (Baker & Saldanha 2020:599)

بیردۆز گیدیۆن تیوری Gideon Toury کتێبی (1995 & 2012) *Descriptive Translation Studies and Beyond* بۆ دیدی تەرجەمەناسیی ڕاڤەکار تەرخان دەکات و تێیدا دەڵێت سوودی هەرە گرینگی ڕانواندنە هێڵکارەکەی Holmes بریتییە لەو بۆچوونی دابەشینە: دابەشین وەک بنەما بۆ سازمانی ئەم ڕشتەیە، کە دەکاتەوە دابەشینێکی ڕوونی ئەرک لەنێوان چالاکیی زانستانەی جۆراوجۆری خاوەن سێرەی جیاواز و ئەو دابەشینە بەم هێڵکارییە ڕوون دەکاتەوە:

138 - کردەی سەلمێنەبەند evidence-based practice (EBP). بەکارهێنانی بەرهەمی زانستیی ڕوون و سەلمێنراو، کە لە تۆژینەوەی زانستییەوە پەیدا دەبێت، وەک بنەمایەک بۆ بڕیار و ئاڕاستەی کار.


Translation Studies
تەرجەمەناسی
"Pure"
«پەتی»
Applied
کردەنی
بۆ لاپەڕەی داهاتوو
بۆ بەشی داهاتوو


Applied
کردەنی
Translator training
ڕاهێنانی تەرجومان
Translator aids
یاریدەری تەرجومان
Translator criticism
ڕەخنەکاریی تەرجومان


"Pure"
«پەتی»
Theoretical
بیردۆزەکی
Descriptive
ڕاڤەکار
Product oriented
بەرهەم-بین
Process oriented
پێڤاژۆ-بین
Function oriented
کارکرد-بین
General
پانتایی گشتی
Partial
پانتایی تایبەت
بۆ لاپەڕەی داهاتوو




هێڵکاریی Toury بۆ ڕانواندەکەی Holmes دەربارەی تەرجەمەناسی
سەرچاوە: *Descriptive Translation Studies and Beyond* (2012:3)

بە بۆچوونی Toury تەرجەمەناسیی ڕاڤەکار جەختی لەسەر بەرەی ئارمانجە، لەسەر تێکستی ئارمانجە نەک تێکستی سەرشار. گرینگ ئەوەیە بزانین ئەم تەرجەمەیە چ کارکردێکی لە فەرهەنگی ئارمانجدا هەیە، لەوێدا چی دەکات و چی بەرهەم دەهێنێت. تەرجەمە لە بۆشاییدا ناژێت، هەر ئەوەش نییە بەرهەمێک بێت لە فەرهەنگێکی دیکەدا، بەڵکە پەرۆشی مەبەستێکی تایبەتیشە لەو فەرهەنگەدا. بەنیازە نەخشی خۆی لە فەرهەنگی ئارمانجدا بنوێنێت. کەواتە تەرجومان، بەر لە هەر باسێک، فەرهەنگی ئارمانج بەهەند دەگرن. ئەم نەخش و مەبەستەی تەرجەمەیە، ئەم کارکردە چاوەڕوانکراوەیە تێکستەکە لە فەرهەنگی ئارمانجدا هەیبێت، کە دەبێتە بڕیادەر بۆ هەڵبژاردنی ستراتیژی تایبەت بۆ بەرهەمهێنانی تێکستی ئارمانج. کەواتە، تۆژینەوەی «بەرهەم-بین» دەبێت ئاوڕ لەو پرس و ستراتیژانە بداتەوە کە پەیوەستن بە «کارکرد»ی بەرباس و تۆژینەوەی «پێڤاژۆ-بین»یش دەبێت ئەو دۆخە فەرهەنگییە ڕەچاو بگرێت کە تێدا هەڵدەسووڕێت دەنا هیچکام لەو سێ نەرینە: بەرهەم-بین، کارکرد-بین و پێڤاژۆ-بین، بەتەنێ واتابەخش نابن. (Toury 1995/2012:6)

---

The (prospective) systemic position & function of a translation
کارکرد و پێگەی سیستەمبەندی (شیمانەداری) تەرجەمەکە

---

↓ Determines
دەبێتە بڕیاردەری

---

Its appropriate surface realization (= textual-linguistic make-up)
ڕاستاندنی ڕوخساری لەبار (پێکهاتەی تێکستی-زمانەوانی)

---

↓ Governs
دەبێتە جڵەوکێشی

---

The strategies whereby a target text (or parts thereof) is derived from its original, and hence the relationships which hold them together
ئەو ستراتیژانەی لەڕێیانەوە تێکستی ئارمانج (یان بەشێکی) لە سەرشارەوە دێنە دارِشتن و بەوەش ئەو هەڤبەندییەی نێوانیان ڕادەگرێت

---

The relations between function, product and process in translation
هەڤبەندیی نێوان کارکرد، بەرهەم و پێڤاژۆ لە تەرجەمەکردندا
Toury (1995/2012:7)

Toury بە ڕوونی دەڵێت یەک لە مەبەستەکانی تەرجەمەناسیی ڕاڤەکار بریتییە لە بەراوردکردنی ئەو پێگە و کارکردەی تەرجەمەیەک لە فەرهەنگی ئارمانجدا پەیدای کردووە لەگەڵ ئەو پێگە و کارکردەی لێی چاوەنۆڕ دەکرا لەو فەرهەنگەدا پەیدای بکات و هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەو جیاوازییە.

ئەم «ئارمانجبینی»ـیەی پارادایمی ڕاڤەکار و بەتایبەتی لای Toury، دەکەوێتە بەر ڕەخنەی بیرمەندانی «هاوتایەتی». Pym دەڵێت پارادایمی «ڕاڤەکار» ئەم ناوی *description* ـەی وەک دژواتای چەمکی *prescription* هەڵبژاردووە، کە دەکاتەوە پێشنیاز و کارنامە و خزمایەتیی هەیە لەگەڵ پارادایمی «هاوتایەتی». ئەوجا Pym لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە ئاماژە دەدات بەوەی ئەم ئارمانجبینییەی دیدی «ڕاڤەکار»، کە پێچەوانەی «سەرشاربینی»ـی پارادایمی «هاوتایەتی»ـیە، گەیشتۆتە ڕادەیەک Toury تێیدا پێی وەهایە شرۆڤە دەبێت تەرجەمەکە بکاتە دەراو نەک تێکستی سەرشار، ئەوەش بە دیدی Pym ئەوپەڕی سنووربەزێنییە. (Pym 2014:72)

Toury، جگە لە ئارمانجبینی، پێداگریشە لەسەر ڕوانگەی مێژووکرد و جڤاک-فەرهەنگیی تێکست و دەڵێت:

> *تەرجەمە گەر لە پێگەی مێژووکردی خۆیدا نەبێت، شرۆڤەکاریی ڕاست و دروست هەڵناگرێت. ناشێت دوو تەرجەمە کە لە ژینگەی جڤاک-فەرهەنگی و مێژووکردی جیاوازدا هاتوونەتە بەرهەم، با لەڕووی نووسین و زمانیشەوە پێکەڵ بن، بە یەک تەرجەمە تەماشا بکرێن.* (Toury 1995/2012:19)

ئەم مێژووبینی و ڕوانگەی جڤاک-فەرهەنگییەش، وەک چەند لایەنێکی دیکەی پارادایمی «ڕاڤەکار»، لە لایەن Pym و «هاوتایەتی»یەوە، دەکەونە بەر ڕەخنە:

> *ئەم پارادایمە [پارادایمی ڕاڤەکار] هەڤبەندە چونکە پێداگرە لەوەی تەرجەمەیەکی لە بەستێنێکی مێژووکرددا باشە، مەرج نییە لە بەستێنێکی دیکەدا نمرەی بەرز وەدەست بێنێت. تۆژینەوەی ئەم چەمکانەی بە بناخە گرتووە، کاری زۆریان ئەنجام داوە بۆ پێشاندانی فرەڕەنگیی ڕێبازی تەرجەمەکردن لە سەردەمی مێژووکردی جۆراوجۆردا، لە فەرهەنگ و شێوازی دانوستانی هەمەجۆردا. بەدوا ئەوەیشدا، سەلمێنە و ڕێسای تەرجەمەکردنیش هاتۆتە بیردۆزاندن، بەڵام ئەم پارادایمە نەیتوانیوە هەڤبەندییەکی بەهێز لەنێوان دۆزینەوەی فرەڕەنگی و فراژووتنی چەمکی نوێ ڕاگرێت.* (Pym 2014:83)

Pym لە کتێبی *Method in Translation History*، دیسانەوە لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە، دەڵێت دیدی ڕاڤەکار پێمان ناڵێت ئەو کارە، ئەو تەرجەمەیە، «بۆ» بەو جۆرە پیادە کراوە، تەنها ڕاڤەی دەکات، بەڵام ئێمە دەبێت بزانین هۆکاری ئەو هەڵبژاردن و چەرخاندنە چییە، بنۆسیان[139] چییە. بۆ ڕانواندنی ئەم دیدەی خۆی، Pym، پەنا دەباتە بەر چوار «بنۆس»ـە ناودارەکەی ئەرستۆ و بەم جۆرە دەیانکاتە کلێشە و پاشخان: (Pym 2014a:149)

- بنۆسی بەرایی، مایەکی یان ماددی:[140] هەرچییەکی دەکەوێتە پێش تەرجەمەکردنەکە و پێویستە بۆ ئافراندنی ئەو تەرجەمەیە، وەک تێکستی سەرشار، زمان، دەستاوێژی دانوستان...

---

[139] بنۆس = cause، هۆکار، بنۆسیار = causal، هەڤبەندیی بنۆسیار = causal relation، بنۆسیارەتی = causality، هۆکارەتی، باس لە هەڤبەندیی هۆکار-هۆکردە. بۆ چەمکی «بنۆس» بەرانبەر cause بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»* www.mamosta.net

[140] بنۆسی بەرایی، مایەکی یان ماددی = Material or initial cause (causa materialis)

- بنۆسی کۆتا:[141] ئەو مەبەستەی دەبێتە ڕەهێنەری[142] بوونی ئەو تەرجەمەیە، سوودی تەرجەمەکە، بۆچی دێتە بەکارهێنان، نیاز لێی چییە.
- بنۆسی فەرمی:[143] ئەو نۆرمە مێژووکردانەی دەبنە مایەی پەسەندکردنی ئەم تەرجەمەیە وەک تەرجەمە، لای لایەنی ئارمانج، هەر لایەنێک بێت.
- بنۆسی کارامەیی:[144] تەرجومان، ج تاکەکەسە یان دەستە، وێڕای هەرچییەکی تایبەتە بە پێگەی تەرجومانەوە.

Pym ڕوونیشی دەکاتەوە کە دەکرێت ئەم چوار بنۆسە، لە دۆخێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، کەموزیادیان هەبێت بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەرستۆ بیرمان دەخاتەوە کە تەرجەمە لانیکەم پێویستی بەم چوار بنۆسە هەیە: تێکستێکی سەرشار، مەبەستێک لە ئەنجامی ئەو تەرجەمەیە، بیرۆکەیەک دەربارەی ماکی ئەو تەرجەمەیە و هەروەها تەرجومانێک. هەرکام لەو بنۆسگەلە پەنام بێت، تەرجەمەکردن پەکی دەکەوێت. کەواتە مەرجە هەر چواریان ئامادە بن بەڵام مەرج نییە سەردەستییان هەردەم وەک یەک بێت. تەرجەمەناسیی زووتر جەختی لەسەر بنۆسی بەرایی بوو، خۆی دەبەستەوە بە ڕووکاری زمانەوانیی تێکست و زمانی سەرشارەوە. پاشان سێرەی گۆڕی بۆ بنۆسی کۆتا، بۆ لایەنی ئارمانج. جاروباریش، لەڕێی باسکردنی نۆرمەوە، جەخت دەکرێتە سەر بنۆسی فەرمی، بەڵام دەرفەتێک نادرێتە بنۆسی کارامەیی چونکە نۆرەی مرۆڤ، نۆرەی تەرجومان، لە تەرجەمەناسیی هاوچەرخدا کەمتر مایەی سەرنجە. (Pym 2014a:150-159)

Pym، هەر لەوێدا و بەدەم باسێکی ڕەخنەگرانە لەوەی بیردۆزەی تەرجەمەناسی هەن نۆرەی تەرجومان وێڵ دەکەن و سێرەیان *تەنها* لەسەر یەک بنۆسە - بۆ نموونە بنۆسی بەرایی: لایەنی سەرشار، یان بنۆسی فەرمی: ڕاڤەکردن و پەنابردنە بەر نۆرم، یان بنۆسی کۆتا: سکۆپۆسی لایەنی ئارمانج - دەچێتەوە لای هاوپۆلەکانی[145] ئەرستۆ کە دەڵێت گۆڕانکاری چوار جۆری هەیە: ماک (بەرهەمهێنان و تێکدان)، چەندایەتی (زیادکردن و کەمکردنەوە)، جۆرایەتی (گۆڕانکاری) و هەروەها جێ (بزاوتن). تۆژەر لەوێدا ڕووماڵێکی بیردۆزانەی بۆچوونەکانی دیکە دەکات و بەڵگەوبەند دەهێنێتەوە بۆ ڕاهێزانی پێگەی تەرجومان و ڕوونکردنەوەی گرینگیی هەبوونی ئەو چوار بنۆسە بۆ هەر تەرجەمەیەک و دەنووسێت:

> *گەر، وەک من پێشنیازم کردووە، گشت ئەم چوار جۆرەی بنۆس (یان زیادتریش) پێویست بن بەر لە بوونی هەر تەرجەمەیەک و گەر وەک ئەوەی من پێداگریی لێ دەکەم، هیچ کام لەم چوار بنۆسە نۆرەیەکی هێند سەردەستی نەدرێتێ کە سەنگی ئەوانەی دیکە داگرێت بۆ ئاستی هەلومەرجی پێویستی خامۆش، ئەوسا دەبینین کە هەڤبەندیی هۆکار-هۆکرد لە مێژووی تەرجەمەدا، هەر خۆڕسک دیاردەیەکی فرە-بنۆسە. هەر تەرجەمەیەکی ئێمە لەوەیە مەبەستمان بێت بە هەڤبەندیی هۆکار-هۆکرد ڕاڤەی بکەین*

---

[141] بنۆسی کۆتا = Final cause (causa finalis or causa ut)

[142] ڕەهاندن = justify، دروستاندن، حەڵالکردن «تبریر»ی عەرەبی. بۆ ڕەهاندن، دەرەهێنێت بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»* و *«لە پەرۆشەکانی ژیان»*، www.mamosta.net

[143] بنۆسی فەرمی = Formal cause (causa formalis)

[144] بنۆسی کارامەیی = Efficient cause (causa efficiens or causa quod)

[145] هاوپۆل = category، هاوجۆر

> *لانیکەم چوار بنۆس لە کارەکەدا هەن و دەشێت هەر یەکیان سەردەست بێت. هیچ دەستەبەرێکیش نییە بۆ ئەوەی تاکە یەک بنۆس بتوانێت گشت ڕاستییەکان ڕوون بکاتەوە.* (Pym 2014a:158)

Theo Hermans ی تۆژەر لەژێر سەرناوی Descriptive translation studies ی نێو چەمکستانی *Routledge Encyclopedia of Translation Studies* دا، ئاماژە بە دیدی ڕەخنەگرانەی تۆژەران دەکات کە دەڵێن تەرجەمەناسیی ڕاڤەکار ڕوانگەیەکی بەرتەسکی ئەورووپایینی هەیە. ڕەخنەی پاش-کۆلۆنیالیزم، بۆ نموونە، جەخت دەخاتە سەر ئەوەی تێکەڵکردنی تەرجەمە بە دیاردەی سەربە دەسەڵات، وەک ملکەچکردن، چرووساندنەوە، نایەکسانی و بەرخۆدان، دەبێتە بەرهەمهێنانی ڕاڤەکردنی لێڵ لە دۆزی سەربە سیاسەت. تۆژەرانی سەربە تەرجەمەی ڕاڤەکار، پاش فرەواندنی ڕوانگەی خۆیان و پەیبردن بە سەنگ و نۆرە فرەجۆری تەرجەمە، هاتنە سەر دەرککردنی ڕەخنەی لەم بابەتە و لەویشەوە بۆ گۆڕانکاری لە پێشمەرجەکانی خۆیاندا. وێڕای ئەوەش، تەرجەمەناسیی ڕاڤەکار لەم ڕۆژگارەدا نەبۆتە ڕشتەیەکی تایبەتی تۆژینەوە، بەڵکوو تێهەڵکێشی زۆر جۆری دیکە کراوە کە ئەمڕۆ لەم بوارەدا برەویان هەیە. سوودی هەرە گەورەی تەرجەمەی ڕاڤەکار بریتییە لەوەی توانی ببێتە دنەدەر بۆ تۆژینەوەی ئەکادێمی لە تەرجەمە و بووە بناخەڕێژی تەرجەمەناسیی هاوچەرخ. (Baker & Saldanha 2020:143-147)

گەر ڕۆژێک بێت و تەرجەمەناسیی کوردی خەریکی ئەم جۆرە بیردۆزییە بێت ئەوا تەرجەمەکردنی *«من هموم الحیاة»* بۆ *«لە پەرۆشەکانی ژیان»*، کە هەردووکیان بەرهەمی مەسعوود محەمەد-ی جەلیزادەن، گەنجێکی بێکۆتایە. جەلیزادە لە تێکستە عەرەبییەکەدا دەڵێت:

> *فإذا أجهد المكابر قدرته في العثور على ما هو أكرم من المعرفة المكتسبة تناهي به الجهد إلى الإشراق الذي يتوخاه المنشغل بما وراء الطبيعة حيث ينكشف الكُنْهُ للبصيرة بلا واسطة فإذا أبصر وعاين واستبان فقد أضاف إلى المعرفة زيادةً غنى محسوبةً لها لا عليها وفضل غلّةٍ يكتالُها البيدرُ المهيل ولو بلغت العبقرية بالألمعي اللوذعي فعثر في سائر الأحياء على وسائل للوعي تعين فهمها الغريزيّ على مصاعب البقاء لشكرنا سعيه وأكبرنا كشفه رافداً لمُجمَل العلم كان خافياً. فقد يأتي جهبذ الغد بابتكار وسيلة في طوايا المجهول تترجم أحاسيس البُهم إلى لغة مفهومة في قاموس البشر فليس بالمعرفة عسر هضم أو تصلب شريان كي تعيى بالمحسوس أو بالمفهوم أو بالمستخلص أو بالمستكنه أو بالمستشعر أو بالمستسرّ الذي يطلب ألف سنة من الفِكرِ والنَظرِ والتجريب.*[146]

لە تەرجەمە کوردییەکەدا هاتووە:

> *خۆ ئەگەر بلیمەتایەتی مرۆی لێهاتووی گەیاندە پایەیەک بتوانێ لە زیندەوەردا ئامرازی هەستیاری ئەوتۆ بدۆزێتەوە کە یارمەتی فامە غەریزییەکان بدات بۆ زاڵبوون بەسەر تەنگوچەڵەمەی ژیاندا، سوپاسی ئەو کۆشەشەی دەکەین. دۆزینەوەکەش بە شەلەگەیەکی دەراوی زانست دادەنێین کە پێشتر نەزاندرابوو، لەوانەیشە مووشکافێکی سبەیرۆژ ئامرازێکی شرایەوە بەدی بکات کە هەستی بێزمانان وەرگێرێتە سەر زمانێکی ئاشنا چونکە مەعریفەت کەمهەزمی و دەماروشکیی پێوە نییە دامێنێت بە دەست* ***بەرهەست*** *وەیا*

---

[146] بڕوانە لاپەڕە 45 لە *«من هموم الحیاة»*:
https://www.mamosta.net/Arebi/Kteebi_Arebi/MM_Mn_humum_al_hheyat.pdf

***بەرفام*** *وەیا* ***پاڵاوتە*** *وەیا* ***زەینشکێفە*** *وەیا* ***سۆسەگر*** *وەیا* ***پەنامپۆشێک*** *کە هەزار ساڵی فکر و ڕامان و تەجرەبەی پێویست بێت.*[147]

ئەوجا ئەو چەمکانەی لێرەدا تێرڕەنگن، جەلیزادە، لە پەراوێزی تەرجەمەکەدا بەم جۆرە ڕاڤەیان دەکات:

- *بەرهەست: محسوس. بەرفام: مفهوم. پاڵاوتە: مستخلص. زەینشکێفە: مستکنە. سۆسەگر: مستشعر. پەنامپۆش: مستتر.*
- *وشەکانی «بەرهەست»... هەتا «پەنامپۆش» تازەکردن لە نووسینی کوردیدا بۆ ئەو مەفهوومانە بەکار نەهاتوون.*

تێکست هەیە چەمکی وەها دەگمەن و دژواری هەیە تەرجەمەکردنی دەبێتە بەرۆکگیرییەکی سەخت. چەمکی وەک: *«جهبذ»* و *«البُهم»* مەگەر جەلیزادە بیناکاتە *«مووشکاف»* و *«بێزمانان»*، دەنا کێ بەو ئەندازەیە سەرەدەرییان لێ دەکات. چەمکیش هەن لە تێکستی سەرشاردا وێنەی ئامادە و جێکەوتووی بەردەرکیان لە زمانی ئارمانجدا نییە و تەرجومان ناچاری چارەدۆزیی سەختتر دەکات. سەرنج بفەرموو، لەم تێکستەی سەرەوەدا، چۆن لە تاکە یەک ڕستەدا، چەمکی نوێی وەک: *بەرهەست، بەرفام، پاڵاوتە، زەینشکێفە، سۆسەگر* و *پەنامپۆش* بەرانبەر: *محسوس، مفهوم، مستخلص، مستکنە، مستشعر* و *مستتر* بەدوای یەکدا جەلوو دەبەستن.

سەرلەبەری *«لە پەرۆشەکانی ژیان»*، جگە لە داڕشتنی هەرە باڵا، گوڵستانێکە لە چەمکی ڕازاوەی نوێ.

زۆربەی ئەم بیردۆزە و بیردۆزانەی باسیان هات، لەتەک ڕوونکردنەوەی دیدی خۆیان، باس لە «نۆرم»ی سەربە تەرجەمە و تەرجەمەناسییش دەکەن. با بزانین ئەم نۆرمەی «ڕاڤەکارەتی»ی Toury جەختی لەسەرە و «هاوتایەتی»ی Pym ڕەخنەی دەکات، چییە.

---

[147] بڕوانە جەلیزادە، *«لە پەرۆشەکانی ژیان»*، لاپەڕە 66:
https://mamosta.net/Kteeb/Kteebi_PDF/LePeroshekaniJiyan.pdf

## تێکستبارەتی و تەرجەمە

Gregory M. Shreve ی تۆژەر گوتاری Text linguistics, translating, and interpreting ی نێو کەشکۆڵی *Routledge handbook of translation studies and linguistics* تەرخان کردووە بۆ هەڤبەندیی زمانەوانیی تێکست، واتا و تەرجەمە و تێیدا جەخت دەکاتە سەر چەمکی «تێکستبارەتی»[148] ی بەو پێناسەیەی تۆژەران De Beaugrande و Dressler لە کتێبی *Introduction to text linguistics* دا بە وردی ڕوونیان کردۆتەوە. Shreve لەو گوتارەیدا بەتایبەتی خەریکی پەیجۆرییە لە سەنگی ئەو تێکستبارەتییە بۆ تەرجەمە و تەرجومان. بابزانین de Beaugrande و Dressler لەو بەرهەمە ناودارەدا چی دەفەرموون.

تۆژەران de Beaugrande و Dressler لە کتێبی *Introduction to text linguistics* ـدا چەمکی «تێکستبارەتی» ڕاڤە دەکەن و هەفت ڕێکار[149] وەک پێودانگ بە مەرج دەگرن بۆ ئەوەی تێکست بگاتە ئاستێک بە دیاردەیەکی ڕاگەیەن communicative بێتە پەژراندن. هەر پێوەرێک لەم هەفت شاخاڵە کورتی بهێنێت ئەوا تێکستەکە ڕاگەیەن نابێت: (de Beaugrande and Dressler 1981, 11)

1. تێکچەسپان cohesion
2. چەسپین coherence
3. نیازمەندی intentionality
4. پەسەندایەتی acceptability
5. مۆزیارەتی informativity
6. دۆخەکیەتی situationality
7. نێوانتێکستبارەتی intertextuality

### تێکچەسپان cohesion

تێکچەسپان[150] دەبێتە ڕێکاری یەکەم و مەبەست لێی تێکبەستنی پێکهاتەکانی ڕوخساری[151] تێکستە لەگەڵ یەکدی، مەبەستیش لە «پێکهاتەی ڕوخسار»، یەکەی بەردید و بەربیستە، وشەی نێو دەستەواژە و ڕستەی تێکستە. ڕێزمان دەبێتە بناخە بۆ ئەم وابەستەبوونەی پێکهاتەی ڕوخسار و بەو جۆرە تێکچەسپانیان پەیڕەوی ڕێزمان دەکات. تۆژەران De Beaugrande و Dressler ئەم چەمکی «تێکچەسپان»ـە بەکار دەهێنن بۆ

---

[148] تێکست = text، تێکستبار = textual، تێکستبارەتی = textuality، تێکستبارەتی دەکاتەوە سروشتی تێکست، ساختار و هەڤبەندیی پێکهاتەکانی تێکست بۆ پێکهێنانی یەکەیەکی ڕاگەیەن.

[149] ڕێکار = standard، بڕوانە لیستی زاراوەکانی کوڕ لە «زاراوەسازیی پێوانە»دا، www.mamosta.net.

[150] تێکچەسپان = cohesion

[151] ڕوخسار = surface، دیوی دەرەوە، ڕووکەش

خویاکردنی کارکردی ڕستەسازی لە ڕاگەیاندندا و دەشڵێن: «بە دیدی ئێمە ئەم ڕوخسارە بەتەنێ یەکلاکەرەوە نییە، دەبێت کارلێک هەبێت لەنێوان «تێکچەسپان» و ڕێکارەکانی دیکەی تێکستبارەتی، ئەوجا ڕاگەیاندن چوست دەبێت». (de Beaugrande and Dressler 1981, 11)

**چەسپین coherence**

ڕێکاری دووهەم بریتییە لە چەسپین[152] و مەبەست لێی ئەو ڕێچکانەیە کە پێکهاتەکانی تێکستەکە - واتە تێکبەستنی چەمک و هەڤبەندییەکانی تێکستەکە کە دەبنە ژێرخان بۆ بەشی ڕوخسارەکیی تێکستەکە (وشەکانی تێکستەکە) - دەیگرنە بەر بۆ ئەوەی کۆک و گونجاوی یەکدی بن. چەمک داڕشتەیەکی سەربە زانیارە، واتە نێوەڕۆکێکی هزرییە و دەکرێت لە مێشکدا بخرێتە کار. هەڤبەندییش دەکاتەوە ئەو بەستەرانەی نێوان چەمکەکان کە لە تێکستەکەدا هەن. (de Beaugrande and Dressler 1981, 11)

Gregory M. Shreve ی تۆژەر، لەو گوتارەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، بۆ ڕوونکردنەوەی پێناسەکەی de Beaugrande & Dressler بۆ چەمکی چەسپێن دەڵێت: چەسپین دەبێتە چێوەیەک بۆ پەیبردن بە یەکبوونێکی ئاوەزکردی تێکست و چۆنەتیی هەڵبەستنی ئەو یەکبوونە لەڕێی کارلێکی نێوان زمانی تێکستەکە و ئەو زانیارەی خوێنەر دەیداتە تێکستەکە. کەواتە، تێکستی چەسپین، ئەو تێکستەیە ڕێ دەداتە خوێنەر، لەڕێی ئافراندنی مۆدێلێکی هزرییەوە بۆ واتای تێکستەکە، لە تێکستەکە بگات. (Malmkjær 2018:319)

لە تەرجەمەدا ئەم دوو ڕووکارەی تێکچەسپان زۆر جار تووشی دیاردەی «جێگواستن» shift دەبن نەک تەنها لەبەر ئەوەی ڕێزمان و ڕستەسازی زمانی جیاواز وێک ناچن، بەڵکوو خواستی هەموارکردنی تەرجەمەکەش لەگەڵ دۆخی ئارمانجدا تاوی خۆی هەیە.

Shreve هەردوو پێودانگی تێکچەسپاندن و چەسپین لە چەمکی «شانەچن»[153] texture ـدا کۆ دەکاتەوە و دەڵێت:

> *«شانەچن» چەمکێکی تێکستبینە،[154] پتر خەریکی تێکستە چونکە هەردوو پێودانگی تێکچەسپاندن و چەسپین پەیوەستن بە بیستن و خوێندنەوەی تێکست، بەڵام تێکستبارەتی واتای تێکستبوونی[155] فرەواندووە، شانەچن تاکە پێکهاتەی نییە لە تێکستدا.* (Malmkjær 2018:321)

ئەوجا ئەو دوو ڕێکارە تێکستبینە جێ دەهێڵین ڕووەو ڕێکاری دیکەی نووسەربین و خوێنەربین.

[152] چەسپین = coherence

[153] شانەچن = texture

[154] تێکستبین = text-focused

[155] تێکستبوون = textness

**نیازمەندی intentionality**

نیازمەندی[156] لای تۆژەران de Beaugrande & Dressler دەبێتە ڕێکاری سێهەمی تێکستبارەتی و مەبەست لێی نیازی نووسەرە لەوەی دارشتنی تێکستەکە ببێتە پێکهێنەری تێکستێکی تێکبەستەی یەکانگیری وەها کە ببێتە

---

[156] نیازمەندی = Intentionality، نیازمەندی وشەیەکی فەلسەفییە دەکاتەوە هێزی ئاوەز بۆ خەریکبوون بە بابەت، ئادگار و دۆخ. ئەم چەمکە لەنێوان فەلسەفەی ئاوەز philosophy of mind و فەلسەفەی زمان philosophy of language ـدا هاوسنوورە. ڕیشەی وشەی intentionality دەگەڕێتەوە بۆ وشەی *intentio* ی لاتینی کە ئەویش پەیوەستە بە کاری *intendere* وە، کە دەکاتەوە ئاڕاستەبوون ڕووەو ئامانجێک – کە گرژییەک (tension ـی ئینگلیزی) پەیدا دەکات. چەمکی نیازمەندی یازدە بواری هەیە:

1. بۆچی بە نیازمەندی ناودێر کراوە؟ / Why is intentionality so-called?
2. نەبوونی نیازمەندانە / Intentional inexistence
3. سروشتی هەڤبەندایەتیی تاکی بیرۆکە / The relational nature of singular thoughts
4. چۆن باوەڕی جیاواز دەربارەی تاکە بابەتێکی دیاریکراو پەیدا دەبێت؟ / How can distinct beliefs be about one and the same object?
5. نهێنیی باوەڕی ناپاوی[156] ڕاستینەی سەربە هەبوونایەتی / The puzzle of true negative existential beliefs
6. ئاماژەی ڕاستەوخۆ / Direct reference
7. بابەتی نیازمەند بوونی هەیە؟ / Are there intentional objects?
8. ئایا نیازمەندی بێلایەن دەکرێت؟ / Can intentionality be naturalized?
9. ئایا «چڕکردنەوە» پێودانگە بۆ نیازمەندی؟ / Is intensionality a criterion of intentionality?
10. ئایا گشت دۆخێکی ئاوەزکرد نیازمەندی پێشان دەدات؟ / Is intentionality exhibited by all mental states?
11. «دەرەکەتی» و نۆرەی ڕوونکەرەوەی نیازمەندی / Externalism and the explanatory role of intentionality

دەرەکەتی = externalism، لە فەلسەفەی ئاوەزدا دەڵێت بەشێکی واتا و نێوەڕۆکی بیر زادەی دەوروبەرە، هۆکاری دەرەکی – دەرەوەی مرۆڤ – دەبنە بڕیاردەری دروستاندن justification، بە پێچەوانەی نێوەکەتی internalism کە دەڵێت تەنێ هۆکاری ناخەکیی مرۆڤە دەبنە بڕیاردەری دروستاندن. بڕوانە:
*The Internet Encyclopedia of Philosophy* (IEP): https://iep.utm.edu/int-ext/#H5
هەردوو چەمکی دەرەکەتی و نێوەکەتی لە دەرەکی/دەرەکیەتی و نێوەکی/نێوەکیەتی وەرگیراون.

لە فەلسەفەی زماندا، «دەرەکەتیی واتا» semantic externalism – پێچەوانەی «نێوەکەتیی واتا» semantic internalism – دەڵێت بەشێک یان سەرلەبەری واتای چەمکێکی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت زادەی هۆکاری دەرەوەی مرۆڤەکەیە — دەرەکییە. لە ڕوانگەی دەرەکەتییەوە دەشێت دوو ئاخێوەر، خاوەن کوتومت هەمان دۆخی هۆشەکی بن لە کاتی ئاخافتنەکەدا، بەڵام مەبەستیان لە ئاخافتنەکەیان جیاواز بێت — لانیکەم دەشێت چەمکەکانیان ژێدەری جیاواز هاوئامێز بکەن.
سەرچاوە: ڤیکیپەدیا https://en.wikipedia.org/wiki/Semantic_externalism

بۆ وردەکاریی ئەو یازدە خاڵە بڕوانە سەرچاوەی بابەتەکە:

https://web.archive.org/web/20121219083426/http://www.science.uva.nl/~seop/entries/intentionality/

یاریدەر بۆ پێکانی ئامانجی نووسەر لەو تێکستە. بۆ نموونە نووسەر دابەشینی زانیار یان گەیشتنە ئامانجێکی پلانرێژ بە نیاز دەگرێت و ساختار و هەڤبەندیی پێکهاتەکانی تێکستەکەی خۆی لەگوێرەی ئەو ئامانجەی دادەڕێژێت. (de Beaugrande and Dressler 1981, 14)

کەواتە نووسەر کە تێکست دەنووسێت نیازی دیاریکراوی هەیە و ساختاری تێکستەکە وەها دادەڕێژێت خواستێکی خۆی پێ دابین بکات. ئەوە نیازی نووسەر، ئەدی خوێنەر چی، سەلماندنی ئەو پێویست نییە؟

**پەسەندایەتی acceptability**

مەرجی پەسەندایەتی دەڵێت خوێنەر چاوەنۆڕە ساختاری تێکست و زنجیرەی ڕووداوەکان ببنە مایەی پێکهێنانی تێکستێکی تێکبەستەی یەکانگیر بۆ گەیاندنی سوودێک بە خوێنەر. پەسەندبوونی تێکست لای خوێنەر بەرتاوی چەندین هۆکارە، وەک جۆری تێکست، جۆری ئامانج، فەرهەنگ و دەوروبەر. (de Beaugrande and Dressler 1981, 15)

هەردوو ڕێکاری نیازمەندی و پەسەندایەتی وابەستەی یەکدین. نووسەر و هەروەها تەرجومان، تێکستەکە وەها دادەڕێژن نیازێکی خۆیان دابین بکات بەڵام ئەو نیازە دابین نابێت گەر خوێنەر لە نیازی تێکستەکە نەگات. کەواتە پەسەندایەتی لە لایەن خوێنەرەوە دەبێتە وەڵامدەرەوەی نیازمەندبوونەکەی نووسەر. (Malmkjær 2018:321)

پێودانگی پەسەندایەتی دەڵێت تێکست، بۆ ئەوەی مایەی سەلماندن بێت، جگە لە ڕەچاوگرتنی پێکهاتنە فەرمییەکان دەبێت سەرکەوتوو بێت لە هەڵبژاردنی مژاری دروست، گرتنەبەری ڕێبازی ڕەخنەگرانەی لەبار، پەیوەستبوون بە پێوەری گونجاو بۆ هەڵسەنگاندنی بەڵگە و ڕەوایەتی و بەگشتی پەیوەستبوون بە بەهای گوتاری نێو جڤاک و هەروەها دەکارهێنانی شۆپی[157] لەبار. (Porter 1986)

**مۆژیارەتی informativity**

ڕێکاری پێنجەم بریتییە لە مۆژیارەتی[158] و باسی لەوەیە پێشکەشکردنی تێکستەکە تا چ ڕادەیەک چاوەنۆڕکراوە یان چاوەنۆڕ نەکراو، زانراوە یان نەزانراو. گشت تێکستێک جۆرێک مۆژیارەتی تێدایە، تێکستی فرەڕاگەیەن پەرۆشی و پێوەخەریکبوونی زیادتری گەرەکە بەڵام پتر مایەی سەرنجە. لەگەڵ ئەوەشدا ناشێت زێدەڕۆیی لەم ڕووکارەدا بکرێت دەنا لایەنی ڕاگەیاندنی تێکستەکە دەژاکێت. تێکستێک لایەنی مۆژیارەتی تێدا لاواز بێت لەوانەیە ببێتە مایەی وێڵکردن و دزاندن. (de Beaugrande and Dressler 1981, 16)

157 شۆپ = trace (noun)، شوێنپێ، مۆرک، شوێنەوار. شۆپاندن = trace (verb)، هەڵگرتنەوەی شوێنپێ.

158 مۆژیارەتی = informativity، لە مۆژیار = informative، بڕوانە پەراوێزی مۆژیار.

Shreve ی تۆژەر لەو گوتارەدا دەڵێت: مۆژیارەتی توانای ڕاگەیاندنی تێکست ڕاڤە دەکات. باسی تەنها لە نێوەڕۆکی تێکست نییە، بگرە بەتایبەتی لە شێوەی پێشکەشکردنی ئاگادارییە. تێکست ئاگاداریی نوێ لە بەستێنی ئاگاداریی کۆن و زووتر زانراودا پێشکەش دەکات. نووسەر مۆژیارەتیی تێکست کۆک دەکات بەپێی دوو خاڵ:

1. هاوزانیارە[159] - ئەو زانیارەی لای هەردوو لا، هەم نووسەر و هەم خوێنەر، هاوکۆیە.
2. بەرەزانیارە[160] - ئەو زانیارەی نووسەر چاوەنۆڕە خوێنەر پێشکات هەیبێت.

مۆژیارەتی بەم شێوەیە دەبێتە یاریدەری تەرجومان بۆ بڕیاردان لەوەی چی پاتەوپاتکاریی[161] پێویستە و چی داوای نێوتۆژکاری[162] دەکات ئەویش پەیوەست بە جیاوازیی زانیار لای ئاپۆرەی تێکستی سەرشار و ئاپۆرەی تێکستی ئارمانج. جگە لەوە هەمووو ئاگادارییەکانی نێو تێکست هاوسەنگ نین، ئاگاداری هەیە گرینگترە، «سەنگی ڕاگەیاندن»ـی زیادترە لەوانەی دیکە، بۆ نموونە چەمک لەچاو وشەی ناچەمکی ئاساییدا ڕاگەینترە، لەڕووی ڕاگەیاندنەوە سەنگینترە. ئەمەش بۆ تەرجومان باسێکی گرینگە چونکە هەمیشە خەریکی مۆژیارەتیی تێکستە بۆ بڕیاردان لەوەی چی لە تەرجەمەکەدا دەشێت هاوئامێز یان دەرئامێز[163] بکرێت. (Malmkjær 2018:322)

**دۆخەکیەتی situationality**

پێودانگی شەشەم «دۆخەکیەتی»ـیە و دەڵێت تێکست لە بەستێنێکی ڕاگەیەندا - لە دۆخدا - دێتە بەرهەم و خوێندنەوە. کەواتە تێکست بە پلەی یەکەم «ڕووداوێکی ڕاگەیەنە»، پەیوەستی دۆخی خۆیەتی و لەو دۆخەدا لەبارە. هێمایەکی ترافیک کە دەڵێت «ئارام بازۆ! منداڵ یاری دەکەن» مەبەست لێی «خاو بازۆ چونکە لەم دەوروبەرەدا منداڵ هەن گەمان دەکەن و لەوانەیە بێنە سەرجادە و شۆفێری دیکە ناچاری وەستانی ناکاو بن» بەڵام لە دۆخی ترافیکدا هێما کەمبێژەکە گونجاوترە چونکە شۆفێر بەدەم هاژووتنی گەڕۆکەوە کاتی نییە ئەو تێکستە دوورودرێژە بخوێنێتەوە. (de Beaugrande and Dressler 1981, 17)

تەرجومان دەزانێت کە تەرجەمەکەی خۆیشی کردارێکی ڕاگەیەنی بەستێنبەندە. تێکستی سەرشار گرێدراوی دۆخی ئاپۆرەی خۆیەتی، کاتێک تەرجەمە دەکرێت دۆخگۆڕی پەیدا دەبێت، ئاپۆرەی ئارمانج دۆخێکی دیکەی تایبەت بە خۆی هەیە و تەرجەمەکە لە هەلومەرجی یەکەم دادەبڕێت. تەرجومانی هۆشیار ئەم پێودانگەی

---

159 هاوزانیار = mutual knowledge

160 بەرەزانیار = prior knowledge

161 پاتەوپاتکاری = explicitation، چەمکێکی تەرجەمەناسییە دەڵێت: ئەوەی لە تێکستی سەرشاردا نێوتۆژ implicit ە، زۆر ڕوون نییە، لە تێکستی ئارمانجدا پتر ڕوون بکرێتەوە، پاتەوپات explicit باس بکرێت. پاتەوپاتکاری پێچەوانەی «نێوتۆژکاری»ـە.

162 نێوتۆژکاری = implication، چەمکێکی تەرجەمەناسییە دەڵێت: ئەوەی لە تێکستی سەرشاردا پاتەوپات explicit ـە، ڕوونکردنەوەی زیادی هەیە، لە تێکستی ئارمانجدا تێببرێت، کەم بکرێتەوە، نێوتۆژ implicit بکرێت. نێوتۆژکاری پێچەوانەی «پاتەوپاتکاری»ـە.

163 دەرئامێز = exclude، پێچەوانەی هاوئامێز = include

دۆخەکیەتی بەهەند دەگرێت و لە کارەکەیدا دەکەوێتە پەیدۆزی لە پێویستییەکانی هەموارکردن لەگەڵ دۆخی نوێدا. (Malmkjær 2018:323)

## نێوانتێکستبارەتی intertextuality

چەمکی نێوانتێکستبارەتی[164] دەڵێت سوودمەندبوون لە تێکستێک پەیوەستە بە زانین و ناسینی تێکستی زووتر. تێکست نە بوونی سەربەخۆی هەیە و نە لە بۆشاییدا هەڵدەکات، بەڵکە هاوبەستەبوون[165] هەیە لەنێوان تێکستگەلدا، کارلێک هەیە لەنێوانیاندا. لە گشت تێکستێکدا مرۆڤ شۆپی تێکستی دیکە دەبینێت: ئاماژە، ڕاگواستە، سەرچاوە و... هتد.

James Porter لە گوتاری Intertextuality and the Discourse Community ـدا دوو جۆر نێوانتێکستبارەتی دیاری دەکات: فرەپاتبوونەوە[166] و بەرەگریمانەتی.[167]

> *فرەپاتبوونەوە باسی لە چەندبارەبوونەوەی پارچەیەکی تایبەتی تێکستە، باسی لە ڕاگواستنە بە واتا بەرینەکەی کە نە تەنها سەرچاوە، ڕاگواستە و ئاماژەدانی پاتەوپاتی نێو گوتار هاوئامێز دەکات، بگرە سەرچاوە و تاوی ڕانەگەیەنراو، گوتەی سوواو[168] و دەستەواژەی باوی سەربە نەریتیش دەگرێتە خۆ. واتە هەموو گوتارێک پێک هاتووە لە «شۆپگەل» traces ـی تێکستی دیکەی پێویست بۆ ئافراندنی واتا.*
>
> *بەرەگریمانە باسی لەو گریمانەگەلەیە کە تێکست دەیکات دەربارەی ژێدەر، خوێنەر و بەستێنی خۆی - باسی لەو پارچانەی تێکستەکەیە کە دەخوێندرێنەوە بەڵام پاتەوپات «لەوێدا» بوونیان نییە. دەستەواژەی «هەبوو نەبوو» Once upon a time شۆپێکە تەژی بە بەرەگریمانەی ڕەوانبێژی، تەنانەت لای خوێنەری ناسکەساڵیش ئاماژەیە بە سەرەتای داستانێکی خەیاڵزادە. تێکست، جگە لە ئاماژە بە تێکستی دیکە، تێکستی دیکەشی تێدا هەیە.* (Porter 1986)

Shreve دەڵێت نێوانتێکستبارەتی ئەو بەستەرانەمان پێشان دەدات کە لەنێوان تێکستی جیاواز بەڵام هەڤبەند، هاومەبەست یان هاوبەستێندا بوونیان هەیە. ئەم هاومەبەستبوون و هاوبەستێنبوونە نێوانتێکستبارەتی دەبەستنەوە بە جۆری تێکستەوە، بە واتای ئەوەی تێکستی خاوەن تێکبەستەی وێکچوو، مەبەست و دۆخ لە باری وێکچوودا ڕادەگرن - لە تەرجەمەناسیدا ئەم دیاردەیە بە «تێکستی تەریب» parallel text ناودێر کراوە. تەرجومان دەبێت دەرکی تەواوی هەبێت بۆ «داواکاری»ی نێوانتێکستبارەتی لە تێکستی سەرشاردا بۆ ئەوەی وەهای بگوێزێتەوە بۆ زمانی ئارمانج کە بگونجێت لەگەڵ چاوەنۆڕیی خوێنەردا. (Malmkjær 2018:324)

ئەم هەفت ڕێکارەی باسیان هات دەبنە بنەمای پێکهێنەر بۆ «ڕاگەیاندنی تێکستبار»:[169] ئەمانە دەبنە ئافرێنەر و بڕیاردەری ئەو شێوازە ڕەفتارەی دەشێت بە ڕاگەیاندنی تێکستبار ناودێر بکرێت. کورتهێنانی هەر یەک لەم

---

[164] نێوانتێکستبارەتی = Intertextuality، هەڤبەندیی لەنێوانی تێکستی جیاوازدا، بەستەری نێوان تێکستی جیاواز.

[165]- هاوبەستەبوون لە هاو-وابەستەبوون کورت کراوەتەوە بۆ Interdependence بە واتای وابەستەبوونی هەمەلایەنە.

[166] فرەپاتبوونەوە = iterability، چەندپاتبوونەوە

[167] بەرەگریمانەتی = presupposition، گریمانەی بێبەڵگە، گریمانەی پێش سەلماندنی بە بەڵگەوبەند.

[168] گوتەی سوواو = cliché، گوتەی باوی پووچ.

[169] ڕاگەیاندنی تێکستبار = textual communication

هەفت پێوەرە دەبێتە مایەی چرووسانی هێزی ڕاگەیەن لەو تێکستەدا. (de Beaugrande and Dressler 1981, 18)

Shreve لە ڕاڤەی پەرۆشیی تەرجومان بۆ تێکستبارەتیدا دەڵێت تەرجومان دەبێت تەواو شارەزای تێکستبارەتیی تێکستی سەرشار بێت و دەرکی تەواوی هەبێت بۆ چۆنەتیی پاراستن یان گۆڕینی ئەو تێکستبارەتییە لە تەرجەمەکەدا. مرۆڤ زمان تەرجەمە ناکات چونکە زمان سیستەمە و لە ڕاگەیاندندا پەنا دەبرێتە بەر بەشێکی دەستبژێری ئەو سیستەمە. مرۆڤ وشە و ڕستەیش تەرجەمە ناکات چونکە ئەوانە بەشێکن لە بەستێنێکی تێکستباری ڕاگەیەن و تەرجەمە دەبێت سەرلەبەری ئەو بەستێنە ڕەچاو بگرێت. ئەوەی تەرجەمە دەکرێت تێکستە، بەرهەمی تەرجەمەکردنەکەش هەر تێکستە، بە هەر هەفت ڕێکارەکەی باسیان هات: تێکچەسپین، چەسپێنە... هتد. لە تەرجەمەدا، تێکستناسی جەختی لەسەر ماکی تێکستە - کە دەکاتەوە تێکستبارەتی - و هەڤبەندیی نێوان تێکستبارەتیی هەردوو تێکستی سەرشار و ئارمانج. لە کوێدا وێکچوون یان جیاوازن. (Malmkjær 2018:325)

وەک دەبینن، ئەم بەشەی «تێکستبارەتی و تەرجەمە»یە تەژییە بە ڕاگواستە هەم لە کتێبی *Introduction to text linguistics* ی تۆژەران de Beaugrande و Dressler و هەم لە گوتارە نایابەکەی Shreve بە ناوی گوتاری Text linguistics, translating, and interpreting دەربارەی هەڤبەندیی تێکستبارەتی، واتا و تەرجەمە. مەبەستیش لەم کارە جەختکردنە لەسەر گرینگیی ئەو دوو بەرهەمە بۆ کتێبخانەی کوردی و هاندانە ڕووەو تەرجەمەکردنیان بۆ سوودمەندبوونی دۆستانی تەرجومان.

**نۆرم Norm**

بۆچوون هەیە دەڵێت تێکستی «پیرۆز» نابێت تەرجەمە بکرێت چونکە بەدەم تەرجەمەکردنەوە تووشی دەستتێوەردان و شێواندن دەبێت و «پیرۆزی»ی خۆی لەدەست دەدات. بۆچوونی دیکەش هەیە دەڵێت زۆر چاک دەشێت تەرجەمە بکرێت و تەرجەمەکەش هەمان کارکردی تێکستی سەرشاری هەیە. ئەم دیدەی دووهەم «نۆرم»ی جۆراوجۆر بۆ تەرجەمەکردن دێنێتە ئاراوە، بۆ نموونە: چی دروستە و چی نادروستە، ئایا تەرجەمە بۆی هەیە نەونووسی (دارشتنەوەی نوێ) و هونەرکاریی تەرجومان هاوئامێز بکات یان دەبێت ئاوێنەیەکی ڕەها بێت لە تێکستی سەرشار. ئەم جۆرە نۆرمانە بەگشتی بەرتاوی سەردەمن، هەر سەردەمێک جۆرە بۆچوونێکی تێدا سەردەستە و دەبێتە باو. لەبەر ئەوە شۆپاندنی ڕەوتی نۆرمگەلی تەرجەمە پێویستی بە پەیجۆرییە لە مێژووی تەرجەمەکردندا.

نەبەز، لە کۆپلەیەکی دەستووربەخش (نۆرماتیف)ی نێو *«وەرگێڕان هونەرە»*-دا، بۆ ڕەچاوگرتنی شێوازی سەربە سەردەم و ژانرە، دەڵێت:

> *ئەگەر ئەو شتەی بەدەستتەوەیە زۆر کۆن بوو، ویستت بە شێوەیەکی ئەمینانەی وا وەریگێڕیت کە خوێنەرەوە تامێکی شێوازی ئەو سەردەمە بکا کە نووسەرەکەی تێدا ژیاوە، نابێ بە شێوازی نووسینی ئیمرۆ وەریگێڕیت. چونکە دەبێ بزانیت، هەر سەتەیەک «تعابیر» و «مصطلحات»ی خۆی هەیە. زمانیش شتێکی زیندووە، بەپێی گۆڕانی مرۆڤ و چۆنیەتیی ژیان و گوزەرانی دەگۆڕدرێت. بۆیە شێوازی کۆن و تازە زۆر لەیەک جیاوازن و، دەستکاریکردنی «شێواز»، هەندێ جار ناپاکییە لە ئەمانەت. بۆ وێنە، گەر ویستت ئەدەبی شێکسپیر بکەیتە کوردی، هەوڵ مەدە بە شێوازێکی ئیمرۆ وەریگێڕیت، چونکە «شێواز»ی ئیمرۆ دەست دەدات بۆ نووسینەکانی هەمینگوای و جۆن پۆل سارتەر و ئەهرینبۆرگ و شتاینبەک، بەڵام بۆ شێکسپیر و تاگوور دەست نادا.* (نەبەز 2008:21)

لە ڕاڤەی بیردۆزەکانی زووتر باسیان هات دەربارەی تەرجەمەناسی ئاشکرا دەبێت کە یاسا و ڕێسای دامەزراوی جیهانپۆش نییە گشت تەرجەمەیەک بگرێتەوە. ئەوەی هەیە بریتییە لە پێکهاتنێکی کاتی لەسەر ئەوەی ئەم یان ئەو شێواز، لەم زەمان و زەمینەدا، لەم جڤاک و فەرهەنگەدا، لەم بەستێن و ڕشتەیەدا پتر یان کەمتر مایەی پەژراندن و سەلماندنە یان ڕەتکراوە و نەخواستەیە - ئەوەی هەیە بریتییە لە نۆرم.

لەگەڵ دارشتنی بیردۆزەی «ڕاڤەکار»، بەتایبەتی لە لایەن Toury ی تۆژەرەوە، تۆژینەوەی نۆرم پانتاییەکی بەرینی لە تەرجەمەناسیدا پەیدا کرد و هەروەها بووە دارێژی بناخە بۆ ئەوەی تەرجەمەناسی ببێتە ڕشتەیەکی سەربەخۆ، نەک تەنها ڕێچکەیەک لە «ئەدەبی بەراوردکار»[170] و لە زمانەوانیدا. بەهەندگرتنی نۆرم ڕێگەی بۆ تۆژەران خۆش کرد، لەبری جەختکردن لەسەر هاوتایەتیی تەرجەمە لەگەڵ تێکستی سەرشاردا، پەرۆشی دۆزینەوەی شیرازەبەندی[171] و ڕاڤەی تەرجەمە بن. نۆرم، وێڕای سەنگی گرانی لە بواری تەرجەمەناسیدا، هێشتا پێناسەیەکی وردی دیاریکراوی نییە مایەی سەلماندنی هەموان بێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی تۆژەرانی تەرجەمەناسی، جڤاکناسی و فەلسەفە کۆکن لەسەر ئەوەی ڕیشەلانی نۆرم دەگەڕێتەوە بۆ بەها و بەها لە نۆرمدا

---

[170] ئەدەبی بەراوردکار = comparative literature، ڕشتەیەک تێیدا شرۆڤەی بەراوردکارانە دەکرێت بۆ تێکستی ئەدەبی.

[171] شیرازەبەندی = regularity

دێنە بەرجەستاندن. نۆرمی جڤاکیش لە کارلێک و گفتوگۆی جڤاکیدا دێنە بەرهەم و دەبنە یاریدەر بۆ ڕاڤەکردنی ڕەفتاری مرۆڤکار.[172]

Toury تۆژەر، لە کتێبی *Descriptive Translation Studies and beyond*، لە ڕاڤەی «بەهای تەرجەمە»دا دەڵێت ئەم بەهایە بریتییە لە دوو بنەمای تێهەڵکێشی دابڕانبەدەر، یەکەمیان «پەسەندایەتی»یە،[173] بەرهەمهێنانی تێکستێکە پێگە و نۆرەیەکی تایبەت بگرێت لە زمان و فەرهەنگی ئارمانجدا، هاوکات، دووهەم کە «دەستدان»ـە،[174] ئافراندنی نوێنەرایەتییەک لە تێکستێکە کە زووتر لە زمان و فەرهەنگێکی دیکەدا هەبووە و خاوەن پێگەی دیاریکراوی خۆی بووە تێیدا. (Toury 1995/2012:69)

کتێبی *Dolda gudar: en bok om allt som inte går förlorat i en översättning* لە نووسینی Nils Håkanson ی نووسەر و تۆژەری سوێدی، یەکێکە لەو کتێبە نایابانەی خەریکی تۆژینەوەیە لە مێژووی تەرجەمەکاریی سوێد. لەوێدا Håkanson دەنووسێت:

> *بەرۆکگیریی بنەڕەتی بۆ گشت تەرجومانێک لە هەموو سەردەمێکدا تاڕادەیەک بە هەمان شێوە ڕاڤە کراوە: تەرازکارییە لەنێوان وابەستەبوون و ئازادی.* (Håkanson 2021:36)

نووسەر هەر لەوێدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم نۆرمە، ئاماژە بە گوتەیەکی Johan Sylvius (1620–1690) دەدات، کە ماوەی هەژدە ساڵ «تەرجومانی دەربار» *translator regius* بووە، دەڵێت:

> *تەرازکارییە لەنێوان لاساییکردنەوەی ناجۆر و سەختۆڵی*[175] *ئافراندنی نەوبەرهەم، «نێوەندەرێ»ـیەکە بە هیچ جۆرێک بەرین و ڕووناک نییە – بە پێچەوانەوە، هەم دۆزینەوەی سەختە و هەم کەنارڕێژە بە تەفرەدان.*

Håkansson لەو کتێبەدا دەڵێت مۆرکی هەم لاساییکردنەوەی دیاردەی بیانی و هەم ئازادییەکی دڵگەرمانە لە سەرەتاکانی تەرجەمەکاریی سوێددا بەدی دەکرێن، نموونەش لە یەکەم تەرجەمەی ناسراوی سوێدی دەدات کە بریتییە لە دەستوورنامەی هەرێمی باکووری سوێد Uppland کە مۆر و واژۆی شا Birger Magnusson ی لەسەرە بە بەرواری[176] دووی ژانیوەریی 1296. تەرجومانی ئەم دەستوورنامەیە ناوبزرە، بەڵام هەر خۆیشی نووسەری تێکستی سەرشارە بە زمانی لاتینی کە بریتییە لە تێهەڵکێشکردنی ڕێوڕەسمی باوی ناوچەکە لەگەڵ تێکستی سەربە زاگۆنی[177] هاوبابەتی ڕۆمانی دێرین کە لە بەرهەمی وەڵاتانی دیکەی ئەورووپاوە وەرگیراوە. لەم

---

[172] Cornelia Zwischenberger. "Norms" in Baker, Mona and Saldanha, Gabriela (eds) *Routledge Encyclopedia of Translation Studies.* Third edition. Routledge (2020: 375-380).

[173] پەسەندایەتی = acceptability، ڕادەی پەسەندکردن و سەلماندن

[174] دەستدان = adequacy، ڕادەی لەباربوون و گونجان

[175] بۆ چەمکی «سەختۆڵ» بەرانبەر grim و متعنت-ی عەرەبی (بە موتەعەننیت گۆ دەکرێت و دەخوێندرێتەوە)، بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»*، www.mamosta.net

[176] بەروار = date، ئەم وشەیە لە نامەیەکدا بۆ ئاماژەدان بە دەڤەری «بەرواری» هاتووە و لەوەوە بە هەڵە جێی date ی گرتووە، بەڵام پێم وایە هەڵەیەکی بەسوود و بێزیانە، کەلێنی گرتووە و جێکەوتووە.

[177] زاگۆن = canon, law، قانوون، کانوون. شەریعە، یاسا

تەرجەمە پێشەنگەدا، هەم لاساییکردنەوەی تێکستی دیکەی بیانی ئاشکرایە، هەم خواستێکی سەرفەرازانەی نەتەوەسازی و ڕوولەدەر. (Håkanson 2021:39)

ئەم لایەنی لاساییکردنەوە و خۆبەستنەوە بە تێکستی سەرشارەوە، جگە لە نۆرمی باو، بەرتاوی هۆکاری دیکەشە، بۆ نموونە نێزیکی و دووریی ئەو دوو زمانەی لە تەرجەمەکەدا بەشدارن. تەرجەمەکردن لەنێوان کوردی و فارسیدا، لەوەیە پتر وابەستەبوون و لێکچوونی پێوە دیار بێت وەک لە تەرجەمەی نێوان دوو زمانی زۆر دوور و جیاواز. تەماشای تەرجەمەی هەژار موکریانی بکە بۆ «مەم و زین»ی خانی - ئەم بەرهەمە، گەرچی دوو شێوەزاری یەک زمانن، بەڵام دیسان تەرجەمەیە لەنێوان دوو شێوەزاردا - دەبینیت خزمایەتیی نێوان هەردوو داڕشتن چەند ڕوونە.

بەولای دووری و نێزیکیی زمان، کەسایەتی و جیهانبینیی تەرجومانیش کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕادەی دەستپاریزی و ئازادیی بڕیاردان هەیە. تەرجومان هەیە لە دیدێکی دیندارانەوە تەرجەمە دەکات، بەمەبەست و بۆ گونجاندنی تەرجەمەکە لەگەڵ باوەڕی خۆیدا دەستکاری تێکستەکە دەکات، دەربڕینی سەربە دینەکەی خۆی و بە زمانی دینەکەی خۆی دەترنجێنێتە تەرجەمەکەوە، یان وشە و دەستەواژەی ناکۆک بە دیدی خۆی دەگۆڕێت. هەیە دابونەریتی باوی جڤاکی دەکاتە پارزۆنگ بۆ پارزینیی تێکست لە وشە و دەستەواژەی ناجۆر لەتەک ئاکاری سەربە بەستێنی ئارمانج، یان ڕێچکەی وەها دەگرێتە بەر لەگەڵ ئاڕاستەی دیدی خۆی پێک بێت، بۆ نموونە کە دێتە سەر بەرهەمی ئەدەبیی بۆ زارۆک و جەوان، تێکست و داڕشتنی ڕێنوێن و ئامۆژگارانە هەڵدەبژێرێت، نەک بەرهەمی بازاڕیی وەها تەنها شادیهێن، سەرگەرمی و کاتکوژ بێت.

تەرجومان هەیە بەزۆری پەنا دەباتە بەر وشە و چەمکی زمانی دیکە گۆیا ئاستی فەرهەنگیی تەرجەمەکەی خۆی پێ هەڵدەکشێنێت. هەیە ناوداریی خۆی و پڕفرۆشیی بەرهەمی لا مەبەستە و لەبەر ئەوە ساکاریی داڕشتن و خۆشڕەوتیی خوێندنەوە دەکاتە پێوەر و لەو دیدەوە خۆی لە وردەکاریی زانستی و جوانکاریی ئەدەبی دەبوێرێت و پەیتیی تێکستی سەرشار خاو دەکاتەوە. هەیە ڕاهێزان و فراژاندنی زمانی تەرجەمەکەی لا مەبەستە و لەو ڕوانگەیەوە داڕشتنی بەبڕشت پێش دەخات نەک سانایی خوێندنەوە، جگە لە گواستنەوەی واتا، گواستنەوەی هونەری داڕشتنی ناوازە لە زمانی سەرشارەوە، ڕەچاو دەگرێت.

Håkansson دەربارەی تاوی ئەم جیهانبینییە لەسەر تەرجەمەکاری لە سوێدی دەمەو کۆتای سەدەی بیستەم دەنووسێت:

> *... لەم سەردەمەدا، دژەجەمسەری ئەو دیدە کۆنەوارەی تەرجومانی بە سەرکارێکی ئاکارسەپێن دەناسی، کە مافی بڕیاردانی هەیە لەوەی «چی-دروستە»، بریتی نەبوو لە کایەی سەربە لیبەراڵ و سۆسیالیستەکان، بەڵکە بواری وەشانخانەی بە ئاشکرا بازاڕخواز بوو، کە پتر جڵەوی بەدەست لایەنی بەرژەوەندخوازی ئاکارنەناس بوو: «چی-خۆشڕەوتە» - واتە «چی-خۆفرۆشە».* (Håkanson 2021:215)

جگە لە خزمایەتیی زمان و تاوی جیهانبینیی تەرجومان، ئاستی داڕشتنیش نۆرەی خۆی هەیە لەم بواری وابەستەبوون و ئازادییەدا. تەرجەمەی تێکستی ساکار پتر وابەستەبوونی پێوە دیارە، بەڵام تێکستی خاوەن داڕشتنی چڕ و فراژی مەودای ئازادیی تەرجومان فرەوانتر دەکات.

گوتاری The Nature and Role of Norms in Translation ی تۆژەر Gideon Toury جگە لە کتێبی *Descriptive Translation Studies and beyond*، لە کۆبەرهەمی *The Translation Studies Reader* دا، بۆ شرۆڤەی ماک و نۆرەی «نۆرم» لە تەرجەمەدا تەرخان دەکات. بە دیدی Toury:

> *تەرجەمە لە ڕەهەندی جڤاک-فەرهەنگییەوە تەماشا بکرێت، بەرتاوی چەندین بەربەستی فرەجۆر و فرەپلەن. ئەمانە بە مەودا بەولای تێکستی سەرشارەوەن، بەولای جیاوازیی سیستەمبەندی نێوان زمانن و هەروەها بەولای ئەو نەریتە تێکستکارانەیە تەرجەمەکە خەریکیانە، تەنانەت بەولای دەرفەت و سنووردارییی ڕشتەی زاناندنی تەرجومانیشن وەک نێوانسازێکی پێویست. لەڕاستیدا، هۆکارگەلی جڤاک-فەرهەنگی کاریگەرییان هەیە لەسەر خودی زاناندنیش و لەوەیە بیشیگۆڕن. هەر جۆرێک بێت، تەرجومان گەر کار لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا بکەن (وەک جۆری جیاوازی تێکست، بۆ ئاپۆرەی جیاواز) زۆر جار پەنا دەبەنە بەر ستراتیژی جۆراوجۆر و دەرەنجام بەرهەمی تەواو جیاواز پێشکەش دەکەن. ئاشکرایە لێرەدا شتێک گۆڕانکاری بەسەردا دێت...*
>
> *گەر باس لە هێزیان بێت، ئەوا بەربەستی جڤاک-فەرهەنگی بە پێوەرێکی نێوان دوو جەمسەر دێتە ڕاڤەکردن، ڕێساگەلی گشتی و تاڕادەیەک ڕەها لە لایەک و تایبەتمەندیی پەتی لە لایەک. لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا مەیدانێکی بەرین هەیە لە لایەن هۆکاری «نێوان-خۆیەکی»یەوە[178] داگیر کراوە بەگشتی پێیان دەگوترێت «نۆرم». ئەم نۆرمانە، بە درێژایی پێوەرەکە، زنجیرەیەکی پلەبەندی بەردەوام پێک دێنن: بەشێکیان بەهێزترن و بەوەش شێوەی ڕێسا وەردەگرن، بەشێکیان لاوازترن و بەوەش تاڕادەیەک تایبەتمەند دەمێنن. بەم جۆرە، سنووری نێوان ڕێبەستە جیاوازەکان لێڵن. گشت چەمکێکیش، پلەبەندییەکەشی هاوئامێز بێت، هەڤبەندە. بەم جۆرە، ئەوەی لەنێو دەستەیەکی فرەجۆردا بە ڕەفتاری پەسەند دەزانرێت، زۆر چاک دەشێت لەنێو بەشێکی تایبەتی ئەو دەستەیە (بەشێکی پتر یەکجۆر) هێزێکی زۆر زیادتر پێبەند پەیدا بکات، وەک لایەنی مرۆڤکار (بۆ نموونە تەرجومان لەنێو تێکستکاراندا) یان جۆری چالاکی (بۆ نموونە تەرجەمەی زارەکی[179] یان تەرجەمەی بواری زاگۆن لەنێو سەرلەبەری تەرجەمەدا).*
> (Venuti 2000: 198-212)

ئەم دیدەی Toury لە تەرجەمە کە بەرهەمێکی جڤاک-فەرهەنگی socio-cultural ـیە، تەرجەمە دەکاتە کارێکی نۆرم-فەرمان،[180] هەم تەرجومان لە تەرجەمەکردندا بەرتاوی نۆرم و پێکهاتنەکانی زمانکارە، هەم ئەو نۆرم و پێکهاتنانە بەرتاوی بەرهەمگەلی تەرجەمەن. خاڵی هەرە گرینگ لای وی بریتییە لەوەی تەرجەمەکردن دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی ئادگاری وەها لە زمانی تەرجەمەکەدا کە تەرجەمە جودا دەکاتەوە لە بەرهەمی دیکەی نووسراو بەو زمانە. بەر لە Toury جەخت لەسەر هەڤبەندیی نێوان تێکستی سەرشار و تێکستی ئارمانج بوو، بەڵام پاش بۆچوونەکانی وی دەربارەی تەرجەمەناسیی ڕاڤەکار DTS، تۆژینەوەی تەرجەمەناسی سێرەی خستە سەر پەیدۆزیی «کۆدی سێهەم» کە بریتییە لە «نۆرمگەلی تەرجەمەکردن» ئەویش لەڕێی بەراوردی تەرجەمە و تێکستی هەر لە سەرەتاوە زادەی ئەو زمانەیە. دەرئەنجامی ئەم بەراوردکارییانە پێشانی دەدات کە

---

[178] نێوان-خۆیەکەتی = Intersubjectivity، نێوان-خۆیەکی = inter subjective، چەمکێکی سەر بە جڤاکناسییە خەریکی کارلێکی جۆراوجۆری مرۆڤەگەلە. باسی لە پێکهاتنی مرۆڤ دەکات لەسەر دابونەریت، ڕێوڕەسم، دیاردە، بۆچوون و بەهای «خۆیەکی»ی پەسەند لەنێوانیاندا.

[179] تەرجەمەی زارەکی = interpreting

[180] نۆرم-فەرمان = norm-governed، بەرهەمێک یان ڕەفتارێک بەرتاوی نۆرم بێت، نۆرم جڵەوی بکێشێت.

دەشێت تەرجەمەکردن نۆرمی تایبەت بە خۆی هەبێت جودا لەوەی نووسینی لە سەرەتاوە زادەی ئەو زمانەیە، پەیڕەوی دەکات. (Malmkjær 2022:100)

نۆرم لای Toury دوو سەرچاوەی هەیە، یەکەمیان تێکستی تەرجەمەکراوە کە شرۆڤە دەکرێت، دووهەمیان سەرچاوی پاتێکستە extratextual sources، تێکستی دەرەکییە دەربارەی تەرجەمەکە، بۆ نموونە ڕانان، گوتاری ڕەخنەگرانە، ڕێساگەلی خاوەنکار (Toury 1995/2012:87). جیاوازییەکی بناخەیی هەیە لەنێوان ئەم دوو جۆرەدا. تێکستی تەرجەمەکراو بەرهەمێکی ڕاستەوخۆیە لە ڕەفتاری نۆرم-فەرمان. بەڵام سەرچاوەی پاتێکست تەنها لابەرهەمن لە بوون و کاریگەریی ئەو نۆرمانە. ئەمانەی دووهەم لایەنگر و پارچەپۆشن نەک بێلایەن و هەمەپۆش. بۆ دیاریکردنی سەرچاوەی نۆرم، Pym ـی تۆژەریش هاوڕایە و دەڵێت بۆ نۆرمدۆزی (دۆزینەوەی نۆرم) دەبێت لە دوو جۆر تێکست ورد ببینەوە: یەکەم شاتێکستە، ئەوەی تەرجەمەکراوە، بۆ ئەوەی بزانین تەرجومان چی کردووە، دووهەم پاتێکستە، گوتاری بیردۆزەکی و ڕەخنەیە، تەرجومان دەبا چی بکات، ئەمان دەیانەوێت تەرجومان چی بکات. (Pym 2014a:111)

جگە لە دیاریکردنی دوو سەرچاوە، Toury، نۆرم دەکاتە دوو شاجۆر: (Toury 1995/2012:82-83)

- نۆرمگەلی بەرایی[181] کە بریتییە لە دوو دەستە ڕەچاوگیریی هەڤبەند: یەکیان وابەستەی بوون و ماکی ڕاستینەی ڕێنامەی تەرجەمەکردنە، کە دەکاتەوە ئەو هۆکارانەی بڕیار دەدەن چی تەرجەمە بکرێت، چی هاوردەی ئەم زمان و فەرهەنگەی ئارمانج بکرێت. دەستەی دووهەمی ڕەچاوگیری: ڕاستەوخۆیی تەرجەمەکەیە، واتە مەرجە تەرجەمەکردن تەنها لە تێکستی بنەوانەوە بێت، یان دەرفەت هەیە بۆ تەرجەمەکردن لە زمانی دووهەمەوە. چی لەم بوارەدا پەسەندە و چی ڕێبەستە؟ کام زمانگەل بە سەرشاری شکۆمەند دەزانرێن و کام وەلا دەنرێن. گەر تەرجەمەکردن لە زمانی دووهەمەوە، زمانی نێوەندسازەوە، پەسەندە، کامە زمانی نێوانساز پەسەندە و بۆ؟
- نۆرمگەلی کردارەکی،[182] ئەوانەی دەبنە جڵەوکێشی کاری تەرجەمەکردنەکە، چۆنەتیی سازکردن و داڕشتنی تێکست، هەڤبەندیی تێکستی سەرشار و ئارمانج، چی بێ دەستتێوەردان بگوێزرێتەوە و چی بێتە گونجاندن... هتد.

تۆژەران Reiss & Vermeer دەڵێن نۆرم دەرئەنجامی پێکهاتنی جڤاکی و فەرهەنگی جێگیر دەبن و دەبنە مایەی سەلماندن. ئەم سەلماندنەی نۆرم یەکڕەنگ و یەکنەوا نییە، بگرە بەرتاوی هەم سەردەم و هەم تۆژی جۆراوجۆری جڤاکە. بۆ ڕوونکردنەوەی سەنگی نۆرم نموونە لە وازیکردن دەهێننەوە. مرۆڤ لە جڤاکدا وازییەک هەڵدەبژێرێت و هەتا لەو وازییەدا بەردەوام بێت، ناچارە ڕێساکانی وازییەکە، نۆرمی سەپێنراو، پەیڕەو بکات. بەڵام دەشکرێت، لەبەر هەر هۆیەک بێت، مرۆڤ وازییەکە بگۆڕێت بە یەکێکی دیکە و ئەوسا پەیڕەوی ڕێساگەلی دیکە دەکات. «تەک» (کردار) دەکرێت وەک «بەرتەک» تەماشا بکرێت، بەرتەک لە دۆخێکی تایبەت. ئەم کردارە گەر، لە دۆخێکی تایبەتدا، ئادگاری هاوکۆ بنوێنێت ئەوا بە کرداری فرەپات دادەنرێت. نۆرم بریتییە لەو ڕێساگەلەی جڵەوی ئەم کردارە فرەپاتە، لەو دۆخە دیاریکراوەدا، دەکێشێت. نۆرم فەرهەنگ-فەرمانە. لە دۆخێکی دیاریکراودا،

---

[181] نۆرمگەلی بەرایی = preliminary norms

[182] نۆرمگەلی کردارەکی = operational norms

هەڵسەنگاندنی مرۆڤ بۆ هۆکارەکانی ئەو دۆخە دەبنە جڵەوکێشی تەک. ئەو تەکە کاتێک گونجاوە گەر دەوروبەر، لە فەرهەنگ و دۆخی دیاریکراودا، بە لەباری بزانن. (Reiss & Vermeer 2014:86)

Toury دەڵێت تۆژینەوەی ڕێبازدۆزانە گرینگە بۆ ئەوەی لەڕێی شرۆڤەکاریی تێکستی زۆرەوە بتوانین تۆژینەوە لە نۆرم، لە ئاستێکی بەرتەنگی سەربە کات و دۆخی تایبەتەوە، هەڵکشێنین بۆ ئاستێکی باڵاتری گشتپۆش. (Toury 1995/2012:92). لەم بواری نۆرمدۆزییەدا، Pym، ئاماژە دەدات بەوەی تۆژەر هەیە جەخت دەخاتە سەر شاتێکست (بەرهەمی تەرجەمەکراو) لەبەر ئەوە وێنەیەکی ڕاستینە دەدات لە هەلومەرجی نۆرم، تۆژەریش هەیە جەختی لەسەر پاتێکست (ڕانان و گوتاری ڕەخنەگرانە) چونکە ژمارەیان کەمترە و کارەکەی چوستتر دەبێت. بەڵام تێکەڵکردنی هەردوو جۆر کەرەستە کارێکی کەمتر باوە، مەگەر تۆژەر مەبەستی بێت لەبری نۆرمی جێگیر، جەخت بخاتە سەر ناکۆکیی نۆرم و نۆرمبەزێنی (Pym 2014a:112).

بەگشتی وەها باو بووە، تۆژینەوەی ئەزموونبار پەرۆشی ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی ئەو نۆرمانە بێت کە لە ئەنجامی شرۆڤەکردنی تێکستی تەرجەمەکراودا دێتە بەرهەم. بەڵام ئەم باسە بەدەم کاتەوە ڕێچکەی دیکەشی لێ پەیدا بوو، جەختیان دەکردە سەر چەمکی «خووگیریی تەرجومان»[183] کە دەکاتەوە تێکبەستەیەک لە باوەڕ، نرخاندن و کرداری وێکڕا دەبنە تێکبەستەیەک نۆرمی هەناوچێنراو.[184] ڕێچکەی ڕاڤەکار دەیگوت بەرهەمی تەرجەمەکراو بەرتاوی نۆرمە، ئەمیان دەڵێت تەرجومان خۆیان دەستیان هەیە لە ئافراندن و چەرخاندنی نۆرمگەلی تەرجەمەدا. ئەم خووگیرییە، بۆ نموونە، لەمێژە شکۆی پیشەی تەرجومانیی بەکەم زانیوە و ئەم دیدەی کردۆتە نۆرم و هەناوچێنی کردووە. لێرەشدا بیروڕا جۆراوجۆرن، هەیە پێی وایە تەرجومان لە ئاست نۆرمی سەردەست لە زمان، فەرهەنگ و جڤاکی ئارمانجدا، ملکەچە. بۆچوون هەیە دەڵێن، نا وەها نییە، تەرجومان زۆرن بەمەبەستی جۆراوجۆر، بۆ نموونە بۆ نوێسازی، بەرانبەر نۆرمی سەردەستی بەرەی ئارمانج، سنووربەزێنن.[185]

بە دیدی Rune Ingo ی تۆژەر و بیردۆزی تەرجەمەناسی، تەرجومان بەدەم تەرجەمەکردنەوە چەندین بڕیاری گرینگ دەدات و ناشێت ئەم بڕیارانە ڕەمەکی و شەپرێو بن، دەبێت پەیڕەوی «بنەبەرنامە»یەکی دیاریکراو بن، دەبێت هاوئاهەنگ و یەکنەوا بن. Ingo لە ڕاڤەی ئەم «بنەبەرنامە»یەدا دەڵێت زمان گرینگترین «دەستاوێژ»ی تەرجومانە، لەڕێی ساختاری زمانی سەرشارەوە، تەرجومان، پەی دەبات بە نێوەڕۆک و شێوازی پەیامی سەرشار و ئەوجا لەڕێی ساختاری زمانی ئارمانجەوە ئەو پەیامە بە پۆشاکێکی نوێ دادەڕێژێتەوە. بۆیە گرینگە تەرجومان زاڵ بێت بەسەر کەرەستەی زمانەکەدا. بناخەی ئەو «بنەبەرنامە»یەی لێرەدا پێویستە بریتییە لە «هۆکاری دۆخبەند» و ڕووکارەکانی تەرجەمە (بڕوانە بەشی *«چوار ڕووکاری بنەڕەتیی تەرجەمە»*). بۆ تەرجومان ئەم چوار ڕووکاری تەرجەمەیە دەبنە چوار واری بەرپرسایەتی کە داوای هەڵوێستی لێ دەکەن و هۆکاری دۆخبەندیش دەبێتە بناخە بۆ هەڵبژاردن و بڕیاردان. کاتێک تێکست بەدەم تەرجەمەکردنەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ژینگەیەکی دیکەی جیاواز لە ژینگەی سەرشار، زۆر جار گۆڕانکاری پەیدا دەبن لە دۆخی بەکارهێنانیاندا و تەرجومان دەبێت بەگوێرەی «بنەبەرنامە»کەی خۆی هەڵوێست بگرێت لەو گۆڕانکارییە دۆخبەندانەی دەبنە زادەی ئەو تەرجەمەکردنە. Ingo ئەم «بنەبەرنامە»یە دەکاتە دوو بەش: (Ingo 2007:335)

---

[183] خووگیریی تەرجومان = translator’s habitus

[184] هەناوچاندن = Internalization، هەناوچێنکردن بۆ تێپەڕ، وەرگرتنی بیرۆکە یان بابەت و چاندنی لە ناخ، لە هەناو، لە بیر و دەروونی خۆدا.

[185] Cornelia Zwischenberger. "Norms" in Baker, Mona and Saldanha, Gabriela (eds) *Routledge Encyclopedia of Translation Studies.* Third edition. Routledge (2020: 375-380).

- تەرجەمە وەک تێکست: لای خوێنەری زمانی ئارمانج، تەرجەمەکە تەنها تێکستێکە وەک گشت تێکستی دیکە. لەبەر ئەوە تەرجەمەکە دەبێت هەر چوار ڕووکارە بنەڕەتییەکانی باسیان هات، ڕەچاو بگرێت.
- بنەمای پێکهەڵبوونی تەرجەمە: ڕادەی وابەستەبوون بە تێکستی سەرشارەوە یان تەرجەمەی ئازاد. تەرجومان بۆ هەڵوێستگرتن و بڕیاردان دەبێت «هۆکارە دۆخبەندەکان» ڕەچاو بگرێت.

Ingo ی تۆژەر لە چێوەی نۆرەی تەرجوماندا باس لەو نۆرم و مەرجانەش دەکات کە دەورەی تەرجومان دەدەن و دەنووسێت: (Ingo 2007:330–333)

1) ئاستی زمانزانیی تەرجومان دەبێت بەرزتر بێت لە ئاستی تێکرا و لە هەڵبژاردنی شێوازیشدا هونەرکار بێت. دەسەڵاتی تەرجومان بەسەر زمانی سەرشاردا دەبێت زمانزانی، توانستی شرۆڤەکاری و شەبەنگدۆزی بگرێتەوە، بەڵام کە دەگاتە زمانی ئارمانج دەبێت ئەم توانستی تەرجومان هەڵکشێت بۆ شارەزاییەکی باڵا لە ساختاری زمانەکەدا، لە شێوازناسیدا و بە پلەی یەکەم بۆ توانستێکی زمانکارانەی ئافرێنەر و چالاک.
2) تەرجومانی باش دەبێت شارەزاییەکی فرەوانی هەبێت لە چەمک و دەستەواژەی تایبەتی زمانەکەدا. هەروەها توانایەکی باشی هەبێت بۆ دەکارهێنانی دەستاوێژی یاریدەر، بۆ نموونە وشەدان، کتێب و لیستی تایبەت بە بواری دیاریکراو. هەروەها پەنابردنە بەر «دۆزەر»ی جۆراوجۆری دیژیتاڵ بۆ دۆزینەوەی واتا، چەمک و داڕشتنی گونجاو.
3) تەرجومان دەبێت شارەزاییەکی بەرینی هەبێت دەربارەی هەم فەرهەنگی زمانی ئارمانج و هەم ئەو بوارەی تێکستی سەرشار خەریکەتی. تەرجومان دەبێت هەمیشە لە پەیدۆزیی زانیاردا بێت دەربارەی بواری ئەو تەرجەمەیە، چ بە خوێندەوەی بەرهەم و دیڤچوونی تۆژینەوە بێت، چ بە پرسوڕا لەگەڵ پسپۆڕانی بابەت و بواری مەبەست.
4) بەتایبەتی لە بواری تەرجەمەی ئەدەبیدا، توانستی دەربڕین بە نووسین و شارەزایی لە ئەدەب گرینگە بۆ تەرجومان. لە تەرجەمەکردنی هەڵبەستدا، تەرجومان، تەنها بیرۆکەکانی هۆزانەکەی بەردەستە، لەوە بترازێت دەبێت خۆی سەرلەبەری هەڵبەستەکە داڕێژێتەوە.
5) تەرجومان دەبێت کەسێکی سەرفەراز، وردەکار و پەرۆش بێت. دەبێت مشتوماڵدانی سەرلەبەری کارەکەی خۆی بگرێتە ئەستۆ، نەک ئەو ئەرکە بۆ کەسانی دیکە جێ بهێڵێت. تەرجومان دەبێت توانا بێت بەدەم تەرجەمەکردنەوە، بڕیاری گرینگ بدات و ئامادەی بەرپرسایەتی بێت بەرانبەر هەم نووسەر و هەم خوێنەر.
6) تەرجومانی زارەکی ئادگاری دیکەشی لێ داوا دەکرێت، بۆ نموونە: دەنگی باش، توانستی دەربڕینی زارەکیی باش، بیستن و هەروەها تێگەیشتنی خێرا لەڕێی بیستنەوە. لەوەش بترازێت توانستی سەرنجگیری و بیرچەسپاندن[186] گرینگە.

[186] بیرچەسپاندن = memorization، چەسپاندن لە بیردا، نەخشاندن لە بیردا

7) تەرجومان دەبێت لەئاست پەیامی تێکستی سەرشاردا بێلایەن بێت و ئەوپەڕی کۆشان بنوێنێت بۆ پاراستنی گیانی بەرهەمە بنجییەکە. تەرجومان لە تەرجەمەکردنی تێکستی بابەتەکیدا بەگشتی هاوکارێکی خاکەڕای نووسەری تێکستی سەرشارە، دەرفەتی تێچێنکردنی لایەنگیری و لاریبوونی خۆی لە تەرجەمەکەدا فرە بەرتەنگە. دروست نییە دەستکاریی پەیامی بەرهەمی نووسەرێک بکرێت بەبیانووی گونجاندنی پەیام لەتەک نۆرمی فەرهەنگ، باوەڕ و ئایدیۆلۆژیای سەردەست.

8) تەرجومان دەبێت خەیاڵبازێکی ئافرێنەر بێت بۆ خۆ ڕزگارکردن لە کۆتوبەندی زمانی سەرشار و بۆ چارەدۆزیی گونجاو. جار هەیە ساختار و داڕشتنی جیاوازی زمانی سەرشار بە ئاسانی دەبنە ڕێبەست بۆ ئەندێشەی تەرجومان لە دۆزینەوەی داڕشتنی ڕەسەن بە زمانی ئارمانج.

9) تەرجومان دەبێت توانای هەبێت «بنەبەرنامە»ی کاری خۆی داڕێژێت و ئەوجا لە گشت هەنگاوەکانی تەرجەمەکردنەکەدا ئەو «بنەبەرنامە»یە پیادە بکات. لەم بنەبەرنامەیەدایە تەرجومان، لە دەراوی دۆخ و ئادگاری کەسەکیی خۆیەوە، نۆرەی خۆی لە تەرجەمەکەدا دەنەخشێنێت. ئالێرەدایە تەرجومان وەک «هۆکاری دۆخبەند» لە گشت بارێکی تایبەتدا، خۆی دەنوێنێت.

Bergljot Behrens لە بەشی Translated Text ی نێو گەوهەرنامەی *The Cambridge Handbook of Translation* -دا دەڵێت نۆرمی ئێمەی مرۆڤ بۆ تەرجەمە بەدەم ڕەوتی ڕۆژگارەوە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. دیدی «واتابین» جێی بۆچوونی «وشەبین»ی زووتری گرتەوە و لێکدانەوەی جۆراوجۆری لێ پەیدا بووە. بەڵام ئەم دیدی واتابینەش، بەهۆی هەڵکشانی پێگەی تەرجەمەناسییەوە لە واری ئەکادێمیدا، بەرۆکگیری لێ ڕاسا. بیرۆکەی «هاوتایەتیی داینەمیکی»ی نێوان تێکستی سەرشار و تێکستی ئارمانج کە Nida باسی هێنا، لە لایەن ڕوانگەی سکۆپۆس-ی Vermeer ـەوە، بووە ڕکابەر. ئەمیان دەیگوت مەبەست و کارکردی تەرجەمەکە لە زمان و فەرهەنگی ئارمانجدا دەبێتە جڵەوکێشی تەرجەمەکردن، نەک هاوتابوونی تەرجەمە و تێکستی سەرشار. تەرجەمەکردن، لەم ڕوانگەیەوە، هەموو جۆرە هەمووارکردنێک هاوئامێز دەکات و بەوەش دەبێتە ئافرێنەری تێکستێک بە زمانی ئارمانج کە تێکستێکی زمانی سەرشار دەکاتە داخون،[187] نەک تەنها پێڤاژۆیەکی گواستنەوەی بیر و نێوەڕۆک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە. گەر مەبەست و کارکردی تەرجەمەکە جیاواز بێت لەوەی سەرشار هەیبووە، ئەوا تەرجەمەکە، تێکستی دەرخون،[188] نابێتە ئاوێنەی تێکستی سەرشار، بەڵکە سێرەی لەسەر کارکردی خۆیەتی لە زمان و فەرهەنگی ئارمانجدا. گەر ئەو مەبەست و کارکردەش جیاواز نەبن، لەوەیە پێکانی ئەو مەبەستە پێویستی بە گۆڕانکاریی فرەوان بێت لە داڕشتندا. (Malmkjær 2022:98)

بە کورتی، تۆژینەوەی هەمەڕەنگ پێشانی داوە کە نۆرمی هەمەپۆشی جیهانیی هەرمان بوونی نییە. لە تەرجەمەدا نۆرم، بەرتاوی سەردەمە، ئەوەی ئەمرۆ دروست و لەبارە، ساڵانی زووتر لەوانەیە بە ناجۆر و سنووربەزێن دانرابن. جگە لە سەردەم، پێگەی تێکستیش کاریگەریی هەیە لە سەر ئەوەی چی ڕێپێدراوە و چی ڕێبەستە،

---

[187] داخون = input، ئەو کەرەستە و داتایەی دەدرێتە پێڤاژۆیەک بۆ ئافراندنی دەرخون. ئەو داتایەی دەدرێتە کۆمپیوتەر داخونە، ئەو تێکستەی تەرجومان تەرجەمەی دەکات داخونە، بۆ پێچەوانەی داخون بڕوانە دەرخون.

[188] دەرخون = output، ئەو بەرهەمەی پێڤاژۆیەک لە چەرخاندنی کەرەستەی داخون دەیئافرێنێت. ئەو ئاگادارییەی کۆمپیوتەر دەرئەنجامی داتاکاری دەیهێنێتە بەرهەم دەرخونە، ئەو تەرجەمەیەی تەرجومان دەیئافرێنێت دەرخونە. بۆ پێچەوانەی دەرخون بڕوانە داخون.

تەرجەمەکردنی تێکستی دینی و بەرهەمی کلاسیک نابێتە تەرجەمەکردنی تێکستی بازاڕی و گوتاری سیاسەتکارانە. لەوانیش بترازێت، ستراتیژی تەرجومان، گرتنەبەری ڕێچکەی «دەستاژۆکردن»[189] - هەموارکردنی تێکست لەگەڵ زمان و فەرهەنگی ئارمانجدا - یان «نامۆیاندن»[190] - دەوڵەمەندکردنی تەرجەمەکە بە داڕشتەی سەربە زمان و فەرهەنگی سەرشار - (بڕوانە بەشی «جۆری تەرجەمە») نۆرمی خۆی هەیە و لەوانەیە لە تەرجەمەی ژانرەی تایبەت و لە چێوەی دوو زمانی دیاریکراودا، ڕێنوێن بن.

ئەوجا کاتی هاتووە لە دونیای بیردۆزەوە سەرەدانێکی بواری کردار بکەین.

[189] دەستاژۆکردن = domesticating، بۆ نموونە «کورداندن»ی تێکست واتا تەرجەمەکردنی تێکست بەشێوەیەکی وەها تەرجەمەکردنی پێوە دیار نەبێت، وەها دەزانیت هەر لە بنجەوە بە کوردی نووسراوە.

[190] نامۆیاندن = foreignizing، تەرجەمەکردن بەشێوەیەک مەبەستی لێی، جگە لە گواستنەوەی پەیام و کارکرد، گواستنەوەی داڕشتن و چەمکی نوێیە بۆ زمانی ئارمانج.

## لە بیردۆزەوە بۆ کردار

### جۆری تەرجەمە

تەرجەمەناسی جۆری تەرجەمە بەهەند دەگرێت و تۆژەران لەم بوارەدا بۆچوونی جۆراوجۆریان هەیە. مەبەستیش بڕیاردان نییە لەسەر «جۆرایەتی» بە واتای باشە و خراپەی تەرجەمەیەکی دیاریکراو، چونکە، وەک Eugene Nida لە گوتاری Principles of correspondence نێو کۆگوتاری *The Translation Studies Reader (126-140)* -دا ئاماژەی پێ دەدات، بڕیاردان لەسەر ئەو جۆرایەتییەی تەرجەمە بەرتاوی دونیایەک هۆکاری شیمانەداری جۆراوجۆرە. لێرەدا باس لە جۆرایەتییەکی دیکەیە، لە مۆدێل و پۆلێنکاری تەرجەمەیە. (Venuti 2000:134)

دەستپێک دەچمەوە لای *«وەرگێڕان هونەرە»*-کەی جەمال نەبەز: (نەبەز 15-2008:13)

*وەرگێڕان گەلێ چەشنی هەیە گرینگەکانی ئەمانەن:*

1) *وەرگێڕان وشە-بە-وشە: ئەوەیە، وشە-بە-وشە زمانێک وەربگێڕینە سەر زمانێکی دیکە بێئەوەی گوێ بدەینە سروشتی تایبەتی ئەو دوو زمانە جیاوازە...*
2) *وەرگێڕان بە دەستکارییەوە: ئەوەیە وەرگێڕ خۆی نەبەستێ بە ڕیزی وشەکانی (ئەصل)ەوە، بەڵکوو تەنێ واتا گشتییەکەی وەربگێڕێ... هەندێ کەس دەڵێن لە وەرگێڕانی بەدەستکاریدا، دەبێ وەرگێڕ «ئەصڵە»کە مشتوماڵ بکا و چاکی بکا. هەندێکی دیکەش دەڵێن، ئەگەر دەقەکە هەڵەشی تێدابێ، نابێ ڕاستی بکاتەوە.*
   *باشترین ڕێگە لەنێوان ئەم دوو ڕێیانەدا ئەوەیە، وەرگێڕ بیروڕای خۆی لە «پەراوێز»دا باس بکات.*
   *وەرگێڕان بە دەستکارییەوە دوو جۆرە:*
   - *وەرگێڕان بە فرەوانکردن...*
   - *وەرگێڕان بە کورتکردنەوە...*
3) *وەرگێڕان بە ئیلهامەوە: لێرەدا وەرگێڕ بەجارێ خۆی نابەستێ بە دەقەکەوە، بەڵکوو تەنێ ڕاستە هزرەکە لە نووسەرەکە وەردەگرێ و، ئەوسا هەمووی بە شێوازی خۆی دەنووسێ، بێئەوەی گوێ بداتە ڕیزی وشە و ڕستە و پاش و پێشخستنی واتەکان.*

سیسێرۆ Cicero (106–43 BC)ی ڕۆمای دێرین هەر زوو دژ بە تەرجەمەی وشەبین بووە و داوای سەرلەنوێ ئافراندنەوەی شێواز بوو لە ڕوانگەی ئاخێوەرەوە. Hieronymus[191] تەوجیلی لە زمانی عیبری و گریکییەوە تەرجەمە کرد بۆ لاتین کە ناودارە بە Vulgata، لەبەر نەبوونی هاوشانەتیی لەنێوان وشەمەنیی زمانی جیاوازدا، ڕێچکەی «بیرۆکە-بە-بیرۆکە»ی گرتە بەر و بەوەش نەیاری زۆری لێ ڕاسان، گۆیا دەستوەردانە لە «پەیڤی خودا». ئەم دیدە نایاوە ئێستاش باوە بەرانبەر تەرجەمەی شابەرهەمی کەڤنار و کلاسیک. (Malmkjær 2022:98)

[191] Jerome or Eusebius Sophronius Hieronymus 347–420.

تۆژەر José Ortega y Gasset لە گوتاری The Misery and the Splendor of Translation ـی نێو کۆگوتاری *The Translation Studies Reader (49-63)* ـدا ڕاگواستەیەکی ناودار لە Friedrich Schleiermacher دەهێنێتەوە، دەڵێت «تەرجەمە دوو ئاڕاستەی هەیە: یەکیان نووسەری بیانی دەهێنێتە نێو زمانی خوێنەر، ئەوەی دیکەیان خوێنەر دەباتە نێو زمانی نووسەرە بیانییەکە» (Venuti 2000:60). هەروەها «بەرۆکی نووسەر بەردە و خوێنەر پەلکێشی نووسەر بکە، یان بەرۆکی خوێنەر بەردە و نووسەر پەلکێشی خوێنەر بکە» (Stålhammar 2015:53). Venuti ستراتیژی یەکەمیان بە ستراتیژی «دەستاژۆکردن» ناودێر دەکات و دووهەمیان بە ستراتیژی «نامۆیاندن». دەستاژۆکردن دەکاتەوە - هەتا دەکرێت - گونجاندنی تەرجەمەکە لەگەڵ فەرهەنگی ئارمانجدا، بەو دەستکارییەش بەشێک لە تێکستی سەرشار دێتە تێبردن. لەمیاندا «خۆشڕەوتی»ـی خوێندنەوە و گونجان لەتەک هەم ئاست و هەم فەرهەنگی ئاپۆرەی ئارمانجدا دەبنە پێوەر. «دەستاژۆکردن» دەبێتە جۆرێک لە تەرجەمەی پراگماتیکانە - هەموارکردنی زمان لەتەک دۆخدا. هەرچی «نامۆیاندن»ـە دەکاتەوە - هەتا دەکرێت - پاراستنی ماکی تێکستی سەرشار، بەو دەستپارێزییەش سنووربەزێنییەک لە زمانی ئارمانجدا دێتە ئاراوە، چونکە تەرجەمەکە جگە لە پاراستنی ئادگاری فەرهەنگی، وردەکاریی شێواز و تایبەتمەندیی دەربڕینی تێکستی سەرشاریش ڕەچاو دەگرێت (Venuti 1995). کەواتە، بە کورتی، دەستاژۆکردن و نامۆیاندن پرسیارە لەوەی ئایا تەرجەمەکە تا چ ڕادەیەک خەریکی خۆ گونجاندنە لەتەک بەرەی ئارمانج و تا چ ڕادەیەک سەروەریی تێکستی سەرشار ڕەچاو دەگرێت.[192]

تەرجەمە بەگشتی دوو مۆدێلی لێکجودای هەیە، مۆدێلی ئامرازەکی[193] و مۆدێلی هەرمەنووتیک،[194] یەکەمیان دەڵێت تەرجەمە بریتییە لە پێڤاژۆیەکی بەرهەمهێنانەوە و گواستنەوە لە زمانی سەرشارەوە بۆ زمانێکی دیکە، جا گواستنەوی نێوەڕۆک و مەبەست بێت یان شێواز. ئەم دیدە پێی وەهایە زمان ئامرازە و تەرجەمە دەبێت شێواز و نێوەڕۆکی تێکستی سەرشار وەک خۆی و بێ دەستکارییەکی ئەوتۆ بگوێزێتەوە بۆ زمانی ئارمانج. لەم مۆدێلەدا تەرجومان دەبێت پەنا بەرێتە بەر ستراتیژی لەبار بۆ پیادەکردنی ئەم گواستنەوەیە و ئاشکرایشە کە لایەن هەیە لەم گواستنەوەیەدا بزر دەبن، چونکە مەرج نییە جووتە زمان و فەرهەنگی سەرشار و ئارمانج پێکەڵ بن.

مۆدێلی هەرمەنووتیک، بە پێچەوانەی دیدی ئامرازەکی، دەڵێت تەرجەمەکردن بریتییە لە پێڤاژۆیەکی لێکدانەوە و لەو لێکدانەوەیەدا شێواز، نێوەڕۆک و کاریگەریی تەرجەمەکە، لە گوێرەی دەرک و هەلومەرجی لایەنی ئارمانج، دەکەوێتە بەر گۆڕانکاری. لەم گۆڕانکارییەدا، کە زادەی جیاوازییە لەنێوان زمان و فەرهەنگی جیاوازدا، بەستەری نێوان زمان و بەستێنی سەرشار دێتە تێبردن و هەڤبەندییەکی دیکەی نێوان زمان و بەستێنی ئارمانج جێی دەگرێتەوە. (Malmkjær 2022:305)

---

[192] بۆ نموونە بڕوانە پەیامی Peter Constantine لە: https://www.youtube.com/watch?v=xtKasLH6H0M

[193] مۆدێلی ئامرازەکی = instrumental model، مۆدێلێکی تەرجەمەکردنە دەڵێت تەرجەمەکردن گواستنەوەیە و لەو گواستنەوەیەدا خاڵ هەیە بە ناچاری وێڵ دەکرێن.

[194] مۆدێلی هەرمەنووتیک = hermeneutic model، ڕێبازێکی هزرییە پەرۆشی لێکدانەوەی تێکستی وەهایە کە بە ئاسانی بەردەرک نین. مۆدێلی هەرمەنووتیک لە تەرجەمەدا جەختی لەسەر لێکدانەوەی تێکستە و بڕیاردانە لەسەر ئەوەی چی لە تێکستەکەدا تەرجەمەی ڕاستەوخۆ هەڵناگرێت و پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە.

## ڕوانگەی «هێمابار»

دیدی «هێمابار»[195] دەڵێت گشت تەرجەمەیەک ڕووی لە ئاپۆرەی دیاریکراوی خۆیەتی و ئاپۆرەیش کەناڵی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ تێگەیشتن لەو تەرجەمەیە. لەم ڕوانگەیەوە، جیاوازیی ئەو کەناڵانە دەبنە پێوەر بۆ دیاریکردنی جۆری تەرجەمە. مەبەستیش لە کەناڵی تێگەیشتن ئەو کەناڵەیە دەبێتە مایەی دەرککردنی واتا: کەناڵی بیستن بۆ زمانی دەنگی، کەناڵی دیتن بۆ دیمەن و زمانی ئاماژە، کەناڵی دەستلێدان بۆ زمانی برەیڵ Braille (سیستەمی نووسین بۆ نابینا)...

بۆ ڕاڤەی چەمکی هێمابار، Gottlieb لە گوتاری Semiotics and translation ی نێو کەشکۆڵی *Routledge handbook of translation studies and linguistics* -دا دەڵێت:

> *وشەی semiotics بریتییە لە ئاوێزانی ڕەگی sema (ی گریکی بەرانبەر هێما) و semantics کە ڕشتەی تۆژینەوەیە لە واتا. بەوەش چەمکی semiotics دەبێتە ڕشتەی وردبوونەوە لە ڕاگەیاندنی واتا لەڕێی سیستەمی هێماوە. نموونە لە سیستەمی هێما، زمانی دەنگی vocal ـە، کە ئاخافتن دەکاتە بنەما،* [وەک زمانی کوردی و سوێدی...]. *جۆرێکی دیکە هەیە ئاماژە دەکاتە بنەما، وەک سیستەمی ئاماژەی ئینگلیزی بۆ کەسانی بێزمان و نەبیست، ئەمانە سیستەمی نادەنگین. تەرجەمە لە چێوەی هەمان سیستەمی هێمابار‌دا بە تەرجەمەی «نێو-هێمابار»[196] و تەرجەمە لەنێوان سیستەمی هێماباری جیاوازدا دەبێتە تەرجەمەی «نێوان-هێمابار».[197]* (Malmkjær 2018:101)

---

[195] هێمابار = semiotics, semiotic studies، هێماناسی، نیشانەناسی، هێمای-واتابەر، واتای-هێمابەرە. ڕشتەی تۆژینەوەیە لە پیڤاژۆی «هێماکاری» = semiosis و ئافراندنی واتا. هێماکاری semiosis دەکاتەوە گشت کردار، ڕەفتار و پیڤاژۆیەکی «هێما» تێیدا هاوئامێز بێت. هێمایش لێرەدا بریتییە لەوەی شتێک ڕادەگەیەنێت، «واتا»یەک دەبەخشێت. «واتا» دەشێت مەبەستزا بێت، وەک وشەیەکی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دێتە دەربڕین، یان مەبەستبەدەر بێت، وەک بەرژەنگ symptom کە دەبێتە نیشاندەری بارێکی پزیشکیی تایبەت. هێما «هەست»یش ڕادەگەیەنێت - کە زۆر جار ناخرێنە خانەی «واتا»وە. ڕاگەیاندنی واتا دەشێت ناخەکی بێت (لەڕێی خودی بیرەکەوە) یان لەڕێی هەستەوەرەکانەوە بێت: بینین، بیستن، بۆنکردن، دەستلێدان و چێشتن.
هێماباریی هاوچەرخ بەشێکە لە چەندین ڕشتەی جۆراوجۆری زانیار، یەک لەوان ڕشتەی تۆژینەوەی واتاسازییە. سەرچاوە:
https://en.wikipedia.org/wiki/Semiotics

[196] نێو-هێمابار = intrasemiotic، لەنێو چێوەی هەمان سیستەمی هێماباردا. تەرجەمەی نێو-هێماباری intrasemiotic translation واتە تەرجەمەکردن لە چێوەی یەک جۆر سیستەمی هێمابار‌دا، بۆ نموونە لە زمانێکی دەنگی (ئاخافتن)ی مرۆڤکارەوە بۆ زمانێکی دیکەی هاوجۆر. ئەم جۆرە تەرجەمەیە لەڕووی هێماباریییەوە هاوتایە، لە هەردوو لادا، بۆ نموونە، کەناڵی دەنگی دەکاتە کەناڵی دەرککردنی واتا.

[197] نێوان-هێمابار = intersemiotic، لەنێوان جۆری جیاوازی سیستەمی هێمابار‌دا. تەرجەمەی نێوان-هێمابار intersemiotic translation واتە تەرجەمەکردن لە سیستەمێکی هێمابارەوە بۆ سیستەمێکی دیکەی هێمابار. ئەم جۆرە تەرجەمەیە لەڕووی هێماباریییەوە هاوتا نییە، بۆ نموونە تەرجەمە لە زمانێکی دەنگییەوە - وەک کوردی - بۆ زمانێکی نادەنگی، وەک زمانی ئاماژە یان زمانی برەیڵ Braille (نووسینی نابینا) کە تێیاندا سیستەمی هێماکار، ڕێگەی دەرککردن لە کەناڵی دەنگییەوە دەگۆڕێت بە کەناڵی دیتن و کەناڵی دەستلێدان.

Gottlieb تۆژەر لەو گوتارەدا، بەدەم ڕوونکردنەوەی هەڤبەندیی هێمابارەتی و تەرجەمە، چوار ڕەهەند بە بنەما دەگرێت بۆ دیاریکردنی سیوچوار جۆری تەرجەمە[198] و ئەو چوار ڕەهەندە وەها ڕاڤە دەکات: (Malmkjær 2018:107)

ڕەهەندی یەکەم: تەرجەمەی «نێو-هێمابار» بەرانبەر تەرجەمەی «نێوان-هێمابار» - وێکچوون یان وێکنەچوونی هێمابارانەی نێو تێکستی سەرشار و تێکستی ئارمانج دەخاتە بەرباس و تەرجەمەی «نێو-هێمابار» لە تەرجەمەی «نێوان-هێمابار» جودا دەکاتەوە.

a) تەرجەمەی «نێو-هێمابار»: بەرهەمی ئارمانج کەناڵی جیاواز لەوانەی کەرەستەی سەرشار بەکار دەهێنێت بۆ ڕاگەیاندنی واتا. لەبەر ئەوە بەرهەمی سەرشار و تەرجەمەکەی لەڕووی هێمابارەتییەوە هاوتا نین.

b) تەرجەمەی «نێوان-هێمابار»: تەرجەمەکە هەمان کەناڵەکانی بەرهەمی سەرشار بەکار دەهێنێت بۆ ڕاگەیاندنی واتا. کەواتە بەرهەمی سەرشار و تەرجەمەکەی لەڕووی هێمابارەتییەوە هاوتان.

ڕەهەندی دووهەم: باسی لە گۆڕانکاریی بەرشیانە لە تێکبەستنی هێماباری تەرجەمەکەدا، وەک:

a) تەرجەمەی «هاو-هێمابار»:[199] بەکارهێنانی هەمان کەناڵی تێکستی سەرشار، وەک تەرجەمەی تێکستی نووسراو بە هەموو نەخش و نیگارییەوە و هەروەها گوتاری زارەکی بۆ زمانێکی دیکە. ئەم تەرجەمە هاو-هێمابارە هەردوو جۆری «تاک-هێمابار»[200] و «فرە-هێمابار»[201] دەگرێتەوە. یەکەمیان وەک تەرجەمەکردنی گوتاری زارەکی بۆ زمانێکی دیکە و دووهەمیان وەک دۆبلاژکردن، گۆڕینی دەنگی سەرشار بە دەنگی زمانی ئارمانج.

b) تەرجەمەی «جودا-هێمابار»:[202] لە تەرجەمەکەدا کەناڵی دیکەی جودا لەوەی سەرشار دێنە بەکارهێنان بەڵام ژمارەی کەناڵەکان پێکەڵن (وەک یەکن). گواستنەوەی موزیکی نووسراو بۆ موزیکی دەنگی تەرجەمەیەکی «جودا-هێمابار»ە بۆ تێکستی «تاک-هێمابار»، گواستنەوەی فیلمی بێدەنگ بۆ

---

[198] بۆ وردەکاریی جۆرەکانی تەرجەمە لە ڕوانگەی هێمابارییGottlieb ـەوە، بڕوانە:
https://www.routledgehandbooks.com/doi/10.4324/9781315692845-4

[199] هاو-هێمابار = isosemiotic: جۆرێکە لە تەرجەمە هەمان کەناڵەکانی سەرشار بەکار دەهێنێت بۆ ڕاگەیاندنی واتا.

[200] تاک-هێمابار = monosemiotic، جۆرێکە لە تەرجەمە تەنها یەک کەناڵ دەگرێتە بەر بۆ ڕاگەیاندنی واتا، وەک گۆڕینی تێکست بە نیشانەی واتاداری نابێژەکی بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست لە ترافیکدا.

[201] فرە-هێمابار = polysemiotic، جۆرێکە لە تەرجەمە پتر لە یەک کەناڵ دەگرێتە بەر بۆ ڕاگەیاندنی واتا، وەک دۆبلاژکردن، گۆڕینی دەنگی سەرشار بە دەنگی زمانی ئارمانج، تابلۆی مۆژیار هەیە لەسەری نووسراوە «ڕێبەستە» No entry، ئەمیان تاک-هێماباری بێژەکییە، هەیە لەبری نووسینەکە لاکێشەیەکە لەنێو بازنەیەکەدا و هەمان واتا دەدات، ئەمیان تاک-هێماباری نابێژەکییە، هەیشە هەردووکیان کۆ دەکاتەوە، هەم تێکستەکەی تێدایە هەم نیشانەکە، ئەمیان فرە-هێمابارە.

[202] جودا-هێمابار = diasemiotic: جۆرێکە لە تەرجەمە کەناڵی دیکەی جودا لە کەناڵەکانی سەرشار بەکار دەهێنێت بۆ ڕاگەیاندنی واتا، وەک گواستنەوەی بەرداشتێکی بەردید (نۆتی موزیک) بۆ بەرهەمێکی بەربیست (موزیکی دەنگی)، یان بەستن و کردنەوەی کۆدی مۆرس Morse code.

شانۆگەرییەکی ڕادیۆپەخش دەبێتە نموونەیەکی «فرە-هێمابار» لە تەرجەمەی «جودا-هێمابار»: لە وێنەی بێژەکی[203] و نابێژەکییەوە[204] بۆ دەنگی بێژەکی و نابێژەکی.

c) تەرجەمەی «سەر-هێمابار»:[205] بەکارهێنانی کەناڵی زیادتر لەوانەی لە تێکستی سەرشاردا کاران، وەک فیلماندنی ڕۆمان.

d) تەرجەمەی «ژێر-هێمابار»:[206] بەکارهێنانی کەناڵی کەمتر لەوانەی تێکستی سەرشار، وەک نواندنی کۆپلەیەکی دراما بە ئاماژە و زمانی جەستە، ڕاڤەکردنی زارەکیی وێنە بۆ نابینا.

ڕەهەندی سێهەم: «تەرجەمەی باو»[207] بەرانبەر «تەرجەمەی سازێنراو»[208] - ڕادەی ئازادیی تەرجومان لە کارەکەی خۆیدا، دەرفەتی ئاواڵەیە بۆ سازاندنی تەرجەمەکە یان داخراوە و دەبێت پەیڕەوی ڕێچکەی باو بکات. گواستنەوەی موزیکی نووسراو (نۆت) بۆ موزیکی دەنگ جۆرێکە لە تەرجەمەی باو بەڵام فیلماندنی ڕۆمان تەرجەمەی سازێنراوە:

a) تەرجەمەی باو، «نێو-هێمابار» بێت یان «نێوان-هێمابار»، پەیڕەوی ڕێبازی کەموزۆر فەرمی دەکات بۆ گواستنەوەی تێکستی سەرشار بۆ ئارمانج، بەستن و کردنەوەی کۆدی مۆرس Morse code ڕێبازێکی تەواو فەرمیی هەیە، بەڵام بەکارهێنانی وشەنامە و سەرچاوەی دیکەی باو بۆ تەرجەمەکردن ڕێبازی کەمتر فەرمی دەگرێتە بەر. لە تەرجەمەی باودا، دەرفەتی تەرجەمەی بەرەواژ - داڕشتنەوەی تێکستی سەرشار بە تەرجەمەکردنی تێکستی ئارمانج - تاڕادەیەک فرەوانە.

b) تەرجەمەی سازێنراو ئەو جۆرانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای تێکستی سەرشار بەرهەمێکی دیکەی جودا دێتە ئافراندن. بەستەری نێوان ئەو دوو بەرهەمە کاڵتر و کەمتر مایەی پێشبینییە. هەڵبەت تەرجەمەی بەرەواژ لەمیاندا کەمتر بەرشیانە.

ڕەهەندی چوارەم: تەرجەمەی بێژەکی بەرانبەر تەرجەمەی نابێژەکی - باسی لە بوون و نەبوونی کەرەستەی بێژەکییە لە تێکستی سەرشار و ئارماندا کە ببنە مایەی هەڵاوێردن:

---

203 بێژەکی = verbal، زمانەکی، سەربە دەربڕین و ئاخافتن.

204 تەرجەمەی نابێژەکی = nonverbal translations

205 سەر-هێمابار = ultrasemiotic: جۆرێکە لە تەرجەمە کەناڵی زیادتر لە کەناڵەکانی سەرشار بەکار دەهێنێت بۆ ڕاگەیاندنی واتا، وەک زیادکردنی موزیک وەک پاشخان بۆ دیمەنی نێو فیلم و شانۆ.

206 ژێر-هێمابار = infrasemiotic: جۆرێکە لە تەرجەمە کەناڵی کەمتر لە کەناڵەکانی سەرشار بەکار دەهێنێت بۆ ڕاگەیاندنی واتا، وەک تێبردنی ڕووکاری دەنگ، ڕەنگ و بزاوتن لە هێڵکارییەکی سادە بۆ دیاردەیەکی سروشتی و فەرهەنگی.

207 تەرجەمەی باو = conventional translations، تەرجەمەی نەریتی، دەستووری

208 تەرجەمەی سازێنراو = adaptational translations، تەرجەمەی هەموارکراو، گونجێنراو

a) تەرجەمەی بێژەکی ئەوەیە کەناڵی بێژەکی خۆی بپارێزێت. ئەمیان گشت تەرجەمەیەکی «نێوانزمانەکی»[209] و «نێوزمانەکی»[210] دەگرێتەوە و ئاشکرایە کە ئەم جۆرە دەبێت «تەرجەمەی نێوان-هێمابار» بێت.

b) تێچێنکردنی پێکهاتەی نابێژەکی و گۆڕینی ژانرە، وەک گواستنەوەی هەڵبەست بۆ گۆرانی هەم ژانرەی دەگۆڕێت و هەم موزیکی تێچێن دەکات کە نابێژەکییە.

c) تێچێنکردنی پێکهاتەی بێژەکی، وەک گواستنەوەی زمانی ئاماژە بۆ زمانی بێژەکی و گواستنەوەی کۆدی مۆرس بۆ زمانی مرۆڤکار.

d) تەرجەمەی نابێژەکی کە هەر نابێژەکی دەمێنێتەوە، وەک تەرجەمەکردنی زمانێکی ئاماژە بۆ زمانێکی دیکەی ئاماژە و هێڵکارییەکی دووڕەهەند بۆ پەیکەر. هەڵبەت ئەمیان هەر دەبێت «تەرجەمەی نێو-هێمابار» بێت.

لێرەدا باسی هێمابارەتی جێ دەهێڵم و بۆ دیاریکردنی ڕوانگەی دیکە لە جۆرەکانی تەرجەمەکردن دەگەڕێمەوە لای Pym.

**سێ مۆدێلی تەرجەمە**

Pym بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی تەرجەمە سێ مۆدیل دەخاتە ڕوو:[211]

- مۆدێلی زمانەوانیانە - بارگۆزین:[212]

گەر ساختاری زمانی سەرشار و زمانی ئارمانج وێکچوو بن و هەردووک زمان وشەی تایبەتی هاوتایان هەبێت بۆ هەمان بابەت، ئەوا تەرجومان دەتوانێت تێکستەکە وشەبین تەرجەمە بکات. ئەمیان نەرینێکی سەربە زمانەوانییە لە تەرجەمەدا.[213]

ڕستەی، بۆ نموونە، Azad writes a letter گەر لە ئینگلیزییەوە تەرجەمەی زمانێکی دیکەی «کارا-کار-بەرکار»[214] بکەین، بۆ نموونە سوێدی یان عەرەبی ئەوا دەشێت وشەبین و بێ دەستکاری بارگوێز بکرێت بۆ: Azad skriver ett brev و «آزاد یکتب رسالة». بەڵام گەر زمانی ئارمانج ساختارێکی

---

[209] تەرجەمەی نێوانزمانەکی = interlingual translations ، تەرجەمە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە

[210] تەرجەمەی نێوزمانەکی = intralingual translations ، تەرجەمە هەر بەو زمانە خۆی (لەنێو زمانەکەدا) بەڵام بە شێوازێکی دیکە

[211] Three models of how to translate: https://www.youtube.com/watch?v=5jr4B-BH7-o3

[212] بارگۆزینی زمانەوانی = linguistic transformation، گواستنەوەی زمانەوانی لە بارێکەوە بۆ بارێکی دیکە

[213] نەرینی سەربە زمانەوانی = linguistic approach، نەرینی زمانەوانییانە

[214] کارا-کار-بەرکار = Subject-Verb-Object (SVO)

دیکەی ڕستەی هەبێت، بۆ نموونە «کارا-بەرکار-کار»،[215] وەک کوردی، ئەوا دەبێت ڕستەکە دەستکاری بکرێت دەنا دروست دەرناچێت: «ئازاد دەنووسێت نامەیەک» دەکەینە «ئازاد نامەیەک دەنووسێت».

لەم بارەدا، تەرجومان وەک وشەنامە کار دەکات، وشە لە زمانێکەوە بارگوێز دەکات بۆ زمانێکی دیکە و تەنها گەر پێویست بوو ئەوا دەکەوێتە ڕستەسازی و جێگۆڕکێ بە وشەکان دەکات.

- مۆدێلی کارکردانە[216] - دیمەن و چێوە:[217]

لێرەدا جەخت لەسەر دۆخ و چێوەی تێکستەکەیە، لەسەر مەبەستی تێکستەکەیە. «پێنووسەکە کەوتووە»، بۆ نموونە، بەپێی بارودۆخ دەشێت واتا و مەبەستی جیاوازی لێ بکەوێتەوە، لەوەیە داوای یارمەتی بکات پێنووسەکەی بدەنەوە دەست، لەوەیە ئاگادارت بکاتەوە لەوەی پێنووسەکەت کەوتووە، هەڵی بگرەوە، لەوەیە وەڵام بێت بۆ کەسێکی دەگەڕێت بۆ پێنووسەکەی خۆی... هتد. ئەمیان نەرینێکی کارکردانەیە لە تەرجەمە، نەک زمانەوانییانە وەک نەرینی یەکەم.

جاریش هەیە تەرجومان پەنا دەباتە بەر «داڕشتنەوە».[218] تەرجومانەکە دەروەستی ڕستەیەکی نێو تێکستی سەرشار نایەت، یان داڕشتنەکەی پێ باش نییە، دەکەوێتە داڕشتنەوەی ئەو ڕستەیە لە زمانە سەرشارەکە خۆیدا بە شێوازێکی وەها باشتر بێتە تەرجەمەکردن. ئەمیان نەرینێکی کارکردانە دەچەرخێنێت بەمەبەستی بەرهەمهێنانی بارگۆزینێکی زمانەوانییانە. Pym ئەم هونەری «داڕشتنەوە»یە بە «بنەمای بەرگوت»[219] ناودێر دەکات، کە دەڵێت هەموو شتێک دەکرێت هەر بەو زمانەی خۆی بێتە داڕشتنەوە - «بەرگوتی نێوزمانەکی»،[220] واتا تەرجەمەکردنی تێکستی زمانە سەرشارەکە هەر بەو زمانەی خۆی بۆ تێکستێکی دیکەی لەبارتر بۆ ئەوەی پاشان لەم تێکستەوە تەرجەمەی بکات بۆ زمانی ئارمانج - «بەرگوتی نێوانزمانەکی»[221] - هەموو شتێک دەکرێت بە زمانێکی دیکە بێتە دەربڕین - گشتی بەرتەرجەمەیە.[222] بنەمای بەرگوت دەڵێت تەرجەمەکردن بەرشیانە.[223]

---

[215] کارا-بەرکار-کار = Subject-Object-Verb (SOV)

[216] نەرینی کارکردانە = functionalist approach

[217] دیمەن و چێوە = scenes and frames

[218] داڕشتنەوە = reformulation

[219] بەرگوت = effable، بنەمای بەرگوت = the principle of effability دەکرێت بێتە گوتن و دەربڕین، دەکرێت گۆ بکرێت... بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»*، www.mamosta.net

[220] بەرگوتی نێوزمانەکی = intralingual effability، داڕشتنەوە و دەربڕینی تێکست هەر بەو زمانەی خۆی (لەنێو زمانەکەدا) بەڵام بە شێوازێکی دیکە.

[221] بەرگوتی نێوانزمانەکی = interlingual effability، تەرجەمەکردنە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە.

[222] بەرتەرجەمە = translatable, translatability، لەتەرجەمەهاتن، بشێت تەرجەمە بکرێت

[223] - بەرشیان = possible، ئیمکانی هەیە، دەشێت هەبێت یان پەیدا بێت

- مۆدێلی تەکنۆلۆژی:[224]

ئەمیان دەکاتەوە تەرجەمەی دیژیتاڵ، داتاکرد و ماشێنکرد. تێکستێک لە کۆمپیوتەردا دەدەیتە بەرنامەی تەرجەمەکار و ئەویش تەرجەمەی دەکات بۆ زمانی مەبەست و پاشان دەتوانیت دەستکاری تەرجەمەکە بکەیت، ئەوەی پێی دەگوترێت پاش-بژارکاریی تەرجەمەی ماشێنکرد: machine translation post-editing (MTPE) – post-editing, editing MT. سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە زۆر جار ئەم تەرجەمە ماشێنکردە هەردوو مۆدێلەکەی سەرەوە، نەرینی زمانەوانی و نەرینی کارکردانە، ئاوێزان دەکات. بۆ وردەکاریی زیادتر دەربارەی ئەم مۆدێلە بڕوانە بەشی «تەرجەمەی ماشێنکرد».

بۆ دیاریکردنی ماکی تەرجەمەیەک، وەها باشە بەراورد بکرێت هەم بە تێکستی سەرشار و هەم بە تێکستی دیکەی هەر لەسەرەتاوە زادەی زمانی ئارمانجە، زمانی تەرجەمەکەیە. بەراوردکاریی دوولایەنەی لەم جۆرە باشتر دەتوانێت ئادگارە تایبەتییەکانی تەرجەمەکە ڕوون بکاتەوە. ڕوانگەی «سەرشاربین» ئادگاری وەک پاتەوپاتکاریی خەتوخاڵی فەرهەنگی و زاری جڤاکی و ناوچەبەند پێشان دەدات، ڕوانگەی «ئارمانجبین» ئادگاری وەک ڕێکاراندن،[225] هەموارسازی[226] و «وێکهاتەی[227] ئاوارتە»[228] ڕوون دەکاتەوە. مەبەست لە دارماڵکاری و هەموارسازی ئەوەیە تەرجومان زۆر جار پەنا بەرێتە بەر داڕشتەی ئاسایی زمانی تەرجەمەکە، بەوەش تەرجەمەکە، زیادتر لە نووسینی هەر لەسەرەتاوە زادەی ئەم زمانەن، ئەو داڕشتە ئاساییانە بەکار دەهێنێت. مەبەست لە دیاردەی «وێکهاتەی ئاوارتە» ئەوەیە وێکهاتە – وێکڕا هاتنی وشە – لە هەردوو زمانەکەدا هەیە بەڵام زیادتر لە زمانی سەرشاردا باوە، لە زمانی ئارمانجدا کەمتر باوە، ئاوارتەیە، ڕیزپەڕە. ئەم جۆرە وێکهاتنە گەر لە تەرجەمەکەدا پتر لە ئاسایی ڕەنگی دایەوە ئەوا دەبێتە وێکهاتەی ئاوارتە. (Malmkjær 2022:101)

بە کردەوە، لە خوێندنی ڕشتەی تەرجومانیدا، جۆری تەرجەمە بەرتاوی دید و جیهانبینیی تۆژەران و مامۆستایانی ئەو ڕشتەیەیە. گەر دیدی «جڤاک-فەرهەنگی»ی Vygotsky ـی بنەما بێت ئەوا خوێندنەکە ڕێچکەیەکی ئارمانجبین دەگرێتە بەر چونکە پێی وەهایە فێربوون لە ئەنجامی کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ جڤاک و فەرهەنگی دەوروبەردا دێتە فراژووتن و زمان لەو باسەدا بەستەرێکی نێوانسازە بۆ دامەزراندنی هەڤبەندی و کارلێک لەنێوان بیر و جڤاکدا. بۆیە تەرجەمە لە بەستێنی جڤاکیدا، نەک لە بۆشاییدا، وەک پێڤاژۆیەکی گواستنەوەی زانیار و ڕاگەیەنی مەبەست، کارایە. ئەم دیدە کار دەکاتە سەر ڕەوتی خوێندن لە ڕشتەی تەرجومانیدا و بەوەش کاریگەریی دەبێت لەسەر جۆری ئەو تەرجەمەیەی دەبێتە بەرهەمی شاگردانی ئەو خوێندنە.

---

[224] مۆدێلی تەکنۆلۆژی = technology model

[225] ڕێکار = standard، ڕێکاراندن = standardization، دارماڵکاردن لەگەڵ ئاستی پێوانەدا، نەهێشتنی بەرزونزمی و گەیاندنی بابەت بەو ئاستەی کراوەتە پێوەر. هاوئاستکردن لەگەڵ ستانداردا. بۆ ڕێکار بەرانبەر standard، بڕوانە لیستی زاراوەکانی کۆڕ لە «زاراوەسازیی پێوانە»دا، www.mamosta.net.

[226] هەموارسازی = normalization، هەموارکردنی دیاردە و بابەت بە جۆرێک لەگەڵ باری ئاساییدا بگونجێت.

[227] وێکهاتە = collocation، دیاردەی زۆر بەیەکەوەهاتنی وشە لە زماندا، وەک resounding success و crying shame لە ئینگلیزیدا و «کارەساتی دڵتەزێن» لە کوردیدا.

[228] ئاوارتە = exceptional، نائاسایی

**کێشە و چارەدۆزی**

تەرجەمەکردن وەک بوارێکی کردەکی، داوا لە تەرجومان دەکات سەرنجگیری یەک یان چەند ڕووکارێکی تەرجەمەکە بێت و ئەم سەرنجگیرییە جێی وردبوونەوەیە لە تەرجەمەناسیدا. تۆژەران Reiss & Vermeer دەڵێن:

*«گەر تەرجومان جەختی لەسەر یەک ڕووکاری تێکست بێت، ناچار دەبێت ڕووکارەکانی دیکە وێڵ بکات. لەبەر ئەوە سەیر نییە زۆر جار تەرجەمەکردن بە «کارێکی شێواو» و قوربانیخواز بزانرێت».* (Reiss & Vermeer 2014:38)

هەر لەوێشدا، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست لە دژواریی کاری تەرجەمە و سەرنجگیریی ڕووکار، Reiss & Vermeer ئاماژە بە لیستی نووسەرانی دیکە دەکەن کە بریتییە لە دوازدە دژوەستانی دەکرێنە پێوەر بۆ تەرجەمەی «باش»:

1. *تەرجەمە دەبێت ڕەنگدانەوەی وشەکانی سەرشارەکە بێت.*
2. *تەرجەمە دەبێت ڕەنگدانەوەی بیرۆکەکانی سەرشارەکە بێت.*
3. *تەرجەمە دەبێت وەک بەرهەمە سەرشارەکە بخوێندرێتەوە.*
4. *تەرجەمە دەبێت وەک تەرجەمە بخوێندرێتەوە.*
5. *تەرجەمە دەبێت ڕەنگدانەوەی شێوازی سەرشارەکە بێت.*
6. *تەرجەمە دەبێت ڕەنگدانەوەی شێوازی تەرجومانەکەی بێت.*
7. *تەرجەمە دەبێت وەک سەردەمی سەرشارەکە بخوێندرێتەوە.*
8. *تەرجەمە دەبێت وەک سەردەمی تەرجومانەکەی بخوێندرێتەوە.*
9. *تەرجەمە بۆی هەیە زیادوکەمی لەتەک سەرشارەکە بکات.*
10. *تەرجەمە بۆی نییە زیادوکەمی لەتەک سەرشارەکە بکات.*
11. *تەرجەمەی هۆنراوە دەبێت بە پەخشان بێت.*
12. *تەرجەمەی هۆنراوە دەبێت بە هۆنراوە بێت.*

ئاشکرایە کە تەرجەمەکردن کارێکی پڕکێشەیە و تەرجومان دەبێت هەردەم و لەگوێرەی کێشە، خەریکی چارەدۆزی بێت و چارەدۆزییش هونەرکاریی خۆی هەیە. بۆ ڕاڤەکردنی جۆرەکانی چارەدۆزی، Pym، بۆچوونی بیردۆزانی Vinay & Darbelnet ڕاڤە دەکات کە دەڵێن تەرجومان دەتوانێت لەڕێی یەک لەم چارەدۆزییانە تێبکۆشێت بۆ داڕشتنی باشترین بەرهەم: قەرز و هاوردەکردنی وشە و دەستەواژە لە زمانی سەرشارەوە، تەرجەمەی وشەبین، جێگۆڕکێی ڕێزمانەکی، دەستوەردان بۆ گونجاندن لەتەک گوتاری جۆراوجۆردا و ئەوجا دوو

چارەدۆزیی دیکەی سەربە کۆککردنی فەرهەنگی: یەکەم هاودەنگی،[229] کە دەکاتەوە هاوتاکردن، وەک تەرازکردنی پەند و ئاماژەی فەرهەنگی. دووهەم سازاندن،[230] کە دەکاتە ئاماژەدان بە دیاردەیەکی دیکە لە فەرهەنگی ئارمانجدا کە نێزیک بێت لە دیاردەیەکی نێو فەرهەنگی سەرشار. لەوەش بترازێت وردە دەستتێوەردانی دیکەش هەیە دەبنە یاریدەر، بۆ نموونە: (Pym 2014:14)

- تێدان:[231] فرەواندن، زیادکردنی وشە بۆ پڕکردنەوەی مەبەست.
- تێبردن:[232] پێچەوانەی تێدان و فرەواندن، کەمکردنەوەی وشە.
- پاتەوپاتکاری: زیادکردنی وشە، یان دەستکاریکردنی وشە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنی شاراوە لە تێکستدا. بۆ نموونە زیادکردنی پێشگری «خا» یان وشەی «خاتوو» لە تێکستی ئارمانجدا بۆ پێشاندانی زایەندی کەسی بەرباس گەر ناوەکە خۆی یان ئاماژەی دیکەی نێو تێکستی سەرشار پێشانی نەدات.
- نێوتۆژکاری: پێچەوانەی پاتەوپاتکاری، تێبردنی وشە و ئاماژەی وەها کە پێویست نەبن چونکە لە تێکست و فەرهەنگی ئارمانجدا مەبەستەکە ئاشکرایە.
- گشتاندن:[233] تەرجەمەکردنی چەمکێکی تایبەت بە چەمکێکی گشتی، بۆ نموونە بەکارهێنانی چەمکی «مرۆڤ» بەرانبەر man ی سوێدی چونکە لە سوێدیدا man هەم بە واتای «پیاو» دێت، هەم بە واتای گشتیی «مرۆڤ».
- تایبەتاندن:[234] پێچەوانەی گشتاندن، بەکارهێنانی چەمکی تایبەت لەبری چەمکی گشتی.

لە چێوەی کێشەی تەرجەمەدا دیاریکردنی واتا سەنگی خۆی هەیە. تێکست هەیە جگە لە واتای ئاشکرای وشە و ڕستە، واتای پەردەپۆش، واتای نێودێڕ و پشتە تێکستیشی هەیە. تەرجومانی وردەکار دەبێت هەم پەی بەرێت بەم لایەنە پەنهانەی واتا و هەم توانای گواستنەوەیشی هەبێت بۆ تێکستی ئارمانج.

تۆژەران Ying Cui و Yanli Zhao، لە گوتاری Implicature and presupposition in translation and interpreting ی نێو کۆگوتاری *Routledge handbook of translation studies and linguistics* دا، ئەم مژارەی گواستنەوەی واتای پەنهانە بە واتای «زێدە-تێکستبار»[235] ناودێر دەکەن و بەم جۆرە ڕاڤەی دەکەن: (Malmkjær 2018:207 & 217)

---

[229] هاودەنگی = correspondence، گۆڕینی پەند و ئاماژەی سەرشار بە پەند و ئاماژەی وەها لە فەرهەنگی ئارمانجدا باوی هەبێت.

[230] سازاندن: adaptation، سازکردنی بابەتێک لەتەک بابەتێکی یان لایەنێکی دیکە.

[231] تێدان = amplification، گەورەکردن، ڕاهێزان، زیادکردنی وشە.

[232] تێبردن = reduction، کەمکردنەوە، لابردنی وشە.

[233] گشتاندن = generalization، بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی گشتی

[234] تایبەتاندن = particularization، بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی تایبەتی وردبین

[235] زێدە-تێکستبار = extra-textual، واتای زێدە-تێکستبار ئەو مەبەستەیە کە لە تێکستەکەدا بە شێوەیەکی نێوتۆژ بوونی پەنهانی هەیە نەک ئاشکرا و ڕوون. لایەنی پشت-تێکست.

ئەم واتا «زێدە-تێکستبار»ە زۆر جار لەڕێی دوو دەستاوێژی نێوتۆژکە[236] implicature و بەرەگریمانە presupposition ـەوە لە تێکستی سەرشارەوە دەگوێزرێنەوە تێکستی ئارمانج. نێوتۆژکە ئەو مەبەستەیە کە بەردەرکە بەڵام لە تێکستەکەدا نایەتە گوتن، ڕاشکاوانە نایەتە دەربڕین، بەڵام تارمایی هەیە لەنێو ڕستەگەلی تێکستەکەدا. نێوتۆژکە دوو جۆری هەیە «نێوتۆژکەی باو»[237] و «نێوتۆژکەی گفتوگۆبار».[238]

بەرەگریمانەتییش هاوبەندی نێوتۆژکەیە چونکە گریمانەی پێش گوتن و دەربڕینە، پێش خویابوونی ئاشکرایە لە تێکستەکەدا، بەڵگەی پاتەوپاتی لە تێکستەکدا نییە. ئەم دوو چەمکە هەڤبەندە، لەبەر ئەوەی پەیوەستن بە واتای گوتەی زمانەکییەوە، نێوتۆژکەی باو هەڤبەندی بەرەگریمانی سەمانتیکانەیە و نێوتۆژکەی گفتوگۆبار هەڤبەندی بەرەگریمانی پراگماتیکانەیە. تەرجومان بەدەم شرۆڤەکاریی تێکستەوە، دەبێت سەرنجگیری ئەم دوو دیاردەیەی نێوتۆژکە و بەرەگریمانە بن بەمەبەستی باشتر پەیبردن بە واتای تێکستی سەرشار و گواستنەوەی واتای نێوتۆژکە و بەرەگریمانە بۆ تێکستی ئارمانج.

دەرک و گواستنەوەی نێوتۆژکە و بەرەگریمانە لە تەرجەمەدا ئەرکێکی گرینگن بەڵام ئاسان نین. بۆ گواستنەوەی نێوتۆژکە، تەرجومان دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ واتای نێوتۆژی سەربە وشەمەنی، واتای وەهای کە دەشێت لە ڕووکاری وشەسازی و ڕستەسازییەوە نێوتۆژ کرابێت. بەڵام تەرجەمەکردن جگە لە وشەسازی و ڕستەسازی لایەنی دیکەی وەک جڤاکی، فەرهەنگی و تەنانەت دەروونناسییش هاوئامێز دەکات، لەبەر ئەوە تەرجومان بۆ گواستنەوەی نێوتۆژکە ناچارە ڕووکاری دیکەش بەهەند بگرێت نەک تەنها واتای سەربە وشەمەنی و بنەمای ڕاگەیەن. کەلێنی فەرهەنگیی وەها کە پەیوەستی وشە و دەستەواژەیە دەبێت لەڕێی پتر ڕوونکردنەوە و تێدانەوە چارە بکرێت دەنا لای ئاپۆرەی ئارمانج بەردەرک نابێت.

---

[236] نێوتۆژکە = implicature، واتای مەیلەو پەنهان لە تێکستدا. مەبەستی شاراوە کە وشە و ڕستەی تێکست ڕاشکاوانە پێشانی نادەن.

[237] نێوتۆژکەی باو = conventional implicature، «نێوتۆژکە»یەکە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی باوی بەکارهێنانی زمان، نەک بەستێن و بۆچوونی ئاخێوەر. کاتێک دەڵێیت «ئەوە ئاش (خواردن) ـێکی ئینگلیزانە، بەڵام خۆشە» واتایەکی دیکەی هەیە لە تێکستەکەدا نەنووسراوە، وشەپۆش نییە، لێ ئەو «بەڵام»ـە لەو دەربڕینەدا – لە گوێرەی بەکارهێنانی باوی زمان – پێمان دەڵێت کە «بەگشتی ئاشی ئینگلیز خۆش نییە». کاتێک دەڵێیت «ئەمەیە پیتزا، تەنانەت ئازادیش دەیخوات»، جگە لەوەی دەڵێت «پیتزایەکی خۆشە»، ئەو «تەنانەت»ـەی دەستەواژەکە پێمان دەڵێت «ئازاد پیتزای لا خۆش نییە، پیتزا ناخوات». ئەمانە نێوتۆژێکن زادەی بەکارهێنانی باوی زمان.

سەرچاوە: https://www.polyu.edu.hk/cbs/sjpolit/Classes/CBS3950/TypesDiagnostics

[238] نێوتۆژکەی گفتوگۆبار = conversational implicature، نێوتۆژکەیەکە:

1. ئاخێوەر لە دەربڕینەکەدا ئاماژەی پێ دەدات
2. بەشێکە لە ماکی دەربڕینەکە، بەڵام
3. بەشدار نییە لە دەربڕینی پاتەوپاتی ڕاستەوخۆ و هەروەها
4. کۆدرێژ نەکراوە بەو واتا زمانەکییەی لە دەربڕینەکەدا هەیە

نموونە، پرسیارێک دەڵێت: «چۆکلادێکت نییە؟» وەڵام: «من شیرینی ناخۆم». بەڵام مەبەستی وەڵامەکە باسێکی دیکەیە: «نا، چۆکلادم نییە». ئەمە نێوتۆژکەی سەربە گفتوگۆیە، گفتوگۆبارە.

سەرچاوە: https://doi.org/10.1093/acrefore/9780199384655.013.205

دەرککردن و گواستنەوەی بەرەگریمانە دژوارتریشە لە نێوتۆژکە چونکە تەرجومان جگە لە پەیبردن بە بەرەگریمانەی نێو تێکستی سەرشار دەبێت دەرکیشی هەبێت بۆ ئەو بەشەی بەرەگریمانەتی کە گونجاوی تەرجەمەیە. تەرجومان، بەدەم شرۆڤەی تێکستی سەرشارەوە، ناچارە خەریکی هەڵوەشاندنی بەرەگریمانە بێت بۆ ئەوەی پاشان تێهەڵکێشی تەرجەمەکەی بکات. ئەوجا دوو نەرینی جودایش هەیە لە بەرەگریمانەتی: نەرینی سەمانتیکانە لە بەرەگریمانەتی کە دەڵێت بەرەگریمانەتی بریتییە لە هەڤبەندیی لۆژیکانەی نێو ڕستەکانی تێکست. دووهەم نەرینی پراگماتیکانە کە هۆکاری بەستێنبەند ڕەچاو دەگرێت.

جیاوازیی نێوان ئەم دوو نەرینە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی بنەڕەتیی واتاناسی semantics و دەکارناسی pragmatics کە دوو شارێی جیاوازیان هەیە:

- یەکەم، واتاناسی پەرۆشی واتای باوی زمانە، دەکارناسی جەختی لەسەر بەکارهێنانی زمانە، لەسەر نێوتۆژی گفتوگۆیە.
- دووهەم، واتاناسی سێرەی لەسەر واتای تێکستە، بەڵام دەکارناسی پەرۆشی بەستێنی دەکارهێنانەکەیە، بە هەڵوێست و خولیای بەشداربووانی ئەو تێکستەیشەوە.

**چوار ڕووکاری بنەڕەتیی تەرجەمە**

مرۆڤ، بە دیدی Ingo ی تۆژەر، کاتێک لە دونیای بیردۆزەکییەوە دەرباز دەبێت بۆ بواری کردار، بۆ ڕووبەری زمانەکیی بەرهەست،[239] سوود لە ڕوانگەی زمانەوانی-پراگماتیک دەبینێت. ڕاستە ئێمە تووشی چەندین بەستێن، هەڵبەستە و باری جۆراوجۆری دۆخەکی دەبین، بەڵام لە ئاستی زمانەکیدا تەنها چوار ڕووکار پەیدا دەبن، لێرەدا بە کورتی باسیان دێت.

لەو شاکارەی *«هونەری تەرجەمەکردن: پراکتیک و دیداکتیکی تەرجەمەکردن» Konsten att översätta: översättandets praktik och didaktik* ـدا Ingo دەڵێت گشت پێکهاتەیەکی واتادار لە تێکستدا، هەم شێوەیەکی تایبەتی هەیە و هەم واتایەکی دیاریکراو. بە کردەوە، تەرجومان دەبێت زاڵ بێت بەسەر دوو لایەندا: یەکەم، سیستەمی هەردوو زمانی سەرشار و ئارمانج، ساختاری هەم ڕێزمان و هەم سەمانتیکی هەردوو لا. دووهەم: چۆنەتیی چەرخاندنی ئەم دوو سیستەمە لە دۆخی هەم زمانەکی و هەم فەرهەنگیدا. بەم جۆرە چوار ڕووکاری بنەڕەتی لە تەرجەمەکردن خویا دەبن: ساختار، چەشنەزار،[240] سەمانتیک و پراگماتیک.

گەر ئەم باسە لە هێڵکارییەکی سانادا داڕێژین ئەوا دوو تەوەرمان دەبێت: تەوەرێکی ئاسۆباری[241] سیستەم-دۆخ و تەوەرێکی ستوونباری[242] شێوە-واتا. دوو ڕووکارەکەی سەروو تەوەری ئاسۆباری سیستەم-دۆخ سەربە لایەنی شێوەی زمانە. دوو ڕووکارەکەی دیکەی دەکەونە ژێر ئەو هێڵە، باسیان لە نێوەڕۆکی زمانەکەیە. لایەنی چەپی تەوەری ستوونبار (شێوە-واتا) باسیان لە ساختار و سەمانتیکە، ئەویان باسی لە شێوەی سیستەمبەندی زمانەکەیە

---

[239] بەرهەست = concrete، بەرهەستاندن = concretizing. بۆ پێچەوانەی بەرهەست بڕوانە دەرهەست بۆ abstract

[240] چەشنەزار = language variety، جۆر و شێوازی زمان، شێوەزار، لازار، بنزار، کەسەزار... هتد.

[241] ئاسۆبار = horizontal، ئاسۆیی

[242] ستوونبار = vertical، ستوونی

و ئەمیان باسی لە نێوەڕۆک (واتا)ی سیستەمبەندی ئەو زمانەیە، واتا جەختیان لەسەر سیستەمی شێواز و نێوەڕۆکی زمانە. دوو ڕووکارەکەی لای ڕاستی تەوەر، چەشنەزار و پراگماتیکن، ئەویان باسی لە شێوەی دۆخبەندی زمانەکەیە و ئەمیان خەریکی نێوەڕۆکی دۆخبەندە، واتا هەردووکیان جەختیان لەسەر ئەو شێواز و نێوەڕۆکەی زمانە کە لە دۆخ و بەستێنی تایبەتدا بەکردەوە دێتە چەرخاندن. (Ingo 2007:21)




هێڵکاریی Ingo بۆ چوار ڕووکارە بنەڕەتییەکەی تەرجەمەکردن
Ingo, *Konsten att översätta: översättandets praktik och didaktik* 2007

- ڕووکاری ساختار (ساختاری ڕێزمانەکی)
- ڕووکاری چەشنەزار (شێوازی زمان)
- ڕووکاری سەمانتیک
- ڕووکاری پراگماتیک

**ڕووکاری ساختار**

تەرجومان تایبەتمەندیی ساختارەکیی هەردوو زمان ڕەچاو دەگرێت بەڵام لە داڕشتنەکەی خۆیدا هەلومەرجی زمانی ئارمانج پەیڕەو دەکات. ڕستەسازیی هەر زمانێک ڕێساگەلی خۆی هەیە داوای ڕەچاوگرتنی تایبەت دەکەن، داڕشتنی شاڕستە و پاڕستە، ئایاندن[243] و نایاندن،[244] تێپەڕ و تێنەپەڕ، کارادیار و کارابزر... لە زمانێکەوە بۆ زمانێک جیاوازییان هەیە. کوردی تاک و کۆی هەیە، عەرەبی تاک، دووان و کۆی هەیە. کوردیی نێوەند (ئەوەی لەسەر زاران بە سۆرانی ڕۆیشتووە) بەگشتی و بە چاوپۆشین لە چەند دۆخێکی تایبەت، تاکزایەندە، کوردیی باکوور (کرمانجی) و عەرەبی دووزایەندە و زمانیش هەیە، وەک سوێدی، پێوەری دیکەی هەیە لەبری زایەند (نێرومێ) بۆ پۆلێنی وشە.

زمان هەیە ڕێسای سەختی هەیە بۆ گەردانی کار، بەرکار، ڕەنگدێر (ئاوەڵناو) و ئاوەڵکار... وەک کوردی، هەیشە ڕێساکانی ئەو بوارەی ئاسانترە، وەک ئینگلیزی و سوێدی. کار لە ئینگلیزیدا پێنج شێوەی هەیە: do, does, doing, did, done، کار لە کوردیدا - گەر زۆر ساکارانە تەماشای بکەین - دەمی ڕابوردوو بە لابردنی «ن»ی کۆتای چاوگ دەکاتە سەرشار و ئەوجا گەردانی ئەو شێوە بنەڕەتییە بەرتاوی چەند هۆکارێکە، وەک:

- دەم (کات)
- فۆنێمی کۆتای وشە دەنگدارە یان دەنگدێر (کۆنسونانتە یان ڤۆکال)
- جۆری کار: تێپەڕ و تێنەپەڕ
- جۆری کارا: تاک و کۆ، کەسی یەکەم و دووهەم و سێهەم،
- کارادیار و کارابزر
- جۆری بەرکار و... هتد.

لەم خشتەتەی خوارەوەدا تەنها چەند شێوەیەکی گەردانی کار - نەک هەموو شێوەکان - لە چاوگی «نووسین» بەگوێرەی دەم و جۆری کارا پێشان دەدات. لەو چەند شێوەیە بترازێت ئەوجا هەلومەرجی وشەسازی و ڕستەسازییش کاری خۆی دەکات، بۆ نموونە: هاتن، بۆ ڕابوردوو و ڕابوردووی تەواو دەبنە هاتم، هاتیت و هاتن،

---

[243] ئایاندن = affirmation، ئایەتی، ئایاو = positive، بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»*، www.mamosta.net

[244] نایاندن = negation، نایاندنی نایاندن = Negation of negation، نایەتی، نایاو = negative، بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»*، www.mamosta.net

بەڵام بۆ داهاتوو دەبێتە دێم، دێیت، دێت... ویستمان بنووسین - ویستمان بیاننووسین (بەرکاری تاک و کۆ). نایاندنیش مەرجی خۆی هەیە: نەتنووسی/نەت-نووسی، نەماننووسین/نەمان-نووسین... تاوی شێوەزار و بنزاریش بەجێی خۆی، گەرمیانی - بە هەمان دەستووری نووسی/نووسیم/نووسیمان - لەبری «چووین» و «هاتین» دەڵێت «چوومان» و «هاتمان»...[245]

| Kesî yekemî tak (min) | Kesî dûhemî tak (to) | Kesî sêhemî tak (ew) | Kesî yekemî ko (ême) | Kesî dûhemî ko (êwe) | Kesî sêhemî ko (ewan) |
|---|---|---|---|---|---|
| Nûsî-m | Nûsî-t | Nûsî | Nûsî-man | Nûsî-tan | Nûsî-yan |
| Nûsî-wme | Nûsî-wte | Nûsî-wyetî | Nûsî-wmane | Nûsî-wtane | Nûsî-wyane |
| De-nûs-im | De-nûsî-t | De-nûs-êt | De-nûsî-n | De-nûs-in | De-nûs-in |
| Dem-nûsî | Det-nûsî | Dey-nûsî | Deman-nûsî | Detan-nûsî | Deyan-nûsî |
| Dey-nûs-im | Dey-nûsî-t | Dey-nûs-êt | Dey-nûsî-n | Dey-nûs-in | Dey-nûs-in |

خاڵبەندی گەرچی خەتوخاڵی گشتیی هەیە، بۆ نموونە کۆما بۆ کورتەپشووە، سێمیکۆلۆن بۆ ڕاگرتنی هەڤبەندیی «هۆکار-هۆکرد»،[246] بۆ پێشاندانی پاشخانە. خاڵ کۆتا بە ڕستە دەهێنێت، جووتخاڵ بۆ پێش ڕاگواستە دێت و... هتد بەڵام دیسان کە دێتە سەر وردەکاری، هەر زمانەو ڕێوڕەسمی خۆی هەیە: سەیری بەکارهێنانی پرسەک (نیشانەی پرسیار) بکە لە تێکستی سپانیدا چۆن دەبنە دوو پرسەک، یەکیان لە سەرەتای پرسیاردا سەروبن دەنووسرێت و ئەوەی دیکەیان لە کۆتای پرسیاردا بە شێوەی ئاسایی. بەکارهێنانی کەوانە (...) و جووتکەوانە «...» مایەی سەرنجی تایبەتە، کەوانە بۆ پتر ڕوونکردنەوەیە، بەشێکی سەرەکی نییە لە ڕستەکە، ئەمە جودایە لە جووتکەوانە کە بۆ دیاریکردنی چەمک و ڕاگواستەیە، داوای سەرنجگیریی تایبەت دەکات. جۆرەکانی دیکەی کەوانەش لە بواری خۆیاندا کارکردی دیاریکراویان هەیە، بۆ وێنە: ڕاستکەوانە [...]، باڵکەوانە {...} و تیژکەوانە <...>.

تەرجەمە لە زمانێکەوە ئەلفبێیەکی جیاواز بەکار بهێنێت، بۆ نموونە لە ئەلفبێی لاتینییەوە بۆ ئەم کوردییەی ئەلفبێی ئارامی، تووشی دۆزی تایبەت دەبێت. ناوی کۆک چۆن دەنووسیت، بە کام ئەلفبێ، گەر ئەلفبێی ئارامیت هەڵبژارد وشەکە ڕەنگدانەوەی چی دەبێت، ڕەنگدانەوەی شێوازی گۆکردنی ناوەکەیە یان ڕەنگدانەوەی پیتەکانی ناوەکەیە بە زمانەکەی خۆی، زمانەکەی خۆی لێرەدا کامەیە، ئەو زمانەیە تۆ تێکستەکەی تەرجەمە دەکەیت

[245] بۆ خوێندنەوەیەکی ورد دەربارەی کار و بەشەکانی دیکەی زمانی کوردی، بڕوانە: کتێبی *«ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی - بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی»*. کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا 1976. بۆ بەشی کار، بڕوانە لاپەڕە 92-267.

[246] هۆکار-هۆکرد = cause and effect، هۆکار و ئەنجام.

یان ئەو زمانەیە ناوەکەی لە بنەڕەتدا هەیە؟ وەڵاتی نەمسا/ئاوستریا/ئۆتریش بە ئەڵمانی دەبێتە Österreich (بریتییە لە ڕۆژهەڵات Öster + ستان reich) بە ئینگلیزی پێی دەگوترێت Austria، لەو سێ ناوە کوردییە کام جێگیر بێت باشە؟ شاری Göteborg دووهەم گەورەشاری وەڵاتی سوێدە، بە ئینگلیزی دەکرێتە Gothenburg، تۆ بەم ئەلفبێیە چی لێ دەکەیت؟

ئەم باسە جگە لە ناوی کۆک، وشە و چەمکی دیکەش دەگرێتەوە کە وەک خۆیان دێنە کوردییەوە: paradigm, dialogue, dynamic بە پارادایم، دایەلۆگ و داینەمیک، بنووسین باشە یان بە پارادیگم، دیالۆگ و دینامیک؟ بۆچی؟ ئایا مەرجە دوای گۆکردنی ئینگلیزی بکەوین یان ڕەنگدانەوەی پیتەکانی وشەکە پتر خۆشدەستە؟ ئایا زمانی کوردی ڕێسای دیاریکراوی ڕوونی جێکەوتووی خۆی هەیە نووسەر و تەرجومان پەیڕەوییان بکەن یان هەر کەس ئازادە و بە خواستی خۆی دەکات؟

ئەم خاڵی ڕەنگدانەوەی ناو یان چەمک تەنانەت لە تەرجەمەی تێکستی هاوئەلفبێشدا دێتە ڕێ. کاتێک ئەو پەیڤە پیت یان فۆنێمی وەهای هەبێت لەم کوردییەدا بەرانبەری ڕاستەخۆمان لێیان بێت، بۆ نموونە ناوی عەرەبیی وەها کە ذ، ط، ص، ض، ظ... ی هەبێت. لەتەک «سەرەکۆ»دا[247] چۆن ڕەفتار بکەین؟ سەرەکۆ سەربە زمانی سەرشارە و لە تەرجەمەدا دەبێت بڕیارێکمان لێی هەبێت. سەرەکۆ هەیە هەر پیتاوپیت دەخوێندرێتەوە، وەک USA بۆ «یەکیەتیی کۆمارگەلی ئەمەریکا»، هەیشە دەکرێتە وشە، وەک Unicef کە بریتییە لە سەرەکۆی United Nations International Children's Emergency Fund. زمانی خاوەن کەسانی پەرۆش ڕێوڕەسمی تایبەتی هەیە بۆ وردەکاریی لەم بابەتە.

لایەنێکی دیکەی کێشەدار لە تەرجەمەدا بریتییە لە هەڵسوکەوت لەتەک «ڕەوانبێژی»دا،[248] بەتایبەتی دیاردەی وەها کە چەمکی مێتافۆرانەی هەیە. بۆ نموونەی لەم بابەتە، Stålhammar ی تۆژەر ئاماژە بە *roadmap* ی ئینگلیزی دەکات کە زووتر، لە زمانی ئینگلیزیدا، لە بواری پیشەسازیدا وەک مێتافۆرێک بۆ «پلانی کار» هاتۆتە کایەوە، بەڵام لە سوێدیدا، بە تەرجەمەی «وشەبین»، چەمکی «نەخشەڕێ»ی بۆ سەلمێنرا، کە ناجۆرە و چەمکێکی وەک: «کارنامە»ی بۆ باشترە چونکە باسی لە پلانی کارە نەک نەخشەی ڕێگەوبان بۆ گەشتیاران (Stålhammar 2015:85). هەڵبەت ئەم نالەبارییەش «نەخشەڕێ»ی کوردیش دەگرێتەوە.

---

[247] سەرەکۆ = Acronym کۆی یەکەم پیتی وشەگەلی دەستەواژەیەکە بۆ پێکهێنانی کورتکراوەیەکی تایبەت، بۆ نموونە سەرەکۆی PKK کۆکردنەوەی یەکەم سێ پیتی: «پارتی کرێکارانی کوردستان» ـە.

[248] ڕەوانبێژی = Rhetoric، هونەری ڕەداهێنان = persuasion (قایلکردن). ڕەوانبێژی لەتەک ڕێزمان و لۆژیکدا دەبنە سێکۆچکەی دێرینی هونەری ئاخافتن. پەرۆشی پەیدۆزییە لە هونەری ئاخێوەر و نووسەر پیادەی دەکات بۆ گەیاندنی ئاگاداری، بۆ بەڵگەکاری و بۆ وەدەستهێنانی سەلماندنی ئاپۆرەیەکی دیاریکراو لە دۆخێکی تایبەتدا. لە ڕۆمای کەڤناردا، پێنج هەنگاوی ڕەوانبێژی دیاری کران بۆ گوتاری ڕەداهێن (ڕەداهێن = persuasive، قایلکەر، ڕازیکەر):

1) داهێنان invention – پێڤاژۆی داڕشتنی بەڵگەوبەندی پێویست
2) ڕێکخستن arrangement – ڕێکخستنی ئەو بەڵگەوبەندانە بە شێوەیەک باشترین تاوی هەبێت
3) شێواز style – بڕیادان لە شێوازی پێشکەشکردنی ئەو بەڵگەوبەندانە
4) بیرچەسپێن memory – پێڤاژۆی فێربوون و بیرچەسپاندنی ئەو گوتار و پەیامە ڕەداهێنە
5) گەیاندن delivery – تۆنی دەنگ، زمانی جەستە و ڕەوتی ئاخافتن لە پێشکەشکردنی ئەو گوتارە ڕەداهێنە.

هەر لە بواری ڕەوانبێژیدا، جگە لە میتافۆر، هونەری دیکەش هەن، لە تەرجەمەدا دەبنە مایەی دژواری، بۆ نموونە:

- هاوسەرەتا = alliteration، دوو یان چەند وشەیەکی خاوەن هەمان دەنگ یان فۆنێمی سەرەتا، وەک: هاودەنگ - هاودەرد.
- دەنگاهەنگ = assonance، هاوئاهەنگیی دوو یان چەن وشەیەک لە دەنگێکی دەنگدێر (بزوێن): بۆر، زۆر، شۆر یان دەنگێکی دەنگدار (کۆنسونانت): بەرزۆ، هەرزە، باز، یان هەردووک، هەم دەنگدێر و هەم دەنگدار: هار، مار، ژار.
- هاوگۆ = homophone، وشەی وەهای گۆکردنیان وێکچووە بەڵام هەم پیتنووس و هەم واتایان جودایە: too, two
- هاوڕەنگ = homonym، وشەی خاوەن هەمان ڕەنگی دەربڕین، هەمان گۆکردن و زۆر جاریش هەمان پیتنووس، بەڵام خاوەن واتای جیاواز، وەک: کار (ی کارکردن، کردار) و کار (ی کارژۆڵە، بەچکەی بزن).

بەگشتی ساختاری زمانی ئارمانج: ڕێزمان، ڕێنووس،[249] وشەسازی[250] و ڕستەسازی[251] داوای سەرنجگیری دەکات.

بۆ وردبوونەوە لە ڕووکاری ساختار تەماشا ئەم نموونەیە: George Rawlinson لە ساڵانی 70–1860 دا شابەرهەمێکی هەفت بەرگی دەنووسێت بە ناوی *The Seven Great Monarchies of The Ancient Eastern World*، باس لە میرییەکانی ئەو زەمانەی وەڵاتی ئێمە و دەوروبەرمان دەکات، بەرگەکان بەڕیز وەها زنجیرە دەبەستن: کلدۆ (کلدان) Chaldaea، ئاشوور Assyria، ماد Media، بابل Babylon، فارس Persia، پارت (پارث) Parthia و ساسان Sassanian. بەرگی سێهەمیان کە تەرخانە بۆ مادەکان، لە لایەن هاشم کەرەمی-یەوە، بە ناوی «*مێژووی ماد*» لە ئینگلیزییەوە تەرجەمەی کوردی دەکرێت و «دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان» Jamal Erfan Cultural Foundation لە سولەیمانی ساڵی 2019 چاپی دەکات. لێرەدا ئەم چەند دێڕە لە تەرجەمە کوردییەکە دێنە بەرباس.

> *The other Median cities, whose position can be determined with an approach to certainty, were in the western portion of the country, in the range of Zagros, or in the fertile tract between that range and the desert. The most important of these are Bagistan, Adrapan, Concobar, and Aspadan.*
>
> *Bagistan is described by Isidore as a "city situated on a hill, where there was a pillar and a statue of Semiramis." Diodorus has an account of the arrival of Semiramis at the place, of her establishing a royal park or paradise in the plain*

---

[249] ڕێنووس = orthography

[250] وشەسازی = morphology

[251] ڕستەسازی = syntax

*below the mountain, which was watered by an abundant spring, of her smoothing the face of the rock where it descended precipitously upon the low ground, and of her carving on the surface thus obtained her own effigy, with an inscription in Assyrian characters. The position assigned to Bagistan by both writers, and the description of Diodorus, identify the place beyond a doubt with the now famous Behistun, where the plain, the fountain, the precipitous rock, and the scarped surface are still to be seen, through the supposed figure of Semiramis, her pillar, and her inscription have disappeared.* (Rawlinson 2011:25)

*شارەکانی ماد کە شوێنەکەیان بەتەواوی دیارە، دەکەونە بەشی خۆراتاوای وڵات و هێڵی زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس یان ناوچەی بەپیتی نێوان ئەو مەودایە و بیابان، گرنگترینی ئەم شارانە بریتین لە: باغستان، ئارپادان، کۆنکۆبار، ئەسپادان.*

*ئیزیدۆر شاری باغستانی بەم شێوەیە باس کردووە: «ئەم شارە لەسەر تەپۆلکەیەکە کە ستوون و پەیکەرێکی سەمیرامیس لەوێدایە». تیۆدۆر لەسەر گەیشتنی سەمیرامیس بۆ شوێنەکە و دامەزراندنی باخ یان پارکێکی پاشایی لە دەشتی پێی کێوەکەیشدا، باسی کردووە. ئەو دەڵێت ئەو باخە بە کانیاوگەلێکی زۆرەوە ئاودێری کراوە. هەروەها باسی سافبوونی گابەردی پەیکەرەکە و دەرکەوتنی پێچاوپێچی جوانی لەشی سەمیرامیس دەکات کە بە داتاشین دەرکەوتووە و نووسراوێک لەسەر کەسایەتییە ئاشوورییەکانیشی پێوە هەبووە. هەردوو نووسەر، شوێنی شاری باغستانیان دیاری کردووە و لەسەر بنەمای قسەکانی تیۆدۆریش؛ شوێنی ئەم شارە بێگومان لە شوێنی شاری بەناوبانگی بێستوونی ئێستادا بووە کە دەشت، کانیاو، گابەرد و لێژاییە تیژەکەی هێشتا دیارە، ئەگەرچی پەیکەری سەمیرامیس، ستوون و نووسراوەکەی دیار نەماون.* (ڕاولینسۆن 2019:43)

وێڕای دەستخۆشییەکی گەرم لە تەرجومان و لە وەشانخانەی شکۆمەند بۆ ئەم کارە بەرزە و هیوای تەرجەمەکردنی هەر هەفت بەرگەکە لە یەک بەرگی سەرلەبەردا، دێمە لای چەند وردەکارییەکی بچووک بەمەبەستی ئاماژەدان بە یەک دوو کێشەی تەرجەمەکردن.

لە دێڕی یەکەمدا، سەرنج بدە چۆن گلانی وشەی *other* لە دەستەواژەی *The other Median cities* دا، کە دەشێت هەڵەی تایپ و چاپ بێت، کاری لە واتای تێکستەکە کردووە. «شارەکانی ماد» هەموو شارەکانی ماد دەگرێتەوە نەک «ئەوانەی دیکە»ی لە تێکستی زووتردا باسیان هاتووە.

پاشان تێکستی سەرشار دەڵێت:

*of her smoothing the face of the rock where it descended precipitously upon the low ground,*

لە کوردییەکەدا بووەتە: *«سافبوونی گابەردی پەیکەرەکە»* - ئەمیان جگە لەوەی بەشێکی تێکستی سەرشاری تێبردووە، *her smoothing* بە *«سافبوون»* تەرجەمە کردووە کە هەم ئاماژەی بۆ کارا تێدا بزرە و هەم کاری تێپەڕی گۆڕیوە بە تێنەپەڕ و بەوەش مەبەست لێڵ دەبێت چونکە نازانین کێ ئەم بەردەی ساف کردووە. جگە لەوە:

*and of her carving on the surface thus obtained her own effigy, with an inscription in Assyrian characters.*

لە کوردییەکەدا بووەتە:

*... و دەرکەوتنی پێچاوپێچی جوانی لەشی سەمیرامیس دەکات کە بە داتاشین دەرکەوتووە و نووسراوێک لەسەر کەسایەتییە ئاشوورییەکانیشی پێوە هەبووە.*

لێرەدا بەدەر لەوەی «*پێچاوپێچی جوانی لەشی سەمیرامیس*» ڕێک نایەت لەگەڵ تێکستەکەدا، کێشەی وشەی «فرەواتا» - کە لەم کتێبەدا دێتە بەرباس - خویا دەبێت. تەماشا وشەی *characters* ی نێو *with an inscription in Assyrian characters* چۆن لەبری پیت، هێما و نیشانە بۆتە «*کەسایەتی*» کە لەم بەستێندا تەواو نامۆیە.

**ڕووکاری چەشنەزار**

زمان بەگشتی خاوەن ڕەنگ و چەشنی[252] جیاوازن، شێوەزار، بنزار، لازار و کەسەزاری جۆراوجۆریان هەن، شێوازی تێکستاندن[253] لە هەر چەشنێکدا بەرتاوی چەندین جۆر هۆکارە، بۆ نموونە: سەردەم، جیهانبینی نووسەر، وار، ئاست، بەستێن، ڕشتەی نووسین، تەمەنی نووسەر و خوێنەر، زایەند، پێگەی جڤاکی و فەرهەنگی... هتد. ئەم هۆکارانە کاریگەرییان هەیە لە دیاریکردنی شێوازی زمان لە تێکستی سەرشاردا و دەبێت لە هەرسێ هەنگاوی تەرجەمەدا: لە شرۆڤەکاریی تێکستی سەرشاردا، لە گواستنەوەدا و هەروەها لە دەستکاریی تێکستی ئارمانجدا، مایەی سەرنجدان بن.

شێواز تەنها جوانکاری نییە، بەڵکە بەشێکی گرینگە لە تێکست و دەبێت لە تەرجەمەدا بەهەندی بگرین. کەواتە شێوازی تێکستی سەرشار دەبێت لە تەرجەمەدا ڕەنگدانەوەی هەبێت بە مەرجێک تەرجەمەکە تووشی لێڵی نەکات. مەسعوود محەمەد-ی جەلیزادە، دەربارەی سەنگی شێواز لە داڕشتندا، لە «*ژیان و جیهانبینی*»ـدا دەنووسێت:

*بەهەمەحاڵ باوەڕی تەواوم هەیە بەو ڕێبازەی گرتمە بەر لە شێواز و داڕشتنی نووسینم بەتایبەتی کە من لە بەغدایەکی عەرەب دەژیم و بەشێکی نووسینم بە عەرەبییە بۆ عەرەب و غەیری عەرەب دەخرێتە مەیدانی فکرەوە. ئەو قەڵەمەی کە خستمە پەنجەکانمەوە و گەرمای دەروونمی خستە سەر کاغەز لەڕێی ئەو شێوازە و ئەو لوغەتەوە پلەیەکی پێپلکەی ڕێزی بۆ ڕەوا دیترا کە هیچ پلەی تر لە ژووریەوە نییە تا ئەوەی لە زۆر جاروباردا خەجاڵەتی دەکێشم لەو موجامەلەیەی لەگەڵم دەکرێت... هەروەک لە پیکاسۆ بەعەیب ناگیرێ تابلۆکانی بەلای زۆربەی هەرە هەرە زۆری ئادەمیزاد نامەفهوومە، عەیبیش لە نووسینی من ناگیرێ یاخود نابێ بگیرێ کە سەخت و خەستوخۆڵە... باوەڕ بکە ئەگەر هاتبامایە نووسینەکەم شل کردبایەوە وەک کە ماستاوی خەست بە زێدە ئاو بێتام دەکرێ ئەویش وەهای لێ بەسەر دەهات. هەر ئەم شەوە (کە ئێستا سەعات 8:30 ی ڕۆژی سێ شەممەی 11-10-1994ـە برادەرێکی زۆر بەڕێز و قەدرزان بە تەلەفۆن تێی گەیاندم کە ئەڵقەی نووسینێکی حەفتانەم بەر لە پانزە ڕۆژ دەرچووبوو، ناسیاوەکانی خۆی بە فۆتۆ نوسخەی لەسەر دەگرنەوە چونکە لەم ڕۆژانەدا جەریدە هێندە ژمارەی لێ دەرناچێ هەموو کەس دەستی بکەوێت، ئەوجا ئەگەر هەر ڕاستە فکری ساردوسڕم بۆ لە پەرداغی ڕۆژنامە کردبانایە ئەوسا بێگومان وەک ماستاوی زگاو لێی دەبێزان... بۆچی سەرمەشقی خەتخۆش و ڕازایەوە سەد*

[252] چەشن = variety

[253] تێکستاندن = textualization، داڕشتنی تێکست، نووسینی تێکست، داڕشتنی بیر و گوتار لە چێوەی تێکستدا.

*هێندە نا بگرە هەزار هێندەی خەتی عادەتی نرخی بۆ دادەندرێت، خۆ ئامۆژگاریی ناو نووسینەکە لەوانەیە یەک شت بن. خەڵکەکە جوانیی خەتەکە دەکڕن نەک بەندی «چاک بکە، خراو مەکە»...*[254]

نووسەر، لە ئەندێشەی دەرهەستی خۆیەوە تێکستێکی ئەدەبی، بەرهەمێکی هونەربار، بە چەشنێکی تایبەت بەخۆی دادەڕێژێت بۆ ئافراندنی کەشێکی وەها هەستی خوێنەر بزوێنێت. وردەکاری لە گواستنەوەی ئەم چەشنە بۆ زمانی ئارمانج گرینگە دەنا گیانی تێکستەکە لە تەرجەمەکەدا خەفە دەبێت. داڕشتنەوەی هۆنراوەیەکی خانی و نالی بە زمانێکی بیانی جگە لە واتا، ئەرکی دیکەی گرانی لە ئەستۆیە چونکە ئەدیب، جگە لە تایبەتمەندیی زمان و زاری سەردەم، وێڕای تایبەتمەندیی ڕشتەی هونەری، خاوەن شێوازی خۆیەتی و تەرجومانی پیشەوەر ئەم مووکارییە لە تەرجەمەدا پێشێڵ ناکات. تەرجەمەی هایکو[255] Haiku ی ژاپۆنی بۆ زمانی کوردی وردەکاریی خۆی هەیە بۆ تەرازکردنی نێوەڕۆک و شێواز.

تێکستی سەربە زانست و تەکنیک ڕووی لە هۆشە، خەریکی تۆژینەوە، شرۆڤەکاری و بەراوردە، خولیای پێشاندانی فاکت و پێشکەشکردنی لێکدانەوەی دروستە. تێکستی پیشەوەرانە، وەک تێکستی هونەربار بزۆز نییە، داوەستاوە. تەرجەمەکردنی تێکستی وەها پێشەمی دەداتە دروست پێکانی نێوەڕۆک بەڵام ئاگاداری شێوازیشە نەژاکێت. بۆ تەرجەمەی بەرهەمی پیشەوەرانە، سروشتناسی (زانستی) و تەکنیکی، نەبەز لە «وەرگێڕان هونەرە»، ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ دەکات، ئەویش کێشە هەژاریی چەمکە لە کوردیدا کە دەزانین چەشنی تێکست بە ڕادەیەکی بەرز بەرتاوی بوون و نەبوونی چەمکی لەبارە:

*ئەگەر کەوتیتە سەر ئەوە پەرتوکێکی زانیاری وەک فیزیک، کیمیا، ئەندازە، ئابووری، جەبر... هتد، بکەیتە کوردی، وا مەزانە کارێکی هاسانت لەبەردەمدایە، سەبارەت بەوەی زەحمەت بەدەست شێواز و نەفسییەتی نووسەرەکەیەوە ناکێشی وەک ئەدەبیات، نەخێر... هەروا سووک نییە، بەڵکوو پێویستی بە وردبوونەوە و تێبینییەکی تەواو هەیە لە «تەعبیرکردندا». لەم ڕووەشەوە دەبێ یەکجار وریا بیت چونکە (مصطلحات)ی زانیاریت زۆر دێتە ڕێ و، زمانەکەشمان وەک ئاشکرایە، لە (مصطلحات)دا هەژارە. بۆیە وای بە باش دەزانم ئەو وشە بێگانانەی لە کوردیدا بەرامبەریان چنگ ناکەوێ، وەک خۆی بیانهێڵیتەوە، هەتا ڕۆژێ دێ ئەکادیمییەکمان دەبێ. بەڵام ئەگەر هاتو وشەی پڕبەپڕی ئەو وشە بێگانانەت دۆزییەوە، قەیناکا بینووسە، بەشەرتێ وشە بێگانەکەش لەنێو دوو کەوانەدا لەتەنیشتییەوە بنووسی.*

(نەبەز 2008:19)

لەنێوان ئەم دوو چەشنەدا، چەشنی هونەربار و چەشنی زانست و تەکنیکدا، تێکستی مۆژیار هەیە ئاگاداریی دەبەخشێت کە ئادگاری هەردوو چەشنی ئەدەبی و زانستیی تێدایە، هەم ئامۆژگارییەکی بەرهەستی هەیە

[254] بڕوانە جەلیزادە، *«ژیان و جیهانبینی»*، www.mamosta.net

[255] هایکو Haiku شێوازێکی هۆنراوەی ژاپۆنییە، پێک دێت لە 17 «مۆرا». بەگشتی هایکو بریتییە لە دوو ڕیز و سێ دێڕ و 5+7+5 مۆرا. مۆرا واتە بڕگەدەنگ کە دەکاتەوە یەک دەنگدێر (بزوێن، ڤۆکال) یان یەک دەنگدێر و یەک دەنگدار (کۆنسونانت). لەبەر ئەوەی گشت وشە یان دەربڕینی ژاپۆنی بە دەنگدێر یان بە «ن» تەواو دەبن، هونەری «سەروا» (قافیە) جۆرایەتیی زۆری بەدەمەوە نامێنێت و لە داڕشتنی هۆنراوەدا نابێتە ئامرازێکی سوودبەخش. بەڵام داڕشتنی هۆنراوەی پێنج یان هەفت مۆرا هەم ئاوازبەخشن و هەم بۆ زمانی ئەدەبیی زارەکی، خۆشتر لەبیران دەچەسپن. سەرچاوە: زانیارستانی سوێدی *Nationalencyklopedin*.

تێکستەکە دەیەوێت ڕایگەیەنێت، هەم مەبەستیەتی لایەنی بەرانبەر تاو بدات ڕووەو بابەت و دیاردەی دیاریکراو. لە تەرجەمەکردنی ئەم جۆرە تێکستەشدا مۆژیارەتی (گواستنەوەی ئاگاداری) پێشەمی هەیە بەڵام دیسان گرینگە چەشنێک هەڵبژێرێت لەگەڵ ئاپۆرە و بەستێنی ئارمانجدا هەڵ بکات. بەگشتی، تەرجومانی پیشەوەر چەشنی تێکستی سەرشار شرۆڤە دەکات بەمەبەستی دیاریکردنی جۆر و ئاستی ئەو چەشنە و ئەوجا چەشنێکی هاوجۆر و هاوئاست لە زمانی ئارمانجدا هەڵدەبژێرێت. گرینگە چەشن لە تێکستە تەرجەمەکراوەکەدا دۆخ و فەرهەنگی ئارمانج ڕەچاو بگرێت.

Nida ی تۆژەر لە گوتاری Principles of correspondence نێو کۆگوتاری *The Translation Studies Reader (126–140)* -دا دەربارەی ڕووکاری چەشنەزاری تێکست و تەرجەمە ئاماژە بە توانستی کۆددۆزی خوێنەر دەدات کە نووسەر و تەرجومان دەبێت ڕەچاویان بگرن و دەڵێت توانستی کۆددۆزی لە گشت زمانێکدا چوار ئاستی هەیە: (Venuti 2000:128)

1) توانستی زارۆک کە گەنجینەی وشەمەنی و جیهانی فەرهەنگییان سنووردارە
2) توانستی دوولایەنەی کەسانی تازە باسەواد لە زمانێکدا، ئەوانەی دەروەستی کۆددۆزیی پەیامی زارەکی دێن بەڵام کۆددۆزیی تێکستی نووسراویان بەلاوە سەختە.
3) توانستی کەسانی خاوەن سەوادی مامناوەند کە دەتوانن پەیامی هەم زارەکی و هەم نووسراو کۆددۆز بکەن
4) توانستی کەسانی پسپۆری خاوەن سەوادی باڵا لە بواری تایبەتدا، بۆ نموونە پزیشک، فەیلەسووف و تۆژەران

تەرجومان دەزانێت کە شێوازی تێکستی تەرجەمەکەی خۆی دەبێت هەموار بکرێت لەگەڵ ئەو ئاستانەدا، شێوازی تێکستێک بۆ زارۆک بێت جودایە لە شێوازی تێکستێکی فەلسەفی، زمانەوانی و پزیشکی.

Ingo دەڵێت تەرجومان بەدەم شرۆڤەکاریی تێکستی سەرشارەوە بۆی خویا دەبێت نووسەرەکەی تا چ ڕادەیەک پەرۆشی چەشنەزاری دارِشتنەکەی خۆیەتی و تێدەگات لەوەی ئەمیش دەبێت ئەو پەرۆشییە بۆ زمانی تەرجەمەکەی خۆی ڕەچاو بگرێت. چەشنەزاری دارِشتنیش لای Ingo دابەشینی جۆراوجۆری هەیە، بۆ نموونە: (Ingo 2007:83)

- زمانی ڕۆژانە - زمانی زانست و تەکنیک: فراژووتنی زانیار بۆتە هۆی زۆربوونی بواری خاوەن زمانی تایبەتکاری خۆی، وەک: زاگۆن، دادگەری، سازمانگەری، بازرگانی، وەرزش، داتاکاری... هتد
- زمانی زارەکی - زمانی نووسین: زووتر هەر یەک لەم دوو جۆر زمانە بواری خۆی هەبوو، بەڵام ئێستا دەبینین، بەتایبەتی لە بەرهەمی ئەدەبیدا، زمانی زارەکی تێهەڵکێشی نووسین دەکرێت.
- شێوەزاری جیۆگرافی و جڤاکی: دابەشینی جیۆگرافی شێوەزاری جیاوازی بەدەمەوەیە، وەک شێوەزارە کوردییەکان، ئینگلیزیی بریتانیا و ئینگلیزیی ئەمەریکا... جگە لەو دابەشینە جیۆگرافییە، دابەشینی جڤاکیش لازاری خۆی هەیە، وەک لازاری تەمەن، پیشە و زایەند.
- کەسەزار (ئایدیۆلێکت، بنزاری کەسەکی idiolect): هەموو مرۆڤێک زمانی تایبەتی خۆی هەیە و لە نووسیندا ئەو تایبەتمەندییە ڕەنگدانەوەی دەبێت.

- لازاری دۆخەکی: شێوازی ئاخافتن و نووسین بەرتاوی دۆخە، زمانی فەرمی جودایە لە زمانی ڕۆژانە، زمانی ڕێوڕەسمی سامناک و خەمبارانە جودایە لە زمانی گوتاری جێژنی نەورۆز. گوتاری سیاسیی گەلورووژێن[256] جودایە لە زمانی گوتاری بیرمەندانەی سەنگین.
- چەشنەزاری سەردەم: زمان بەدەم کاتەوە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و تەرجومان دەبێت بڕیاری خۆی بدات لەوەی تێکستی سەرشار چۆن تەرجەمە دەکات، ڕەچاوی چەشنەزاری سەردەمی سەرشار دەکات یان تەرجەمەکە لەگەڵ چەشنەزاری ئارمانجدا هەموار دەکات.

پاش دیاریکردنی ئەو ڕەهەندانەی چەشنەزار، Ingo داوا لە تەرجومان دەکات لە وێستگەی یەکەمدا شرۆڤەیەکی وردی شێوازی تێکستی سەرشار بکات، جۆر و سەردەم، زار و شێوەزار دیاری بکات و ئەوجا بڕیاری خۆی بدات لەسەر وێنەی گونجاویان لە تەرجەمەکەدا. وێستگەی دووهەم بریتییە لە چەرخاندنی یەکنەوای ئەو بڕیارەی خۆی لە تەرجەمەکردنەکەدا، دەنا هاوئاهەنگیی تێکستەکە دێتە تێبردن. وێستگەی سێهەم هەڵبژاردنی چەمک و دەستەواژەی لەبارە بۆ دەروەستهاتنی چەمک و دەستەواژەی تایبەت بە زمانی سەرشار کە لەوانەیە وێنەی تەواو پێکەڵیان لە زمانی ئارمانجدا نەبێت. ویستگەی چوارەم بریتییە لە «پینەکردن»ی ئەو کەماسییانەی دێنە ڕێی گواستنەوەی چەشنەزار لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە. تەرازکردنی لاسەنگی و کورتهێنان بە پارسەنگی گونجاوی وردەکار دەبێتە تێهێنەرەوەی ئەو کەماسییە. (Ingo 2007:85)

بۆ وردبوونەوە لە ڕووکاری چەشنەزار، دەچمە لای جەرجیس فەتحوڵای نووسەر، تۆژەر و تەرجومان. جەرجیس فەتحوڵا ئەستێرەکی هەرە درەوشاوەی تەرجەمەکارییە لە پانتایی کوردەواریدا. ئەم نووسەرە زانیار و خامەی خۆی، لە چەشنەزارێکی تایبەت بە خۆی، تەرخان کرد بۆ هەڵبەستنی پردی کوردستانناسی لەنێوان شاکاری ناوداری جیهانی لە لایەک و دونیا کەسانی عەرەبیزان لە لایەک. فەرموون ئەمە نموونەیەک لە کتێبە ناودارەکەی هاملتۆن-ی ئەندازیار Archibald Milne Hamilton (1898–1972) بە ناوی *Road through Kurdistan: The Narrative of an Engineer in Iraq*:

> *A farther thirty miles, and we came to Arbil. Rising above the plane to the high of 120 feet like the truncated cone of some extinct volcano and topped with great brick walls, there stood the most ancient of all the inhabited cities of the face of the earth.*
>
> *Mark Twain speaks eloquently of Damascus as being an old city even in a land of old cities, but Damascus is a fledgling compared to Arbil. Ur of the Chaldees may be as old, so also may Babylon, but neither of these have been inhabited continuously for thousands on thousands of years from the before the down of history to the present day.*
>
> *Yet such a record can Arbil claim with certainty. Who build the great mound on which the modern city stands? There is no tradition of its having been the work of one or other of the kings or conquerors who ruled there. It merely grew. City upon*

---

[256] گەلورووژێن = وروووژێنەری ئاپۆرە، بۆ نموونە گوتاری گەلورووژێنەر یان سیاسەتمەداری گەلورووژێنەر

*city decayed into the mound which slowly rose through countless ages till today it stands about twice as high as any other such mound in the world.*

(Hamilton 1958:47)

فەتحوڵا بەم جۆرەی دەکاتە عەرەبی:

*بعد ان قطعنا ثلاثين ميلا اخرى بلغنا اربيل وهي مدينة ترتفع عن السهل بمائة وعشرين قدما مثل قطع مخروطي مستوي السطح لبركان خامد. وتحيط به جدران آجرية ضخمة. تلك هي أعتق مدينة مسكونة على ظهر البسيطة!*

*كان مارك توين بليغا في وصفه دمشق بانها مدينة عتيقة حتى في بلاد المدن العتيقة، لكن دمشق إذا قورنت بأربيل لا تزيد عن طفل رضيع وربما كانت «اور الكلدانيين» في مثل عمرها، وكذلك «بابل» الى انهما اصبحتا خرابا يبابا منذ ألوف السنين. وليس كأربيل التي ظلت مأهولة باستمرار ألوفا عديدة من السنين منذ ماقبل فجر التأريخ حتى يومنا هذا وبسوع أربيل ان تفخر بهذا التراث العظيم فخرا تؤيده الشواهد العلمية. ولكن كيف ركم هذا التل العظيم الذي ترقد المدينة الحالية فوقه؟ إن المصادر التأريخية لاتذكر بأنه مأثرة هذا الملك أو ذاك أو غيرهما من الملوك و الفاتحين الذين حكموا هذه ألاقاليم. إن التل نما نموا ذاتيا ليس غير: مدينة فوق مدينة، تتقوض واحدة، فترتفع فوقها أخرى وهكذا يروح التل يعلو ببطء خلال ادهار لا تعد ولا تحصى. إلى أن إنتصب الآن، تلا أشم يفوق إرتفاعه أي تل من نوعه في العالم أجمع.*

(هاملتون. طريق في كردستان:47)

لەم نموونەیەدا، جگە لە پێشاندانی ئەو تابلۆ باڵایەی هاملتۆن دەربارەی شاری هەولێر، بەرزی و زەنگینیی تەرجەمەکەی فەتحوڵایە کە پەنا دەباتە بەر هونەری سازاندنی تێکست لەگەڵ هێزوپێزی زمانی عەربیدا بۆ دەروەستهاتنی تێکستی سەرشار. دەستەواژەی «انهما اصبحتا خرابا يبابا منذ ألوف السنين» بۆ هەردوو شاری هەرە شکۆمەندی «ئوور» و «بابل»، سەنگی هەولێری گەیاندۆتە کەشکەڵانی ئاسمان. ئەم دەربڕینەش: «تؤيده الشواهد العلمية» دەبێتە جۆرێک لەو «پاتەوپاتکاری»ـیەی زووتر باسی هات. مەخابن تەرجەمە کوردییەکەی ئەم کتێبەم بەردەست نییە ببێتە بابەتی بەراوردکاری.

## ڕووکاری سەمانتیک

تەرجومان دەزانێت کە ئەرکێکی هەرە گرینگی تەرجەمە بریتییە لە گواستنەوەی واتا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، دارشتنەوەی تێکست بە زمانێکی ڕاگەیەن. لەبەر ئەوە تەرجومان ناچارە دەستپێک خەریکی ڕووماڵکردنی پێکهاتە واتابەخشەکانی زمان بێت. زمان هەیە وشەی فرەواتای[257] زۆرن، بەتایبەتی زمانی پەڕگیرانە شیکار،[258] هەیشە وشەگەلی هاوواتای[259] زۆرن، بەتایبەتی زمانی پەڕگیرانە تێهەڵکێش،[260] زمانیش هەن کەموزۆر هەردوو دیاردەکەی تێیاندا باوە، بۆیە ئەو ڕووماڵکردنەی پێکهاتەی واتابەخش گرینگە. ئێمە دەزانین کە پێکهاتەی واتابەخش لە زماندا بەر لە هەموان مۆرفیمە.[261] Ingo بۆ ڕوونکردنەوەی پەیجۆریی لە واتای وشە دەڵێت:

*وشە و دەستەواژە «هێما»ن بۆ «چەمک»ێکی لە هۆشی مرۆڤدا بوونی هەیە و ئەم چەمکەش ئاماژە دەدات بە «ژێدەر»ێکی[262] دەرەوەی زمان. هێڵە کەرتۆڵەکەی[263] نێوان وشە و ژێدەر ئاماژەیە بەوەی ئەم هەڤبەندییە «پێکهاتنە». ئێمەی پێک هاتووین لەسەر ئەوەی ئەو [گیانەوەرەی هەنگوین بەرهەم دێنێت، بە زمانی کوردی، بە «هەنگ» ناودێری بکەین. واتای ئەو وشەیەی هەنگ][264] هەڤبەندییەکی دوولایەنەیە[265] لەنێوان وشە و چەمکی بەرانبەر لە هۆشدا. کەسی بێژەر بیر لە «هەنگ» دەکاتەوە و دەڵێت «هەنگ»، بیسەر وشەکە دەبیستێت و بیرۆکەی «هەنگ» لە هۆشیدا پەیدا دەبێت.*
*«هەڤبەندیی نێوان هێما (وشە) و ژێدەرەکە بریتییە لە پێکهاتن...* (Ingo 2007:87)

---

[257] فرەواتا = polysemy، وشەیەکی خاوەن چەندین واتای لێکجودا. فرەواتا پێچەوانەی تاکواتا = monosemy یە.

[258] زمانی شیکار = analytic language، لە پۆلێنکاریی زماندا بە زمانێک دەگوترێت کە بۆ دەربڕین لە کارکردی ڕێزمانەکی بە پلەی یەکەم وشە تێهەڵکێش دەکات یان جێگۆڕکی بە وشە دەکات – وشە گەردان ناکات. بۆ پێچەوانەکەی بڕوانە «زمانی تێهەڵکێش».

[259] هاوواتا = synonym، وشەگەلی خاوەن هەمان واتا، واتای زۆر نێزیک لەیەک، واتای نێزیکی خاوەن شەبەنگی کەمێک جودا. وشەگەلی خاوەن ڕێک هەمان واتا «شاواتا» denotation یان هاوکۆیە، وشەگەلی خاوەن شەبەنگی جۆراوجۆری هەمان واتان، «پاواتا» connotation یان هاوکۆیە. هاوواتا پێچەوانەی «دژواتا» opposite یە.

[260] زمانی تێهەڵکێش = synthetic language، لە پۆلێنکاریی زماندا بە زمانێک دەگوترێت کە بۆ دەربڕین لە کارکردی ڕێزمانەکی بە پلەی یەکەم وشە گەردان دەکات، پەنا ناباتە بەر تێهەڵکێشکردن و جێگۆڕکێی وشە. بۆ پێچەوانەکەی بڕوانە «زمانی شیکار».

[261] مۆرفیم = morpheme، بچووکترین پێکهاتەی واتابەخش لە زماندا و دوو جۆری سەرەکی هەیە، یەکەم: شامۆرفیم، مۆرفیمی ڕەگ، بنەڕەت، ئازاد، ئەو مۆرفیمەیە بە تەنێ واتادارە، بۆ نموونە وشە، وشەی وەک «چاو». بە دووهەمیان دەگوترێت: گرە، پامۆرفیم affix بۆ نموونە پێشگر، پاشگر، نێوگر... هتد. لە زمانەوانیدا، ئەو بوارەی خەریکی ساختاری ناخەکیی مۆرفیمە پێی دەگوترێت وشەسازی، مۆرفۆلۆژی morphology. بۆ نموونە وشەی like بریتییە لە یەک مۆرفیم بەڵام un-like-ly سێ مۆرفیمە. بڕوانە:
https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/morpheme

[262] ژێدەر = referent، ئەو بابەت یان دیاردەیەی وشە ئاماژەی پێ دەدات.

[263] کەرتۆڵ = vertebrated، بابەتێکی تێکبەستەی کەرتکەرت، وەک بڕبڕەی پشت، زنجیری ئامێری کارگە، زنجیری گەردانە. گەر «بڕبڕەداران» نەبا دەکرا ئەم کەرتۆڵە چەمکێکی باش با بۆ vertebrate. بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»*، www.mamosta.net

[264] – ئەم بەشەی نێو ڕاستکەوانە [...] و هەروەها وشەی هەنگ و هەنگوین لەم کۆپلەیەدا، دەستکارییە بۆ گونجاندنی تێکست لەگەڵ کوردیدا.

[265] دوولایەنە = reciprocal، دووسەرە.

واتا بواری سەمانتیک بەگشتی دوو ڕووکاری هەیە شاواتا denotation و پاواتا connotation، تەرجومان دەبێت وریای هەردووکیان بێت. لە بواری شاواتادا، دەبینین وشە هەن لە زمانێکدا فرەواتان و دەبێت مرۆڤ بزانێت کام واتایە بگوێزێتەوە بۆ زمانەکەی دیکە، هەر بۆ نموونە wood ی ئینگلیزی هەم دارستان، بێشەڵان، جەنگەڵستان و چۆمەڵانە، هەم دار، ئێزنگ و تەختەیە. «دار»ی کوردی بە واتای هەم wood و هەم tree دێت. ئەوجا هەڤبەندیی شاواتای جۆراوجۆر هەیە، یەک لەو جۆرانەی هەڤبەندی بریتییە لە پلەبەندی، بۆ نموونە وشەی مەل وشەیەکی باڵایە و لە سایەی ئەودا جۆر و پۆل و خێزانی دیکەی مەلان جێ دەگرن، هەر لە هەڵۆ و شەهێنەوە هەتا وشترمرخ، مریشک، کۆتر و پاساری و... هتد. هەڤبەندیی دیکە هەن پلەبەند نین، خزمایەتی و هاوسێیەتیی واتای هەیە، شەبەنگی جۆراوجۆریان هەیە، بە نموونە: باوەڕ، بڕوا، دید، بۆچوون، جیهانبینی. تەرجومان دەبێت ئەم جۆرانەی هەڤبەندیی واتا ڕەچاو بگرێت و لە زمانی ئارمانجدا واتای هاوئاست و هاومەبەست هەڵبژێرێت.




سێگۆشەی سەمانتیک
Ingo, *Konsten att översätta: översättandets praktik och didaktik* 2007

بواری پاواتا ئاڵۆسکانی دیکەی بەدەمەوەیە. تەماشا ناوی گیانەوەر: ورچ، شێر، ڕێوی، ناوی ڕوەک: گوڵ، درک، درەخت، ئەندامەکانی لەش... جگە لە واتای بەرهەستی خۆیان، ڕووکاری دیکەی سەربە هەستکێشەکێیان[266] هەیە، لە دۆخی تایبەتدا واتای دیکەیان هەیە هەستورووژێنە، چ گەش بن چ تاریک. ورچ لە زمانێکی وەک سوێدیدا ناوە بۆ کوڕ و ئاماژەی تێدایە بە هێز و توانست، لە کوردیدا لەوانەیە ئاماژەیەکی نایەتی بدات. ڕووماڵکردنی ئەم وردەکارییەی سەربە هەستکێشەکێ کارێکی ئاسان نییە بەڵام تەرجومان دەبێت ئاشنای ئەم لایەنی پاواتایە بێت دەنا هەڵەوپەڵەی ناجۆر دێنە بەرهەم.

تۆژەری ناودار Kirsten Malmkjær لە گوتاری Semantics and translation نێو *Routledge handbook of translation studies and linguistics*، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی سەربە دیاریکردنی «واتا» و «مەبەست» پەنا دەباتە بەر نموونە لە بەرهەمی زانایانی پێش خۆی و بەم جۆرە «شاواتا»ی وشەکانی: mean, means, meant و meaning ـی نێو ئەم یازدە ڕستەیە شرۆڤە دەکات: (Malmkjær 2018:76)

1) I did not mean to hurt you.
2) He means well, but he's rather clumsy.
3) Life without love has no meaning.
4) Fame and riches mean nothing to the true scholar.
5) Dark clouds mean rain.
6) A red light means "stop".
7) Calligraphy means "beautiful handwriting".
8) What do you mean by the word "concept".
9) It was John I meant not Harry.
10) He never says what he means.
11) She rarely means what she says.

کورتەی ڕاڤەکارییەکەی Malmkjær دەڵێت:

> Mean/means لە ڕستەی یەکەم و دووهەمدا نیاز و دەرئەنجام یان دەرهاویشتەی ڕەفتار دەگرنەوە، بەڵام نیاز و هەڵوێستی زۆرن کە دەرئەنجامیان زیانبەخشە و ناکرێت گشتیان هاوواتا بن. ڕستەی سێهەم ئاماژەیە بە «مەبەست»ـی ژیان. Mean ی ڕستەی چوارەم سەنگ، بەها و بایەخ دەگرێتەوە. ئەمانە ڕووکاری هەست و نەست دەگرنەوە نەک «واتا»ی زمانەوانی.
>
> لە ڕستەی پێنجەمدا ئەوجا نێزیک دەبینەوە لە واتای «واتا» چونکە لانیکەم هەڤبەندییەک هەیە لەنێوان واتای هەور و باران. بەڵام ئەمەیان هەڤبەندییەکی سروشتکردە لەنێوان هەور

---

[266] هەستکێشەکێ = چەمکێکی جگە لە واتای بەرهەستی خۆی، هەستی دیکەش کێش بکات. بۆ واتاکێشەکێ، ئاواتکێشەکێ، هیواکێشەکێ، ترسکێشەکێ، تەماکێشەکێ، خەیاڵکێشەکێ، فریوکێشەکێ، درۆکێشەکێ، بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»*، www.mamosta.net

و باراندا که «واتای سروشتکرد»ی[267] لێ دەزێت، ئەوەی ئێمەی واتاناس[268] مەبەستمانە «واتای سروشت-نەکرد»ە.[269] جیاوازیی نێوان واتای سروشتکرد و سروشت-نەکرد لەوەدایە هەوری نێو ڕستەی پێنجەم نیازی نییە ئاگاداری بداتە ئێمە لەوەی بارانبارین بەڕێوەیە بەڵام گەر مرۆڤێک بڵێت «باران بەڕێوەیە» ئەوا نیازی مۆژیارانەی لەپشتە. جگە لەوە هەور ناکاتەوە باران، بەڵام تیشکی سووری نێو ڕستەی شەشەم دەکاتەوە وشەی ڕاوەستە یان بوەستە. لەم «واتا سروشت-نەکرد»ەدا پێکهاتن هەیە لەسەر ئەوەی نیشانە هەن واتای تایبەتیان هەیە و ئێمە دەربڕینی زمانەوانی بۆ ڕاگەیاندنیان دادەڕێژین. لەگەڵ ئەوەشدا، نە ڕستەی شەشەم و نە ڕستەی هەفتەم خولیای ئێمەی واتاناس تێر ناکەن. واتای وشەی «خۆشنووسی»ی[270] ڕستەی هەفتەم تەنها کاتێک ڕوون دەبێتەوە گەر مرۆڤ واتای *beautiful handwriting* ی نێو ڕستەکە بزانێت.

لە ڕستەی هەشتەم و نۆهەمدا ئەوجا نێزیک دەبینەوە لەو «واتا»یەی ئێمە مەبەستمانە، ئەو «ماک» و «بوون»ـەی کەسێک بە دەربڕینێکی دیاریکراو ئاماژەی پێ دەدات. «چەمک»ی ڕستەی هەشتەم و مرۆڤەکەی ڕستەی نۆهەم ئەو ماک و بوونە «نا-زمانەکی»یەن[271] کە دەبنە ئەو «ژێدەر»انەی دەربڕینەکان ئاماژەیان پێ دەدەن، ئەو چەمک و مرۆڤە ئەوەن دەربڕینەکە باسیان لێ دەکات.

لە ڕستەی دەهەم و یازدەهەمدا ناتەبایی نێوان «واتای گوتەی ئاخێوەر» و «واتای وشە و ڕستە» خویا دەبێت. بۆ ئەوەی ئێمە پەی بەرین بەوەی ئاخێوەر شتێک دەڵێت (واتای وشە و ڕستە) جودایە لەوەی خۆی مەبەستیەتی (واتای گوتەی ئاخێوەر) دەبێت ئێمە دەرکێکی باشمان هەبێت لە واتای وشە و ڕستەکە.

بەکورتی، دیاریکردنی ورد و دروستی «واتا» کارێکی سانا نییە. واتاگۆڕین و هەڵەکردن لە تەرجەمەدا، چ ئاگایانە بێت چ نائاگایانە، لەوەیە دەرهاویشتەی وەهای لێ بکەوێتەوە ڕاستکردنەوەی دژوار بێت. Stålhammar لە کتێبی *Att översätta är nödvändigt* دا دەنووسێت:

> *تەوجیل بەدەم کاتەوە چەندین تەرجەمەی لێ پەیدا بووە و گۆڕانکاریی وەهای تێدا کراوە کە خوێنەرانی ناچاربوون هەڵ بکەن لەگەڵیان و باوەڕی خۆیان لەتەکیاندا بگونجێنن. لە وێنە عیبرییەکەی بەشی هەفتەمی ئەشعیانامە Book of Isaiah نووسراوە «کیژێکی جەوان» دووگیان دەبێت و کوڕێکی دەبێت، بەڵام هەر زوو لە تەرجەمە یۆنانییەکەیدا، لە Septuaginta[272] -دا، گۆڕا بە «پاکیزە» «parthenos». دەیسا دیارە ئەم دەستەواژەیە دەبێتە مایەی مشتومڕی زۆر و فرەجار توند.*

---

[267] واتای سروشتکرد = natural meaning

[268] واتاناس = semanticist

[269] واتای سروشت-نەکرد = non-natural meaning

[270] خۆشنووسی = calligraphy

[271] نا-زمانەکی = non-linguistic

[272] Septuaginta، «هەفتاهەمین»، «پەیمانی کەڤناری گرێکی» *Greek Old Testament*، *«تەرجەمەی هەفتاهەمین»* *The Translation of the Seventy*، کۆنترین تەرجەمەی «پەیمانی کەڤنار» لە عیبریی سەرشارەوە بۆ گرێکی.

*تەنانەت سێوە فریودەرەکەی ئیڤا [حەوا]یش هەڵەی تەرجەمەی pomum ی لاتینییە کە دەکاتەوە «میوە». ئەمیان شیمانەی زیادترە «هەنجیر» بێت، لەوەیە هەنجیری هەمان ئەو گەبەڵە*[273] *بێت کە پاش کەمێک بە گەڵا بەرینەکانی خزمەتگوزار دەبێت.* (Stålhammar 2015:40)

گەر بە نێو تەرجەمەی کوردیدا بۆ تۆژینەوە لەم ڕووکاری سەمانتیکە بگەڕێین تووشی تەرجەمە نایابەکەی سەردەشتی دەبین بۆ شابەرهەمەکەی تۆژەر وەدیع جوەیدە Wadie Jwaideh بە ناوی *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development*. یاسین سەردەشتی، ئەم کتێبەی لە ئینگلیزییەوە تەرجەمە کردووە بە سەردێڕی *«جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بنەما و پەرەسەندنی»*. جوەیدە دەنووسێت:

*A few examples give some idea of the general losses that Kurds sustained during the war. When the Russians penetrated Bayazid-Aleskird region in northern Kurdistan in December 1914, only one-tenth of the population is said to have survived the fury of Armenian units attached to the Russian army. After the outbreak of the Russian Revolution and the collapse of the Russian army in 1917, armed Armenian bands, free from restraining influence of their Russian offices, massacred large number of Kurds in Arzerum-Erzincan region. Other region in northern Kurdistan, such as Van, Bidlis, and Mush, met with a similar fate.* (Jwaideh 2006:126)

سەردەشتی وەهای تەرجەمە دەکات:

*چەند نموونەیەکی کەم، وێنەیەکمان لەمەڕ ئەو زیان و کاولکارییە پێشان دەدات کە تووشی کورد هاتبوو. کاتێک ڕووسەکان لە دیسەمبەری 1917 جمانە ناوچەی بایەزید-ئەلیشکر[د] لە باکووری کوردستان، دەگوترێت تەنیا دەیەکی دانیشتووانەکەی لە دەست توندوتیژیی درندانەی یەکە ئەرمەنییەکانی بە ڕووس پەیوەستەوە گیانیان دەربردبوو. پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ڕووسی و هەرەسهێنانی سوپای ڕووسیا لە ساڵی 1917 دا، باندە سەربازییەکانی ئەرمەن ئەو لغاوەیان پساندبوو کە لە دەستی ئەفسەرە سەربازییەکانی ڕووسیادا بوو، ئەوانە ڕەشەکوژییەکی مەزنیان لە کوردی ناوچەی ئەرزرۆم-ئەرزنجان کرد، ناوچەکانی دیکەی وان، بدلیس و مووش تووشی هەمان چارەنووس بوونەوە.*[274]

لەم تەرجەمەیەدا هەم هاوتایەتی ساختار و هەم دروستپێکانی واتا تەواو ئاشکرایە. دروستیی ساختاری داڕشتنە کوردییەکە لە لایەک، گواستنەوەی دەستپاکانەی واتا بێ دەستکاری، تەرازکردنی چەشنەزاری داڕشتنە کوردییەکە لە ئاست ئینگلیزییەکەدا، کە بەڕاستی هونەرێکی ساکار نییە، لەویش سەختتر کارکرد و بەستێنی تێکستەکەیە: تۆژینەوەیەکی ئاکادێمیانە لە باسێکی سەربە گەلەکوشتاری دوو گەلی هاوسێ لەو هەراوهوریایەی جەنگی یەکەمدا. ئەمەیان جگە لە زمان و تۆژینەوە، دونیایەک کێشەی سیاسی، دینی و نەتەوەیی هاوئامێزە.

---

[273] گەبەڵ، درەختی خاوەن چەند قەدی یەک بنج، بۆ نموونە هەنجیر. بڕوانە: https://bradost.net/ferheng

[274] جوەیدە (2008:277)

وەدیع جوەیدە. *جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بنەما و پەرەسەندنی*. تەرجەمەی لە ئینگلیزییەوە: یاسین سەردەشتی، سلێمانی 2008. بڕوانە: https://www.kurdipedia.org/files/books/2011/62040.PDF?ver=129979140320000000

نووسەر لێرەدا بە ئاشکراکردنی ڕاستیی ئەو نەهامەتییە، ئەوپەڕی بەرزیی نواندووە. تەرجومانی کوردییەکەش هەتا بکرێت سنووری ئەو کارکردەی پاراستووە.

مامۆستا سەردەشتی، بەگشتی، لە تەرجەمەی ئەم کتێبەی جوەیدەدا، هەتا پێی -کراوە تێکستی سەرشاری تەرجەمەی کوردی کردووە، نەکەوتۆتە «کورداندن»ی تێکستەکە. سەرپاکی ئەم تەرجەمەیە، وێنەی بەرهەمی خاوەن جۆرایەتیی ڕەنگین، وردبین و دروستکارە، بەدەگمەن نەبێت تەمومژ نابێتە ڕێبەست. بەڵام من پێویستم بە کۆپلەیەکە ببێتە نموونە بۆ خویاکردنی کێشەی وەها کە وشەی فرەواتا دروستی دەکەن. لەم شاکارەدا گەڕام و ئەم کۆپلەیە هاتە پێش:

جوەیدە دەنووسێت:

> *Notwithstanding all this, the leaders of the new Turkey where in an exultant and expansive mod. They faced the world and their country with defiant confidence and a grim resolve. Success had emboldened them to make a determined bid for the rich Mosul wilayat a former province of their lost empire. But Mosul was in British hands, and the British were determined not to give it up. The impetus of Turkish successes had not spent itself yet, and there was grave danger that the Turks might precipitate a conflict over the disputed province. This question, taken up at the Lausanne Conference, caused so much friction that participants decided by mutual agreement to shelve it for a period of one year.* (Jwaideh 2006:203)

ئەمەش داڕشتنەوەی سەردەشتی:

> *وێڕای هەموو ئەمانەش، سەرکردەکانی تورکیای نوێ، سەرگەرم و بەجۆش و بەپەرۆشەوە، بە بڕوابەخۆبوونێکی ئاشکرا و چارەسەری لێبڕاوانە، ڕووبەڕووی جیهان و وڵاتەکانی بوونەوە. سەرکەوتنەکان هانی دان بە ئاشکرا بانگەشە و داوای گێڕانەوەی ویلایەتی دەوڵەمەندی مووسڵ بکەن، کە پێشتر هەرێمێکی ئیمپراتۆرییە لەدەستچووکەیان بوو. بەڵام مووسڵ لە دەستی بەریتانییەکاندا بوو، ئەوانیش تەمای ئەوەیان نەبوو دەستی لێهەڵگرن. هێشتا سەرگەرمیی تورکان بە سەرکەوتنەکانیان دانەمرکابوو، هەڕەشەی مەترسیدار هاتە ڕێیان بە گەرمکردن و قووڵکردنەوەی کێشەکە لەسەر ئەو هەرێمەی ململانێی لەسەر بوو. مەسەلەکە کە لە کۆنفرانسی لۆزاندا هێنرایە پێشەوە جێگای مشتومڕێکی توند بوو، بڕیاری ئەوەشی لێدرا کە بە ڕێکەوتنی هەردوو لا بۆ ماوەی ساڵێک هەڵپەسێردرێت.*[275]

گەرچی دەزانم تەرجومان مافی بڕیاردانی هەیە لە هەڵبژاردنی هەر وشە، دەستەواژە و دەربڕینێکی لای خۆی پەسەندە و دەشزانم «هەڵەدۆزی» و بەراوردکردنی وشە-بە-وشە لە تەرجەمەکەدا کارێکی دروست نییە، بەڵام شرۆڤەیەکی کەمتاکورتی ئەم کۆپلەیە، بەمەبەستی سەرنجڕاکێشان بۆ کێشەی سەربە «وشەی فرەواتا»، لەوانەیە بێسوود نەبێت. فەرموون لەگەڵ ئەم چەند خاڵە:

- دەبینین تەرجەمەکە بەرانبەر *defiant confidence and a grim resolve* دەستەواژەی *«بڕوابەخۆبوونێکی ئاشکرا و چارەسەری لێبڕاوانە» هاتووە. پێم وایە ئەم دەستەواژە کوردییە کەمێک لێڵە. گەر لەبری «ئاشکرا» بۆ defiant، یەک لە وشەگەلی وەک: بوێرانە، سەرچڵانە، لاچڵەوانە، لافەرمانانە... و لەبری*

---

[275] جوەیدە (2008:433).

*«چارەسەری لیبراوانە» بۆ grim resolve دارشتنێکی وەک «پێداگریی سەختۆڵانە» بسەلمێنین، لەوەیە کەمێک ڕوونتر بێت، وێکڕا دەبوونە: «برواپەخۆبوونی سەرچڵانە و پێداگریی سەختۆڵانە».*

- دەستەواژەی *«ڕووبەڕووی جیهان و وڵاتەکانی بوونەوە»* بەرانبەر *They faced the world and their country* هاتووە، پێم وایە *«ڕووبەڕووی جیهان و وەڵاتەکەی خۆیان بوونەوە»* دروستتر دەبوو، چونکە *their country* دەبێتە وەڵاتەکەی خۆیان نەک وەڵاتانی دیکەی جیهان.
- بەڵام خاڵێکی دیکە هەیە لەم کۆپلەیەدا، بەلای منەوە، پتر سەرنجڕاکێشە چونکە بەولای لێڵییەوە، کەمێک واتاکەی ڕووشاندووە. ڕستەی سەرشار دەڵێت:

*The impetus of Turkish successes had not spent itself yet, and there was grave danger that the Turks might precipitate a conflict over the disputed province.*

تەرجەمەکە دەڵێت:

*هێشتا سەرگەرمیی تورکان بە سەرکەوتنەکانیان دانەمرکابوو، هەڕەشەی مەترسیدار هاتە ڕێیان بە گەرمکردن و قووڵکردنەوەی کێشەکە لەسەر ئەو هەرێمەی ململانێی لەسەر بوو.*

ئەم «هەڕەشەی مەترسیدار هاتە ڕێیان»ـە نەک هەر ناڵێت «تورک» خۆی ئافرێنەری هەڕەشەکەیە - وەک تێکستی سەرشار بەڕوونی دەیڵێت - بەڵکوو بە «هاتە ڕێیان» تارماییەکیش دەدات لەوەی لایەنی دیکە ئافرێنەری هەڕەشەکەیە و دەیخاتە ڕێی تورکان - ئەمەش هەم پێچەوانەی مەبەستی تێکستی سەرشارە و هەم بەستەری ئەو گوتەیەش بە سیاسەتی ئەو دەوڵەتە بەرانبەر ئەم هەرێمە - کە ئێستەش هەر بەردەوامە - دەپسێنێت.

پێم وایە دارشتنێکی لەم جۆرە لەوانەیە دروستتر بێت:

*تینی سەرکەوتن لای تورکان هێشتا دانەمرکابۆوە و هەڕەشەی مەترسیدار هەبوو لەوەی تورکان بکەونە تاودانی ناکۆکی لەسەر ئەو هەرێمەی ململانێی لەسەر بوو.*

مەبەست لەم وردەکارییە تەنها ئاماژەیە بەوەی جار هەیە، وشەی فرەواتا - بۆ نموونە *defiant, resolve, precipitate* بۆ تەرجومان دەبنە کۆسپ و دوور نییە تەرجەمەکە تووشی کێشە بکەن.

بۆ نموونەیەکی دیکەی تۆژینەوە لە ڕووکاری سەمانتیک، کە تێیدا تەرجومان، بەمەبەستی گواستنەوەی واتا و مەبەست، دەکەوێتە نوێکاری لە چەمکاندندا، دەچمە لای کتێبی *Theories of Childhood - An Introduction to Dewey, Montessori, Erikson, Piaget, and Vygotsky* نووسینی Carol Garhart Mooney بە زمانی ئینگلیزی و تەرجەمەکردنی هاوبەش خالید لە ئینگلیزییەوە بە ناوی: *«بیردۆزەکانی زارۆکەتی - ناساندنێکی دیوی، مۆنتیسۆری، ئێریکسۆن، پیاژێ، ڤیگۆتسکی»*. تێکستی سەرشار دەڵێت:

*When children enter Piaget's stage of concrete operations at about age seven, many changes in their thought patterns are visible. At this age (usually from about seven through eleven or twelve) children possess the characteristic of **reversibility**, which allows them to reverse the direction of their thought. For example, a child at this stage can retrace her steps on the school yard looking for*

*a forgotten lunch box. Children no longer count on their fingers because they are beginning to be able to think abstractly. They begin to notice differences in classes of objects. For instance, at four every dog is a "doggie", but at eight or nine there are differences between a collie and a poodle. The concrete-operational child can hold several qualities in mind, knowing that a boat is large, red, and a sailboat. She knows and really understands that her mother is also the daughter of her grandmother. With this new flexibility of thought, children can add, subtract, and multiply "in their heads".* (Mooney 2013:81)

تەرجەمە کوردییەکە دەنووسێت:

*کاتێک منداڵ دەگەنە ئەم قۆناخەی پیاژێ بە قۆناخی «کردەکیی بەرهەست» concrete operations ناودێری کردووە، دەوری تەمەنی حەوت ساڵی، چەندین گۆڕان لە نەخشی ئەندێشەیاندا بەردید دەبن. لەم تەمەنەدا (بەگشتی لە دەوری حەوت ساڵی هەتا یازدە یان دوازدە ساڵی) منداڵ ئادگاری بەرەواژەکردنەوەیان reversibility هەیە، کە ڕێیان دەدات ئاسۆی ئەندێشەیان ئاوەژوو بکەنەوە. بۆ نموونە، منداڵێکی ئەم قۆناخە دەتوانێت **شۆپی** هەنگاوەکانی خۆی لە حەوشەی فێرگەدا هەڵگرێتەوە بۆ دیتنەوەی ژەمدانە لەبیرچووەکەی. منداڵ چیتر پەنجە بۆ ژماردن بەکار ناهێنن چونکە گەیشتوونەتە ئاستێک توانای بیرکرنەوەی **دەرهەست** تێیاندا دەرسکێت. ئەمان دەتوانن سەرنج بدەنە جوودایی لە جۆری بابەتدا. بۆ نموونە، لە چوار ساڵیدا، هەموو سەگێک «تووتکەیە»، بەڵام لە هەشت یان نۆ ساڵیدا سەگی شامبۆیی collie لە سەگی پوودڵ poodle جودا دەکەنەوە. منداڵی ئەم قۆناخەی «کردەکیی بەرهەست» دەتوانێت چەند تایبەتمەندییەکی بابەتێک لە هۆشی خۆیدا ڕاگرێت، بۆ نموونە بەلەمەکە گەورەیە، سوورە و هەروەها بەلەمی چارۆکەدارە. ئەم دەزانێت و بەڕاستی دەرک دەکات کە دایکی - جگە لەوەی دایکی خۆیەتی - کچی نەنکیشێتی. بەم نەرمەکارییە نوێیەی بیرکردنەوە، منداڵان دەتوانن **کۆکاری**، **کەمکاری** و **جاراندن** لە «ئاوەزی خۆیاندا» ئەنجام بدەن.*[276]

هەر لە تەرجەمەکەدا وشەکانی لێرەدا ڕەش کروان، لە پەراوێزدا بەم جۆرە ڕوون کراونەتەوە:

- *شۆپ: trace، جێپێ، شۆپاندن: هەڵگرتنەوەی جێپێ.*
- *ژەمدان: lunch box، دەفری تایبەت بە ژەمی خواردن مرۆڤ دەیبات بۆ ژەمی دەرەوەی ماڵ.*
- *دەرهەست: abstract، ئابستراکت، تجرید، پێچەوانەی بەرهەست: concrete*
- *کۆکاری: addition*
- *کەمکاری: subtraction*
- *جاراندن: multiplication*

[276] مونی Mooney. *«بیردۆزە دەربارەی زارۆکەتی - ناساندنێکی دیوی، مۆنتیسۆری، ئێریکسۆن، پیاژێ، ڤیگۆتسکی»*. تەرجەمەی لە ئینگلیزییەوە: هاوبەش خالید، کوردستان 2022.

مەبەست لەم نموونەیە پیشاندانی کۆشانی تەرجومانە بۆ دەرەوەستهاتنی چەمکی نامۆ. هاتنی *«کردەکیی بەرهەست»* بەرانبەر *concrete operations* و *«بەرەواژەکردنەوە»* بۆ *reversibility* لەنێو تێکستەکەدا و هەروەها پەراوێزبەندکردنی وشەکانی *شۆپ، شۆپاندن، ژەمدان، دەرهەست، بەرهەست، کۆکاری، کەمکاری و جاراندن* وەها بەربەیار نایەنە دەست، داوای تەرجومانی مووشکاف دەکەن، پەی بەرێت بە، بۆ نموونە، جیاوازیی کۆکاری وەک چەمک و کۆکردنەوە وەک وشەی ئاسایی، کەمکاری وەک چەمک و کەمکردنەوە و لێدەرکردن وەک وشەی ڕۆژانە، جاراندن وەک چەمک لە کوێ و «لێکدان» و «کەڕەت» لە کوێ...

## ڕووکاری پراگماتیک

لە ڕوانگەی ڕووکاری پراگماتیکەوە، خاڵی هەرە گرینگ لە تەرجەمەدا بریتییە لە گەیاندنی کارکرد و مەبەستی تێکستی سەرشار بە لایەنی بەرانبەر، کە دەکاتەوە مرۆڤگەل، زمان و دۆخی ئارمانج - نەک سەرشار. لەبەر ئەوە گرینگە تەرجومان وردبێتەوە لە هەلومەرجی بەرەی ئارمانج و بڕیار بدات گەر تەرجەمەکە پێویستی بە گونجاندن و دەستکاری هەیە یان نا، دەستکارییش لێرەدا دەشێت تێدان (بەسەرەوەنان، لێ زیادکردن، فرەواندن) بێت، تێبردن (لێ کەمکردن) بێت و هەروەها جێگۆڕکێ بێت لە داڕشتندا. تێکست هەیە لەڕووی، بۆ نموونە، فەرهەنگییەوە یان سەردەم و ئاستەوە، لە تەرجەمەدا بەبێ دەستکاری ناگات بە پێکانی ئەو مەبەستەی بۆی دیاری کراوە.

شرۆڤەکاریی ڕووکاری پراگماتیک، بەتایبەتی گەر دێتە سەر تێکستی دێرین و کلاسیک، کە دەربڕینی وەهای تێدایە بەستەری توندی هەیە بە سەردەم و دۆخی نووسینەکە، کارێکی سانا نییە. دیاردە هەیە لە زمان و فەرهەنگی سەردەم و دۆخی تایبەت بە تێکستی سەرشار بوونیان هەیە بەڵام لای زەمان و دۆخی تەرجەمەکە پەنامن، یان هەن بەڵام واتایان جیاواز و ناتەبایە. لەبەر ئەوەیە ڕووکاری پراگماتیک داوای شیکاریی ورد دەکات لە مەبەست و کارکردی تێکستی سەرشار و ئەم شیکارییەش لە تەرجەمەناسیدا جێی تۆژینەوە و ڕامانە. Ingo لەم بوارەدا ئاماژە بە سێ کارکردی بنەڕەتی دەکات: (Ingo 2007:127–128)

- کارکردی مۆژیار informative function: تێکستەکە ئاگاداری، داتا، ڕێوڕەسم، نووچە و زانیار دەبەخشێت. شامەبەستی تێکست گەیاندنی ئاگادارییە. ئەم کارکردە لە تێکستی پیشەوەرانەی جۆراوجۆردا، وەک تێکستی سەربە زاگۆن، زانست و تەکنیک، برەوی زۆرە. تەرجومان بۆ پاراستنی ئەم کارکردە مۆژیارە، بۆ ئەم گواستنەوەی ئاگادارییە، هەتا بکرێت سەرشاربینە، پەرۆشی ئەوپەڕی ڕوونی و دروستپێکانە و بە وردی وریای «شاواتا»ی وشەیە.
- کارکردی هەستڕاگەیەن expressive function: ئەم تێکستە بەولای مۆژیارەتییەوە، بەولای ڕاگەیاندنی زانیار و ئاگادارییەوە، هەستیش دەردەبڕێت، بواری هونەرباریش دەگرێتەوە، وەک هۆنراوە و پەخشانی ئەدەبی، ڕۆمان و شانۆنامە. دەراو لێرەدا هەڵوێستی خۆیەکیی نووسەرە لەو بابەتەی پێشکەشی دەکات. ئەم کارکردە جگە لە بەرهەمی ئەدەبی، لە پەیامی سیاسییشدا باوە. تەرجومانی تێکستی وەها دەبێت هەستەدەر[277] بێت، ئەم شەبەنگەی هەستڕاگرییە بەهەند بگرێت، وریای هەم «پاواتا»ی وشە بێت

[277] هەستەدەر = کەسێکی هەستی بە شتان دروست بێت، بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»*، www.mamosta.net

هەم شێوازی هەستەکیی نووسەری تێکستی سەرشار - تەرجەمەکە لەم بوارەدا هەم سەرشاربینە و هەم ئارمانجبین.

- کارکردی فەرماندەر imperative function: تێکستەکە، سەرباری خاڵەکانی سەرەوە، ڕێنوێنیی تێدایە و شێوازی هەڵسوکەوت دەنرخێنێت، چاکە و خراپە دەسەپێنێت، ترس و تەما دەکاتە داردەست. کەواتە ئاپۆرەی بیسەر و خوێنەر لێرەدا سەرشارە. بوارگەلی ئەم کارکردە بریتین لە تێکستی دینی، ڕیکلامی بازاڕ، بانگەشەی سیاسی، تێکستی فەرمیی بڕیاردەر. ئەرکی تەرجومان لێرەدا گونجاندنی تێکستەکەیە لەگەڵ ئاپۆرە و دۆخی تەرجەمەکە - پتر ئارمانجبینە.

بە دیدی Reiss & Vermeer تەرجەمە دەبێت ئارمانجبین بێت نەک سەرشاربین. پاراستنی جۆر و کارکردی تێکستی سەرشار مەرجێکی سەرەکی نییە، چونکە دەشێت تەرجومان بەمەبەستی گەیاندنی پەیام بە ئاپۆرەی خۆی لە دۆخێکی تایبەتدا، جۆر یان کارکردی تێکستی سەرشار دەستکاری بکات. ئەم دەستکارییە ئەنجامی بڕیارێکە تەرجومان دەیدات بۆ پێکانی ئەو کارکردە مەبەستەی لە تێکستەی ئارمانجدا بێتە ڕەچاوگرتن (Reiss & Vermeer 2014:190).

بەڵام گەر بڕیارە جۆر و کارکردی تێکستی ئارمانج ڕەنگدانەوەی سەرشارەکە بێت ئەوا گرینگە تەرجومان بە وردی ڕووماڵی تێکستە سەرشارەکە بکات بۆ پەیدۆزیی کارکردی هەموو بەشەکانی تێکستەکە و بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی داڕشتنی وەها کارکردی مەبەست تێیدا کارا بێت. گەر ڕەنگدانەوەی «کارکردی مۆژیار» شامەبەستە ئەوا گەیاندنی ئاگادارییەکە لە تەرجەمەکەدا گرینگە. هەر دەستکارییەکی تێکستەکە دەبێت پەرۆشی پەیڤ و داڕشتنی تەواو ڕاگەیەن بێت. گەر ڕەنگدانەوەی «کارکردی هەستڕاگەیەن» سەردەست بێت، ئەوا لایەنی جوانکاری و هونەرکاریی تێکست بە هەلومەرجی زمانی ئارمانج پێشەمی دەگرێت. لە بوارێکدا «کارکردی فەرماندەر» سەرنجگیر بێت، ئەوا وشەوازی و داڕشتن دەکەونە بەرتاوی دۆخ و بەستێنی ئاپۆرەی خوێنەر و بیسەر بۆ وەدیهێنانی ئەوپەڕی سوود.

بۆ نموونە لە تۆژینەوەی سەر بە ڕووکاری پراگماتیک، ئەم کۆپلەیە دەهێنمەوە لە کتێبی «بیر و ئاخاوتن» *Thought and Language* کە تۆژەری ناوداری ڕووس Vygotsky بە زمانی ڕووسی نووسیویەتی. ئەم کتێبە لە لایەن Eugenia Hanfmann & Gertrude Vakar تەرجەمەی ئینگلیزی کراوە و ڕوونبیر سەرکەپکانی لە ئینگلیزییەوە تەرجەمەی کوردیی کردووە:

> *Psychology, which aims at a study of complex holistic systems, must replace the method of analysis into elements with the method of analysis into units. What is the unit of verbal thought that is further unanalyzable and yet retains the properties of the whole? We believe that such a unit can be found in the internal aspect of the word, in word meaning.* (Vygotsky 2012:85)

ڕوونبیر لە کوردییەکەدا دەنووسێت:

*ڕەوانناسی، کە تۆژینەوە لە سیستەمگەلی هەمەگیری ئاڵۆز دەکاتە ئامانج، دەبێت میتۆدی «شرۆڤەی پێکهاتە»[278] بگۆڕێت بە میتۆدی «شرۆڤەی یەکە».[279] ئایا ئەو یەکەیەی بیرکردنەوەی بێژەکی چییە کە زیاتر نایەتە شرۆڤەکردن بەڵام هێشتا ماخۆی سیفەتەکانی گشتەکەیە؟ باوەڕی ئێمە ئەوەیە یەکەیەکی ئاوەها لە ڕووکاری ناوەوەی وشەکەدا خۆی دەبینێتەوە، واتا لە «واتای وشە» word meaning دا.[280]*

سەرنج بفەرموون ئەم تەرجەمەیە چ هونەرکارییەک دەنوێنێت بۆ پێکانی دوو ئامانج: یەکیان گواستنەوەی کارکرد و مەبەستی تێکستی سەرشارە و ئەوەی دیکەیان خزمەتکردنی «چەمکامێزاندن»[281] ـە لە زمانی کوردیدا. ئەم کۆشانە، سوودوەرگرتنە لە دەرفەت، هەڵبەت بەگوێرەی توانا، بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی بەم چەمکانەی تێکستی سەرشار پێشکەشیان دەکات و لە کوردیدا وێنەی بەرانبەریان نییە. جگە لە کۆشان بۆ دۆزینەوەی چەمکی هاوتا، دێت و ئەو چەمکانە لە پەراوێزدا تۆمار دەکات بۆ ئەوەی بەدەم کاتەوە ببنە وشەدانێکی ڕەنگین لە بواری خۆیدا و کەسانی دیکەش بەپێی پێویست لێی سوودمەند بن. هەیە لە دۆخی وەهادا، بەمەبەستی خۆلادان لە سەختی و ئاڵۆسکانی داڕشتن یان بە هەر هۆیەکی دیکە بێت، خۆی لەو چەمکە نامۆیانە لا دەدات، خۆی لە کێشەی بوون و نەبوونی چەمک دەدزێتەوە، یان هەوڵ دەدات و چەمکی لەبار بدۆزێتەوە بەڵام تۆماربەندیان ناکات و لە دەرەوەی ئەو تەرجەمەیە پەنهان دەمێنن، لە وشەدانی تایبەتدا جێ ناگرن. ئەم تەرجەمەیە وەهای نەکردووە، بەڵکە ڕێچکەیەکی دژواری گرتۆتە بەر بۆ تەرازکردنی هەردوو خواست: هەم ڕاستپێکانی کارکردی تێکستەکە و هەم ڕاهێزانی زمانە کوردییەکە بە چەمکی نوێ. لەوەش بترازێت، چەند پێشنیازێکی چەمکی نوێی پێشکەش کردووە بە فەرهەنگی میللیمان.

هەڵبەت مەرج نییە ئەو چەمکە نەوزادەی تەرجومان پێشکەشی دەکات هەردەم دروست و لەبار بێت، بەڵام گرینگ ئەوەیە تەرجومان ئەم دەرفەتە بەرۆکگیرەی نەسووتاند، کێشەی نەبوونی چەمکێکی دیاریکراو لە زمانی ئارمانجدا، کە کێشەیەکی شاراوە و پەنهانە چونکە ئەو چەمکە لەم زمانەدا بوونی نییە، ئاشکرا دەکات. ئەم چەمکە نوێیە گەر لەبار بێت ئەوا جێی خۆی دەکاتەوە و گەر نالەباریش بێت ئەوا سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ باسێکی زووتر بیرمان لێ نەکردۆتەوە و پەیڤمان بۆی نەبووە و ئەمجا، ئەم چەمکە نالەبارە داوای چارەسەر دەکات، ناچارین خەریکی بین و کێشەکە، بە ئافراندنی یەکێکی دیکەی گونجاوتر، بڕەوێنینەوە.

تەماشا، لەو تەرجەمەیەی سەرەوەدا، چۆن گشتە و یەکە بۆ whole & units، *«شرۆڤەی پێکهاتە» بەرانبەر* analysis into elements، *«شرۆڤەی یەکە» بۆ* analysis into units و *«بیرکردنەوەی بێژەکی» بە واتای بەرانبەر* verbal thought جەلوو دەبەستن. دروستە تەرجەمەکە خەریکی جوانکاری نییە بەڵام هەم کارکردی تێکستەکەی بە ڕوونی پێشان داوە کە دەڵێت لەم بوارەدا دەبێت شرۆڤەی پێکهاتە بگۆڕین بە شرۆڤەی یەکە

---

[278] - شرۆڤەی پێکهاتە: *analysis into elements*

[279] - شرۆڤەی یەکە: *analysis into units*

[280] لێڤ ڤیگۆتسکی، *«بیر و ئاخاوتن»*، تەرجەمەی لە ئینگلیزیەوە: ڕوونبیر سەرکەپکانی.

[281] چەمک = concept، چەمکامێز = conceptual، چەمکامێزاندن = conceptualization، چەمکامێزکردن، چەمکاندن. واتای یەکەم: پێڤاژۆی داڕشتنی بیرۆکەی گشتی، واتای دووهەم: بیرۆکەی گشتی دەربارەی بابەتێک یان دیاردەیەکی تایبەت کە گشت ئادگار و خەسڵەتەکانی ئەو بابەت و دیاردەیە گرد بکاتەوە.

(پراگماتیک)، هەم ساختار و چەشنەزاری کوردییەکەی دروستە، هەم بەو هەوڵی چەمکاندنە تەکانێکیشی داوە بە هێزی واتابەخشی کوردییەکە (سەمانتیک).

دەربارەی ئەم هونەری «چەمکامێزاندن» و «زاراوەسازی»یە، جەلیزادە لە *«زاراوەسازیی پێوانە»*-دا دەڵێت:

> *دەبێ بزانین زاراوە دانان بەوەندە پێک نایەت دەست بدەینە قەڵەم و بەپێی هۆشپێشکان و دەسەڵاتی زمانزانیمان بۆ «سیارة» - «گەڕۆک» و بۆ «طیارة» - «فڕۆک، فڕۆکە» دابنێین. زاراوە دانان بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە زانستی فەرهەنگسازی هەیە چونکە لە ئاکامدا بایی فەرهەنگێک وشە ڕۆ دەنێت. ئەوجا وەکوو گوتم، پێویستی بەو زانستە هەیە کە زاراوەی بۆ دادەندرێت. دوای ئەمە پێویستی هەیە بە زانستی زمان و دەنگناسی و هەموو لکەکانی دیکە کە زمان باوەشی پێدا دەگرێت. دەبێ بەلانی کەمەوە شارەزایی لە زمانێکی پێشکەوتووی ئەم سەردەمە پاڵپشتی زاراوەساز بێت. دەبێ زاراوەساز هەستیار و مووقڵاش و وردبین و سەلیقەدار بێت.*[282]

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش دەربارەی ئەو تەرجەمەیەی سەرەوە، وەک گوترا، بریتییە لەوەی ئەم کتێبە لە تەرجەمە ئینگلیزییەکەوە کراوەتە کوردی نەک یەکڕاست لە ڕووسییەوە کە زمانی یەکەمە. کاری وەها، واتا تەرجەمەکردن لە زمانی دووهەمەوە، گەر تەرجومان لە زمانی یەکەمەوە بە ئاسانی پەیدا نەبن، کارێکی نەک هەر ئاسایییە بگرە گەلێک پێویست و زۆریش باوە. بەڵام گرینگە تەرجەمەی لەم بابەتە لەڕێی بەراوردکارییەوە بژار و مشتومالێکی ورد بکرێت.

[282] جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە» لاپەڕە 6* – www.mamosta.net

**هاوشانەتی لە تەرجەمەدا**

بوون و نەبوونی وشەی هاوشان لە زمانی ئارمانجدا دۆزێکە تەرجومان دەبێت خەریکی بێت. Ingo ئەم دیاردەی هاوشانەتییە وەک سیستەمێکی چەمک دەکاتە سەرشار و بە هێڵکارییەکی درەختاسادا ڕوونی دەکاتەوە (Ingo 2007:162–167) کە تێیدا چەمکی سەرپۆل و ژێرپۆل هەن و ژمارەش دەداتە پێگە و ئاستە جیاوازەکانی هێڵکارییەکە بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن. لە پێگەی ژمارەی یەکدا بوون و نەبوونی وشەی هاوشان جودا دەکرێنەوە. نەبوونی وشەی هاوشان لە پێگەی ژمارە دوودا دەبنە دوو بەش:

- نەبوونی وشەی هاوشان لە «ئاستی زمانەکی»دا:[283] دەکاتەوە پەنامبوونی وشەی فەرهەنگی لە زمانی بەرانبەردا، لەو بارەدا کەلێن پەیدا دەبێت و تەرجومان دەتوانێت ئەو کەلینە بە ڕاڤەکاری و دەستتێوەردان پینە بکات.
- نەبوونی وشەی هاوشان لە «ئاستی بەستێنبەند»دا:[284] پێگەی ژمارە چواری لە هێڵکارییەکەدا هەیە و بە دوو جۆرە چارەسەر دەکرێت:

❖ پێگەی ژمارە پێنج: «تێبردن»، دوو ڕێچکەی هەیە:

a) گەر تێبردنی وشەی سەرشار کە هاوشانی لە زمانی ئارمانجدا بگاتە زیاندان لە گەیاندنی واتا، دەبێتە واتا-تێبردن

b) گەر تێبردنی وشەکە زیان لە گەیاندنی واتا نەدات، دەبێتە «هاوشانەتیی بنتوێژ»[285]

❖ پێگەی ژمارە شەش: «تێدان»، دوو ڕێچکەی هەیە:

a) گەر تێدانی وشە ببێتە فرەواندنی واتا، زیادکردنی وشە ببێتە مایەی زێدەڕۆیی واتا، ئەوا دەبێتە واتا-تێدان

b) گەر تێدانی وشە نەگاتە زێدەڕۆیی واتا ئەوا دەبێتە «هاوشانەتیی پاتەوپات»[286]

پێگەی ژمارە سێ بۆ هاوشانەتییەکە بوونی بەرهەستی هەبێت و ئەمیش، هەر وەک پێگەی ژمارە دوو، دوو جۆرە:

- «ئاستی زمانەکی»: پێگەی ژمارە هەفتە و باسی لە بوون و نەبوونی هاوشانەتیی وشەمەنییە lexical و دوو ڕێچکەی لێ دەبێتەوە:

[283] ئاستی زمانەکی = langue level

[284] ئاستی بەستێنبەند = parole level

[285] هاوشانەتیی بنتوێژ = implicit equivalence

[286] هاوشانەتیی پاتەوپات = explicit equivalence

❖ هاوشانەتیی وشۆکە:[287] «هاوشانەتیی وشۆکە»[288] وشەی فەرهەنگیی هەردوو زمان هاوشانن، وشەی فەرهەنگی لە زمانی سەرشاردا یەک بەرانبەری هەیە لە زمانی ئارمانجدا. هەڤبەندیی هەردوو زمان لە بوونی وشەی فەرهەنگیدا یەک-بە-یەکە، ئەمەش دیاردەیەکی فرە بەرتەنگە.

❖ هاوشانەتیی واتۆکە:[289] «هاوشانەتیی واتۆکە»[290] بەگشتی، وشەیەکی ئەم زمانە لەگەڵ وشەیەکی زمانەکەی دی واتای هاوشانیان هەیە بێ ئەوەی واتاگەلی دیکەیان لەم تەرجەمەیەدا تێکەڵ بن.

- «ئاستی بەستێنبەند»: کە چوار ڕووکاری لێ دەبێتەوە:
  ❖ پێگەی ژمارە هەشت: ڕووکاری ساختاری زمان
  ❖ پێگەی ژمارە نۆ: ڕووکاری چەشنەزاری زمان
  ❖ پێگەی ژمارە دە: ڕووکاری واتا (سەمانتیک)
  ❖ پێگەی ژمارە یازدە: ڕووکاری دۆخ (پراگماتیک)

پاشان هەر یەک لەوانیش دابەشینی خۆی هەیە.

Ingo ئەو شرۆڤەکارییە لەم هێڵکارییەدا نەخشەکێش دەکات:

---

[287] وشۆکە = lexeme، لەکسیم - وشەیەکی فەرهەنگیی خاوەن واتای تایبەت یان چەند وشەیەکی تێکبەستەی وێکڕا واتایەکی تایبەت دەدەن کە هیچ یەک لە پارچەکانی بە تەنێ ئەو واتایە نادەن.

[288] هاوشانەتیی وشۆکە = lexeme equivalence

[289] واتۆکە = sememe، سەمیم - یەکەی واتا کە مۆرفیم morpheme دەیدات.

[290] هاوشانەتیی واتۆکە = sememe equivalence




هێڵکاریی Ingo بۆ هاوشانەتی تەرجەمە – بەشی یەکەم
Ingo, *Konsten att översätta: översättandets praktik och didaktik* 2007




هێڵکاریی Ingo بۆ هاوشانەتی تەرجەمە – بەشی دووهەم
Ingo, *Konsten att översätta: översättandets praktik och didaktik* 2007




هێڵکاریی Ingo بۆ هاوشانەتی تەرجەمە – بەشی سێهەم
Ingo, *Konsten att översätta: översättandets praktik och didaktik* 2007

**سەرەنجام**

نووسەر، بەدەم تێکستاندنەوە ئەم چوار ڕووکارەی ساختار، چەشنەزار، سەمانتیک و پراگماتیک ڕەچاو دەگرێت. ڕێزمانی زمانەکەی خۆی پەیڕەو دەکات، ئەو چەشنەزارە لە زمانەکەدا هەڵدەبژێرێت کە گونجاوی بەستێنی تایبەتە، پەنا دەباتە بەر ساختاری سەمانتیکانەی زمانەکە بۆ دەربڕینی و گەیاندنی مەبەستی خۆی. تێکستی سەرشار پەیوەستی دۆخێکی تایبەتە، سەربە زمان و فەرهەنگێکی دیاریکراوە، سەربە جێ، جڤاک و سەردەمێکی تایبەتە، بۆ ڕشتە و ژانرەی خۆی هاتۆتە داڕشتن. Ingo دەڵێت تەرجومانی کارامە، جگە لە پەیبردن بەم چوار ڕووکارەی تێکستی سەرشار، دەبێت ئەو ڕووکارانە لە زمان و تێکستی ئارمانجیشدا ڕەچاو بگرێت. زمانی ئارمانج خاوەن ڕێزمانی خۆیەتی دەبێت مرۆڤ شارەزایان بێت. تەرجومان دەبێت ئاگادار بێت لە بوون و نەبوونی چەشنەزاری هاوتا لەگەڵ چەشنەزاری تێکستی سەرشار، لە داڕشتنی تێکستەکەی خۆیدا کام ساختاری سەمانتیکی ئەم زمانەی ئارمانج هەڵبژێرێت. خاڵی هەرە دژواریش لەوەدایە کە دۆخ و بەستێنی نووسینی تێکستی سەرشار بەگشتی تەواو جودایە لەو دۆخ و بەستێنەی تێکستی ئارمانج تێیدا دێتە خوێندنەوە. تەرازکردنی ئەم ڕووکارەی پراگماتیک هونەری خۆی گەرەکە.

ڕەچاوگرتنی هاوسەنگیی هەردوو تێکستی سەرشار و ئارمانج لە هەر چوار ڕووکارە بنەڕەتییەکەوە کارێکی دژوارە و مەرجی وەها نێزیک دەبێتەوە لە شیانبەدەربوونی تەرجەمەکردن. بەڵام مەرجی وەها گران لە ئارادا نییە و تەرجومان دەتوانێت هەوڵ بدات بۆ باشترین تەرازبوونی بەرشیان. پاش شرۆڤەکارییەکی ورد، تەرجومان شائەرکی تێکستی سەرشار دیاری دەکات و تێدەکۆشێت بۆ بەرهەمهێنانی تەرجەمەیەک ئەو کارکرد و مەبەستە دابین بکات. گەر کارکردی مۆژیار شامەبەستە ئەوا تەرازکردنی ئەم لایەنە گرینگە و تەرجەمەکە دەبێت ئەو پەیامە دەرببڕێت کە لە تێکستی سەرشاردا هاتۆتە دەربرین. گەر پێشەمی بۆ کارکردی هەستڕاگەیەن و شێوازی دەربڕینە ئەوا تەرجەمەکە پتر پەرۆشی زمان و داڕشتنی ئارمانجە، ڕووکاری پراگماتیک پێش پێکهەڵبوونی سەمانتیک دەکەوێت. (Ingo 2007:160)

Reiss & Vermeer دەڵێن هەڵبژاردن لای تەرجومان بنەمای هەیە، ئەو بنەمایەیە جگە لەوەی دەبێتە بڕیاردەر بۆ ئەوەی «چی» بێتە گواستنەوە و چی وێڵ بکرێت، دەشبێتە بڕیاردەر لە «چۆنەتی»ی ئەو گواستنەوەیە. مەبەست و نیازی تەرجەمەکە بڕیار دەدەن چی و چۆن تەرجەمە بکرێت. «سکۆپۆس»ی تەرجەمەکە پێشەمیی هەیە نەک شێوازی کار. «کرداری تەرجەمەکارانە بەرتاوی مەبەستی خۆیەتی. هەموو گوتارێک دەربڕینە لە دۆخێکی هزری و لە نیازەکانی ئاخێوەر». (Reiss & Vermeer 2014:85)

لە نموونەی تەرجەمە بۆ تۆژینەوە لەو چوار ڕووکارەی Ingo باسیان دەکات، دەچمەوە لای کتێبی *«لە پەرۆشەکانی ژیان»*ی مەسعوود محەمەد-ی جەلیزادە. ئەم کتێبە بریتییە لە سێ گوتاری خاوەن سێ ڕووکاری جیاواز بەڵام تاکە یەک خۆماک گردیان دەکاتەوە، ئەویش وەک سەرناوەکەی دەیدرکێنێت، پەرۆشەکانی نووسەرە.

*«لە پەرۆشەکانی ژیان»* ساڵی 1988 لە بەغدا بە زمانی عەرەبی بە سەردێڕی *«من هموم الحیاة»* چاپ و پەخش کرا و پاشان ساڵی 1995 نووسەر خۆی تەرجەمەی کوردی کردووە[291] و 1997 لە ستۆکهۆلم لە لایەن

[291] دەربارەی سەختیی تەرجەمەکردنی ئەم کتێبەی *«من هموم الحیاة»*، نووسەرەکەی، مەسعوود محەمەدی جەلیزادە، دەنووسێت:

وەشانخانەی «کیتابی ئەرزان»ـەوە، بۆ کتێبخانەی کوردی، کرایە دیاری. من لێرەدا کارم بە دوو کۆپلەی ئەو گوتارە هەیە بۆ پیشاندانی فرەوانتربوونی دەرفەتی «ئازادیی بڕیاردان» لە تەرجەمەکردنی تێکستی قووڵ و تۆکمەدا. تێبینیش بفەرموو، ئەو ئازادییە نابێتە هۆکار بۆ سەنگەلابوونی هاوتایەتی، بەڵکە دەبێتە تاودەری هاوتابوونی هەڤبەندیی نێوان دارشتن و کارکردی تێکست.

سەرناوی گوتارەکە بە زمانی عەرەبی دەڵێت: «نفض غبرة عن جبين الشمس» و کوردییەکەشی بۆتە «گەردەماڵێک لە تەوێڵی خۆر»، مەبەست لەم «شەمس» و «خۆر»ە «مەلای خەتێ»-یە. بەستێنی گوتارەکە دوو ڕووکاری هەیە: یەکەمیان پەلاماردان و تاوانبارکردنی مەلای خەتێیە لە لایەن کەسانێکەوە خۆیان کردبووە و ئێستاش کردۆتە دەمڕاستی دونیای فەرهەنگی کوردی،[292] دووهەمیان پەلاماردان و هێرشی مانونەمانی دوژمنە بەرانبەر کوردستان - هەڵمەتی ئەنفالی ئەو دەسەڵات و ئەو زمان و ئەو فەرهەنگەیە کتێبە سەرشارەکەی پێ نووسراوەتەوە. کارکردی هەردوو تێکست، هەم سەرچاوە و هەم ئارمانج یەک بابەتە، ئەویش بەرەنگاربوونەوەی ئەو دوو هێرش و ستەمکارییەیە. بەستێنی تەرجەمە کوردییەکەی تەنها یەک جیاوازیی هەیە لەتەک سەرشاردا، ئەویش زمانە، ڕووکاری جڤاکی و فەرهەنگی وێکچوونیان زیادترە لە جیاوازی.

جەلیزادە لە «نفض غبرة عن جبين الشمس» ـدا دەڵێت:

*... أما الأصغر فهو إستمراء الثقافة الكردية الحديثة لفرص التحامل على أمثال الخطي دونما نظر الى عواقب هذا الميل المتحيز الذي يلتبس فيه الحق بالباطل. ذلك أن التحيز في المثقف نوع غشاوة تنسدل على عين المجتمع لأن الثقافة نور الرؤية ونبراس الهداية ثم هو تبلد يخالط احساسه بالخطأ والصواب والإستقامة والإلتواء والظلم والعدالة وبقية القيم.*

*فالمثقف في مثل دنيا الكرد هو الذي يتكلم بإسم الناس وينوب عنهم في تسمية الأشياء وتضمينها المعاني ويرفض هذا العرض ويقبل بذلك ويسحب وراءه الدنيا الى المهالك وأنصاف المهلكة وما أكثر ما وجدت البسطاء من عباد الله حيارى فيما يفعله المثقفون بأنفسهم من التفرق والتشرذم وما يتبعه من العنف الوبيل على أمور يتفاهم في مثلها البسطاء عفو الخاطر لأنهم لا يملكون قواعد ايديولوجية في تقويم المصالح الدنيوية كي يقيسها عمرو على جذبة القادرية ويعرضها بكر على خلوة النقشبندية. ولا أظن ان السياسة اخرجت الى ميدانها قضية في مثل وضوح واجب طلائع الكرد فقد كاد ان ينحصر هذا الواجب منذ انتهاء الحرب الكونية الأولى من ثمانية وستين عاما في حفظ الوجود القومي عبر معركة الحياة ضد الفناء فالايديولوجيات ينبغي أن تخرس بين أهل سفينة مهددة بالغرق.*[293]

---

*«لەگەڵ مامۆستا شوکور [مستەفا شوکور] بە تەلەفۆن و لە داوەتێکیشدا بە ئیلحاحەوە داوام کرد هەر نەبێ سەرپێییش بێت گەڵاڵەیەکی تەرجەمەکەم بۆ بکات خۆم پیراشەی دەکەم... لە هەر دوو جاردا پڕ بەدڵ گوتی: ئەو عەرەبییە بە خۆت نەبێ بە کەس تەرجەمە ناکرێت... قسەکەشی نەک ڕاستە، هێندە ڕاستە خەریکم خۆیشم پێ نەوێرم. نامەوێ شەقڵی ئەسڵەکە بە تەواوی بدۆڕێت، هەر چۆنێک بێت دەبێ نەختێک لە تەوژمی عەرەبیەکە، کە بۆ بەر چاو و گوێی میللەتێکی غەیری کورد نووسراوە، بپارێزرێت نەک ماستی توند بە ئاوی زۆر بێتە ماستاو».* بڕوانە: لاپەڕە 4ی https://mamosta.net/MM_Name/MM_bo_WuA__1994_98.pdf

[292] بۆ وردەکاریی زیاتر و ناسینی سەرچاوەی ئەم بوختانە گەورەیە دژ بە مەلای خەتێ بڕوانە: گوتاری «تثنية الحج الى اعتاب بوابة العلامة الخطي»، مسعود محمد، گۆڤاری «کاروان»، ژمارە 72-71، ساڵی 1989. «حەجێکی تر بۆ بەردەرگای «خەتێ-ی زانا»، تەرجەمەی حەکیم کاکەوەیس. سایتی مامۆستا: www.mamosta.net
https://mamosta.net/Kteeb/Kteebi_PDF/Xeteey_Zana.pdf

[293] بڕوانە لاپەڕە 62 لە *«من هموم الحياة»*:
https://www.mamosta.net/Arebi/Kteebi_Arebi/MM_Mn_humum_al_hheyat.pdf

ئەوجا کوردییەکە بە خامەی نووسەر خۆی:

*... بچووکەکەیان ئەوەیە سەقافەتی تازەبابەتی کورد هەلی هێرش بردنە سەر کەسانی وەکوو مەلای خەتێیان لێ خۆش هات و دێت بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئاکامی دژلایەنەکەی حەق تێیدا تێکەڵ بە ناحەق دەبێت. لایەنگیری لای ڕۆشنبیر بەڵغێکە بە سەر چاوی کۆمەڵدا دێتەوە چونکە ڕۆشنبیری ڕووناکایی دیتن و تروووسکەی هیدایەتە، ئنجا - لایەنگیری - ورەیەکە تێکەڵی هەست بە هەڵە و دروستی و ڕاستی و خواری و ستەم و داد و هەموو نرخێکی دیکەش دەبێتەوە.*

*ڕۆشنبیر لە جیهانێکی وەک کوردەواریدا خۆی قسەکەرە لە جیاتی خەڵک، لە وەکالەتی ئەوانیشەوە ناو لە شتان دەنێت و مانایان وەبەر دەنێت و ئەمە ڕەفز و ئەویان دەقەبڵێنێ، دنیاش بە دوا خۆیدا بۆ هەلاکەتی و نیوە هەلاکەتی پەلکێش دەکات. زۆر جاران عالەمولاَی سادەفام دەحەپەسێن لەوەی ڕۆشنبیران بە خۆیانی دەکەن لە تەفرەقە و شڕی و دڕی لە کاری وەهادا کە سافیلکە بێ وەستان لە سەری دێتە ڕەدایی هەر چونکە سافیلکەکان بنگەی ئایدیۆلۆجیای وەهایان نییە لە نرخاندنی بەرژەوەندی دنیایی کە عەمر بە «جەزبەی قادری» بپێوێت و بەکریش بە «خلوەی نەقشبەندی». باوەڕ ناکەم سیاسەت هیچ مەسەلەیەکی هێنابێتە مەیدان ئاشکرا و ڕوون بێت هێندەی فەرمانی پێشخزمەتانی کوردایەتی کەوا ڕەنگە لە ماوەی 68 ساڵی دوای شەڕی یەکەمەوە پاراستنی کورد لە نەمان بێت بەدەم تەقالای ژین دژی مەرگەوە.* هەرچی ئایدیۆلۆجیا هەیە دەبێ ورتەی لێوە نەیەت لەنێوان خەڵکی ناو کەشتییەکی خەریکە ژێراو بێت.[294]

بەر لە باسکردنی وردەکاریی ئەم تێکستە تەماشا وشەی «گەردەماڵ» و «تەوێڵ»، لە سەردێڕی گوتارەکەدا، چۆن جێی «نفض غبرة» و «جبين» یان گرتۆتەوە. گەر لەبری پەیڤی «گەردەماڵ» و پەیڤی «تەوێڵ» - کە وەک نێوچەوان وابەستەی دوو چاوان نییە - دەربڕینی وەک «تەکاندنی تۆز» و «نەوچەوان» جێگرەوە بان، چی لێ دەردەچوو، گەر خامەی ئوستادانە تەرجومان نەبا ئەو سەردێڕە نەدەبووە ئەم تابلۆ ڕەنگینە. ئەم هونەرە، بەولای زمانزانییەوە، کارامەیی تەرجەمەکردنی گەرەکە.

بچینەوە لای نموونەکەی سەرەوە. چەند خاڵێکی گرینگ لە پەیام و نێوەڕۆکی ئەم تێکستەدا درەوەشاوەن. یەکەم: پەرۆشیی نووسەرە بۆ ڕسکانی نەرینێکی میللەتپارێزانە توانیبای لە پاش جەنگی یەکەمەوە ببێتە کەمەربەندێکی ئاگربڕ بەدەوری گەلی کوردستانەوە. دووهەم: فرەوانبوون و جێگیربوونی دیاردەی لایەنگیریی ڕۆشنبیر و چەواشەکردنی ڕاستییە، سێهەم: ناکۆکیی کوشندە و ڕووخێنەرە لەنێوان سیاسەتمەدارانی ئەم گەلە و چوارەم: ئاماژەدانە بە نۆرەی نەقشی و قادری لە گێژەنی کوردەواریدا. ئێرە جێی شیکاریی نێوەڕۆکی تێکستەکان نییە، لەبەر ئەوە جێیان دەهێڵم و دەگەڕێمەوە لای هونەری تەرجەمە و لای هەڤبەندیی هەردوو تێکست: لەبەر ئەوەی بەستێنی بابەت و هەروەها بازنەی ئاپۆرەی هەردوو تێکستە عەرەبی و کوردییەکە تاڕادەیەک وێکچوون، نێزیکایەتییەکی ڕوون دەبینین لەنێوان هەردوو داڕشتندا.

بۆ تەرازکردنی لایەنی زمانەوانی، تەرجومان - کە نووسەر خۆیەتی - ئازادانە وشە و دەستەواژە هەڵدەبژێرێت بەمەبەستی پێشکەشکردنی جوانترین داڕشتن بە مەرجی هاوتابوونی گەیاندنی مەبەست لەو بەستێنە، بڕوانە: *«تەقەلا»* و «مەرگ» ی *«بەدەم تەقالای ژین دژی مەرگەوە»* چۆن بەرانبەر *«معركة»* و *«الفناء»* ی «عبر

[294] بڕوانە جەلیزادە، *«لە پەرۆشەکانی ژیان»*، لاپەڕە 78:
https://mamosta.net/Kteeb/Kteebi_PDF/LePeroshekaniJiyan.pdf

*معركة الحياة ضد الفناء»* دەوەستنەوە. دەستەواژەی *«سەقافەتی تازەبابەتی کورد هەلی هێرشبردنەسەر کەسانی وەکوو مەلای خەتێیان لێ خۆش هات و دێت»* بۆتە هاوسەنگی دەستەواژەی *«إستمراء الثقافة الكردية الحديثة لفرص التحامل على أمثال الخطي»* و چەند وردەکارییەک پێشان دەدات، وەک:

- *«لێ خۆش هات و دێت»* بەرانبەر *«إستمراء»*
- *«هێرشبردنەسەر»* بەرانبەر *«التحامل»*
- *«کەسانی وەکوو مەلای خەتێ»* بەرانبەر *«أمثال الخطي»*

لەبەر جیاوازیی ساختاری ئەو دوو زمانە، تەرجومان بەگوێرەی دەسەڵاتی زمانەوانیی خۆی، «بڕیار» دەدات لە هەڵبژاردنی دەربڕینی لەبار بۆ گەیشتن بە هاوتایەتی لە ئاستێکی بەرزی ئەو دۆخە ڕاگەیەنەدا، ئازادیی لە هەڵبژاردنی تاکە وشە و دەستەواژە بۆ تەرازکردنی واتا و مەبەستە. بەوەش تەرجەمەکە، وێڕای نەخشاندنی هونەری، سەرلەبەری پەیام، کارکرد و مەبەستی تێکستی سەرشار وەک خۆی بە زمانی ئارمانج ڕادەگەیەنێت. بەم جۆرە، تەرجەمەکە لە چەندین ئاستی هزری، زمانەوانی، جڤاکی، فەرهەنگی و هەروەها توانستی ڕاگەیاندنی مەبەست، دەبێتە هاوتای تێکستی سەرشار چونکە هەڤبەندیی نێوەڕۆک و شێواز، لە هەردوو تای تەرازوودا، لە هەردوو تێکستدا، هەمان کارکرد پێشکەش دەکەن.

نموونەیەکی دیکەی تەرجەمە بۆ تۆژینەوەی سەربە هەر چوار ڕووکارەکانی Ingo بریتییە لە کۆپلەیەک لە گوتارێکی تۆژەر Eugene Nida بە ناوی: Principles of Correspondence

> *Messages differ primarily in the degree to which content or form is the dominant consideration. Of course, the content of a message can never be completely abstracted from the form, and form is nothing apart from content; but in some messages the content is of primary consideration, and in others the form must be given a higher priority.* (Venuti 2000: 127)

پێشنیازێک بۆ تەرجەمە:

> *جوداکەرەوەی یەکەمی نێوان پەیامگەل بریتییە لەوەی پلەی ڕەچاوگیریی سەردەست بۆ نێوەڕۆک بێت یان بۆ شێواز. هەڵبەت، هەرگیز ناکرێت نێوەڕۆک سەرپاکانە دابڕین لە شێواز و شێوازیش بێ نێوەڕۆک هیچ نییە؛ بەڵام پەیام هەیە نێوەڕۆک تێیدا جێی شاسەرنجە و هەیشە پێشەمیی هەرە بەرز دەداتە شێواز.*

گەر ساختار، ڕێزمان، وشەسازی و ڕستەسازی بکەینە سەرشار دەبینین *«جوداکەرەوەی یەکەمی نێوان پەیامگەل بریتییە لەوەی پلەی...»* بەرانبەر *Messages differ primarily in the degree to...* هاتووە بەڵام هاوساختار نین چونکە ساختاری ڕستەسازیی کوردی و ئینگلیزی یەک جۆر نین. هەر بۆ نموونە لە کوردیدا وشەی تاک لە دۆخی تایبەتی خۆیدا، بۆ نموونە بۆ دەربڕین لە کۆی دەرهەستی دیارینەکراو، جێی ناوی کۆ دەگرێتەوە: گەر مەبەست لە «کورد» ناوە دەرهەستە گشتییەکە بێت ئەوا *«کورد لە کوردستان دەژین»* دروستە نەک

*«کوردەکان...»* گەر باس لە دەستەیەکی دیاریکراوی بەرهەست بێت، *«کوردەکانی ئەم گوندە یارسانن...»* ئەوسا کۆ بەرانبەر کۆ دەوەستێت. لە تەرجەمەی ڕستەکەی سەرەوەدا وشەی *پەیامگەل* بەرانبەر *Messages* هاتووە، هەم کۆیە و هەم گشتییە، دیاریکراو نییە.

خاڵبەندی دەبێت پەیڕەوی ڕێساکانی زمانی ئارمانج بکات، نەک سەرشار. بەڵام بەگشتی، لەم تەرجەمەیەدا جوداوازییەکی وەها پەیدا نابێت. زمان هەیە مەیلی کۆمابەندی تێدا بەهێزە، زمان هەیە لەو خاڵەدا ئارامترە.

لەڕووی سەمانتیکەوە، دەکەوینە ڕووماڵکردنی تێکستی سەرشار بۆ دۆزینەوە واتای لەبار بۆ وشە و دەستەواژەی ئەو کۆپلەیە. لیستێک بە وشە و چەمکە تایبەتەکان ڕێک دەخەین. بۆ نموونە:

- پەیام نەک نامە بۆ message.
- ڕەچاوگیری، سەرنجگیری: consideration، ئەوجا شاسەرنج بۆ *primary consideration*
- سەرپاک: completely، سەرپاکانە: completely (adv.)، نەک تەواو و تەواوەتی.
- abstract وشەیەکی فرەواتایە، سایتی dictionary.com چواردە واتا و شەبەنگی کەموزۆر جیاوازی ڕیز کردووە، هەم ڕەنگدێر (ئاوەڵناو) و ناو، هەم کار. بەگشتی abstract, abstraction واتای دەرهەست و دەرهەستاندن دەدەن بەڵام لەم بەستێنەدا abstracted بە واتای دابڕاو و دابڕین هاتووە.
- شێواز یان شێوە: form، نەک فۆرم و شکڵ.
- نێوەڕۆک: content، لێرەدا content دەبێتە نێوەڕۆک (ناوەڕۆک، ناوئاخن)ی واتابەخش و بەرانبەر شێواز دەوەستێت، دەنا وشەکە لە ئینگلیزیدا فرەواتایە و سایتی www.oxfordlearnersdictionaries.com پێنج واتا و شەبەنگی جیاوازی لێ دەدات.
- پێشەمی: priority.

هەڵبەت دەکرێت وشە و چەمکی دیکە بێنە هەڵبژاردن بەڵام گرینگە هەم واتای تێکست و پەیامی نووسەرەکەی بێنە گواستنەوە و هەم داڕشتنە کوردییەکە هێز و پێزی واتابەخشینی خۆی پێشان بدات.

ڕووکاری چەشنەزار دەڵێت ئەم تێکستە سەروکاری لەگەڵ ڕشتەی زمانەوانیدا هەیە و شێوازێکی فەرمیی دەربڕینی هەڵبژاردووە. تێکستی تەرجەمەکەش هەمان ئاست و ئاراستە دەگرێتە بەر. بۆ نموونە چەمکی وەک سەرپاک/سەرپاکانە، شاسەرنج و پێشەمی لە زمانی ڕۆژانەدا باویان کەمە.

تەرجەمەکە سێرەی لەسەر بەستێن و دۆخی بەرەی ئارمانجە، لەڕووی پراگماتیکەوە لای گرینگە کارکردی هەرە ڕوونی ئەم تێکستە کە سەرنجگیرییە لە پلەوپایەی نێوەڕۆک و شێواز لە تەرجەمەکردندا، بگاتە خوێنەری کوردیزمان. گرینگە سەرنجگیری لەم شامەبەستە لە تەرجەمەکەدا گەشاوە بێت، نەکەوێتە بەر سێبەری خاڵی دیکە. وەک دەبینرێت، تەرجەمەی ئەو کۆپلەیەی سەرەوە هەوڵ دەدات، بەپێی توانا، جەخت بخاتە سەر ئەوپەڕی دروستپێکان لە هەر چوار ڕووکارە بنەڕەتییەکەدا: ساختاری زمان، چەشنەزار، سەمانتیک و پراگماتیک.

## تەرجەمەی ماشێنکرد

گواستنەوەی تێکست لەڕێی داتاکارییەوە لە زمانێکی مرۆڤکارەوە بۆ زمانێکی دیکەی مرۆڤکار، بەگشتی لە ساڵانی پاش جەنگی دووهەمی جیهانییەوە سەری هەڵدا و لەو دەمەوە هەتا ئێستا، وەک زۆر دیاردەی دیکەی دیژیتاڵ، هەم یاری هەبووە و هەم نەیار. لە بواری تەرجەمەناسییشدا ئەم دیاردەی تەرجەمەی ماشێنکردە هەتا دەمەو کۆتای سەدەی بیستەم زۆر جار خەمساردانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا. بەگشتییش ڕێچکەی تۆژینەوە لە دوو بواری تەرجەمەی مرۆڤکرد و تەرجەمەی ماشێنکرد دوو ڕێچکەی جیاوازی تەریبیان دەگرتە بەر. بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکەمەوە، بەدەم فراژووتنی داتاکاری و هەڵکشانی تەکنیکی دیژیتاڵەوە لە بواری شرۆڤەکاریی زمانەوانیدا، سەنگی تەرجەمەی ماشێنکرد تەواو گۆڕا و ئەو دوو ڕێچکەی تۆژینەوەیەش کەوتنە دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و گەلێک جاریش یەکانگیر دەبوون. ئەم نێزیکبوونەوەیەش دیاردەیەکی سەیر نییە چونکە لایەکی بەرینی ئەو کەرەستەیەی تەرجەمەی ماشێنکردی هاوچەرخ دەیکاتە بنەما، بریتییە تەرجەمەی زووتری مرۆڤکرد و هەروەها بەرهەمی تەرجەمە ماشێنکردەکەش دیسان دەبێتەوە کەرەستەیەکی مرۆڤ تێیدا خەریکی پاش-بژارکاری دەبێت. (Baker & Saldanha 2020:305-310)

تەرجەمەی ماشێنکرد ئەمڕۆ، وێڕای گشت کەماسییەکانی، دیاردەیەکی جیهانپۆشی زۆر چوست و بەرفرەوانە. هەر بۆ نموونە ساڵانێکە لە شاری بارسالۆنا Barcelona ی پاتەختی هەرێمی خۆفەرمانی کاتالۆنیا Catalonia، ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە زمانی کاتالانی Catalan ـیەوە تەرجەمەی ماشێنکرد دەکرێت بۆ زمانی سپانی و ئەوجا دوای پاش-بژارکارییەکی یەکجار کەم پەخش دەکرێت.[295] هەڵبەت ئەم زانستەی تەرجەمەی دیژیتاڵ بۆ هەموو زمانێک لە یەک ئاستدا نییە و گەر باس لە کوردییەکەی خۆمان بێت ئەوا جارێ زۆر ساکارە. بەڵام بەگشتی فراژووتنی ئەم بوارە هەر بەردەوامە و جۆرایەتیی تەرجەمەی ماشێنکرد بەدەم کاتەوە باشتر دەبێت بەڵام گرینگە بزانین کە تەرجەمەی ماشێنکرد جارێ هێند توانا نییە پەی بەرێت بە گشت شەبەنگ و گشت وردەکارییە پەنهانەکانی تێکست. لەبەر ئەوە، وەک Pym دەڵێت: تەرجەمەی ماشێنکرد تەنها بەدەست تەرجومانی پیشەوەرەوە دەبێتە ئامێری خۆشدەست.

بەرنامەی تەرجەمەکار، بەرنامەی دیژیتاڵ بۆ تەرجەمەی ماشێنکرد، بەگشتی، دوو جۆرن: یەکەمیان «تەرجەمەی ماشێنکردی ئاماردۆز»،[296] کە بنەماکەی بریتییە لە جووتکردنی وشەی ئەم زمانە لەگەڵ وشەی زمانەکەی دیکە ئەویش لە پەیدۆزیی ئەو وشەیە لەنێو ئاماری پێشکات سازکراودا لە گردکردنەوەی بەرهەمی نووسراو بەو زمانگەلە. ئەم جۆرە بەرنامانە تەرجەمەکارانە، لەنێو تێکستی پاشەکەوتکراوی تۆمارگەی[297] خۆیاندا و هەروەها لە تێکستی بەردەستی ئینتەرنێتدا دەگەڕێن و داتا گرد دەکەنەوە دەربارەی نەخشی کۆبوونەوەی وشە لە تێکبەستەی باودا، شیمانەی زنجیرەبەستنی وشە لە دەستەواژەدا، دۆزینەوەی لەبارترین واتا بۆ وشەی مەبەست لەگوێرەی ئەو ئامارەی هەیە. ئەم ئامارە، زۆر جار بە یارمەتیی پەنابردنە بەر ڕێسای زمانەوانی، دەبێتە ڕێنوێن بۆ پێشنیازکردنی یەک یان چەند واتایەکی گونجاو بۆ تەرجەمەکە.

---

[295] https://onlinelibrary.wiley.com/doi/full/10.1111/j.1083-6101.2003.tb00360.x
And https://www.youtube.com/watch?v=g_cksaRLdfY

[296] تەرجەمەی ماشێنکردی ئاماردۆز = Statistical machine translation (SMT)

[297] تۆمارگە = database، داتابەیز، دەیتەبەیز.

جۆری دووهەمی بەرنامەی تەرجەمەکار، لەبری ئامار، ڕێزمان دەکەنە بنەمای یەکەم، ئەمانە بە «تەرجەمەی ماشێنکردی ڕێسابەند»[298] ناودێرن. لەم جۆرەدا، بەرنامەی تەرجەمەکار دەگەڕێتەوە بۆ ڕێسای زمانەوانیی هەردوو زمانی هەم سەرشار و هەم ئارمانج، ڕووکاری وشەسازی، ڕستەسازی و واتاسازی بەهەند دەگرێت. ئەم جۆرە ڕێسابەندییە لە تەرجەمەی ماشێنکردا باشتر دەروەستی کێشەی گەردانی وشە دێت لە تەرجەمەدا گەر ڕێساکانی ئەو زمانە بکرانایە بنەمای شرۆڤەکاریی داتاکار. بەڵام ئەم تەرجەمە ڕێسابەندە لە لایەن بەشێک لە تەرجەمەناسان کەوتە بەر ڕەخنەی توند لەوەی ئەم نەرینە پتر خەریکی ڕێسای زمانە و دیدێکی هێند ساکاری لە تەرجەمەدا گرتۆتە بەر وردەکاریی فەرهەنگی ناخوێنێتەوە. هەرچۆنێک بێت، ئەم تەرجەمە ڕێسابەندە لە ئاست تەرجەمەی ئاماردۆزی داتادۆزدا، لەبەر هۆکاری کردەکی، بۆ نموونە دژواریی داڕشتنی گشت ڕێسا زمانەوانیەکانی هەموو زمانێکی بێتە کایەی ئەم جۆرە تەرجەمەیەوە لە بەرنامەی تەرجەمەکاردا، کەوتە پاشەکشە. (Baker & Saldanha 2020:305-310)

بەگشتی، بواری بەرنامەی تەرجەمەکار کۆسپی هەمەجۆری هەیە، لە پەنا کێشەی وشەی فرەواتا، بابەتی دیکەی وەک تەرجەمەی مێتافۆر، پەیبردن بە بەستێنی تێکست و هەلومەرجی فەرهەنگی... لێ دەبنە بەرۆکگیری دژوار. لەبەر ئەوە تەرجومان دەبێت لەڕێی پاش-بژارکاریی تەرجەمەی ماشێنکرد: machine translation post-editing (MTPE) ەوە بکەوێتە مشتوماڵدانی تەرجەمەکە دەنا مەترسی هەیە تێکستێکی ناجۆری لێ ساز بێت.

کەواتە باس لەوە نییە تەرجەمەی مرۆڤکرد باشە یان تەرجەمەی ماشێنکرد، چونکە زۆر تەرجومانی پیشەوەر هەن، لە زمان و لە بواری دیاریکراودا، سەرەتا پەنا دەبەنە بەر تەرجەمەی ماشێنکرد و ئەوجا بە پاش-بژارکاری تێکستەکە زاخاو دەدەن. ئەم جۆرە تەرجەمەیە هەم خێراترە و هەم ڕەنگینتر.

گفتوگۆ دەربارەی تەرجەمەی ماشێنکرد ڕووکاری فرەجۆری هەیە، Philipp Koehn ی پسپۆری ئەم بوارە، ڕووکاری «ناکۆکی» وەها ڕاڤە دەکات:[299]

- هۆشەکیانە بەرانبەر ئەزموونکارانە rationalist vs empiricist. دیدی هۆشەکیانە دەکۆشێت بۆ تێگەیشتن لە زمان، زمانەکە چۆن دەچەرخێت و کارکردەکانی چۆنن. دیدی ئەزموونکارانە پتر سەرنج دەداتە ئەوەی زمانەکە بریتییە لە چی و ئێمە دەتوانین چی لە داتای بەردەست فێر ببین و چۆن ئەو داتایە پێشکەش بکەین.
- زانستانە بەرانبەر ئەندازیارانە scientist vs engineer. دیدی زانستانە دەکۆشێت بۆ تێگەیشتن لە جیهان، دیدی ئەندازیارانە پتر لە خولیای داڕشتنی بەرنامەیەکی خۆشکارە نەک تێگەیشتنێکی قووڵ لە کێشەکە.
- پەیبردن بەرانبەر شرۆڤەکاریی داتا insight vs data analysis. ئایا ئێمە خولیای پەیداکردنی دەرکێکی قووڵین لە سروشتی زمان یان خەریکی شرۆڤەکاریی داتای بەردەستین.
- ڕوونکردنەوەی زمان یان داڕشتنی بەرنامەی دیژیتاڵ explaining language vs build applications. ڕوونکردنەوە زمان مەبەستە یان داڕشتنی بەرنامەی تەرجەمەکار، جەخت بخرێتە سەر پەیبردن بە وردەکاریی زمان یان بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەرجەمەکاری چوست گرینگە؟

---

[298] تەرجەمەی ماشێنکردی ڕێسابەند = Rule-based machine translation (RBMT)

[299] https://www.youtube.com/watch?v=dsBioR-U5P4&list=PLQrCiUDqDLG0lQX54o9jB4phJ-SLI6ZBQ&index=4

Philipp Koehn لە کتێبی *Statistical Machine Translation* دا بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەکانی تەرجەمەی ماشێنکرد لەگەڵ زماندا، «بەشەکانی ئاخافتن»[300] وەها ڕاڤە دەکات:

*زمان وشەی هەن سەر بە سێ ئاواڵەپۆلی:[301] «ناو»[302] بۆ ڕاڤەکردنی بابەت، «کار»[303] بۆ ڕاڤەکردنی کردار و ئەوجا ئادگار. ئەم ئادگارە دەبێتە دوو بەش، «ڕەنگدێر»[304] خەسڵەتی ناو پێشان دەدات و «ئاوەڵکار»[305] بۆ پێشاندانی خەسڵەتی هەم کار و هەم ڕەنگدێر. ئەوجا وشەگەلی دیکەی هەن سەربە تەنگەپۆلی:[306] ئامرازی دیارخەر،[307] جێناو،[308] ئامرازی پەیوەندی،[309] ئامرازی پێکبەستن،[310] لەوانەیش بترازێت، پۆلی دیکەی نامۆ هەن، وەک there لە دەستەواژەی there is a problem، کە وەک جێناو خۆی دەنوێنێت بەڵام ئاماژە بە هیچ نادات...* (Koehn 2009:39)

کەواتە تەرجەمەی ماشێنکرد پێویستی بە شرۆڤەکردنی هەم بەشەکانی ئاخافتن هەیە هەم هەڤبەندیی نێوانیان:

- بەشەکانی ئاخافتن: ناو، کار، ڕەنگدێر (ئاوەڵناو) و ئاوەڵکار، جێناو، ئامرازگەلی دیارخەر، پەیوەندی و تێکبەستن... هتد
- هەڤبەندیی بەشەکانی ئاخافتن: وشەسازی (مۆرفۆلۆژی)، ڕستەسازی... هتد

Koehn لەم چێوەیەدا، ئامرازی پەیوەندی preposition لە بواری وشەسازی (مۆرفۆلۆژی) ـیەوە دەکاتە دەراو بۆ ئاماژەدان بە هەندێک تایبەتیمەندیی زمان کە لە تەرجەمەی ماشێنکرددا داوای ڕەچاوگرتنی ورد دەکەن. تەماشا ئامرازی پەیوەندی لەم ڕستانەدا چ سەنگێکیان هەیە، چۆن تاکە یەک ئامراز واتای ڕستە دەگۆڕێت: (Koehn 2009:42)

- I go *to* the house.
- I go *from* the house.
- I go *in* the house.

---

[300] بەشەکانی ئاخافتن = parts of speech

[301] ئاواڵەپۆل = open-class، پۆلی کراوە.

[302] ناو = noun

[303] کار = verb

[304] ڕەنگدێر = adjective

[305] ئاوەڵکار = adverb

[306] تەنگەپۆل = closed-class، پۆلی سنووورداری بەربەست.

[307] ئامرازی دیارخەر = determiner، وەک: «کە» ی درەختەکە، «کان»ی درەختەکان، «ئەو»ی ئەو درەختە...

[308] جێناو = pronoun

[309] ئامرازی پەیوەندی = preposition

[310] ئامرازی پێکبەستن = coordinating conjunction، وەک «و»ی شیرین و فەرهاد.

- I go *on* the house.
- I go *by* the house.
- I go *through* the house.

زمان هەن خاوەن ئامرازی پەیوەندیی پێکەڵ بەمانەی سەرەوە، هەڤبەندیی وشەکان بە ئامرازی سەربە جێ و کارکرد ساز دەکەن، لەبەر ئەوە تەرجەمەکردنی ڕستەکان ئاسان دەبێت، زمانیش هەن پەنا دەبەنە بەر گۆڕانکاریی لە وشەسازیدا بۆ دامەزراندنی ئەو هەڤبەندییە. بە هەڵکشانی دیاردەی گۆڕینی وشەسازانە، کاری تەرجەمەکردنیش ئاڵۆزتر دەبێت و داوای چارەدۆزی دەکات.

تەرجەمەی ماشێنکرد بۆ ئەوەی گورجتر و باشتر دەروەستی ئاڵۆزییەکانی زمان و تەرجەمەکردن بێت، سوود لە «یادگەی تەرجەمە» Translation Memory (TM) دەبینێت. یادگەی تەرجەمە تۆمارە، گەنجینەیەکی مەزنە تێیدا «پاژ» segment بریتییە لە دوو ڕستەی جووتکراو، یەکیان ڕستەیە بە زمانی سەرشار و ئەوەی دیکەیان بەرسقیەتی بە زمانی ئارمانج. لە تەرجەمەی ماشێنکرددا، بەرنامەی تەرجەمەکار، بەرنامەی دیژیتاڵی یاریدەر Computer-Assisted Translation (CAT) داوا لە یادگەی تەرجەمە دەکات لە تۆماری خۆیدا بگەڕێت بۆ باشترین «پاژ»ی گونجاو لەگەڵ ئەم ڕستەیەی مرۆڤ دەیەوێت تەرجەمەی بکات. هەردوو لا، هەم تەرجەمەی ماشێنکرد MT و هەم یادگەی تەرجەمە TM «ڕستە» دەکەنە بنەمای تەرجەمەکاری. «پاژ»ی نێو تۆماری یادگەی تەرجەمە بریتییە لە ڕستە و ڕستەش لێرەدا ڕیزە وشەیە کە بە خاڵ تەواو دەبێت، یان دەستەواژە و تاکە وشەی سەردێڕە. بەرنامەی یاریدەر CAT ڕستە دوا ڕستە، چەند پێشنیازێکی تەرجەمە لە یادگەی تەرجەمەوە دەکاتە پێشنیاز و ئەوجا تەرجومان، دیسان ڕستە دوا ڕستە، ئەو پێشنیازە هەڵدەبژێرێت کە بە باشترین و گونجاوترینی دەزانێت و گەر پێویستیش بکات بە «پاش-بژارکاری» post-editing چاکی دەکات.

لە گوتاری Translation and Technology نێو فەرهەنگنامەی *The Cambridge Handbook of Translation*، تۆژەر Akiko Sakamoto دەڵێت ئەم ڕەوتی جووتکردنی ڕستە-دوا-ڕستەی سەرشار و ئارمانج لە یادگەی تەرجەمەوە، کێشەی خۆی هەیە چونکە هزرکاریی تەرجومان لە ڕستەدا سنووردار دەکات و دەبێتە ڕێبەست لە چارەکردنی واتای فرەڕستەکی[311] (واتای وەهای لە چەند ڕستەیەکدا دێتە دەربڕین نەک یەک ڕستە). تەرجەمەی ماشێنکردیش هەیە ڕستە دەکاتە بنەما و تێکستی داخون ڕستە بە ڕستە تەرجەمە دەکات و ئەوجا بە دوو ڕێگە تەرجەمەکە (دەرخونەکە) دێتە هەڵسەنگاندن، یەک خۆڕەوت[312] و ئەوەی دیکە مرۆڤکار. هەڵسەنگاندنی خۆڕەوت ئەوەیە بەرنامەی دیژیتاڵ بۆ خۆی دەکەوێتە بەراوردی تەرجەمەکە لەگەڵ بەرهەمی دیکەی مرۆڤکرد، کامیان لەڕووی وشەسازی و ڕستەسازییەوە لە بەرهەمی مرۆڤکردەوە نێزیک بێت ئەوا ئەویان پتر پەسەندە. هەرچی هەڵسەنگاندنی مرۆڤکردە ئەوا مرۆڤ دەکەوێتە وردەکاری و بەگوێرەی پێودانگی دیاریکراو بڕیار لە جۆرایەتیی وشە و ڕستە تەرجەمەکراوەکە دەدات. بەم جۆرە، هاوکاریی ئەم دوو نوێڵە - جووتکردنی یادگەی تەرجەمە و دەرخونی تەرجەمەی ماشێنکرد - دەبنە هۆکار بۆ هەڵکشانی چوستیی تەرجەمەکردن. (Malmkjær 2022:55–74)

لە تەرجەمەی ماشێنکرددا بڕیاردان لەسەر واتای وشە سەخت نییە گەر وشەکە تەنها یەک واتای هەبێت، بەڵام وشەی فرەواتا کەم نین و هەڵبژاردنی وشەی لەبار بە زمانی ئارمانج پێویستی بە وردەکاریی هەیە،

---

[311] فرەڕستەکی = cross-sentential، دەربڕینی وەهای لە چەند ڕستەیەکدا، نەک لە یەک ڕستەدا، واتابەخشە.

[312] خۆڕەوت = automatic، ئاوتۆماتیک

بەتایبەتی پێویستی بە ڕەچاوگرتنی «بەستێن» هەیە. وشەی play ی ئینگلیزی بۆ نموونە دەشێت «یاری/گەمە» بێت و دەشێت «شانۆگەری» بێت، you ی ئینگلیزی دەشێت هەم «تۆ» و هەم «ئێوە» بێت. لە سایتی www.oxfordlearnersdictionaries.com دا object چوار و subject شەش و cause چوار جۆر واتایان هەیە. identity جگە لە وێکچوون و هاوچەشنەتی، واتای ناسنامە و کەسێتی، کێیەتی و چییەتی-یش دەدات. وشەی nice شەبەنگێکی بەرینی واتای هەیە، Public school لە بریتانیا بۆ فێرگەی نایابی ئەهلییە لە کۆکۆمار (کۆمارە یەکگرتووەکان) -ی ئەمەریکا USA بۆ فێرگەی میری (حکوومەتی) و بەگشتییش ئاست نزمە.

«خۆش»ی کوردیی خۆمان لە زمانی دیکەدا، بەپێی بەستێن، بەرانبەر جودایان هەیە: ئاوازێکی خۆشە، ڕۆژێکی خۆشە، سەیرانێکی خۆشە، قسەی خۆشە، خواردنێکی خۆشە، باسێکی خۆشە، فیلمێکی خۆشە، ئەم بەزمە خۆشە... هتد. دایەگەورە (داپیرە) و grandmother دایکی دایک و دایکی باوکیش دەگرنەوە، بەڵام لە سوێدیدا mormor بۆ دایکی دایکە و farmor بۆ دایکی باوکە، بابەگەورە (باپیرە) Grandfather هەم باوکی دایکە و هەم باوکی باب، لە سوێدیدا morfar بۆ بابی دایکە و farfar بۆ بابی باوکە. بریا کوردیش چەمکی وەک دایەدایە و دایەبابە، باوەدایە و باوەباوە-ی هەبا. Uncle ی ئینگلیزی جگە لە خاڵ و مام، هاوسەری پووریش دەگرێتەوە. aunt ی ئینگلیزی پوور - خوشکی دایک و خوشکی باب - و هەروەها ئامۆژنیش دەگرێتەوە. ئەم «پوور»ەی ئێمە، لە شێوەزاری دیکەدا، خالەت بۆ خوشکی دایک و مەت/مەتک/میمک بۆ خوشکی بابی هەیە.

جاریش هەیە زمانە کوردییەکە هێند وردەکار و بەبڕشتە زمانی دیکە بە ئاسانی دەرەوەستی نایەن، تەماشا ئەم چەمکانەی خزمە «با»ی نێو «لیستەی زاراوەکانی کۆڕ»:[313]

| | |
|---|---|
| 1. کزەبا | رياح خفيفة السرعة |
| 2. نزەبا | رياح خفيفة السرعة منعشة و غالبا شمالية غربية |
| 3. هەمیشەبا | الرياح الدائمية |
| 4. زاویتە | رياح شرقية باردة خفيفة |
| 5. زریان | رياح شرقية باردة شديدة |
| 6. ڕەشەبا (ی هەم هاوین و هەم زستان) | رياح شرقية خفيفة |
| 7. شەماڵ | الرياح الشمالية الغربية (السائدة في العراق) |
| 8. دژەبا | الرياح العكسية |
| 9. باسریشک (واتە ئەو بایەی سروشکی بەدەمەوەیە، «سروشک»یش مانای فرمێسکە و گۆڕاوە بە «سریشک») | الرياح المصحوبة بالمطر |
| 10. نمەبا | الرياح الممطرة |
| 11. کژەبا | الرياح الموسمية |

[313] براونە «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، بەرگی دووهەم، بەشی یەکەم، ساڵی 1974، لاپەڕە 916-915.

جگە لە کێشەی هەڵبژاردنی واتای وشەی فرەواتا، تەرجەمەی ماشێنکرد دەبێت کێشەی وشەسازی و ڕستەسازییش چارە بکات. گەردانی وشە بەرتاوی هەلومەرجی تێکستەکەیە، زایەند، کۆ/تاک، ئێستا/ڕابوردوو/ئایەندە… لە جیۆرێی خۆیدا بڕیاردەرن. ساختاری ڕستە، ڕیزبەندیی وشە لە ڕستەدا، لە هەر زمانێکدا ڕێسا خۆی هەیە و دەبێت مرۆڤ لە تەرجەمەدا، تەرجەمەی مرۆڤکرد بێت یان ماشێنکرد، ڕەچاویان بگرێت.

Koehn لە کتێبی *Neural Machine Translation* دا کێشەکانی تەرجەمەکردن بەم جۆرە گرد دەکاتەوە: (Koehn 2020:20)

1) کێشەی وشەی فرەواتا، بۆ نموونە تەماشای جووتە وشەی *bank* و *interest* لەم ڕستەیەدا بکە:

- *He deposited money in a bank account with a high interest rate.*
- *Sitting on the bank of the Mississippi, a passing ship piqued his interest.*

وشەی *bank* دەشێت هەم کەنار ئاو بێت و هەم بنگەی دارایی. وشەی *interest* دەشێت هەم بەرژەوەند، تاسە، سەرنج، بەهەندگیری بێت و هەم سوود (بەهرە)ی دارایی کە دەکاتەوە مزەی وام. پەیبردن بە بەستێنی ڕستەکە دەبێتە یاردەر بۆ دیاریکردنی واتای گونجاو — لێرەدا وشەی *rate* ئاماژەیەکی بەهێزە.

2) کێشەی دەستەواژە: دارشتنی تێکست مەرج نییە هەمیشە تێکبەست بێت، بەتایبەتی کە دێتە سەر بەکارهێنانی دەستەواژەی ئایدیۆمانە[314] (پەند)، دەستەواژەی خاوەن لاواتا، بۆ نموونە: *It's raining cats and dogs* کە دەکاتەوە «لێزمەباران» نەک «سەگ و پشیلە دەبارێت» کە ئاماژەیە بە بارانبارینی لەڕادەبەدەر چڕ و خەست.[315]

3) کێشەی ڕستەسازی: نموونەیەکی کلاسیک لێرەدا بریتییە لە تێهەڵکێشکردنی «دەستەواژەی پەیوەندی»،[316] بۆ نموونە دوو دەستەواژەی:

- eating steak with ketchup
- eating steak with a knife

لە یەکەمیاندا «ناو»ی دەستەواژەی پەیوەندی وابەستەی گۆشتی «بەرکار»ە، لە دووهەمیاندا ئەو «ناو»ەی دەستەواژەی پەیوەندی وابەستەی «کار»ی خواردنە. بە کوردی دەبێتە:

- گۆشتەکەی لەگەڵ کەچەپ خوارد، یان گۆشتەکەی بە کەچەپەوە خوارد
- گۆشتەکەی بە چەقۆ خوارد

[314] ئایدیۆم = idiom، دەستەواژەی خاوەن واتای تایبەت، وەک پەندی پێشینان.

[315] جەمال نەبەز لە «وەرگێڕان هونەرە» -ی 1958 یشدا ئاماژە بەم ئایدیۆم/پەندە دەدات، بڕوانە (نەبەز 2008:19).

[316] دەستەواژەی پەیوەندی = prepositional phrase

4) کێشەی سەمانتیک: گەر دەربڕینی واتا، لە زمانی ئارمانجدا، پێویستی بە دەستکاری دارِشتنەوە هەبێت ئەوا تەرجەمەکردن تووشی کێشە دەبێت. تەماشا کێشەی جێناوی ئانافۆرا[317] بکە، زمان هەن ناو تێیاندا بەر پۆلێنی زایەند (نێر-و-مێ) دەکەوێت و تەنانەت پۆلی بێلایەنیشیان هەن و بەو پێیەش جێناویش جودا دەکرێتەوە. زمانی دیکە هەن لەو باسەدا سەودایان ساکارترە و تەرجەمە لە شێوازە ساکارەکەوە بۆ زمانێکی ئەو جۆرە هەڵاوێردنە دەکات، دەبێت دۆخ و بەستێن بخوێنێتەوە. گەر مرۆڤ نەزانێت ئالان ناوی مێیە یان نێر، نازانێت: «ئەو» ی ڕستەی «چووم بۆ دیداری ئالان، بەڵام ئەو لە ماڵ نەبوو» چۆن تەرجەمەی عەرەبی بکات.

ئەریَ، زمان تایبەتمەندیی ئاڵۆزی هەیە، بۆ نموونە:

- ناڕوونی لە ئاستی جۆراوجۆردا، بۆ نموونە وشەی فرەواتا، ساختاری فرەجۆر.
- زمان ڕێسای هەیە، ڕێزمانی هەیە، بەڵام ڕیزپەڕی زۆرە.
- بەگشتی، چەرخاندنی زمان لای مرۆڤ ناڕوونە.

کەواتە، پرسیار ئەوەیە ئایا مرۆڤ دەتوانێت لەڕێی شرۆڤەکاریی خۆڕەوت (ئاوتۆماتیک) ـی داتاوە سەرلەبەری زمان دەرک بکات؟ لەوە دەچێت جاریَ زووی بێت بۆ گەیشتن بەو ئاستە. بەڵام کۆشانی مرۆڤ لەم بوارەدا ڕژد و ئامانجبینە. Koehn لەو بەرهەمەی *Neural Machine Translation* ـدا هەوڵ دەدات جۆرە جیاوازەکانی تەرجەمەی ماشێنکرد ڕوون بکاتەوە. یەک لەو جۆرانە بریتییە لە ڕانواندنی «نێوانزمان».[318]

Koehn بۆ ڕوونکردنەوەی ڕانواندنی نێوانزمان لە تەرجەمەی ماشێنکرددا، پەنا دەباتە بەر «سێگۆشەی ڤاکوا Vauquois»[319] و دەڵێت: ئێمە دەتوانین بکەوینە «گواستنەوەی وشەمەنی»،[320] تەماشای وشەمەنیی سەرشار بکەین و هەوڵ بدەین وشە ڕاستەوخۆ بگوێزینەوە بۆ تێکستی ئارمانج، بەڵام دەبینین ئەم کارە تێر ناکات، پێویستمان بە شرۆڤەکاریی زیادترە، دەکەوینە شیکردنەوەی ڕستەسازیی تێکستەکە، ناو، کار و بەرکار دیاری دەکەین، شارِستە و پارِستە جودا دەکەینەوە... ئەوجا دەبینین کە لەم ئاستەوە ڕێگەی «گواستنەوەی

[317] ئانافۆرا = anaphora، دەستەواژەیەک - بۆ نموونە جێناوێک - واتاکەی پەیوەستی دەربڕینێکی پێش یان پاش خۆی بێت. بۆ نموونە: «شلێر گەیشت، بەڵام کەس ئەوی نەدیَ»، جێناوی «ئەو» ئانافۆرایە بۆ شلێر. بەرانبەر «ئانافۆرا»، چەمکی کاتافۆرا cataphora هەیە کە دەکاتەوە دەستەواژەیەک واتاکەی پەیوەستی دەربڕینێکی تەنها پاش خۆی بێت.

[318] نێوانزمان = interlingua، زمانێکی نێوان، زمانێکی داتازێی یاریدەر. جگە لەم واتایە، وشەی «ئینتەرلینگوا» Interlingual — یەکەم پیتی گەورەیە - ناوە بۆ زمانێکی هەڵبەستە (دەستکرد) ی هاوبەش کە لە ساڵانی 1937-1951 لە لایەن International Auxiliary Language Association (IALA) ـەوە هاتە دارِشتن. ئینتەرلینگوا گردکردنەوەی وشەمەنیی زمانە گەورەکانی ئەورووپا دەکاتە بنەما کە ڕیشەیان لە لاتین و گریکیدایە. ڕێزمانی ئینتەرلینگوا زۆر ساکارە بۆ ئەوەی تێگەیشتن و بەرکارهێنانی ئاسان بێت.

[319] https://www.youtube.com/watch?v=DuYkqCQEbpo

[320] گواستنەوەی وشەمەنی = lexical transfer

ڕستەسازانە»[321] بۆ تێکستی ئارمانج کورتتر دەبێت. بەڵام ئێمە دەزانین کە وشەسازی و ڕستەسازی تەنها ڕواڵەتی تێکستەکەن، ئێمە مەبەستمانە واتای تێکست تەرجەمە بکەین، کەواتە ئەمجا پێویستمان بە شرۆڤەی سەمانتیکانەیە، سیستەمی تەرجەمەکار دەبێت واتای تێکستەکە لە ڕانواندنی سەرشارەوە بگوێزێتەوە بۆ ڕانواندنی ئارمانج. گەر ئەم شرۆڤەکارییە سەمانتیکانەیە بگاتە ئاستی ڕانواندنێکی لەڕووی زمانەوە بێلایەن بێت ئەوسا ڕێگەی «گواستنەوەی سەمانتیکانە»،[322] گواستنەوەی واتا لە سەرشارەوە بۆ ئارمانج کورتتر دەبێت. کەواتە شامەبەست لێرەدا گەیشتنە بە تەرجەمەی «نێوانزمان»، چونکە لەوێدا پێویستمان بە گواستنەوە نامێنێت، تێکستی سەرشار شرۆڤە دەکرێت ڕووەو نێوانزمان، ڕووەو ڕانواندنێکی دەرهەستی[323] واتا و ئەوجا لەنێوانزمانەوە تێکستی ئارمانج دێتە بەرهەم.

> *لەم بوارەدا، «تەرجەمەی ماشێنکردی ئاماردۆز»، بەر لە پەیدابوونی «تەرجەمەی ماشێنکردی دەمارکار»،[324] پێشڕەوتی باشی هەبوو. باشترین سیستەم بۆ جووت-زمانی وەک چینی-ئینگلیزی و ئەڵمانی-ئینگلیزی ڕستەسازییان بە بنەما دەگرت و لە پێڤاژۆی تەرجەمەکردنەکەدا ساختاری ڕستەسازانەیان بەرهەم دەهێنا. لە «تەرجەمەی ماشێنکردی دەمارکار»دا ئێمە ئێستا گەڕاوینەتەوە بۆ ئاستی «گواستنەوەی وشەمەنی» بەڵام بەڵگەوبەندی لەبارمان هەیە بۆ ئەوەی، گەر لەم کارەدا سەرکەوتوو بین، ئەوا لە «سێگۆشەی Vauquois»دا دەرفەتی هەڵکشانمان دەبێت.* (Koehn 2020:25)

Koehn دەڵێت تۆژینەوەی تەرجەمەی ماشێنکرد، لە ساڵانی 1980–1990 دا، سەرنجگیری بواری ڕانواندنی «نێوانزمان» بوو کە ڕێچکەی تۆژینەوەی جیاوازی وەک «زیرەکیی داتازێ»[325] و «زمانەوانیی دیژیتاڵ»ی[326] تێدا یەکانگیر بوون. ئەم ڕانواندنە بێلایەنەی نێوانزمان بەرۆکگیرییەکی مەزنە بۆ بواری «زیرەکیی داتازێ»[327] (Koehn 2020:51). لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمەوە، مەیدانی تۆژینەوەی تەرجەمەی ماشێنکردی ئاماردۆز گەرم بوو بەڵام لە پاش سەرەتاکانی 2010 وە، بە تێهەڵکێشکردنی تۆژینەوەی دەمارکار لە تۆژینەوەی نەریتیی ئاماردۆزدا، تەرجەمەی ماشێنکردی دەمارکار دیسانەوە برەوی مەزنی پەیدا کرد. تۆژەران هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە شامەبەستی «ڕانواندنی نێوانزمان» دەربازبوونە لە چێوەی زمانی تایبەت ڕووەو کۆدبەندییەکی بێلایەن، ڕووەو نێوانزمان. لەم سیستەمەدا تەنها یەک «خشتەبەندی»مان پێویستە لە هەر زمانێکی سەرشارەوە بۆ نێوانزمان، پاشان دەتوانین لەو نێوانزمانەوە تەرجەمە بکەین بۆ گشت زمانێکی دیکەی ئەم خشتەبەندییەمان زووتر بۆ ساز کردووە. تەرجەمەی نێوانزمان دەکاتەوە تەرجەمەی واتا و مەبەست. کەواتە گەر بتوانین

---

[321] گواستنەوەی ڕستەسازانە = syntactic transfer

[322] گواستنەوەی سەمانتیکانە = semantic transfer، گواستنەوەی واتای پێکهاتەکانی تێکست، گواستنەوەی واتای وشە، دەستەواژە و ڕستە.

[323] دەرهەست = abstract، دەرهەستاندن = abstraction. بۆ پێچەوانەی دەرهەست بڕوانە بەرهەست = concrete

[324] تەرجەمەی ماشێنکردی دەمارکار = Neural Machine Translation (NMT)

[325] داتازێ = artificial، بەرهەمێک یان دیاردەیەکی لە بواری دیژیتاڵدا بێتە ئافراندن، زادەی داتاکاری بێت، بۆ نموونە زیرەکیی داتازێ و تەونی داتازێ... بۆ چەمکی «داتازێ».

[326] زمانەوانیی دیژیتاڵ = computational linguistics

[327] زیرەکیی داتازێ = Artificial Intelligence (AI)، ئەو زیرەکییەی لە بواری دیژیتاڵدا، لەڕێی شرۆڤەی داتاوە، دێتە ئافراندن.

«تەرجەمەی ماشێنکردی دەمارکار» بار بێنین لە داخونکردنی تێکستی سەرشارەوە نێوانزمان دەرخون بکات، ئەوا لەم بوارەدا مەودایەکی بەرین دەبڕین. (Koehn 2020:284)

دەربارەی ئەم تەرجەمە ماشێنکردە دەمارکارە، Dorothy Kenny لەژێر سەردێڕی Machine translation ـی نێو چەمکستانی *Routledge Encyclopedia of Translation Studies* دا، دەڵێت: تەرجەمەی ماشێنکردی دەمارکار NMT هەروەک تەرجەمەی ماشێنکردی ئامارداز SMT پەنا دەباتە بەر تەکنیکی فێربوونی ماشێنکرد[328] بۆ ئەوەی لەسەر بناخەی تێکستی زووتر تەرجەمەکراو، مۆدێلی تەرجەمەکردن داڕێژێت، بەڵام ئەمیان، بەمەبەستی ئافراندنی باشتری تەرجەمە، پتر سوود لە «تەونی داتازێی دەمارکار» artificial neural networks (ANNs) دەبینێت و بەو جۆرەش وردتر سەودا لەگەڵ وشەسازی، ڕستەسازی و ڕیزبەندیی وشەمەنی دەکات و باشتر فریای سەرلەبەری ڕستە دەکەوێت نەک هەر پارەپارەی ڕستە. (Baker & Saldanha 2020:305-310)

[328] فێربوونی ماشێنکرد = Machine Learning (ML)، ڕشتەیەکی تایبەتە لەنێو «زیرەکیی داتازێ» Artificial Intelligence (AI) –دا خەریکی تۆژینەوەیە لە ڕێبازگەلی «فێربوون»، واتا سوودوەرگرتن لە داتای بەردەست بۆ دۆزینەوەی باشترین چارەدۆزی.




سیگۆشەی Vauquois

ڕوانگەیەکی زمانەوانییە بۆ شرۆڤەی نێوەڕۆکی تێکستێکی سەرشار بۆ ڕانواندنێکی بێلایەن لەڕووی‌زمانەوە و ئەوجا ئەمیان ببێتە سەرچاوە بۆ بەرهەمهێنانی تێکستی ئارمانج.

(Koehn 2020:26)

**«زاراوەسازی»ی جەلیزادە**

پێم وایە ئەم باسی تەرجەمەناسییە، بۆ دونیای کوردستان، کورتی دەهێنێت گەر *«زاراوەسازیی پێوانە»* بەسەر نەکاتەوە. کتێبی *«زاراوەسازیی پێوانە»*ی مەسعوود محەمەد-ی جەلیزادە، سەرچاوەیەکی سازگارە بۆ هەرکەسێکی سەروکاری لەگەڵ تەرجەمەی بەرهەمی وەها هەبێت کە پێویستی بە چەمک و زاراوەی تایبەتە بە بواری جۆراوجۆری ئەندێشە، زمان و نووسین. ئەم کتێبە سەرەتا لە دوو ژمارەی 112 & 111 ی گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»، ساڵی 1986 لە بەغدا بڵاوکرایەوە و پاشان ساڵی 1988، لەگەڵ بەشی سێهەم و پاشکۆیەک بە سەرناوی «بایی پەیینکە لە باراشی زمانی کۆنینەمان» لە دووتوێی کتێبێکدا، هەر لە بەغدا لەچاپ درا. دوای ئەوە، ساڵی 2004، سایتی مامۆستا www.mamosta.net لە ئینتەرنێتدا بە جۆری دیژیتاڵ پەخشی کرد و لەو دەمەوە لە لایەن بنگەی چاپەمەنی شارەکانی کوردستانەوە، چەند جارێک لەچاپ دراوەتەوە. لە وەشانەکی سایتی مامۆستادا، «لیستەی زاراوە زانستییەکان»ی «کۆڕی زانیاری کورد» کراوەتە پاشکۆی دووهەمی ئەم کتێبە. بەسەریەکەوە کتێبەکە بریتییە لەم بەشانە:

1) پێشەکی
2) بەشی یەکەم: وشەی داڕێژراو
3) بەشی دوەم: ناوی داڕێژراو
4) بەشی سێیەم: وشەی لێکدراو
   - وشەی لێکدراوی «کار و ناو»
   - وشەی لێکدراوی «ناو و ناو»
5) پاشکۆی 1: بایی پەیینکە لە باراشی زمانی کۆنینەمان
6) پاشکۆی 2: لیستەی زاراوە زانستییەکان

جەلیزادە لەم شاکارەدا، لە ڕوانگەی پێویستیی تەرجومانی کوردیزمان بە زاراوەی پێویست لە بواری هەمەڕەنگدا، ڕووماڵێکی ڕێساگەلی زاراوەسازی دەکات لە زمانی کوردیدا و ئەوجا پێشنیاز دادەڕێژێت بۆ، زاراوەی نوێ نا، بگرە بۆ شێوازی وردبوونەوە و بیرکردنەوە لەو شاڕێ و لاڕێ، لەو پێودانگە ئاشکرا و پەنهانانەی ئاخێوەری ئەم زمانە دەیانگرێتە بەر بۆ دەربڕین لە بەرهەمی هزریی خۆی. مەبەستیش لەم کارە فرەواندنی ئاسۆی بیرکردنەوە و زاناندنی تەرجومانە ڕووەو پەیبردن بە توانستی شیمانەدارانەی[329] زمانی کوردی بۆ دەروەستهاتنی دەربڕین لە بەرهەمی ئەندێشەی مرۆڤگەلی هەم دێرین و هەم سەردەم.

[329] شیمانەدار = Potential

بۆ پێکانی ئەم ئامانجە، کە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی وردەکاریی ڕێبازگەلی داڕشتنی چەمکی پێویست، جەلیزادە ئەم چۆمەڵانەی چەمکە، ئەم زاراوەستانەی خۆی بە نموونەی ڕەنگاڵە دەڕازێنێتەوە. لەم بەشەدا، بەشێک لەو باسانەی کتێبەکە، بەمەبەستی سەرنجراکێشانی تەرجومانی کوردیزمان بۆ ئەم وارە سەخت و ئاڵۆزە، دێنە بەرباس.

نووسەر لە دەراوی باسەکەدا کێشەی چەمکسازی بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە:

*بێگومان ڕۆنانی زاراوە لە هەر بابەتێک بێت، گەلێک ئەستەمترە لە وەرگێڕانی تێکڕای بابەت، چونکە دەشێ بابەت هەرچییێک بێ بدرێتەوە بە هۆش و پێزانین و سەقافەت و لەوانەوە داڕشتنێکی سەرجەمی بۆ ڕێک بخرێ بەو زمانەی کە وەرگێڕانەکەی پێ دەکرێ، لەو هەوڵەشدا وەرگێڕ دەتوانێ بەپێی پێویست ڕێگا کورت و درێژ بکاتەوە تا دەگاتە ئەو دەقەی کە واتای بابەتی وەرگێڕدراوەکە ڕادەگەیەنێ، کەچی تاکە وشە بەتێکڕایی و وشەی زاراوە بەتایبەتی دەرفەتی دڵخوازی تێدا یەکجار بەرتەنگە و خواییشتگۆڕی تێدا لە زەحمەت زەحمەتترە تا ئەگەر بمانەوێ لەڕێی وێکچواندنەوە نموونە بهێنینەوە دەتوانین بڵێین پێکانی مەبەست لە وەرگێڕاندا وەک پێکانی دیوارێکە، کەچی پێکانی مەبەست لە ڕۆنان، یاخود وەرگێڕانی وشەی ئاسایی وەک پێکانی بەردێکە لەو دیوارەدا، ئەمما پێکانی نیشانە لە دانانی زاراوەدا وەک پێکانی پنتێکە بەو بەردەوە.*

(«زاراوەسازیی پێوانە» لاپەڕە 4)

لەو سەرشارەوە، کتێبەکە بەر لە هۆنینەوەی زنجیرەی گوتار، چەند مەرجێک بۆ چەمکی لەبار دیاری دەکات:

1) *پەیرەوی دەستوور و ڕێسای زمانەکە بێت.*
2) *وشە، پێشگر و پاشگری لەبار.*
3) *زاراوە نالەبار و قورس نەبێت.*
4) *وشەی زیندووی هاوواتای نەبێت.*
5) *ڕێژەی تێپەڕ و تێنەپەڕ تێک نەدەین.*
6) *هەتا دەکرێ ورد و جوان بێت.*

ئەوجا «زاراوەسازی» دەکەوێتە وردەکاری و ڕۆشنکردنەوەی ڕێچکەی تاڕادەیەک ناڕوونی زمان و دەڵێت زاراوەساز دەبێت ئاگادار بێت، ڕواڵەتی وشە فێڵی لێ نەکات و «ار»-ناسی دەکاتە نموونە:

- *«ار» ی بنەڕەتی: بەشێکی بنەڕەتیی وشەیە نەک پاشگر، بۆ نموونە: هەنار، مار، سەگسار، دار...*
- *«ار» ی خزمە زەوی: ئەمیش هەر بنەڕەتییە بەڵام خزمە زەوییە: بنار، دیوار، لێوار، هەوار...*
- *«ار» ی ڕەنگدێر (ئاوەڵناو):*
  - *پێشار: لای پێشەوەی خانوو - پێشاری خانوو*
  - *پشتار: لای پشتەوەی لەشکر - پشتاری لەشکر*

- *تەنیشتار: لای تەنیشتی لاکێشە - تەنیشتاری لاکێشە*
- *لێژار: لای لێژی شاخەکە - لێژاری شاخەکە - بە لێژاری لاپاڵەکەدا چوومە خواری.*

- *«ار» بچێتە پاڵ کاری نویَ و بەزۆریش لەگەڵ تێپەڕدا دێت، بۆ نموونە:*
  - *مشتن: مشتار، مشتاری شیرنە*
  - *بەستن: بەستار، بەستاری مەحکەمە*
  - *دروون: دروار، درواری ڕێکە*
  - *ڕستن: ڕستار و...*

- *«ار» ی دەرهەست (ئابستراکت، ناوی مەعنا) - نەک ڕەنگدێر (ئاوەڵناو):*
  - *کردن: کرد + ار*
  - *گوتن: گوت + ار*
  - *پرسین: پرسی + ار*
  - *برین: بڕی + ار*
  - *دزین: دزی + ار*
  - *نووسین: نووسی + ار*
  - *زانین: زانی + ار*

ئەمانە «ار»یان دەچێتە پاڵ نەک «یار» و جودان لەوانەی «یار»یان دەچێتە پاڵ و دەبنە ڕەنگدێر (ئاوەڵناو)، وەک:

- *بەختیار*: بەخت + یار
- *هۆشیار: هۆش+ یار*

ئەمانە جودان، ناوی دەرهەست (ئابستراکت) نین، تێکەڵیان مەکە لەگەڵ زانیار!

بەولای «ار»-ناسییەوە، *«زاراوەسازی»* دەگاتە «گۆڕانی تێپەڕ بە تێنەپەڕ» و دەڵێت مرۆڤ هەیە پێی وایە تاکە چارە بریتییە لە گۆڕینی «بوون» بە «کردن»، وەک:

- *هەڵبوون / هەڵکردن*
- *چاکبوون / چاککردن*
- *فلبوون / فلکردن...*

بەڵام ڕێبازی دیکەش هەن، بۆ نموونە:

- *بەربوون / بەردان*
- *تێبەربوون / تێبەردان*
- *تێچوون / تێبردن*
- *کەوتن / خستن*
- *دەرهاتن / دەرهێنان*
- *گەڕان / گێڕان*
- *هەڵهاتن / هەڵهێنان*
- *هەڵدێران / هەڵداشتن...*

پاشان باسەکە ڕوو دەکاتە چەند جۆرێکی وشەی داڕێژراو، بۆ نموونە:

- *پێشگر و کار، بۆ دۆزینەوە دەستوور لە چەمکی وەک: پێخەف، ڕایەخ. لێزان، تێگوشین، هەڵکەوت، دابەستە، هەڵاتە... ورد دەبێتەوە و دەڵێت زووتر هەر بەو دەستوورگەلە چەمکی تازەمان داڕشتووە، وەک: پێنووس، پێناس، لێخوڕ... و ئەمجا ڕێ خۆش دەبێت بۆ چەمکی نوێی وەک:*
  - ❖ *هەڵمژ: بۆ مصاص*
  - ❖ *ڕاهێن: بۆ مدرب*
  - ❖ *پێخست: بۆ الة الهدم*
  - ❖ *داسەپێن: فارض الرأي، متعنت*
  - ❖ *وەرگر: ملتقي، متسلم*

- *چاوگی تێنەپەڕ/تێپەڕ، وەک فروسمان / فروسماندن، دەگوترێ:*

❖ *خۆ ئەو زەوییە لێی نەفروسماوە هیچ ساڵێکی دەغڵ نەهێنێت. فروسماو لەبری مسحور، تێفروسماو بۆ ئەو کەسەی کە «ایحاء داخلي» بۆ ناو دەروونی کرابێت. ئەو بابایەش کە «موحي» بێ پێی بگوترێ «تێفروسم» یاخود «تێفروسمە».*

❖ *تێپەڕی کارەکە «فروسماندن»ـە وەک کە بڵێیت: ئەم شووشەیەم فروسماندووە ناشکێ. کابرای پەندیار گوێگرەکانی بە چاوبەستەکێ فروسماند.*

یەکێک لە دەستوورە بەبڕشتەکانی زمانەکەمان بریتییە لە کارکردی پێشگری «بەر» بەرانبەر able- ی ئینگلیزی و «قابل لـ»ـی عەرەبی:

1) *بەربین: قابل للرؤية*
2) *بەرچێژ: قابل للذوق*

3) *بەربێن: قابل للشم*

4) *بەرگوت: قابل للنطق بە*

5) *بەرتین: ضمن دائرة الحرارة: زەوی بەرتینی ڕۆژە*

6) *بەرتاو: منطقة نفوذ. ئەم وڵاتە بەرتاوی دراوسێکەیەتی*

7) *بەرکێش: ضمن جاذبة. مانگ بەرکێشی ئەرزە*

8) *بەرسەنگ: قابل للوزن*

9) *بەرزانست: قابل لفهمه او علمه*

10) *بەرزێ: قابل للاخصاب*

11) *بەرگوش: قابل للعصر*

12) *بەرپەست: قابل للانصغاط. ئاو بەرپەست نییە*

13) *بەرتوانا: قابل للسیطرة علیه*

14) *بەرتوان: قابل للصهر او الانصهار*

لەوان بەولاوە پێشگری «شا»، «پا» و «لا» دێتە دەست:

- *شادەمار، شاپەڕ، شارێ، شاگوڵ...*
- *شامەبەست*
- *شارستە – پاڕستە*
- *لاسار – لاساری،*
- *لادین – بە یەکێک دەگوترێت فەرمانبەرداری دین نەبێت نەک خوانەناس «ملحد».*
- *لافەرمان، نافەرمان - بۆ «متمرد» پەسەندترە لە «یاغی»*
- *لاکێش / لاخۆر / لامژ – طفیلي. ڕێکخراوی سیاسی بە دروشمی لامژ خەڵکی دەدزێتەوە لە ڕێکخراوی دیکە.*

لە پێشگری هەمەڕەنگ دەرباز دەبین و دەگەینە پاشگری فرەکار. هەر بە نموونە «دەر» خۆشدەستیی خۆی دەنوێنێت و گەر «سەرەدەری» بکەینە پێوەر، گەنجینەی لەم جۆرەی لێ شین دەبێت:

- *سەرەدەر: بۆ کەسێکی سەری لە ئێشان دەرچێت*
- *هەستەدەر: بۆ کەسێکی هەستی بە شتان دروست بێت*
- *هۆشەدەر: بۆ کەسێکی هۆشی بە شتان بشکێت*
- *دیتەدەر: بۆ کەسێکی ئەودیو پەردە و دیوار ببینێت*
- *بیستەدەر: ڕادیۆ بیستەدەرە*

پاشگرێکی دیکەی گورج بریتییە لە «ەوە»، هەر بۆ نموونە بڕوانە:

- *تێهێنانەوە، لێپرسینەوە، بەسەرکردنەوە...*
- *گیرەوە - گیراو و بەند و بەستە، بۆ مبلغ مرصود*
- *گوێزەوە - المال المنقول*
- *دیتەوە - اللقی الاثریة*
- *دۆزەوە - مکتشفات*
- *خوازەوە - مستعار*
- *برژێنەوە / گیرسێنەوە - معقم (بە «موعەقیم» گۆ دەکرێت) لە برژاندنەوە و گیرساندنەوەی برین.*
- *چەمانەوە*

هاتنی چەم/چەمانەوە دەبێتە دەرفەت بۆ ئافراندنی چەمکی سەربە هونەر و ئەندازە لە چەماندنەوەی تێپەڕ و چەمانەوەی تێنەپەڕ:

- *ڕووکاری ئەم کۆشکە هەمووی چەمکارە.*
- *نەقشی قوماشەکە هەمووی چەمبەندە (لە کێش و واتای ئاڵقەبەند).*
- *جۆگەیەکم گەرەکە چەمکێش بێت نەک ڕاستکێش.*

پاشگری بەرەی ناو، بۆ ناوی مەعنا:

- *«ی»: جوان - جوانی*
- *«یەتی»: برسی - برسییەتی، ئەمیندار - ئەمینداریەتی (نەک برسێتی و ئەمیندارێتی).*
- *«ەتی»: باوکەتی، دایکەتی، جاف - جافەتی (هەڤبەندیی نێوان مرۆڤگەل)*
- *«ایەتی»: خزم - خزمایەتی، دۆست - دۆستایەتی*
- *درێژی، پانی، دووری، ڕەشی / درێژایی، پانایی، دوورایی، ڕەشایی*
- *«ایەتی»: مارکسایەتی Marxism، ڕەوشتایەتی Behaviorism*

وردەکاریی ئەم پێشگر و پاشگرە هەروا دەوامەدارە هەتا دەگەینە «وشەی لێکدراو» کە تێیدا دوو ڕێچکەیان شرۆڤە دەکرێن:

- زاراوەی لێکدراوی کار + ناو
- زاراوەی لێکدراوی ناو + ناو

ئەمانیش بە هەمان تینی تۆژکارانە دەکەونە بەر کۆشانی ڕێسادۆزی بۆ پێشاندنی ڕێگەچارەی لەبار بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ دۆزی چەمک و دەستەواژەی پێویست بۆ تەرجەمەکردنی تێکستی وەهای داوای بیرکردنەوەی ورد دەکات. هەر بۆ نموونە:

*وشەی لێکدراوی «کار و ناو»... دوو جۆری هەیە:*

- *گرنگەکەیان ئەوەیە کە وەکوو لە وشەکانی «لامژ، گۆشتخۆر، بنکۆڵ، تەرپۆش»دا دەردەکەوێت صیفەتی هەمیشەیی دروست دەکات.*
- *جۆری دوەم ئەوەیە وەک: «خواگرتوو، نانخواردوو، گوڵچنیو، گەنمپێواو...» ڕاگەیەنی «صفة»ی کاتەکی نابەردەوامە...*

*بە سەرنج ڕاگرتن دەردەکەوێت، ڕێژەی «صفة»ی بەردەوام پتر لەگەڵ کاری تێپەڕ دەگونجێت. زۆر کاری تێنەپەڕ هەن ئەم ڕێژەیەیان لێ هەڵناستێ وەک کاری «نوستن» کە هەر «نوستوو»ی لێ وەردەگیرێت...*

ئەوجا نووسەر ڕێنوێنیمان دەکات لەوەی زاراوەساز دەبێت بزانێت کە ڕەنگدێری بەردەوام و نابەردەوام سەرچاوەی خۆی هەیە و دەبێت ڕەچاو بگیرێن:

*هەرچی «صفة»ی نابەردەوامە کار لە ڕابوردووی وەردەگیرێ... هەرچی ڕێژەی بەردەوامە لە پەیکەری «چاوگ» بە گەردانی کاتەکانی کارەوە، واتە لە سەرجەمی ئەو گرووپە وشەیەی کە بەرەی تاکە کار پێک دەهێنن، وەردەگیرێت... بەنیسبەت زاراوەسازەوە هەردوو شێوەی بەردەوام و کاتەکی سەرچاوەی کەڵک لێ وەرگرتنن، ئەویش بەپێی داخوازیی مەبەست لە زاراوەکە.*

پاش تۆژینەوەیەکی ورد و ڕازاندنەوەی ئەم باسە بە بێستانێک چەمک و دەستەواژەی لەبار، دەگەینە سەردێڕی وشەی لێکدراوی «ناو و ناو». لەو بوارەشدا هەمان نەخش و هزرکاری، کارایە.

بەوەندە نموونە *«زاراوەسازیی پێوانە»* جێ دەهێڵم بۆ خوێنەری هێژا و ئومێدەوارم هەم زانستگە و هەم بنگەکانی تەرجەمە و چاپەمەنی ئاوڕێکی تایبەت لەم بەرهەمە دەگمەن و ناوازەیە بدەنەوە بۆ خزمەت بە ڕەوتی تەرجەمەکاری لە زمانی کوردیدا.

ئەم بەشە تەرخانە بۆ کورتەباسێک لە جێورِێی فێربوونی زمان و هونەری تەرجەمەکردن لە بواری فێرکاریدا و هەروەها بۆ پێشکەشکردنی چەند پێشنیازێک بۆ پرۆژەکاریی تەرجەمەکردن بەمەبەستی سەرخستنی توانستی تەرجومان لە واری زمان و تەرجەمەدا، ڕاهێزانی کارامەیی و خۆباوەڕییان و هەروەها پتەوکردنی پێگەیانە لە کاری هەم تاکەکەسی و هەم گەلدەستدا. لە پەنا سەرەدەری لە وردەکاریی زمان، داڕشتن و دەربڕینی ڕاگەیەن، تەرجومان پێویستی بە هەستەدەرییە لە هەلومەرجی جڤاکی فرەزمان و فرەفەرهەنگ، پێویستی بە هۆشەدەرییە لە هونەری تەرجەمەکردن و ستراتیژی هەمەجۆر لە بوار و مژاری جیاوازدا. جگە لەوانە تەرجومان دەبێت توانای پلانڕێژی، بەکارهێنانی تەکنیک و هەروەها هەڵکردنی هەبێت لە پرۆژەکاریدا.

ڕشتەی فێربوونی زمان و تەرجەمە، هەر وەک فێرکاری بەگشتی، بەرتاوی چەندین بیردۆزە و نەرینی جیاواز بوون کە بەدەم کات و فراژووتنی تۆژینەوە لە بوارە هەمەجۆرەکانی مرۆڤکاریی وەک زمانەوانی، تەرجەمەناسی، دەروونناسی... هتد برەویان سەندووە. تۆژەران Richards & Rodgers لە کتێبی *Approaches and Methods in Language Teaching* دا دەڵێن زمانەوانی سەدەی نۆزدەیەم، بۆ پێشخستی خوێندن لە ڕشتەی زمانزانیدا، پەنایان دەبردە بەر بیردۆزە و بنەمای گشتی دەربارەی چۆنەتیی فێربوونی زمان، چۆنەتیی ڕێکخستن و ڕانواندنی زمان لە مێشکدا، یان چۆنەتیی ساختاربەندبوونی خودی زمان. پاشان لە شێستەکانی سەدەی بیستەمدا «ڕێبازی ڕاڤەکار» برەو پەیدا دەکات کە تێیدا ئاستی بیردۆزە و بنەما جودا دەکرێنەوە لە ئاستی کردەنیی فێرکردنی زمان. Richards & Rodgers، بەدەم فراژکاریی مۆدێلی زانایانی پێش خۆیان، «ڕێباز»ی فێربوونی زمان دەکەنە سێ ئاست: نەرین، دیزاین و پەیرەوکاری.[330] ئەوجا لە هەر ئاستێکدا چەند دۆزێک دیاری دەکەن بۆ ڕاڤەکردنی هەر ڕێبازێکی خوێندن کە دێتە بەرباس. مرۆڤ لەم ڕاڤەکارییەدا، لەڕێی وردبوونەوە لە «ڕێباز»ی هەڵبژاردە، دەتوانێت ئەو بیردۆزە و گریمانەیە دیاری بکات کە کراونەتە پاشخانی ئەم ڕشتەی خوێندن و ئەم پرۆژەکارییە، پێودانگی کارای بڕیاردان لەو باسەدا بدۆزێتەوە، کامە وانەنامە[331] دێتە بەکارهێنان. ئەم مۆدێلی ڕاڤەکارییە وەها داڕێژراوە کە دەرفەت بداتە تۆژەر، لە بیردۆزە و نەرینەوە ڕێ بکات ڕووەو دیزاین و ئەوجا داڕشتنی پەیرەوکاریی گونجاو لەگەڵ ئەو بیردۆزە و نەرینە. بەڵام دەشکرێت پەیرەوکاریی کارا لێرەولەوێ ببنە سەرچاوە بۆ داڕشتنی دیزاین و بیردۆزەی نوێ، چونکە ئەم مۆدێلی ڕاڤەکارە یەکرەوت و داخراو نییە، بگرە ئاواڵەیە و دەکرێت لە هەرسێ ئاستەکەوە شرۆڤەکاری بکرێت بۆ گەیشتن بە بەرهەمی نوێ.

لەبەر گرینگیی دیدی Richards & Rodgers دەربارەی ڕشتەی فێربوونی زمان بۆ تەرجومان، کورتەیەکی بۆچوونیان ڕادەگوێزمە ئێرە: (Richards & Rodgers 2014:20-36)

---

[330] پەیڕەوکاری = Procedure. توانستی پەیڕەوکاری دەکاتەوە توانای پەیڕەوکردنی بەرنامە و خشتەی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی کاروباری دیاریکراو، بەکارهێنانی تەکنیک و گرتنەبەری ڕێبازی پێویست بۆ ئەو مەبەستە، هەڵبژاردنی کات و شێوازی ئەو کار، تەکنیک و ڕێبازە. بڕوانە وشەدانی برادۆست: www.bradost.net

[331] وانەنامە = syllabus

**Method ڕێباز**

نەرین
Approach

- چالاکیی فێرکارانە
- تاکتیک و ستراتیژ
- تەکنیکی فیدباک

دیزاین
Design

- ئامانج
- مۆدێلی وانەنامە
- ئەرک و کرداری فێرکاری
- ڕۆڵی فێرخواز
- ڕۆڵی مامۆستا
- ڕۆڵی کەرەستەی فێرکاری

پەیڕەوکاری
Procedure

- بیردۆزە دەربارەی ماکی زمان
- بیردۆزە دەربارەی ماکی فێربوونی زمان

پوختەیەکی پێکهاتە و لاپێکهاتەی ڕێباز (Richards & Rodgers 2014:36)

**ڕێباز Method**

- نەرین Approach
- دیزاین Design
- پەیڕەوکاری Procedure

**نەرین Approach**

هەڵبژاردنی ڕێبازێکی دیاریکراو بۆ فێربوونی زمان بەرتاوی دوو جۆر نەرینە لەو فێربوونە، یەکیان دەربارەی ماکی زمانە و ئەوەی دیکەیان دەربارەی ماکی فێربوونی زمانە:

a. بیردۆزە دەربارەی ماکی زمان: ئەو دیدەی دەبێتە سەرچاوە بۆ کرداری نێو ڕشتەی فێرکردنی زمان. ئەو جیهابینییەی لە «ڕێباز»ی فێرکارییەکەدا ڕەنگ دەداتەوە. زمان دیاردەیەکی فرە ئاڵۆزە و لە ڕوانگەی جۆراوجۆری وەک زمانەوانی و ئەدەب، دەروونناسی و مرۆڤناسی[332] و هەروەها جڤاکناسییەوە دێتە بەر تۆژینەوە و چەندین مۆدێلی جیاواز لە بۆچوون دێنە بەرهەم کە کاریگەرییان هەیە لەسەر «ڕێباز»ی فێربوونی زمان، وەک:

- مۆدێلی هزری:[333] دەڵێت زمان ڕەنگدانەوەی ئادگاری ئاوەزە. بیردۆزەکەی چۆمسکی Chomsky کە باسی لە «ڕێزمانی گەردوونی» universal grammar (UG) یە، کە دەڵێت ئاوەزی مرۆڤ ڕێزمانێکی ئاوەزباری هەیە خاوەن «بنەما»ی هاوکۆ، وێنەیەکە لەم مۆدێلە هزرییە.
- مۆدێلی ساختاربەند:[334] بەم دیدە زمان بریتییە لە سیستەمێکی تێیدا پێکهاتە (وشە) ساختاربەند دەکرێن بۆ کۆدبەندکردنی واتا. فێربوونی زمان لەم دیدەوە جەختی لەسەر فێربوونی پێکهاتەکانی ئەو ساختارەیە، بۆ نموونە یەکەی وشەسازیی (فۆنێم)، یەکەی ڕێزمانی (ڕستە، دەستەواژە) و... هتد
- مۆدێلی کارکردەکی:[335] ئەم بۆچوونە دەڵێت زمان ئامرازە بۆ دەربڕینی واتای کارکردانە و چەرخاندنی چالاکیی ڕاستینە. ئەم دیدە وابەستەی چەمکی «کارامەیی ڕاگەیەنکارانە»یە،[336] توانای بەکارهێنانی زمان بۆ پێکانی ئامانجێکی سەربە ڕاگەیاندن. ئەمیان جەختی پتر لەسەر واتابینی و دەربڕینی ڕاگەیەنە نەک تەنها ڕێزمان و ساختاری زمان.

---

[332] مرۆڤناسی = anthropology، ئەنترۆپۆلۆژی، ڕشتەی تۆژینەوەیە لە مرۆڤگەل، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی گەلەکۆمە.

[333] مۆدێلی هزری = Cognitive model

[334] مۆدێلی ساختاربەند = Structural model

[335] مۆدێلی کارکردەکی = Functional model

[336] کارامەیی ڕاگەیەنکارانە = communicative competence، چەمکێکی سەربە زمانەوانییە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەماسییەی لە چەمکی «کارامەیی زمانەوانیانە» linguistic competence دا بەدی دەکرا، هاتە داڕشتن بە واتای کارامەیی مرۆڤ لە دەرککردنی ڕێزمانزانیی خۆی - زانستی ڕستەسازی (سینتاکس) syntax، وشەسازی (مۆرفۆلۆژی) morphology و فۆنۆلۆژی phonology ... هتد - وەک دیاردەیەکی کارکردانەی جڤاکی بۆ دەربڕینی دروست لە دۆخی، لە کات و جێی تایبەتدا. سەرچاوە: ڤیکیپەدیا https://en.wikipedia.org/wiki/Communicative_competence

- مۆدێلی کارلێکانە:[337] زمان لەم ڕوانگەیەوە ئامرازێکە بۆ ئافراندن و مشتومالّدانی هەڤبەندیی جڤاکی، بۆ دامەزراندنی بەستەر لەتەک کەسانی دیکە، بۆ ڕاستاندن و زاخاودانی سەودایە لە جڤاکدا.
- مۆدێلی جڤاک-فەرهەنگی:[338] لەم بۆچوونەدا زمان چالاکییەکی سەربە ڕاگەیاندنە، بەستێنی جڤاکیی تێیدا شاپێگەی هەیە. زانیار لەڕێی کارلێکی جڤاکییەوە دێتە هەڵبەستن.
- مۆدێلی ژانرە:[339] جەختی لەسەر بوارێکی تایبەتی گوزەرانە کە زمان تێیدا نۆرمی دیاریکراوی خۆی هەیە، بۆ نموونە بواری زانستی، ئەدەبی، بازرگانی، پزیشکی... هتد.
- مۆدێلی وشەمەنی: [340] لەم مۆدێلەدا پەرۆش بۆ وشەسازی و داڕشتنی دەستەواژەیە، بۆ خویاکردنی هەڤبەندییە لەنێوان وشەزانی و ڕێزمانە. وشە و ڕێزمان لەم ڕوانگەیەوە نابنە دوو لایەنی دابڕاو، بگرە دوو لایەنی تێکبەستەی جۆشخواردوون.

b. بیردۆزە دەربارەی ماکی فێربوونی زمان: ڕێبازێکی دیاریکراوی فێربوونی زمان، جگە لەوەی بیردۆزە دەربارەی ماکی زمان دەکاتە بنەما، دەشبێتە ڕەنگدەرەوەی بیردۆزی تایبەت بە فێربوونی زمان. بیردۆزەی فێربوونی زمان پێڤاژۆگەلی هزری، کەسەکی، نێوکەسەکی و جڤاکی دەگرێتە خۆ کە فێرخوازی زمانی نوێ پەنایان بۆ دەبات. تۆژینەوە دەربارەی فێرکردن و فێربوونی زمانی نوێ بوونەتە سەرچاوە بۆ پەیدابوونی چەندین بیردۆزە دەربارەی فێربوونی زمان و هەروەها چەندین ڕێبازی جۆراوجۆر کە ئەو بیردۆزانە دەکەنە بنەما. ئەمانە نموونەن لە بیردۆزە دەربارەی فێربوونی زمان کە هەریەکەیان دەبێتە سەرچاوە بۆ ڕێبازی فێرکاریی تایبەت:

- ڕەوشتایەتی:[341] لە بواری فێرکاریدا دەڵێت فێربوون وەک ڕەوشت، پەیڕەوی دیاردەی «دنەدەر-بەرسڤ»[342] دەکات، فێربوون بەرسڤە لە دنەدری تایبەت.
- فێربوونی هزرکاری-کۆد:[343] فێربوون پێڤاژۆیەکی هزرییە و بەندە هەم بە فێربوونی وردەدۆز[344] و گشتەدۆزەوە،[345] هەم بە کرداری واتابەخشەوە. فێرخواز ڕێزمان فێر دەبن و پاشان بەکاریان دەهێنن. فێربوون گرێدراوی کۆشانی هزرییە.

---

[337] مۆدێلی کارلێکانە = Interactional model

[338] مۆدێلی جڤاک-فەرهەنگی = Sociocultural model

[339] مۆدێلی ژانرە = Genre model

[340] مۆدێلی وشەمەنی = Lexical model

[341] ڕەوشتایەتی = behaviorism، ڕەفتارەتی، لە بواری دەروونناسیدا جەخت دەخاتە سەر دیاردەی «دنەدەر-بەرسڤ» *stimulus-response*، دەڵێت ڕەوشت (ڕەفتار) بەرسڤە لە دنەدەری دیاریکراو.

[342] دنەدەر-بەرسڤ = stimulus-response

[343] فێربوونی هزرکاری-کۆد = cognitive-code learning

[344] وردەدۆزی = deduction، ڕێبازی وردەدۆز deductive method دەکەوێتە ئاروینکردنی گشتاندنێک، بیرۆکەیەک، بیردۆزەیەک، بۆ دۆزینەوەی وردەکاری. بۆ پێچەوانەی وردەدۆزی بڕوانە گشتەدۆزی = induction

[345] گشتەدۆزی = induction، ڕێبازی گشتەدۆز = inductive method واتە ڕێکردن لە نۆڕینی وردی تایبەتەوە ڕووەو گشتاندن، بۆ دۆزینەوەی نەخشی گشتی، بۆ داڕشتنی بیردۆزە. بۆ پێچەوانەی گشتەدۆزی بڕوانە وردەدۆزی = deduction.

- گریمانەی هەڵبەستنی ئافرێنەر:[346] فێربوون بریتی نییە لە بەرهەمهێنانەوەی داخون، بگرە پێڤاژۆیەکی ئافرێنەرانەیە خاوەن ئادگاری هاوکۆییە بەدەر لە پاشخانی زمانەکیی فێرخواز. ئەم ئادگارە هاوکۆیەیە دەبێتە ویکچوونی بەرهەم بە زمانی نوێ لە لایەن فێرخوازانی سەربە زمانی جیاواز.

- کارامەیی فێربوون:[347] ئەم بیردۆزەیە دەڵێت زمانزانی پێویستی بە توانستگەلی جۆراوجۆر هەیە کە مرۆڤ دەبێت پەیدایان بکات و ئەوجا ئەو توانستانە ویکڕا دەبنە پێکهێنەری کارامەییەکی سەرلەبەری فێربوونی زمان. ئەو توانستانە سەرەتا بە شێوەیەکی جڵەوکراو دەخرێنە کار بەڵام پاشان بەدەم کاتەوە چەرخاندنیان خۆڕەوت (ئاوتۆماتیک) دەبن.

- بیردۆزەی کارلێکانە:[348] ئەم دیدە دەڵێت فێربوون پێڤاژۆیەکی کارلێکە و گرێدراوە بە کاری گەلدەستی فێرخوازان بۆ پێکانی ئامانج. لەڕێی کارلێکەوە، بە یارمەتیی فیدباک و سەودا دەربارەی واتادەربڕین ئاستی زمانزانیی فێرخواز هەڵدەکشێت.

- هەڵبەستایەتی:[349] ئەم بیردۆزەیە دەڵێت فێربوون بریتی نییە لە پێڤاژۆیەکی هەناوچێنکردنی[350] داخونێکی دەرەکی، وەک گواستنەوەی زانیار لە لایەکەوە بۆ لایەکی دیکە، بگرە بەرهەمی هەڵبەستنی ناخەکیی واتایە لەنێو مێشکی فێرخوازدا. زانیار لە دەرەوەی ئەو واتایەی بەرئەنجامی ئەزموون لە مێشکی فێرخوازدا پەیدا دەبێت، بوونی سەربەخۆی نییە. هەڵبەستایەتی جەخت دەخاتە سەر کۆشانی چالاکانەی فێرخواز لە پێڤاژۆی فێربووندا کە پێڤاژۆیەکی بزۆزە و دوو ڕەهەندی هەیە: هەم هزری، بەوەی مرۆڤ زانیاری نوێ لە زانیاری زووترەوە هەڵدەبەستێت، هەم ڕەهەندی جڤاکی بەوەی گەلدەست لەتەک دەوربەردا دەکەوێتە چارەدۆزی.

- بیردۆزەی فێربوونی جڤاک-فەرهەنگی:[351] ئەمیان فرەوانکردنی هەردوو بیردۆزەکەی سەرەوەیە: کارلێکانە و هەڵبەستایەتی و دەڵێت فێربوونی زمان بەرهەمی گفتوگۆی فێرخوازە لەتەک کەسانی دیکەی لەو بوارەدا زاناتر. چەمکی «جڤاک-فەرهەنگی» ئاماژەیە بەوەی فێربوون لە بەستێنیکی جڤاکیی دیاریکراودا پەیدا دەبێت کە تێیدا کارلێک هەیە لەگەڵ کەسانی دیکە (مامۆستا و هاوپۆلان)، لەگەڵ بابەتی جۆراوجۆر (تێکست، وێنە) و هەروەها لەگەڵ چالاکیی فەرهەنگیی سازدراودا (وەک بەرنامەی خوێندن).

- هۆکار و تایبەتمەندیی کەسەکی: ئەمانە کاریگەرییان هەیە لەسەر شێواز و ڕەوتی فێربوونی زمان، هەیە خوێندنی نێو پۆل و گرووپی پێ باشە، هەیە دڵگەرم و بێباکە، هەیە شەرمنە و کەنارگیرە... و ئەم خەسڵەتانە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕێبازی فێربوونی زمان.

---

[346] گریمانەی هەڵبەستنی ئافرێنەر = creative-construction hypothesis

[347] کارامەیی فێربوون = skill learning

[348] بیردۆزەی کارلێکانە = interactional theory

[349] هەڵبەستایەتی = constructivism

[350] هەناوچێنکردن = Internalization، چاندن لە هەناودا، چەسپکردن لە ناخدا

[351] بیردۆزەی فێربوونی جڤاک-فەرهەنگی = sociocultural learning theory, social constructivism

**دیزاین Design**

بۆ ئەوەی «نەرین» ببێتە مایەی هەڵبژاردنی ڕێبازێکی خوێندن بۆ فێربوونی زمان پێویستمان بە «دیزاینکردنی» سیستەمێکی فێرکارییە. دیزاین ئەو ئاستەیە لە شرۆڤەی «ڕێباز» کە ئەم ڕووکارانەی تێدا مشتوماڵ دەدرێن:

a. ئامانجی هەم تایبەت و هەم گشتیی ئەو ڕێبازە: بیردۆزە و نەرینی جیاواز دەربارەی هەم زمان و هەم فێربوونی زمان، کاریگەریی جیاوازیان هەیە لەسەر ئاڕاستەی خوێندنەکە، لەسەر ئەو ئامانجەی ڕەچاو دەکرێت لەم ڕێبازە، بەڵام دیاریکردنی ئەم ئامانجە بەرهەمی «دیزاین»ـەکەیە نەک خودی نەرین و بیردۆزە.

b. مۆدێلی وانەنامە: پێودانگی هەڵبژاردن و ڕێکخستنی زمان و نێوەڕۆکی مژار (بابەت). گشت بەرنامەیەکی فێربوونی زمان دەکاتەوە بەکارهێنانی زمانی ئارمانج، کە دەکاتەوە بڕیاردان لەسەر هەم نێوەڕۆکی مژار (چی دەخوێندرێت) و هەم زمانی خوێندنەکە (چۆن دەخوێندرێت).

c. جۆری ئەرک و کرداری فێرکاری و فێربوون لە کەرەستەی خوێندندا و لەنێو پۆلدا

d. نۆرەی فێرخواز:

- جۆری ئەرکی دەدرێتە فێرخواز و پلەی زاڵبوونی فێرخواز بەسەر نێوەڕۆکی بابەتدا
- شێوازی گرووپی پەسەندی فێرکاری
- پلەی تاوی فێرخواز لەسەر فێربوونی هەڤاڵانی خۆی
- دیدی فێرخواز دەربارەی ئەوەی دەبێتە چەرخێنەر،[352] بەرهەمکار، دەستپێشخەر و چارەدۆز[353] ... هتد

e. نۆرەی مامۆستا

- جۆری کارکردی مامۆستا
- پلەی تاوی مامۆستا لەسەر فێرخواز
- تاوی مامۆستا لەسەر نێوەڕۆکی کەرەستەی فێرکاری
- جۆری کارلێکی مامۆستا - فێرخواز

f. نۆرەی کەرەستەی فێرکاری

- کارکردە بەرایییەکانی کەرەستەی فێرکاری
- هەڤبەندیی ئەو کەرەستەگەلە بە داخونی دیکەوە (بە کەرەستەی دیکەی لابەلاوە)
- گریمانەکانی هەم مامۆستا و هەم فێرخواز

---

[352] چەرخێنەر = processor، کەسێکی چەرخاندنی پێڤاژۆیەک دەگرێتە ئەستۆ

[353] چارەدۆز = problem solver، کەسێکی ئەرکی دۆزینەوەی چارەسەر دەگرێتە ئەستۆ

**پەیڕەوکاری Procedure**

ئەوجا دەگەینە دوا ئاستی ڕێکخستن و چەمکاندنی «ڕێباز»ی خوێندنی زمان کە پەیڕەوکارییە. لێرەدا، کردار و تەکنیکی هەنگاو-بە-هەنگاوی ڕاستینەی لەو نەرین و ڕێبازەدا دێنە پیادەکردن، ڕەچاو دەکرێن. لە نهۆمی دیزایندا بەستەری نێوان «نۆڕین» و چالاکیی فێرکارانەی نێو پۆل پێشان دەدرێن کە ڕەنگدانەوەی ئەو بیردۆزە و گریمانەگەلەن کە پەسەند کراون، لەم نهۆمەدا شێوازی چەرخاندنی ئەو ئەرک و چالاکییانە ڕاڤە دەکرێن کە لە کرداری نێو پۆلدا کاریان پێ دەکرێت. ڕێباز لەم نهۆمی پەیڕەوکارییەدا سێ ڕەهەندی هەیە:

a. چالاکیی فێرکارانە (ڕاهێنان، دیالۆگ، پڕکردنەوەی کەلێنی ئاگاداری...) بۆ پێشکەشکردنی زمانی نوێ و بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووکاری ڕاگەیەن، فەرمی و... ی زمانی ئارمانج.

b. ئەو تاکتیک و ستراتیژانەی بەکار دەهێنرێن بۆ ڕاهێنان و ڕاهێزان لە فێربوونی زماندا

c. ئەو تەکنیکانەی بەکار دەهێنرێن بۆ دانی فیدباک بە فێرخواز دەربارەی شێواز و نێوەڕۆکی کارەکانیان.

Sara Laviosa لە گوتاری Translation and Education ی نێو چەمکستانی *The Cambridge Handbook of Translation* دا، بە یارمەتیی چێوەیەکی تۆژەران Jack Richards and Theodore Rodgers (2014) دایانڕشتووە، هەوڵ دەدات ڕێبازەکانی ئەو خوێندنە ڕاڤە بکات کە لە ڕشتەی تەرجومانیدا دەچەرخێن و هەردوو دیدی هەم «ئامرازەکی» و هەم «هەرمەنووتیک»ی تەرجەمەکردن دەکەنە بنەما. Laviosa دەڵێت مۆدیلەکەی ئەم تۆژەرانە سێ ڕەهەندی هەیە: (Malmkjær 2022:305)

> *نەرین، دیزاین و پەیڕەوکاری. نەرین بریتییە لەو بنەماگەلەی ڕێبازەکانی خوێندنەکە شێوەڕێژ دەکەن. دیزاین ئەو نەرینە پێکبەستی پەیڕەوکارییەکانی خوێندنەکە دەکات و پەرۆشی ئەم خاڵانەیە:*
>
> 1) *ئامانجە گشتی و تایبەتییەکانی ڕێبازەکان*
> 2) *مۆدێلی وانەنامە*
> 3) *جۆری ئەو چالاکییە فێرکارییانەی ڕێبازەکە پەسەندیان دەکات*
> 4) *نۆرەی فێرخواز*
> 5) *نۆرەی مامۆستا*
> 6) *نۆرەی کەرەستەی خوێندن*
>
> *پەیڕەوکاری دەبێتە ڕاڤەکاری ئەو جۆرەی نەرین و دیزاین بە کردەوە لە پۆلدا دێنە ڕاستاندن.*

بەرنامەی فێرکاری و پرۆژەکاریی لەم بابەتە، لە ڕوانگەی «جڤاک-فەرهەنگی»ی Vygotsky یەوە، داوای بەشداریی چالاکانە لە فێرخوازان دەکات و سەرپەرشت، ڕاهێنەر و مامۆستا لێرەدا پتر خەریکی کارسازی، ڕێکخستن، دەرفەتسازی و هاوئاهەنگی دەبێت، گەر پێویست بکات ئامۆژگاریی فێرخوازان دەکات دەربارەی

باسێکی بکەوێتە دەرەوەی بازنەی توانستی خۆیان و هەروەها بە فیدباکی سازەندە دەبێتە ڕێنوێن. کەرەستەی فێرکارییەکەش دەبێت هەردەم هەموار بکرێت لەگەڵ ئاستی توانستی فێرخوازدا بەمەبەستی هاندان ڕووەو ڕێکاری بەرزتر و بواری فرەوانتر. فێرکاری و بارهێنانی تەرجومانی هاوچەرخ جگە لە زمانزانی و بابەتناسی، جەختی لەسەر توانستی فرەلایەنی دیکەشە، وەک توانستی سەربە سایکۆفیزیۆلۆژی،[354] کارامەیی جڤاکی،[355] بەرهەمکاری،[356] چارەدۆزیی ڕاڕایی، ئاگاییەکی ڕەخنەگرانە لە ئایدیۆلۆژیا و هەروەها چارەی واتای ناجێگیر. ئەو ڕوانگەیەی دەڵێت فێربوون سەودایەکی جڤاکییە، ئافراندنێکی گەلدەستی واتایە، بەشدارییە لە بەستێندا و ڕاهاتنە بە ئامرازی پێویست، ئەمڕۆ لە دونیای خوێندن و کرداری تەرجومانیدا جێکەوتووە، بۆیە کاری گەلدەست، پرۆژەکاری و چارەدۆزیی کێشە بەشێکی گرینگن لە ڕشتەی فێربوون و بەرنامەی بارهێنان و ڕاهێزانی تەرجومانی. (Baker & Saldanha 2020:598)

**پرۆژەکاری بۆ بارهێنان و ڕاهێزان**

بەشێک لەم پێشنیازانەی لێرەدا ڕیز کراون لە سەرچاوەکانی ئەم کتێبە وەرگیراون، بۆ نموونە (2014) Pym، هەمووشیان تەنها پێشنیازن، هەم سەرپەرشت و هەم فێرخوازی بەشدار دەتوانن بەپێی پێویست گۆڕانکارییان تێدا بکەن بۆ پێکانی ئامانجی خوێندن و پرۆژەی خۆیان، خاڵی گرینگ لەم پێشنیازانەدا پیادەکردنی شێوازی گرووپکاری و پرۆژەکارییە، ئەویش بۆ سەرخستنی ئەو توانستە فرەڕەهەندانەی پێویستن بۆ تەرجومان.
گرینگیشە تەونی جۆراوجۆرمان هەبێت بۆ تەرجومانی لە بواری جیاوازدا، بۆ نموونە تەونی تایبەت بە تەرجومانیی بواری فێرکاری، پزیشکی، داتاکاری و... هتد. ئەندامانی هەر تەونێک دەتوانن کەرەستەی کار بگۆڕن بە تێکستی گونجاوی بواری خۆیان، جاوتەنەی هەر تەونێکیش، واتا سەرپەرشت و ڕێنوێنی ئەو تەونە، ئەرکی سەرپەرشتی، کارسازی، دەرفەترەخساندن و هاوئاهەنگیی دەگرێتە ئەستۆ.

1) ناوی مانگەکانی ساڵ، گەر لە زمانی دیکەوە تەرجەمە بکرێن، لە کوردیدا چۆن بنووسرێن باشە؟ تێکستێکی ناوی مانگی March تێدا بێت چۆنی دەکەیتە کوردی؟ مارس یان مارت؟ ئەدی گەر نووسرابوو «آذار» کوردییەکەی چییە؟ ئازار یان ئادار؟ گەرمیانی دەڵێن: «کە گەشتە ئادارێ، بباریێ هەتا گوێی دارێ، ناگاتە ئێوارێ». پێت وا نییە «ئادار» دروست و ڕێکترە لە «ئازار»؟ لە گرووپێکی هاومەبەستدا، نووسینی «ناوی کۆک» بەدەم تەرجەمەکردنەوە، بکەنە بابەتی تۆژینەوە و ئەنجامی گفتوگۆی خۆتان لە بوارێکی لەباردا بڵاو بکەنەوە.

2) دەزانین کە مانگەکانی ساڵنامەی گریگۆری Gregorian calendar: ژانیوەری، فێبریوەری، مارس... یان کانون الثاني، شباط، آذار... لەگەڵ مانگەکانی ساڵنامەی کوردی (هەتاوی)ـدا: ڕێبەندان، ڕەشەمێ،

[354] سایکۆفیزیۆلۆژی = psychophysiology، بەشێکە لە دەروونناسی، خەریکی تۆژینەوەیە لە بەستەری لەشەکی بە پێڤاژۆی دەروونییەوە، دنەدەر-بەرسڤ stimulus-response، بۆ نموونە بەرتەکی مێشک بەرانبەر دنەدەری دەروونیی تایبەت.

[355] کارامەیی جڤاکی = social skills

[356] بەرهەمکاری = performance

خاکەلێوە (نەورۆز)... پێکەڵ نین. لەبەر ئەوە ناکرێت «إنقلاب 14 تموز» بکەینە «کودەتای 14ی گەلاوێژ». بەڵێ دەکرێت کارەکە بە «تەمووز» لەکۆڵ بکرێتەوە، بەڵام گەر مەبەست بێت ئەو بەروارە لە ساڵنامەی کوردیدا دیاری بکەین، چی بکەین باشە؟ وردەکاریی لەم بابەتە، لە بازنەی هاوکاراندا بەسەر بکەنەوە و دیدی خۆتان ڕوون بکەنەوە.

3) ئایا ئێمە سیستەمیکی جێکەوتوومان هەیە بۆ نووسینی ژمارە بە وشە؟ بۆ نموونە تێکستێک دەنووسێت: five thousand two hundred fifty-four، چۆنی دەکەیتە کوردی؟ بۆ؟ کام لەم وشانە یەک دەگرن و دەبنە یەک و کامانە جودا دەکرێنەوە: «پێنجهەزار» یان «پێنج هەزار»، «دووسەد» یان «دوو سەد»، «پەنجاوچوار» یان «پەنجا و چوار»... بەگشتی، نووسینی ژمارەی یەکان، دەیان، سەدان، هەزاران... هتد، بە وشە ڕێسای هەیە؟ ئەم بابەتە لە گرووپکارییەکدا گفتۆگۆ بکەن.

4) لە ئینگلیزیدا deploy و deployment هەیە بۆ «انتشار»ی عەرەبی. تێکستێک ئەم چەمکانەی هەبێت بە کوردی دەبێتە چی؟ سەرنج بفەرموون کە «بڵاوبوونەوە» و «بڵاوکردنەوە» دەروەستی ئەو چەمکانە نایەن چونکە ئەمان بۆ دیاردەی بێبەرنامە و شەپرێون. دەتوانن لە کارێکی گەلدەستدا لیستێک بە چەمکی لەم بابەتە ڕێک بخەن؟

5) سەرنج بدە چەمکی سەربە تەکنیک، داتاکاری و ئینتەرنێت کە لە زمانی ئەمڕۆی کوردیدا بوونەتە باو. ئەم چەمکانە چەندیان هاوردەن و چەندیان کوردینەژادن؟ پێڤاژۆی بڕیاردان لە هەڵبژاردن و جێکەوتنی ئەم چەمکانە چۆنە، کێ پێشنیازیان دەکات؟

6) لە دەستەی سێ کەسیدا، تێکست هەڵبژێرن وشەی فرەواتای هەبێت. هەر یەک بەتەنێ تێکستەکە تەرجەمە بکات و پاشان بەدەم بەراورد و گفتوگۆوە، پێشانی بدەن چۆن، لەڕێی سەرنجدانی بەستێنەوە، واتای گونجاو بۆ وشەی فرەواتا دیاری دەکرێت. بۆ نموونە چەمکی *identity* لەم کۆپلەیەدا:

> *Our hypothesis establishes the unity but not the identity of learning Interaction between Learning and Development processes and internal developmental processes. It presupposes that the one is converted into the other. Therefore, it becomes an important concern of psychological research to show how external knowledge and abilities in children become internalized.*
>
> (Vygotsky 1979:101-102)

7) تێکستێکی هزریی تاڕادەیەک ئاڵۆز هەڵبژێرن، بە هەمان شێوازی سەرەوە، بەتەنی تەرجەمەی بکەن و لە گرووپکاریدا بیکەنە بابەتی هەڵسەنگاندن. بۆ نموونە:

> *The second major phase on the way to concept formation comprises many variations of a type of thinking that we shall call **thinking in complexes**. In a complex, individual objects are united in the child' s mind not only by his subjective impressions but also by **bonds actually existing between these objects.** This is a new achievement, an ascent to a much higher level.*
>
> (Vygotsky 2012:119-120)

8) سەرنج بدە چەمکی سەربە زانیار، زانست و هونەر، هزر و ڕامان، بیرکردنەوە و زمان... هتد، کە لە فێرکاریی ئەمڕۆدا برەویان هەیە. چۆن هاتوونەتە بەرهەم؟ هاوردەن، لاساییکردنەوەن یان زادەی پێڤاژۆیەکی بیرمەندانەی گەلدەستی پسپۆرانن؟ پێشنیازت چییە بۆ پێشخستنی ئەم پێڤاژۆیە؟

9) زمانی میدیا و سیاسەت زۆر جار بەرتاوی تەرجەمەکردنە. ئەم دوو بوارە لە کوردیدا چۆن دەبینن؟ چەند نموونەیەکی باش و کەمتر باش هەڵبژێرن بۆ تۆژینەوە و بەراورد لە ڕوانگەی بیردۆزەی جیاوازەوە.

10) هەر ئەو خاڵەی سەرەوە پیادە بکەن بەڵام ئەمجا لە ڕووکاری جیاوازەوە، وەک ساختار و چەشنەزار، یان سەمانتیک و پراگماتیک.

11) لەتەک دەستەی هاوکاران، لە سایتی مامۆستا mamosta.net دا، سەردانێکی کتێبی *«دەستەودامانی نالی»*ی جەلیزادە بکەن. دە-دوازدە لاپەرەی لێ هەڵبژێرن بۆ بەراوردی لێکدانەوەی جیاواز لە تێکستی کلاسیکی کوردی - کە ڕووکارێکی هەرە تایبەتی تەرجەمەیە. ئەنجامی تۆژینەوەکەتان بکەنە دیاریی بۆ گۆڤارێکی لەبار. هەر بۆ نموونە، تەماشا ڕاڤەی ئەم گەوهەرە بکەن:

ناری سینەم گەر نەبێ، غەرقم ئەمن
ئاوی چاوم گەر نەبێ، سووتاوم ئەز

12) تێکستی بیانی هەیە پتر لە یەک تەرجەمەی هەیە بۆ کوردی، نموونەی گونجاو بدۆزنەوە و تەرجەمەکان، بە تەنێ یان لە گرووپکاریدا بەراورد بکەن و ئەنجامی ئەم پرۆژەیەتان لە سەکۆی گونجاودا پێشکەش بکەن.

13) تەرجومانی گەورە هەن نەخشی تایبەتییان لە پێشخستنی زمان و فەرهەنگی کوردیدا هەبووە، داوای تۆژینەوە و هەڵسەنگاندن دەکەن. هەر بۆ نموونە عەزیز گەردی-ی هەرە مەزن و تەرجەمەی *«چیرۆکی بەرئاگردان»*ی برایان گریم Grimm. بەراوردی تێکست لە *«چیرۆکی بەرئاگردان»* لەگەڵ هەم تێکستی سەرشار و هەم تەرجەمەی ئەو بەرهەمە بە زمانی دیکە، دەبێتە کەرەستەیەکی باش بۆ تۆژینەوە. هەڵبژاردنی ئەم بەرهەمە بۆ تەرجەمەکردن لە لایەن گەردییەوە چ کاریگەرییەکی پەیدا کرد لە بواری ئەدەبی زارۆکاندا؟ چەند جار چاپکراوەتەوە، بەرهەمی هونەریی وەک فیلم و زنجیرەی تیڤی لێ ساز کراوە؟ بۆچوونی خۆتان ڕوون بکەنەوە. هونەرکارییەکانی تەرجومان لەم بەرهەمەدا چ نەخشێکی هەیە لە زمان و فەرهەنگی ئەمڕۆدا؟ ئەنجامی ئەم کۆشانەی خۆتان بکەنە کەرەستەیەکی ببێتە هۆکار بۆ فرەواندنی سوودی تەرجەمەی لەم بابەتە و هەروەها هاندەر بۆ بەرهەمی نوێی هاومەبەست.

14) جەرجیس فەتحوڵا-ی چراخان لە بواری تەرجەمەی بەرهەمی ئینگلیزیی سەربە کوردەوارییەوە بۆ زمانی عەرەبی دوو مەبەستی گەورە دەنەخشێنێت: هەم ناساندنی دۆزی کورد بە مرۆڤگەلی عەرەبیزان، هەم هاندانی نووسەر و خوێنەری کورد بە تەرجەمەکردنی بەرهەمی وەها بابەت بۆ زمانی کوردی. کام لەو بەرهەمانەی فەتحوڵا تەرجەمەی عەرەبی کردوون، کراونەتە کوردی؟ تێکستی نموونە لەو بەرهەمانە هەڵبژێرن بۆ بەراورد. کامانە لەو بەرهەمانە هێشتا تەرجەمەی کوردی نەکراون؟ دەتوانن ئەم ئەرکە، لە چێوەی پرۆژەیەکی گەلدەستی فێرکاریدا، بگرنە ئەستۆ؟

15) بۆ ئەوانەی دەروەستی زمانی عەرەبی دێن: چەند کۆپلەیەک لە تێکستی *«من هموم الحیاة»*ی جەلیزادە هەڵبژێرن، خۆتان تەرجەمەی کوردی بکەن. ئەوجا، تەرجەمەکەی خۆتان بەراورد بکەن بە تێکستەکەی نێو *«لە پەرۆشەکانی ژیان»*. سەرنجی خۆتان لەو بەراوردە تۆمار بکەن.
بەستەری *«من هموم الحیاة»*:

https://www.mamosta.net/Arebi/Kteebi_Arebi/MM_Mn_humum_al_hheyat.pdf

بەستەری *«لە پەرۆشەکانی ژیان»*:

https://mamosta.net/Kteeb/Kteebi_PDF/LePeroshekaniJiyan.pdf

16) هەر ئەو خاڵەی سەرەوە پیادە بکەن بەڵام ئەمجارە بەرەواژ، *«لە پەرۆشەکانی ژیان»* بکەنە سەرشار، تێکستی لێ هەڵبژێرن، تەرجەمەی عەرەبی بکەن و بەراوردی بکەن بە هاوسێکەی لە *«من هموم الحیاة»*دا. ئەنجامی ئەم بەراوردەش لەتەک بەراوردەکەی سەرەوەدا بە شێوی ڕاپۆرتێکی سەربە تەرجەمەناسی بڵاو بکەنەوە.

17) لە گرووپی بچووکدا، بۆ نموونە پێنج کەسی، هەردوو کتێبی *«من هموم الحیاة»* و تەرجەمەکەی بە کوردی: *«لە پەرۆشەکانی ژیان»* بکەنە سەرچاوە بۆ پەیدۆزیی هەم زاراوەی نوێ و هەم داڕشتنی سەرنجڕاکێش لە کوردییەکدا بۆ ڕاگرتنی هاوتایی بەرانبەر تێکستی سەرشار.

18) هاشم ئەحمەدزادە Hashem Ahmadzadeh لە کتێبی *Nation & Novel: A Study of Persian and Kurdish Narrative Discourse*، لەژێر سەردێڕی Translation into Persian–دا بە ئینگلیزی دەنووسێت:

*سەرەتای تەرجەمەکردن لە زمانی ئەورووپاییەوە بۆ فارسی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم و سەردەمی پێڤاژۆی چەرخاندنی نوێسازی (مۆدێرنیتە).[357] پاش هاوردەکردنی چاپەمەنی، تەرجەمەکردن بۆ فارسی زیادی کرد... بە سەلماندنی ئەوەی ئەورووپا لانکی نوێسازییە، ئاشکرا بوو کە هیچ نوێسازییەک نایەتە ڕاستاندن بەبێ گواستنەوەی بیرۆکە بناخەییەکان و شێوازە تازەکانی بیرکردنەوەی ئەورووپا بۆ وەڵاتانی دیکە، بە ئێرانیشەوە. تەرجەمەکردنی تێکستی ئەورووپایی بۆ فارسی بووە دەستاوێژێک بۆ گواستنەوەی دەستکەوتەکانی مۆدێرنیتە.* (Ahmadzadeh 2003:90)

پاشان لەژێر سەردێڕی Translation of foreign literature، دەربارەی تەرجەمە لە زمانی بیانییەوە بۆ کوردی دەنووسێت:

*تەرجەمەکردن لە زمانی بیانییەوە دەگەڕێتەوە بۆ 1930 یەکان. لە هەموو ساڵانی 1930 یەکاندا، تەنها پێنج کورتەچیرۆک هاتنە تەرجەمەکردن بۆ کوردی، ڕۆمانی تێدا نەبوو. سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەم تەرجەمانە، یەکیان نەبێت وەشانی بەغدایە و ئاماژە نادات بە زمانی سەرشار، ئەوانەی دیکە تەرجەمەن لە ڕووسیەوە*

---

[357] نوێسازی = modernisation، مۆدێرنیتە

*و پەخشی یەریڤان، کە زمان و فەرهەنگی کوردی تێیدا سەردەمانێکی زێڕینی هەبوو بۆ گەشەکردن، لانیکەم لە دەیە بەراییەکانی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر.* (Ahmadzadeh 2003:155)

ئەم دوو کۆپلەیە، لە گرووپکاریدا، دەکەینە بابەتی تۆژینەوە. بۆ ئەوانەی فارسی دەزانن، ڕەنگدانەوەی ئەو بزاڤی تەرجەمەکردنەی دەبێتە دەراوی گواستنەوەی نوێسازی بۆ ئێران، چۆن دەبینن؟

بۆ ئەوانەی کوردیی باکوور (سەروو، کرمانجی) دەزانن، بەرهەمەکانی یەریڤان چاوەڕێی بەسەرکردنەوە و پەیجۆرییە.

بۆ هەردوو گرووپیش وردبوونەوە لە سەنگی چاپەمەنی بۆ گەشەی تەرجەمەکردن و لەویشەوە بۆ فراژووتنی زمان و فەرهەنگ مایەی پرۆژەکارییە.

19) ئەم دوو کتێبە دەکەینە دوو جەمسەری بەراورد:

یەکەم، کتێبی سەرشار بە زمانی ئینگلیزی: Wadie Jwaideh. *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development.* Syracuse University Press 2006.

و دووهەم کتێبی ئارمانج، بە تەرجەمەکردنی سەردەشتی:

*جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بنەما و پەرەسەندنی.* تەرجەمەی لە ئینگلیزییەوە: یاسین سەردەشتی، سلێمانی 2008. بڕوانە:

https://www.kurdipedia.org/files/books/2011/62040.PDF?ver=129979140320000000

لەم پرۆژەیەدا، هەم تاکەکەس و هەم گرووپی بچووک، تێکستی جۆراوجۆری لێ هەڵدەبژێرن. بەشێکیان تێکستی ئینگلیزی تەرجەمەی کوردی دەکەن و ئەوجا بەراوردی دەکەن بە تەرجەمەی سەردەشتی، بەشێکیان بەرەواژ، کوردییەکە دەکەنە سەرشار و بە ئینگلیزییەکەی خۆیان تەرجەمەی دەکەن. ئەوجا هەردوو لا، ئەنجامی کارەکەیان بەراورد دەکەن بە تێکستی نێو ئەو دوو کتێبە، چەندوچۆنی وێکچوون و جوداوازییەکان دەکەنە کەرەستەی تۆژینەوە، جەختیش لەسەر ڕەنگدانەوەی جیاوازیی زمان و فەرهەنگە لە هەردوو بەستێندا.

20) شەفیق حاجی خدر تەرجومانێکی خامەڕەنگین و پڕبەرهەمە. یەک لە دیارییە هەرە نایابەکانی بۆ کتێبخانەی کوردی بریتییە لە «*هێڵێک بەنێو لمدا*» کە تەرجەمەی ئەم کتێبەیە:

Barr, James. *A Line in the Sand: Britain, France and the Struggle that Shaped the Middle East.* Simon & Schuster 2011.

James Barr لەو کتێبەدا دەنووسێت:

*On 1 December Clemenceau arrived in London, where he was met by cheering crowds. 'Well,' he began when he met Lloyd George for private talks, 'what are we to discuss'?*

*Lloyd George seized the moment. 'Mesopotamia and Palestine,' he answered.*

*'Tell me what you want,' said Clemenceau.*

*'I want Mosul'*

*'You shall have it', responded Clemenceau. 'Anything else'?*

*'Yes, I want Jerusalem to.'*

*'You shall have it,' Clemenceau said again, although he warned Lloyd George that his imperialist foreign minister Stephen Pichon would 'make difficulties about Mosul'. The French commitment seemed clear enough, but the conversation generated new tensions. For it left Clemenceau wishing that he had been less generous and Lloyd George under the impression that he should have pushed for more.*

*The supreme council of the five victorious powers first met on 12 January 1919 in the office of the foreign minister at the Quai d'Orsay. As the oldest leader and the host, Clemenceau chaired the proceedings. From an armchair before the open fire he could survey his four counterparts – President Wilson, Lloyd George, and the prime ministers of Italy and Japan – as they sat opposite him in the panelled room, with their foreign ministers and advisers behind them.*

*On home soil Clemenceau showed none of the weakness that Lloyd George had so deftly exploited six weeks earlier. His nickname was 'the Tiger', but the seventy-seven-year-old French premier was a stout, bald man whose snow-white moustache gave him a closer resemblance to a walrus. Watching him, the British diplomat Harold Nicolson observed 'the half-smile of an irritated, sceptical and neurasthenic gorilla'. Whichever animal comparison the French premier evoked, there was unanimous agreement that he was ponderous and autocratic. The council's meetings elongated as a consequence.*

(James Barr 2011:78)

ئەم تێکستە و تێکستی دیکە نێو کتێبە ئینگلیزییەکە تەرجەمەی کوردی بکەن و ئەوجا لە گرووپکاریدا تەرجەمەکەی خۆتان و تەرجەمەکەی شەفیق حاجی خدر بەراورد بکەن. چوار ڕووکارەکەی Ingo، کە لەم کتێبەدا باس کراون، بکەنە پێودانگ بۆ هەڵسەنگاندنی هەردوو تەرجەمە. ئەنجامی ئەم پرۆژەکارییە لە بوارێکی گونجاودا پەخش بکەن.

21) شاپرۆژەی تەرجەمەکردنی زنجیرەی «پێشەکییەکی زۆر کورت...»-ی ئۆکسفۆرد لە لایەن «دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان» Jamal Erfan Cultural Foundation ـەوە داوای ڕانان و هەڵسەنگاندن دەکات. دەستەی چوار کەسی کۆ دەبنەوە، یەک لەو نامیلکانەی ئۆکسفۆرد دیاری دەکەن، هەر کەس بە تەنێ، یەک لە چوار ڕووکارەکەی Ingo هەڵدەبژێرێت بۆ بەراورد و هەڵسەنگاندن. ئەوجا لە کارێکی گەلدەستدا، هەر چوار بۆچوون و بەراوردەکە گفتوگۆ دەکرێت و بە ڕاپۆرتێکی ڕازاوە پەخش دەکرێت. ئەم کارە جگە لە ڕاهێزانی توانستی تۆژەرانی دەستەکە، دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی گوتاری وردەکار لە تەرجەمەناسیدا. سەرباری ئەوانەش، پشتیوانییەکی زانستانەیە لەو پرۆژە درەخشانەی «دەزگای

ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان». گەر ژمارەی دەستەکان و جۆرایەتیی ڕاپۆرتەکان لەبار بن، ئەوسا ئەو دەزگە فەرهەنگییە شکۆمەندە دەتوانێت ئەم ڕاپۆرتانە لە دووتوێی کتێبێکی نایابدا گرد بکاتەوە.

22) هەیە دەڵێت «تەرجەمە بەرتاوی بەستێنی جڤاکی-فەرهەنگەییە، بەرتاوی بەستێنی مێژووکردە». ئەم گوتەیە چۆن لێک دەدەیتەوە و چۆنی هەڵدەسنگێنیت؟ ئایا دەکرێت تێکست لە دەرەوەی بازنەی سەردەم، جڤاک و فەرهەنگی خۆیدا تەرجەمە بکرێت، یان نا، بۆ؟ دیدی خۆت بە چەند نموونەیەک ڕوون بکەوە.

23) تەرجەمەی وشەبین (وشە-بە-وشە) باشە یان واتابین (ئازاد)؟ پێت وەها نییە تەرجەمەی وشەبین تێکستێکی کوناش[358] و کەرتۆڵ بەرهەم دێنێت؟ ئەدی تەرجەمەی واتابین ناکاتەوە دەستتێوەردان و شێواندنی تێکستی سەرشار؟ گەر تەرجەمەی وشەبین باشە، چۆن دەتوانین تێکستی کەڤناری دوورەزمان و فەرهەنگنامۆ تەرجەمەی بکەین بۆ ئاپۆرەی ئەم زمان و فەرهەنگ و سەردەمە؟ پەنا نەبەینە بەر دەستکاری و گونجاندن، چ بکەین؟ گەر تەرجەمەی واتابینی ئازاد باشە، تێکستی دینی و بەرهەمی کلاسیک چی بەسەر دێت؟ لە چێوەی ئەم دوو نۆرمەدا، چەند نموونەیەک لە سەردەم، فەرهەنگ و ژانرەی جیاواز بکەنە کەرەستەی پەیجۆری.

24) دەستەیەکی سێ کەسی پێک بێنن، یەکەم کەس تێکستێکی ئینگلیزی تەرجەمەی کوردی دەکات و دەیداتە دەست کەسی دووهەم، ئەمیان تێکستە کوردییەکە تەرجەمە دەکاتەوە بۆ ئینگلیزی (تەرجەمەی بەرەواژ) و دەیداتە سێهەم، ئەمیان ئەم ئینگلیزییە دەیکاتەوە کوردی. ئەوجا هەرسێکیان گەلدەست لەم پێڤاژۆیە ورد دەبنەوە، چەندوچۆنی تەرجەمەکان بەراورد دەکەن و ئەنجامەکەی گفتۆگۆی خۆیان دەکەنە گوتارێکی لەبار بۆ دەوروبەر.

25) بۆچی کوردی یارسان، ئێزدی و مەسیحی بە زمانی کوردی، بەو زمانەی خۆیان کە دەیزانن و تێی دەگەن، نوێژ دەکەن بەڵام کوردی موسڵمان بە زمانی عەرەبی نوێژ دەکات کە نایزانێت و تێی ناگات؟ کاریگەریی دین لەسەر پەیدابوون و پەیدا نەبوونی زمانی هاوکۆ، هەڵکشان و داکشانی پێگەی زمان و هەروەها گەشەی فەرهەنگ لە جڤاکدا، لە بازنەی پرۆژەکاریدا، بخەنە بەرباس.

26) دوو بەرهەمی ئەستێرەگەشەی ئەدەبی کوردی، عەتا نەهایی، دیاری بکەن، یەکیان نووسینی خۆی و یەکیان تەرجەمە. لە دوو پرۆژەی جودادا، ئەو دوو بەرهەمە بکەنە کەرەستەی فێرکاری. بەرهەمە کوردینەژادەکە تەرجەمەی شێوەزارێکی دیکەی کوردی، یان زمانێکی دیکە، بکەن. بەرهەمەکەی دیکە کە نەهایی تەرجەمەی کوردی کردووە، لە تۆژینەوەیەکی بەراوردکارانەدا، بخەنە بەرباس. ئەنجامی هەردوو پرۆژەکە لە کۆڕێکی ڕازاوەی ئەدەبیدا پێشکەش بکەن.

27) تێکستێک دیاری بکەن، بە بەرنامەی Google Translate چەند جارێک تەرجەمە و تەرجەمەی-بەرەواژ بکەن، بۆ نموونە لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی و ئەوجا لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی. چی دەبینیت، «هاوتایەتی» چی بەسەر دێت، پاش-بژارکارەتی چۆن بێت باشە؟

---

[358] کوناش = perforated، بابەتێکی تێکبەستەی کونکون، وەک کاخەز کە بە شێوەیەکی سیستەمبەند کونکون دەکرێت بۆ جێگیرکردنی لە فایەلدا. بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازیی پێوانە»*، www.mamosta.net

28) Robert Olson له کتێبی *The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880–1925* دا دەنووسێت:

> *It is ironic that the Treaty of Sèvres provided for an independent Kurdistan, but not a unified one – large part of Kurdistan were to remain in Iraq and Iran. The goal of nationalists who were striving for a unified Kurdistan resulted in in there lack to support for those Kurds who advocated for independence, even as a region of Turkey. It is further ironic that those nationalists who advocated a unified Kurdistan sought the support of Great Britain, whose occupation of Iraq and influence in Iran had made it clearly by signing of the Treaty of Sèvres that there was to be no unified Kurdistan.* (Olson 1989:24)

هەر یەک لە لای خۆیەوە ئەم تێکستە تەرجەمەی کوردی بکات و پاشان لە گرووپکاریدا، لە ڕوانگەی چوار ڕووکارەکەی Ingo وە، بەراوردی بکەن بە تێکستی یەکدی و لە کۆتادا گشتی بەراورد بکەن بە تەرجەمەکەی ئەبووبەکر خۆشناو (ئۆلسۆن 1999:45)، دەزانم جیاوازییەک دەبینن، کە پێویستی بە بەراورد هەیە لەگەڵ تەرجەمە فارسییەکەی ئیبراهیم یوونسی. ئەنجامی کارەکەتان بە ڕاپۆرتێکی گەلدەست، بە شرۆڤەکارییەکی وردەوە، لە بوارێکی لەباردا پەخش بکەن.

29) تێکستی تایبەت بە بواری پیشەیی وەک پزیشکی و دەرمانسازی، ئەندازیاری و تەکنیک، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، دەروونناسی و فێرکاری، ئەدەب و هونەر، جڤاک و سیاسەت... هتد دیاری بکەن و هەریەکەیان لە گرووپێکی دیاریکراوی سەربەخۆدا تەرجەمە بکرێت بۆ زمانی کوردی و ئەوجا لە کۆڕی هاوبەشدا ئەزموونی هەر یەک لەو گرووپە تایبەتکارانە بخرێنە بەرباس. کێشەی چەمک و دارشتنی پەیوەست بەو بوارانە و هەروەها پێشنیاز بۆ چارەدۆزییان ڕوون بکرێنەوە و ئەوجا بەرهەمی ئەم کۆڕە هاوبەشە لە کتێبێکی ڕازاوەدا لە سایتێکی سەنگینی ئینتەرنێتدا جێگیر بکرێت بۆ سوودی گشتی.

30) Adam Smith لە شابەرهەمی *The Wealth of Nations* دا، کە بناخەی ئابووریی نەتەوەییە و یەکێکە لە زانستنامە هەرە بنەڕەتییەکانی بواری ئابووریی سیاسی و سامانی نەتەوە، دەنووسێت:

> *The nations that, according to the best authenticated history, appear to have been first civilized, were those that dwelt round the coast of the Mediterranean sea. That sea, by far the greatest inlet that is known in the world, having no tides, nor consequently any waves, except such as are caused by the wind only, was, by the smoothness of its surface, as well as by the multitude of its islands, and the proximity of its neighbouring shores, extremely favourable to the infant navigation of the world; when, from their ignorance of the compass, men were afraid to quit the view of the coast, and from the imperfection of the art of ship-building, to abandon themselves to the boisterous waves of the ocean. To pass beyond the pillars of Hercules, that is, to sail out of the straits of Gibraltar, was, in the ancient world, long considered as a most wonderful and dangerous exploit of navigation. It was late before even the Phoenicians and Carthaginians, the most skilful navigators and ship-builders of those old times, attempted it; and they were, for long time, the only nations that did attempt it.* (Smith 2005:23)

ئەم بەرهەمە کلاسیکە هەرە نایابە لە لایەن عەوف عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا-وە، بە سەردێڕی «سامانی نەتەوەکان» لە ئینگلیزییەوە تەرجەمەیەکی هەرە باڵای کوردی کراوە. لەوێدا بەرانبەر کۆپلەی سەرەوە، کوردییەکەی دەڵێت:

> *ئەو نەتەوانەی کە بەپێی مێژووی تۆمارکراوەوە، دەردەکەوێ کە یەکەمن لە بواری بەشارستانیبووندا، ئەوانەن کە لەسەر کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست بوون. ئەو دەریایە کە تارادەیەکی زۆر گەورەترین دەروازەی ناسراوە لە جیهاندا، هیچ هەڵکشان و داکشانی نییە و، شەپۆلەکانی تەنها ئەوانەن کە بەهۆی با دروست دەبن، بۆیە بەهۆی ڕووی نەرمییەوە و، زۆری دوورگەکانییەوە و، نزیکی لە کەناراوە هاوسێکان، بەڕادەیەکی زۆر بۆ کەشتیوانیی ساوای جیهان گونجاو بوو، لەو کاتەدا کە مرۆڤەکان بەهۆی نەزانی لە بارەی قیبلەنامەوە دەترسان لەوەی کەناراوەکان لەبەر چاویان ون ببن و، بەهۆی هەژاریی هونەری دروستکردنی کەشتییەوە خۆیان لە شەپۆلە سەرسەختەکانی بەدوور دەگرت. چوونە ئەودیوی ستوونەکانی هێرقل، کە بەواتەی گەشتکردن بۆ دەرەوەی تەنگەبەری تاریق دەهات، لە جیهانی کۆندا بە سەرسامکەرترین و مەترسیدارترین سەرکێشیی کەشتیوانی دەهاتە ژماردن. ماوەیەکی زۆری پێچوو پێش ئەوەی فینیقییەکان و قرتاجییەکان، کە کارامەترین کەشتیوان و دروستکەری کەشتیی سەردەمی کۆن بوون، بوێرن ئەو هەوڵە بدەن.*
>
> (سمیث 2018:45)

ئەم کۆپلەیە و تێکستی دیکەی نێو ئەم دوو شابەرهەمە، لە گرووپکاریدا بەراورد بکەن. جگە لە چوار ڕووکارەکەی Ingo، لایەنی ناوی کۆک، چەمک و دەستەواژەی تایبەت لەو بەراوردەدا بەهەند بگرن. هەر بۆ نموونە:

- چەمکی tides ی ئەم بەستێنە گەر *«هەڵکشان و داکشان»* نەبێت، چی بۆ باشە؟
- چەمکی *ship-builder* جگە لە *«دروستکەری کەشتی»* چی بۆ باشە؟ لە کوردیدا لەبری دروستکەری چیرۆک، تەلار، مافوور، ئاش و گوتار... چیرۆکنووس، تەلارساز، مافوورچن، ئاشپەز و گوتاربێژ هەن، چۆنە لە تەرجەمەدا، گەر چەمکی بیانیی وەها هاتەپێش کە زووتر وێنەی نەبووبێت لە کوردیدا، بیکەینە دەرفەت بۆ پێشنیازی چەمکی نوێ؟
- دەستەواژەی *according to the best authenticated history* *بۆچی لە کوردییەکەدا بە «بەپێی مێژووی تۆمارکراوەوە» تەرجەمە کراوە؟ گەر وەها نەبێت، پێشنیازی ئێوە چییە؟*
- دەستەواژەی *nor consequently any waves* بۆتە چی؟
- ناوی کۆکی وەک *Hercules, Gibraltar, Phoenicians* و *Carthaginians* گەر بە ئینگلیزییەکەشی لە تێکستە کوردییەکەدا هەبان سوود و زیانیان چین؟

هەر وەک دەستخۆشی لەم تەرجەمەیەی بۆتە سەرگۆڵی کتێبخانەی کوردی، ڕاپۆرتی وردەکارییەکەی خۆتان لە وارێکی شایاندا پێشکەش بکەن.

31) لە کتێبی *Approaches and Methods in Language Teaching* دا، تۆژەران Richards & Rodgers دەڵێن ڕشتەی فێربوونی زمان بەرتاوی چەندین کاریگەرییە، لێرەدا کورتەیەکی دیدی ئەوان ڕیز دەکەم: (Richards & Rodgers 2014:384)

- سیاسەتی دەسەڵات: هاندانی زمانزانی و جەختکردن لەسەر جۆرایەتیی خوێندنی زمان.
- مەیلی پیشەوەرانە: مەیل و خواستی پیشەی مامۆستایەتی بۆ ئاڕاستە و مەبەستی زمانزانی.
- داهێنانی ئوستادان: کەسایەتی پسپۆر و داهێنەر کاریگەرییان هەیە لەسەر تاودانی زمانزانی و نێوەڕۆکی بەرنامەی خوێندنی زمان.
- بەرسڤدانەوەی تەکنیک: هێز و برِستی داتاکاری، ئایتی و ئینتەرنێتی جیهانپۆش World Wide Web (www) لە ڕشتەی فێرکاریدا مایەی سەرنجە و هۆکارێکی گرینگە بۆ فراژووتن لە بواری فێربوونی زماندا.
- تاوی ڕشتەی ئەکادێمی: ڕشتەی جۆراوجۆری ئەکادێمی، وەک زمانەوانی، دەروونناسی، دەروونناسیی-زمانەوانی[359] تاویان هەبووە لە پشتیوانی و ئاڕاستەکردنی جۆرێکی دیاریکراو لە بەرنامەی خوێندنی زمان. بێگومان، پەیدابوونی بیردۆزە و نەرینی نوێ لەو بوارانەدا کاریگەریی خۆیان دەبێت لەسەر ئاڕاستە و نێوەڕۆکی خوێندنی زمان.
- تاوی تۆژینەوە: بواری فێرکاری و فێربوونی زمانی نوێ هەردەم بەرتاوی تۆژینەوە و بیردۆزەڕێژی بووە.
- داهێنانی فێرخواز-بین: جەختکردنی بەرنامەی خوێندن، پلانی فێرکاری و ڕێبازەکانی خوێندن لەسەر فێرخواز ساڵانێکە برەویان هەیە و لەوەیە وەهایش بەردەوام بن.
- ڕەوتی فێرکاریی ڕشتەبڕ:[360] ڕەوتی وەک «زمانفێربوونی هەرەوەزی»،[361] «سەرلەبەریی زمان»[362] و «فرەزیرەکی»[363] نموونەن لە فێربوونی ڕشتەبڕی زمانی نوێ.

---

[359] دەروونناسیی-زمانەوانی = psycholinguistics، ڕشتەی پەیجۆری و ڕاڤەکردنی ئەو پێڤاژۆ دەروونناسیيانەی کە دەبنە هۆکار بۆ پەیبردن و بەکارهێنانی زمان لای مرۆڤ.

[360] ڕەوتی فێرکاریی ڕشتەبڕ = Crossover educational trends

[361] زمانفێربوونی هەرەوەزی = Cooperative Language Learning

[362] سەرلەبەریی زمان = Whole Language

[363] فرەزیرەکی = Multiple Intelligences

- ڕەوتی ڕشتەبڕ:[364] تێکگیرسان لەگەڵ ڕشتەی دیکەی وەک «مێشکناسی»،[365] «دەروونساڕێژگەری»،[366] «دانوستانناسی»،[367] «نەژادناسی»[368] و «تەکنیکی مرۆڤکار»[369] نموونەن لە ڕەوتێکی ڕشتەبڕ لە فێربوونی زمانی نوێدا.

ئێوە دەڵێن چی؟ لە کوردستان چ باسە، کێ و چی بڕیاری زمانفێربوون و ڕشتەی تەرجومانی دەدات؟ ئێوە چۆن دەتوانن کاریگەریتان هەبێت؟

لە گرووپی سەربە زمان و ڕشتەی جۆراوجۆردا، بۆ نموونە گرووپی تەرجەمەی کەرەستەی داتاکاری لە زمانی ئینگلیزییەوە، گرووپی تەرجەمەی کەرەستەی فەلسەفی لە زمانی ئەڵمانییەوە، گرووپی تەرجەمەی ئەدەبی لە زمانی فرانسییەوە، گرووپی تەرجەمەی کەرەستەی سازمانگەری لە زمانی چینییەوە... هتد ئەم باسە بخەنە بەر گفتوگۆ و پاشان لە کۆڕێکی فرەواندا دیدی خۆتان پێشکەش بکەن.

«...»

---

[364] ڕەوتی فێرکاریی ڕشتەبڕ = Crossover educational trends

[365] مێشکناسی = cognitive psychology، ڕشتەی پەیدۆزیی لە جۆری کارکردنی مێشکی مرۆڤ. مێشکناس = cognitive psychologist, brain scientist.

[366] دەروونساڕێژگەری = psychotherapy، سایکۆتێراپی، دەروونتێراپی

[367] دانوستانناسی = communication science

[368] نەژادناسی = ethnography

[369] تەکنیکی مرۆڤکار = human engineering

**پاشکۆی «صد سال لموپیش»**

ڕیچ Claudius James Rich (1787-1821) ی مێژووناس، شوێنەوارناس، زمانزان و گەشتەوار لە گەشتنامەکەی خۆیدا بە ناوی *Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh* (1836) چەندین ڕووکاری جڤاک و مێژووی کوردستان ڕوون دەکاتەوە. هەفتەنامەی «پێشکەوتن» کە دەسەڵاتی بەریتانی ساڵی 1920 لە سلێمانی پەخشی دەکرد، بەشێکی ئەو گەشتنامەیەی لە ژمارەکانی 33-19 تەرجەمەی کوردیی کردووە. کتێبەکەی ڕیچ بۆ خۆی گەنجینەیەکی هەرە سەنگینە، بەڵام ئەم تەرجەمەیەش بەهای تایبەتی خۆی هەیە، جگە لە پێشاندانی ڕەوتی فراژووتنی زمان و ڕێنووسی کوردی لە ماوەی ئەم سەد ساڵەدا، تاوی سیاسەتکاری و دەسەڵاتخوازی پێشان دەدات لەسەر بواری تەرجەمەکردن. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەو تەرجەمەیەی «پێشکەوتن»، بە هەردوو ڕێنووسی ئەو دەم و ئەم سەردەمە لەگەڵ دووسێ وردەسەرنج، لێرەدا کراونەتە پاشکۆ.

| هەفتەنامەی «پێشکەوتن» - سلێمانی ساڵی یەکەم، 1920 | |
|---|---|
| ژماره ١٩ | ژمارە 19 |
| صد سال لموپیش | سەد ساڵ لەمەوپێش |
| صد سال لموپیش قونسولوسیکی انکلیس له بغداد ناوی میستر ریچ بو. لبرامه کەنختیك ناخوشی بو. سفر کردنی کویستانی بەباش زانی به قصهٔ هنی له مأمورەکانی بغداد لبر أوۀ هتا أو روژه هیچکس له مأمور انکلیس بخذمت پاشاکانی سلیمانی نەکەیشتبو. سفر سلیمانی به چاك دی. لپاشا سفرنامەیکی نوسیەوه که لیره دا دینوسینەوه. | سەد ساڵ لەمەوپێش کۆنسولوسێکی ئینگلیس لە بەغداد ناوی میستر ریچ بوو. لەبەر ئەمەی کە نەختێک ناخۆشی بوو، سەفەرکردنی کوێستانی بەباش زانی بە قسەی هەنێ لە مەئموورەکانی بەغداد. لەبەر ئەوەی هەتا ئەو ڕۆژە هیچ کەس لە مەئمووری ئینگلیس بەخزمەت پاشاکانی سلێمانی نەگەیشتبوو، سەفەری سلێمانی بە چاک دی. لە پاشا سەفەرنامەیەکی نووسیەوە کە لێرەدا دەینووسینەوە. |
| رۆژ ٥ مایس ١٨٢٠ کیشته دربند بازیان لوی وه لسر نوسینی خوی دلیم | ڕۆژ 5 مایس 1820 گەیشتە دەربەندی بازیان لەوێ وە لەسەر نووسینی خۆی دەڵێم |
| وا دەلیت | وا دەڵێت |
| ساعت ٩ آلافرانکه لەبیاندا کەیشتینه دربند لەبردمیا خانیکی پچوك هیه و له ناو دربند کلاوەیك هیه که جیکا هوده و چالی آوی تیا دیاره. بقد ١٢ کس تفنکچی لوی هیه. لەلایێ پاشای سلیمانی له همو باریك که رابوریت ١٢ پاره باج وردەگرن. هر وك لەدواییدا له بنجوبناوانی کەیم که عبدالرحمن پاشا أم دربندهٔ زور قایم کردبو. دیواریکی کردبو و قاپیکی زور کرانی پیوه بو چوار طوپی لەسەر شاخەکە دانابو که بو اوردوی عثمانی بهاویژن. لواقعدا هیچ نه دەبو که عثمانی دربند بکرن مکر به هاودستی محمد بیك خالد پاشا کەلکل سلیمان پاشای قومندان عثمانی بو. | سەعات 9 ی ئەلفەرەنگە لە بەیانیدا گەیشتینە دەربەند لە بەردەمیدا خانێکی بچووک هەیە و لە ناو دەربەند کەلاوەیەک هەیە کە جێگای هۆدە و چاڵی ئاوی تیا دیارە. بەقەد 12 کەس تفەنگچی لەوێ هەیە. لە لایەنی پاشای سلێمانی لە هەموو بارێک کە رابووریت 12 پارە باج وەر دەگرن. هەر وەک لە دواییدا لە بنجوبناوانی گەییم کە عەبدولڕەحمان پاشا ئەم دەربەندەی زۆر قایم کردبوو. دیوارێکی کردبوو و قاپییەکی زۆر گرانی پێوە بوو چوار تۆپی لەسەر شاخەکە دانابوو کە بۆ ئوردووی عوسمانی بهاوێژن – لە واقیعدا هیچ نە دەبوو کە عوسمانی دەربەند بگرن مەگەر بە هاودەستیی محەمەد بێگ خالید پاشا کە لەگەڵ سلێمان پاشای قۆمندان عوسمانی بوو. |
| لپاش چن روژ که عثمانی هجومیان هینابو. محمد بك للایکی دربندەوه ریکای پیدا کرد. هنی له لشکری کرد کرمیان و پیادهٔ عثمانی لسر شاخەوه هینا و له پشت عبدالرحمن پاشاوه هاتن. | لە پاش چەن ڕۆژ کە عوسمانی هجوومیان هێنابوو. محەمەد بەگ لە لایەکی دەربەندەوە ڕێگای پەیدا کرد. هەنێ لە لەشکری کوردی گەرمیان[370] و پیادەی عوسمانی لەسەر شاخەوە هێنا و لە پشت عەبدولڕەحمان پاشاوە هاتن. |

[370] ئەم «کرد کرمیان» (کوردی گەرمیان)ـە نەک هەر دەستکاری بگرە شێواندنی تێکستەکەی Rich ـە کە دەڵێت: auxiliary Koords، کە دەکاتەوە کوردی یاریدەر، یاوەر... (Rich 1836:59) ئاشکاریشە ئەم چەواشەکارییە سووکەهەڵە نییە زادەی نەزانین بێت، بگرە بەدکارییەکی مەبەستدارە. تەرجەمەکە بەگشتی دەستتێوەردانی زۆرە بەڵام، هەم دەستپاکی و هەم دەستتێوەردانی بەدمەبەست، لە چێوەی سەردەم و بەستێنی خۆیدا، مایەی سەرنجگیری و ڕەچاوگرتنە، هیواداریشم سەرلەبەری گەشتنامەکەی Rich، ڕاستەوخۆ لە تێکستی سەرشارەوە، نەک لە زمانی عەرەبییەوە، تەرجەمەیەکی ورد و دروست بکرێتەوە.

طوپەکانی أو کە لسر شاخ بو کرتیان و رویان کردە عبدالرحمن پاشا لبر أمە عبدالرحمن پاشا شکا و روی بو سلیمانی. سلیمان پاشای قوماندان أو دیوارۀ تیکدا. کە أمرو شوینی أو دیارە.

لە دربند چایمان خواردەوە لپاشدا بزوتین بو لای چپ کلاوەیك بو لە شاخ کە ایانوت ریزیك هودۀ تیادا هیە و شیطان بازاریان پی أوت. بە ساعتیك کەیشتینە دئ درکزین کە لوی برنج، پمو، کونجی توتون أچینن. أویکی زوریش هیە.

٦ مایس

لبر قورنمان توانی لەریکای کاروانەوە بروین لبر اوۀ یکسر لە داوینی کیو کە روژ هلاتی بازیانە رویشتین ام ریکا یەیش قوری زور بو. لپاش ساعتیك أوایی لازیانمان خستە لای راستەوە بیرمان وابو کە بچینە اوایی تینال کە لە خوار شاخی مورتکەوەیە.

بلام لبر قوری زور و سختی ریکا وامان بە باش زانی کەیك جاری خومان بخینە دشتی سلیمانی لبر أوە وختی کەیشتینە برام بر تینال یك جاری سرمان کرد. ورویشتن بو اولایی تر. ساعت ١٠ ألافرنکە کەیشتینە کیلەسپی بارانیش زور دەباری.

روژ ٧ مایس بزوتین دیسان لبر قور نمان توانی بە ریکای کارواندا بروین. رومان کردە شاخی ازمر لپاش ساعتیك دیمان سوار هات و لکل عبدالرحمن آغا چاومان بەیك کوت.

عبدالرحمن آغا یکی لە آغاکانی سلیمانیە. محمود پاشا ناردبوی بە پیرمەوە. ساعت ٨ الافرنکە کەیشتینە سرچنار. کە سرچاوەیکی زور نایابی هیە. و زرعاتیکی باش و زوری لی دەکریت کویا هر زوی و زاری کەلە تانجرو هیە بم آوە زرع دەکریت. هی یونس بکە کە محمود پاشا داویتی و ملکانەء او زویانە سالی پنجا هزار قروشی دەبی. لو سرچاوەیە دو درخت هیە. کە دەلین لوی شریکی کورە بوە لە قدیم دا.

چونکە پاشا حزی وابو کە روژیك لە سرچنار بمینینەوە هتا جیکاو شوین ریك دەخریت امرو لە أو سرچنارە خیوتمان هلدا و دانیشتین.

تۆپەکانی ئەو کە لەسەر شاخ بوو گرتیان و روویان کردە عەبدولڕەحمان پاشا لەبەر ئەمە عەبدولڕەحمان پاشا شکا و ڕۆی بۆ سلیمانی. سلێمان پاشای قۆماندان ئەو دیوارەی تێک دا. کە ئەمڕۆ شوێنی ئەو دیارە.

لە دەربەند چایەمان خواردەوە لە پاشدا بزووتین بۆ لای چەپ کەلاوەیەک بوو لە شاخ کە ئەیانوت ڕیزێک هۆدەی تیادا هەیە و شەیتان بازاڕیان پێ ئەوت. بە سەعاتێک گەیشتینە دێی دەرگەزێن کە لەوێ برنج، پەمۆ، کونجی تووتن ئەچێنن. ئاوێکی زۆریش هەیە.

6 مایس

لەبەر قوڕ نەمانتوانی لە ڕێگای کاروانەوە بڕۆین لەبەر ئەوە یەکسەر لە داوێنی کێو کە ڕۆژهەڵاتی بازیانە ڕۆیشتین. ئەم ڕێگایەیش قوڕی زۆر بوو. لە پاش سەعاتێک ئاوایی بازیانمان خستە لای ڕاستەوە، بیرمان وابوو کە بچینە ئاوایی تەیناڵ کە لە خوار شاخی مۆرتکەوەیە.

بەڵام لەبەر قوڕی زۆر و سەختیی ڕێگا وامان بە باش زانی کە یەکجاری خۆمان بخەینە دەشتی سلێمانی لەبەر ئەوە وەختێ گەیشتینە بەرامبەر تەیناڵ یەکجاری سەرمان کرد و ڕۆیشتین بۆ ئەولای تر. سەعات دە ئەلفەرەنگە گەیشتینە کێلەسپی. بارانیش زۆر دەباری.

ڕۆژ 7 مایس بزووتین، دیسان لەبەر قوڕ نەمانتوانی بە ڕێگای کارواندا بڕۆین. ڕوومان کردە شاخی ئەزمەڕ لە پاش سەعاتێک دیمان سوار هات و لەگەڵ عەبدولڕەحمان ئاغا چاومان بەیەک کەوت.

عەبدولڕەحمان ئاغا یەکێ لە ئاغاکانی سلێمانییە. مەحموود پاشا ناردبووی بەپیرمەوە. سەعات 8 ئەلفەرەنگە گەیشتینە سەرچنار. کە سەرچاوەیەکی زۆر نایابی هەیە و زەرعاتێکی باش و زۆری لێ دەکرێت گۆیا هەر زەویوزاری کە لە تانجەرۆ هەیە بەم ئاوە زەرع دەکرێت. هی یوونس بەگە کە مەحموود پاشا داوێتی و موڵکانەی ئەو زەوییانە ساڵێ پەنجا هەزار قروشی دەبێ. لەو سەرچاوەیە دوو درەخت هەیە، کە دەڵێن لەوێ شەڕێکی گەورە بووە لە قەدیمدا.

چونکە پاشا حەزی وابوو کە ڕۆژێک لە سەرچنار بمێنینەوە هەتا جێگا و شوێن ڕێک دەخرێت ئەمڕۆ لە ئەو سەرچنارە خێوەتمان هەڵدا و دانیشتین.

| | |
|---|---|
| ژماره ٢٠ | ژماره 20 |
| سرچنار | سەرچنار |
| لپاش خیوت هلدان که دانیشتین خواردەمانی و شتومکی زور پاشا له شارەوە بوی ناردبوین کەیشت. له نیوەرودا عمرآغا کەیکی له سرکرده و رتبه دار دستهء پاشابو هات. جناب پاشا عمر آغا مأمور کردوه هات له کردستان بین لکل ایمەدابی. | له پاش خێوەت هەڵدان کە دانیشتین خواردەمەنی و شتومەکی زۆر پاشا لە شارەوە بۆی ناردبووین گەییشت. لە نیوەڕۆدا عومەرئاغا کە یەکێ لە سەرکردە و ڕوتبەداری دەستەی پاشا بوو هات. جەناب پاشا عومەرئاغا مەئموور کردووە هەتا لە کوردستان بین لەگەڵ ئێمەدا بێ. |
| عمر آغا نختیك دانیشت کەبزانی له شار چن و چون خانو و تەویله پیویسته. لپاشا کرایەوە شار بوریك خستنی جیکا و ریکا تا ایستا له آغاواتی کردستان زوریانم نەدیوه بلام اوانەء که دیومه زور به ادب و میوان پرستم دیون. پاش نیوەرو نختیك کرام دیم آوی سرچنار له همو لاوه له زوی دیته درەوە. و هنی جیکای کەوشك بو بەبیل و قولن هلمان کن سرچاوه درکوت کوزلۀزوری بو. | عومەرئاغا نەختێک دانیشت کە بزانێ لە شار چەن و چۆن خانوو و تەویلە پێویستە. لە پاشا گەڕایەوە شار بۆ ڕێکخستنی جێگا و ڕێگا. تا ئێستا لە ئاغاواتی کوردستان زۆریانم نەدیوە بەڵام ئەوانەی کە دیومە زۆر بە ئەدەب و میوانپەرستم دیون. پاش نیوەڕۆ نەختێک گەڕام دیم ئاوی سەرچنار لە هەموو لاوە لە زەوی دێتە دەرەوە و هەنێ جێگای کە وشک بوو بە بێڵ و قوڵن هەڵمان کەن، سەرچاوە دەرکەوت کووزەڵەی زۆری بوو. |
| ٨ مایس | 8 مایس |
| بیانی زو بزوتین به ساعتیك کەیشتینه سلیمانی چن کسیك له کوره کورهء شار لکلمان هاتن بو شارەزایی و ریکا نشان دان ایمه یان کیانه مالەوه لپاشا رویشتن. | بەیانی زوو بزووتین بە سەعاتێک گەیشتینە سلێمانی چەن کەسێک لە کورەگەورەی شار لەگەڵمان هاتن بۆ شارەزایی و ڕێگا نیشاندان، ئێمەیان گەیانە ماڵەوە لە پاشا ڕۆیشتن. |
| له جیکانی تر چونکه له لاینی اوانەء بت ایشو کار بون له تماشا و ام لاو اولای مال کرتن نختیك بیزار دەبوم زور لام عجایب بو که له سلیمانی کس بیادبی نشان ندا. لپاشا بیستم که پاشا خوی فرموبوی که خلق به أدب بن و نزیك نه کون. | لە جێگانی تر چونکە لە لایەنی ئەوانەی بێ ئیشوکاربوون لە تەماشا و ئەملا و ئەولای ماڵگرتن نەختێک بێزار دەبووم زۆر لام عەجایب بوو کە لە سلێمانی کەس بێئەدەبی نیشان نەدا. لە پاشا بیستم کە پاشا خۆی فەرمووبووی کە خەلق بە ئەدەب بن و نزیک نەکەون. |
| لپاش نیو ساعت وزیر پاشا محمود مصرف هات و کەیانی که پاشا خوی پاش نیوەرو بو چاوپی کوتن دیت و بخیراتنی ایمه بکات. | لە پاش نیو سەعات وەزیری پاشا مەحموود مەسرف هات و گەیانی کە پاشا خۆی پاش نیوەڕۆ بۆ چاوپێکەوتن دێت و بەخێراتنی ئێمە بکات. |
| زور مشرف بوم لم التفاته. هیچ چاوەروانی أم تشریفات و خوشەویستیه نه بوم. و بەبیرما نه دەهات. | زۆر موشەرڕەف بووم لەم ئیلتیفاتە. هیچ چاوەڕوانی ئەم تەشریفات و خۆشەویستییە نەبووم و بەبیرما نەدەهات. |
| پاش نیوەرو تشریفیان هینا «تعریفی لی یت» له همو کوملەکەدا تنها محمود پاشا سواری ماین بو. لبرامه پاشا خوی پیاویکی بالا کورته له ناو کومله کەدا أونده دیار نەبو. أم خذمتکار و آغاوات و أوانی تره همو کلو پلی جیا جیا و رنك و رنکیان لبردابو. بلام زیاتر هی کول رنك و سور و زرد بو. خو به تایبتی له سر شانیان له هر چوارلای سریشیانەوه ریشوی زور بربو بوەوه. | پاش نیوەڕۆ تەشریفیان هێنا «تەعریفی لێ یت» لە هەموو کۆمەڵەکەدا تەنها مەحموود پاشا سواری ماین بوو. لەبەر ئەمە پاشا خۆی پیاوێکی باڵا کورتە لە ناو کۆمەڵەکەدا ئەوەندە دیار نەبوو. ئەو خزمەتکار و ئاغاوات و ئەوانی ترە هەموو کەلوپەلی جیاجیا و ڕەنگاوڕەنگیان لەبەردابوو. بەڵام زیاتر هی گوڵڕەنگ و سوور و زەرد بوو. خۆ بەتایبەتی لە سەر شانیان لە هەر چوارلای سەریشیانەوە ڕیشوی زۆر بەربووبۆوە. |
| وختی که پاشا دابزی و هاته ناو خیوەتەکۀ من زور به خیر هاتن و هوال پرسی لکل کردم. منیش چونکه له لاینی پاشای | وەختێ کە پاشا دابەزی و هاتە ناو خێوەتەکەی من زۆر بەخێرهاتن و هەواڵپرسی لەگەڵ کردم. منیش چونکە لە لایەنی |

| | |
|---|---|
| بغدادەوە پیغامیکم هبو پیم وتن بە رنکیکی وا کە همو کس کوی لی بیت. | پاشای بەغدادەوە پەیغامێکم هەبوو پێم وتن بە ڕەنگێکی وا کە هەموو کەس گوێی لێ بێت. |
| خوی دیسان زور شکاتی لە کردەوۀ کردستان هبو چونکە وتبوی ایشوکاری خوی زور لە کرانی دایە لم روژانەدا دیوت کە دولت عثمانی بمن دەلیت نابی پارە بە ایران بدا یا خذمتیان بکات. بلام بە هیچ کلوجیك یاریە نادا کە من بتوانم جوابی عجم بدەم لولاشەوە شازادۀ زیران بە زور پارە و دغل ودان لە کوردستان دەستینی. | خۆی دیسان زۆر شکاتی لە کردەوەی کوردستان هەبوو چونکە وتبووی ئیشوکاری خۆی زۆر لە گرانی دایە لەم ڕۆژانەدا. دەیوت کە دەوڵەت عوسمانی بە من دەڵێت نابێ پارە بە ئێران بدا یا خزمەتیان بکات. بەڵام بە هیچ کلۆچێک یاریە نادا کە من بتوانم جوابی عەجەم بدەم لەولاشەوە شازادەی ئێران بە زۆر پارە و دەغڵودان لە کوردستان دەستێنێ. |
| دەیوت. کە من حز دەکم لکل پاشای بغداد رفتار بکم بلام عثمانی اوندە لکل من بی وەفایی دەکات کەناتوانم لکل پاشای بغداد چاك بم. | دەیوت، کە من حەز دەکەم لەگەڵ پاشای بەغداد ڕەفتار بکەم بەڵام عوسمانی ئەوەندە لەگەڵ من بێوەفایی دەکات کە ناتوانم لەگەڵ پاشای بەغداد چاک بم. |
| أوۀ کەمن دیومە دیارە کە پاشای سلیمانی لبر أوە کە خۆی سنی یە حزبە عثمانیان دەکات. بلام شتیك کە دەبیبنم امەیە کە خلق کردستان بە هیچ کلوج حز ولایینی عثمانیان نیە. نەبە پاشای عثمانی نەبە حکومت اوان حزناکن. | ئەوەی کە من دیومە دیارە کە پاشای سلێمانی لەبەر ئەوە کە خۆی سوننییە حەز بە عوسمانیان دەکات. بەڵام شتێک کە دەبینم ئەمەیە کە خەڵقی کوردستان بە هیچ کلۆچ حەز وەلایەنی عوسمانیان نییە. نە بە پاشای عوسمانی نە بە حکومەت ئەوان حەز ناکەن. |
| لواقعدا حالی سلیمانی امرو بە رنکیکی عجایبە من بم ونکۀ دەبینم: اکر عثمانی نختیك لکل کردستان باشی رابواردایە. و نختیك دلی شافعی راگیر دەکرد، دەبو کە کردستان لاینی عثمانی وا بکریت کە ایران ایتر لیرە ناهومیدبن. | لە واقیعدا حاڵی سلێمانی ئەمڕۆ بە ڕەنگێکی عەجایبە من بەم ڕەنگەی دەبینم: ئەگەر عوسمانی نەختێک لەگەڵ کوردستان باشی ڕابواردایە و نەختێک دڵی شافعی ڕاگیر دەکرد، دەبوو کە کوردستان لایەنی عوسمانی وا بگرێت کە ئێران ئیتر لێرە ناهومێد بن. |
| ایستاایشیك لە ناودا هیە کە پیچراوەکۀ کران دەکرێتەوە بلام دیارەکەهر دو دولت خریکی فیل بازین. ام پاشای بغدادە دیویت. کە کالتە بە شازادۀ کرمنشاە و پاشای کردستان بکات. بلام شازادە کالتۀ بە پاشای بغداد و کردستان کردوە. همو امانە هاوبشن لمە کە کالتە بە باب عالی بکن. بابی عالیش لکل هیچ کامیان چاك رفتار ناکات. لکل همویان دوشمنایتی دەکات. | ئێستا ئیشێک لەناودا هەیە کە پێچراوەکەی گران دەکرێتەوە بەڵام دیارە کە هەر دوو دەوڵەت خەریکی فێڵبازین. ئەم پاشای بەغدادە دەیەوێت، کە گاڵتە بە شازادەی کرمنشاهـ و پاشای کوردستان بکات. بەڵام شازادە گاڵتەی بە پاشای بەغداد و کوردستان کردووە. هەموو ئەمانە هاوبەشن لەمە کە گاڵتە بە باب عالی بکەن. بابی عالیش لەگەڵ هیچ کامیان چاک ڕەفتار ناکات، لەگەڵ هەموویان دوشمنایەتی دەکات. |
| بە همو رنگ ام ایشانە دخلی بمنەوە نەبو. چونکە من لەلایینی دولت خوم رسمی قونسلوس بوم. دەبو لە پیشەوە رسمی لایینی بابی عالی بکرم. | بە هەموو ڕەنگ ئەم ئیشانە دەخلی بە منەوە نەبوو. چونکە من لە لایەنی دەوڵەتی خۆم ڕەسمی قونسولوس بووم، دەبوو لە پێشەوە ڕەسمی لایەنی بابی عالی بگرم. |
| پاشا بە منی وت اکر باوکم توی دەناسی توی زور خوش دەویست. خوزکە امرودەما و ام روژە خوشۀ دەدی کە خوت کیانوتە کردستان. خوزکایە دەبو کە أو میوانداری توی بکردایە لە جیاتی من. منیش جوابم دایەوە کە عبدالرحمن پاشا لە خوشەویستە تایبتیەکانی خوم بو و بخیر بیرم کردەوە. | پاشا بە منی وت ئەگەر باوکم تۆی دەناسی تۆی زۆر خۆش دەویست. خۆزگە ئەمڕۆ دەما و ئەم ڕۆژە خۆشەی دەدی کە خۆت گەیانۆتە کوردستان. خوزگایە دەبوو کە ئەو میوانداری تۆی بکردایە لەجیاتی من. منیش جەوابم دایەوە کە عەبدولڕەحمان پاشا لە خۆشەویستە تایبەتییەکانی خۆم بوو و بەخێر بیرم کردەوە. |

| ژماره ۲۱ | ژماره 21 |
|---|---|
| لپاش قلیان و شربت نوشین پاشا تشریفی برد. له پیش رویشتنا وتی اکر ده‌بی حز ده‌کم ایوه دوسبیی پیش نیوه‌ره رسما بچنه ناو سلیمانی.<br>لمه‌تی که‌یشتم که دوسبیٔ به روژیك باش ده‌زانی بحسابی استیره له پاش أوهٔ که پاشا رویشت. وتیان زوری نارد ازوقهٔ تریش کویا پاشا وتویتی هتا له سلیمانی بم ناهیلیت خوم هیچ بکرم. | له پاش قلیان و شەربەتنۆشین پاشا تەشریفی برد. له پێش ڕۆیشتنا وتی ئەگەر دەبێ حەز دەکەم ئێوە دووسبەی پێشنیوەڕۆ ڕەسمەن بچنە ناو سلێمانی.<br>لەمە تێگەیشتم کە دووسبەی بە ڕۆژێکی باش دەزانێ بە حیسابی ئەستێرە. لە پاش ئەوەی کە پاشا ڕۆیشت، وتیان زۆری نارد ئازووقەی تریش گۆیا پاشا وتویەتی هەتا لە سلێمانی بم ناهێڵێت خۆم هیچ بکڕم. |
| ۱۰ مایس<br>امرو چونکه پاشا مناسبی زانی بو بوچونه ناو شار به رسمی هلسام له سرچناره‌وه به قد نیو ساعت له پیش وخت عثمان بك برای محمود پاشا لکل همو آغاوات و عیان شار و کوملی پیادهٔ زور هاتنه پیرمانه‌وه عثمان بك سواری ماینیکی مشهور بو که له عرب عنیزه به سیانزه هزار غروشی کری بو.<br>عثمان بك (۳۲) ساله یه پاشا (۳۵) ساله‌یه دایکیان خوشکی خالد پاشایه لبر أوه له هر دولاوه له اصلدا ببه‌ن. عثمان بك زور له سیاسی أدوا. دیار بو که له دوستانی ترك نه‌بو. لپاش چنیك سوار بو ین رو به شار. | 10 مایس<br>ئەمڕۆ چونکە پاشا مناسبی زانی بوو بۆ چوونە ناو شار بە ڕەسمی هەڵسام لە سەرچنارەوە بە قەد نیو سەعات لە پێش وەخت عوسمان بەگ برای مەحموود پاشا لەگەڵ هەموو ئاغاوات و عەیانی شار و کۆمەڵێ پیادەی زۆر هاتنە پیرمانەوە. عوسمان بەگ سواری ماینێکی مەشهوور بوو کە لە عەرەبی عنیزەی بە سیانزە هەزار غروشی کڕی بوو.<br>عوسمان بەگ 32 ساڵەیە پاشا 35 ساڵەیە دایکیان خوشکی خالید پاشایە ئەوە لە هەر دوو لاوە لە ئەسڵدا بەبەن. عوسمان بەگ زۆر لە سیاسی ئەدوا. دیار بوو کە لە دۆستانی تورک نەبوو. لە پاش چەنێک سواربووین ڕوو بە شار. |
| بم رنکه:<br>هول پیاویکی شاره‌زا له‌دواوه زورنالیدر و بیاخدار. له دوای أوه‌وه ۳ اسپ یدك له دوای أوه‌وه میرآخور و چاوشه‌کان له دوای أوه‌وه چن نفر عسکر هندی لپاشا خوم و یاریه دره‌کان لکل عثمان بك و ۳۰۰ نفرپیاده لپاشا وزیره‌کانی پاشا لکل خزنه‌داری من و سواره‌کانی تر. | بەم ڕەنگە:<br>هەوەڵ پیاوێکی شارەزا، لە دواوە زوڕنالێدەر و بەیاخدار. لە دوای ئەوەوە 3 ئەسپ یەدەک، لە دوای ئەوەوە میرئاخوڕ و چاوشەکان، لە دوای ئەوەوە چەن نەفەر عەسکەر هندی، لە پاشا خۆم و یاریەدەرەکان لەگەڵ عوسمان بەگ و 300 نەفەر پیادە، لە پاشا وەزیرەکانی پاشا لەگەڵ خەزنەداری من و سوارەکانی تر. |
| کوملی که امرو کرد بو بوه‌وه له قراغ شار بی اندازه بو و پیاوه‌کانی (داراغا) به کوچانه‌وه پیش کوتن و له خلقیان ادا. من أم ایشه‌م نختیك لا خوش نبو. چونکه کس به هیچ رنکیك بی ادبی نه ده‌کرد و پیویست به لیدان نه‌بون. بلام دیاربو رسم بو و جکه له‌من کسیتریش أمهٔ نه‌دزانی.<br>بم رنکه که‌یشتینه سرای هول جار زور عجایب مام له درکای سرا که زور بچوك و نزم بو. لپاشا تی یان کیانم که له قستی کورهٔ ناکن لبر پاراستنی سرا له وختی شردا. دروازه له پیش سراوه نیه له لایکه‌وه واقع بوه. لبر أوه مجبور بوین دابزین. له پیژه‌یکی زور کوره‌وه سرکوتنه سروه بو ناو تلار لکل پاشا چاومان | کۆمەڵەی کە ئەمڕۆ گردبووبۆوە لە قەراغ شار بێئەندازە بوو، و پیاوەکانی دارئاغا بە گۆچانەوە پێشکەوتن و لە خەڵقیان ئەدا. من ئەم ئیشەم نەختێک لا خۆش نەبوو. چونکە کەس بە هیچ ڕەنگێک بێئەدەبی نەدەکرد و پێویست بە لێدان نەبوون. بەڵام دیار بوو ڕەسم بوو و جگە لە من کەسی تریش ئەمەی نەدەزانی.<br>بەم ڕەنگە گەیشتینە سەرای، هەوەڵ جار زۆر عەجایب مام لە دەرگای سەرا کە زۆر بچووک و نزم بوو. لە پاشا تێیان گەیانم کە لەقەستی گەورەی ناکەن لەبەر پاراستنی سەرا لە وەختی شەڕدا. دەروازە لە پێش سەراوە نییە لە لایەکەوە واقیع بووە. |

| | |
|---|---|
| بەیك كوت منی لسرامكملی دانا، عثمان بك لكل آغاوات و أوانی تر لسر قالی دانیشتن. تلارەكە پر بو لە خلق لە راوروەكان و حوشە دیسان خلق زور بو.<br><br>چونكە پاشا دی كەمن كردنی تلارەكم زۆر لا خوش یت وتی بلی أم تلارە باوكم كردی. بلام أم روژانە كی یت شتیك درست و چاك بكات كەسبینی كوتە دست ایرانی و عثمانی تیك ادریت و خراپ دەكریت. | لەبەر ئەوە مەجبوور بووین دابەزین. لە پەیژەیەکی زۆر کووڕەوە سەرکەوتینە سەرەوە بۆ ناو تەلار لەگەڵ پاشا چاومان بەیەک کەوت. منی لەسەر ئەسکەملی دانا، عوسمان بەگ لەگەڵ ئاغاوات و ئەوانی تر لەسەر قاڵی دانیشتن. تەلارەکە پڕ بوو لە خەلق لە ڕاڕەوەکان و حەوشە دیسان خەلق زۆر بوو. چونکە پاشا دی کە من کردنی تەلارەکەم زۆر لا خۆش یەت، وتی بەڵی ئەم تەلارە باوکم کردی. بەڵام ئەم ڕۆژانە کێ یەت شتێکی دروست و چاک بکات کە سبەینێ کەوتە دەست ئێرانی و عوسمانی تێک ئەدرێت و خراپ دەکرێت. |
| سرا: لە جیكایكی بلن بو. كەلوی وە تواو سلیمانی دیار بو. زور جیكایكی باسفایە. چونكە نەم ویست لە سیاسی بدویم وردبومەوە كەقسە لەویستنی وشتیكی تربی لە پریكدا بە پاشام وت بیستومە والی سنە لە نەتەوۀ كورانە كورانیش عشایریكی ماقول نین. ام قسەیەیان زور لاخوش بو. پاشا خریك بو تأریخ خاندانی خویان بو من باس بكات. وتی نەتەوۀ والی سنە هر چن كورانە بلام زور قدیم و كونە. | سەرا لە جێگایەکی بڵن بوو. کە لەوێوە تەواو سلێمانی دیار بوو. زۆر جێگایەکی باسەفایە. چونکە نەم ویست لە سیاسی بدوێم وردبوومەوە کە قسە لە ویستن و شتێکی تر بێ. لە پڕێکدا بە پاشام وت بیستومە والیی سنە لە نەتەوەی گۆرانە، گۆرانیش عەشایرێکی ماقووڵ نین.[371] ئەم قسەیەیان زۆر لا خۆش بوو. پاشا خەریک بوو تەئریخی خانەدانی خۆیان بۆ من باس بکات. وتی نەتەوەی والیی سنە هەر چەن گۆرانە بەڵام زۆر قەدیم و کۆنە. |
| طائفە ببان زور قدیمن دەیوت ایمە لە كرمانجین. اصلاً لە پژدەروە هاتینە ایرە وتی سركوتن و زیاد كردنی ایمە لە سلیمانی ببانەوەیە. كە لە سال ١٠٨٩ هجری دا زور خذمتی كردوە لە شرەكانی عثمانی و ایران. سلیمان لە پاش چونە استانبول بوبە خاون املاكیكی زور و بوبە حاكم چن زوی و شوینیك. | تائیفەی بابان زۆر قەدیمن، دەیوت ئێمە لە کرمانجین. ئەسڵەن لە پژدەروە هاتینە ئێرە. وتی سەرکەوتن و زیادکردنی ئێمە لە سلێمانی بابانەوەیە، کە لە ساڵی 1089 هجریدا زۆر خزمەتی کردووە لە شەڕەکانی عوسمانی و ئێران. سلێمان لە پاش چوونە ئیستانبول بوو بە خاوەن ئەملاکێکی زۆر و بوو بە حاکمی چەن زەوی و شوێنێک. |
| أم حكومەتە بە سنجاق ببان ناسرا و مشهور بو ژیر دستی پاشایتی شهر زور بو كەلو روژانەدا مركزی لە كركوك بو. محمود پاشا نیدەزانی كە لە كیوە هتا ایستا كورە و رؤسای ببان بون بە پاشا. بلام وتی صد سال لموپیش لقب پاشایتی درا بە أوان. لپاش صحبتی زور مرخص بوم. | ئەم حکومەتە بە سنجاق بابان ناسرا و مەشهوور بوو ژێر دەستی پاشایەتی شارەزوور بوو کە لەو ڕۆژانەدا مەرکەزی لە کەرکووک بوو. مەحموود پاشا نەیدەزانی کە لە کەیەوە هەتا ئێستا گەورە و ڕووئەسای بابان بوون بە پاشا. بەڵام وتی سەد ساڵ لەمەوپێش لەقەبی پاشایەتی درا بە ئەوان. لە پاش سوحبەتی زۆر مەرەخەس بووم. |

[371] ئەم دەربڕینەی «ماقول نین» / «ماقووڵ نین» گوتەی ڕیچ نییە، زادەی تەرجەمەکەیە. ڕیچ دەڵێت:

*I told him I had heard that the Vali of Sinna was of a Gooran family; and that the Gooran race were not so much esteemed as clansmen. A murmur of applause burst instantly from all the attendants and went round the room. My fortune was now made with the clannish Koords; and the pasha, with more than his usual vivacity, went at once into the history of liis family. He said, in the first place, that the Vali of Sinna's family was very ancient, but that the Goorans were not a trile: that he boasted himself of being both of an ancient family, and of an honourable clan. The name of his clan, he added, was Kermanj...* (Rich 1836: 80)

ژماره ۲۲

که چومه درەوە اسپیکی زۆر چاك بەزینیکی باشەوە آمادە کرابو لەلاینی پاشاوە سوار بوم و رویم چاوم بو خانوە بکویت کە بویان چول کردبوم نزیك بە سرا بو دیار بو کە مالی یکی لەوزیرەکانی خوی بو کە هر أو روژە بزور لو خانوە یان دەکردبو. هیچ لام خوش نەبو کە أم جورە کردەوانە بو من بکریت. کویا لەروم دردەکوت. چونکە پاشا خواهش لیکردم کە من خزنەداری خوم لگل یکی لە اعیان شار بنیرم هر خانوی کە خوم پسندی بکم. چولی بکن امەیش دیسان نەدەبو بمەویت. دوایی لە خانوەکۀ هوّل دانیشتم.

لم وختەدا سلیمانی پینج خان و دو مزکوت و حمامیکی چاکی هبو و دانیشتوی سلیمانی کویا دەهزارکسە .
چونکە تلاری خانوە کە هنی بچوك بو خیوتمان لە باغەکە هلدا و فرشمان کردبو دیواخانە.

مایس ۱:

امرو لە اغاوات و اعیان سلیمانی زور کس هاتن بو دیدەنی من و صحبتی زور کرا. یکی باسی دەکرد کە امان الله خان والی اردلان لە عبدالرحمن پاشای سلیمانی پرسی، کە بوچی نوکرو بخیو کرەکانی من هیچ وختیك بو شخص خوم نشانۀ نوکری و کمربستەیی نانوینن. وختی کەشار بدر و سور کون بم هیچیان لگل منا ناین نانی برسیتی بخون بە پیچوانۀ نوکرکان ببان کەوای تواو بە پاشاکان دەنوینن.

عبدالرحمن پاشا ورکرایەوە وتی کە ایوە خاون عشرت نین وامانە قوم و قیلە ایوە نین هرنوکرن. امەیە کەلە وختی بدبختیا لە ایوە رادەکن و بی وەفایی دەکن.

یکیکی تر دەیکیرایەوە کە وختی برای عبدالرحمن پاشا لە بغداد برحمت چویکی لە نوکرەکانی لە سربانی وەستا بو کە بەمردنی عبدالرحمن پاشای زانی و «آخ» کە بیك نما من بوچ بمینم - خوی لسر خانوەکە خستە خوارەوە ورد بو - کوردەکان زور أترسن لە مە کە سورکون بکرین بو بغداد لە برسیتی بی قسە و بی نالانن خویان رادە کرن و خویان دەلین دشتی وك أکرە عرب جهنمین.

چن لمو پیش کورد سلیمان پاشا لەدست عثمانی تفرەی خوارد وچو بو بغداد هر چن چن جاریك بی وفایی و دروکاری پاشای بغدادی دیبو. امجارە لە بکزادەکانی خوی هاتنە لای وتیان

ژمارە 22

کە چوومە دەرەوە ئەسپێکی زۆر چاک بە زینێکی باشەوە ئامادە کرابوو لە لایەنی پاشاوە. سوار بووم و ڕۆییم چاوم بەو خانووە بکەوێت کە بۆیان چۆڵ کردبووم، نزیک بە سەرا بوو، دیار بوو کە ماڵی یەکێ لە وەزیرەکانی خۆی بوو کە هەر ئەو ڕۆژە بەزۆر لەو خانووەیان دەر کردبوو. هیچ لام خۆش نەبوو کە ئەم جۆرە کردەوانە بۆ من بکرێت. گۆیا لە ڕووم دەر دەکەوت. چونکە پاشا خواهشی لێکردم کە من خەزنەداری خۆم لەگەڵ یەکێ لە ئەعیانی شار بنێرم هەر خانووێ کە خۆم پەسەندی بکەم، چۆڵی بکەن، ئەمەیش دیسان نەدەبوو بمەوێت. دوایی لە خانووەکەی هەوەڵ دانیشتم.

لەم وەختەدا سلێمانی پێنج خان و دوو مزگەوت و حەمامێکی چاکی هەبوو و دانیشتوی سلێمانی گۆیا دە هەزار کەسە.

چونکە تەلاری خانووەکە هەنێ بچووک بوو خێوەتمان لە باغەکە هەڵدا و فەرشمان کرد بۆ دیوەخانە.

مایس 1:

ئەمڕۆ لە ئاغاوات و ئەعیان سلێمانی زۆر کەس هاتن بۆ دیدەنی من و سوحبەتی زۆر کرا. یەکێ باسی دەکرد کە ئەمانەڵا خان والیی ئەردەڵان لە عەبدولڕەحمان پاشای سلێمانی پرسی، کە بۆچی نۆکەر و بەخێوکەرەکانی من هیچ وەختێک بۆ شەخسی خۆم نیشانەی نۆکەری و کەمەربەستەیی نانوێنن. وەختێ کە شاربەدەر و سورکون بم هیچیان لەگەڵ منا نایەن نانی برسێتی بخۆن بە پێچەوانەی نۆکەرەکانی بابان کەوای تەواو بە پاشاکان دەنوێنن.

عەبدولڕەحمان پاشا وەرگەڕایەوە وتی کە ئێوە خاوەن عەشرەت نین و ئەمانە قەوموقیلەی ئێوە نین، هەر نۆکەرن. ئەمەیە کە لە وەختی بەدبەختیا لە ئێوە ڕادەکەن و بێوەفایی دەکەن.
یەکێکی تر دەیگێڕایەوە کە وەختێ برای عەبدولڕەحمان پاشا لە بەغداد بەرەحمەت چوو یەکێ لە نۆکەرەکانی لە سەربانێ وەستا بوو، کە بە مردنی عەبدولڕەحمان پاشای زانی - و «ئاخ» کە بێگ نەما من بۆچ بمێنم - خۆی لەسەر خانووەکە خستە خوارەوە ورد بوو - کوردەکان زۆر ئەترسن لەمە کە سورکون بکرێن بۆ بەغداد، لە برسێتی بێ قسە و بێ ناڵانن خۆیان ڕادەگرن و خۆیان دەڵێن دەشتی وەک ئاگرە، عەرەب جەهەنەمین.

چەن لەمەوپێش کوردی سلێمان پاشا لەدەست عوسمانی تەفرەی خوارد و چوو بۆ بەغداد هەرچەن چەن جارێک بێوفایی و درۆکاریی پاشای بەغدادی دیبوو، ئەمجارە لە

| | |
|---|---|
| ایمه همو کرانیك قبول دەکین بلام ناتوانین له بغداد خوراکیرکین. | بەگزادەکانی خۆی هاتنە لای وتیان ئێمە هەموو گرانییەک قبووڵ دەکەین بەڵام ناتوانین لە بەغداد خۆڕاگیر کەین. |

| | |
|---|---|
| ژمارە ۲۳<br><br>۱۳ مایس<br><br>امرو لکل پاشا دانیشتبوین قسەمان دەکرد تاجریکی بغدادی هات شکاتی کرد، کە لە کوێستان داری کڕیوە و کوردەکان لییان دزیوە. پاشا فرموی بیدەنەوە اکر نشمایی، هر أو کوردانە دیسان درختی تر ببرن و پاکی کن و بیدەن به تاجیرکه. لبر أمه قسه کرایه سر درخت و دارستان. پاشا وتی چنار زیاتر لەبینی کویستانی سنه و شارەزور پیدا أەبی. و لە جوان رو و هورامان نزیك البجه درخت دەخن و پاکی أەکن سالیکی تر کە آو زیاد دەبی دارەکان أخنە ناو آوی سیروان و چن نفر لکل دارەکان دەرون تا دەکنە دەم دیالە نزیك بغداد.<br><br>دار تو و کویزیش دەبرن لە باغەکان ودەینیرن زور قیمت دەکات. سپیدار لە جزیرە و عمادیەوە دەچیت. ایستا روژ بە روژ لە دوری سنه دارکم بوتەوە. لبر بریني بي تي فکرین. پاشا أیوت کە زور جیکا هیە کە چن سال لمو بر جنکل بو. امرو هیچ شوینی درختی نماوە.<br><br>لم روژانەدا کر پیاویك لە کرمنشاە کە (سکەلیدەرە) بیری بی خود وا هلیکرتوە کە هر خلوزی چنارە چاکە. ولم لایەیش زور چناری چاك تلف بوە.<br><br>تجار کە دیندار بکرن هیچ وختیك زراو ناکن کە پارە لکل خویان ببن بو کویستان. کریکار و اوانە لە البجە کری وردەکرن. پاشا فرموی اهالی أم کویستانە بەتایبەتی جوانرو بی تقریب وحشی و حیوانن. رسمآ سر بە والی سنەن لواقعدا سر بستن هیچ زرعات ناکن و هیچ صنعاتیان نیە. هر نانی برووکیای کیوی دەخون. | ژمارە 23<br><br>13 مایس<br><br>ئەمڕۆ لەگەڵ پاشا دانیشتبووین قسەمان دەکرد تاجیرێکی بەغدادی هات شکاتی کرد کە لە کوێستان داری کڕیوە و کوردەکان لێیان دزیوە. پاشا فەرمووی بیدەنەوە، ئەگەر نەشمابێ، هەر ئەو کوردانە دیسان درەختی تر ببڕن و پاکی کەن و بیدەن بە تاجیرەکە. لەبەر ئەمە قسە کرایە سەر درەخت و دارستان. پاشا وتی چنار زیاتر لە بەینی کوێستانی سنە و شارەزوور پەیدا ئەبێ و لە جوانڕۆ و هەورامان نزیک هەڵەبجە درەخت دەخەن و پاکی ئەکەن ساڵێکی تر کە ئاو زیاد دەبێ دارەکان ئەخەنە ناو ئاوی سیروان و چەن نەفەر لەگەڵ دارەکان دەڕۆن تا دەگەنە دەم دیالە نزیک بەغداد. دار توو و گوێزیش دەبڕن لە باغەکان ودەینێرن زۆر قیمە-ت دەکات. سپیدار لە جزیرە و عەمادیەوە دەچێت. ئێستا ڕۆژبەڕۆژ لە دەوری سنە دار کەم بۆتەوە. لەبەر بڕینی بێ تێفکرین. پاشا ئەیوت کە زۆر جێگا هەیە کە چەن ساڵ لەمەوبەر جەنگەڵ بوو، ئەمرۆ هیچ شوێنی درەختی نەماوە.<br><br>لەم ڕۆژانەدا کەرپیاوێک[372] لە کرمانشاهـ کە (سکەلێدەرە) بیری بێخود وا هەڵیگرتووە کە هەر خەڵووزی چنارە چاکە و لەم لایەیش زۆر چناری چاک تەلەف بووە.<br><br>توجار کە دێن دار بکڕن هیچ وەختێک زراو ناکەن کە پارە لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ کوێستان. کرێکار و ئەوانە لە هەڵەبجە کرێ وەردەگرن.<br>پاشا فەرمووی ئەهالی ئەم کوێستانە، بەتایبەتی جوانڕۆ بێ تقریب وەحشی و حەیوانن.[373] ڕەسمەن سەربە والیی سنەن، لە واقیعدا سەربەستن، هیچ زەرعات ناکەن و هیچ سەنعەتیان نییە. هەر نانی بەڕوو و گیای کێوی دەخۆن. |

[372] ئەم «کر پیاویك / کەرپیاوێک»ـە لە نووسینەکەی ڕیچدا نییە، دەستودیاریی بابای تەرجومانە، ڕیچ دەڵێت:

*Lately a man in Kermanshah, who practises founding, casting and coining, has greatly contributed to the destruction of the plane forests, fancying that nothing but charcoal made of tchinar would answer his purpose. This has been much worse for the woods than even the timber-cutting.* (Rich 1836: 106)

[373] ئەم دەربڕینەی «وحشی و حیوانن / وەحشەی و حەیوانن»ـە لە نووسینەکەی ڕیچدا جۆرێکی دیکەیە:

*The people of these mountains, especially at Juanroo, are described to be in the last state of barbarism.* (Rich 1836: 106)

| | |
|---|---|
| لپاشا پاشا فرموی که لەشارەزور هنی دیهات هیه همو افغانین وا دیاره لپاش کشتنی ازاد خان هاتونه ایره هیشتا به زمانی خویان قسەدەکن زور ندارا و بی شتن هنی افشاریش لم دوره پیدا دەبی. | له پاشا پاشا فەرمووی کە لە شارەزوور هەنێ دێهات هەیە هەموو ئەفغانین، وا دیارە لە پاش کوشتنی ئازادخان هاتوونە ئێرە. هێشتا بە زمانی خۆیان قسە دەکەن زۆر نەدارا و بێ شتن، هەنێ ئەفشاریش لەم دەورە پەیدا دەبێ. |
| خو من توشی یکیك بوم عیسی آغا ناو افشار بوهر چنّ له کردستان کوره بوه دیسان له زمانی وا درکوتەوە که کورد نەبو. واقعا کردی لمه دا حالی انکلیسی هیه. هموکس دەزانی کەیکی خوی انکلیس نبی ناتوانی چاك قسه بکات کوردیش دیسان أم حالهٔ هیه. | خۆ من تووشی یەکێک بووم عیسا ئاغا ناو ئەفشار بوو هەر چەن لە کوردستان گەورە بووە دیسان لە زمانی وا دەرکەوتەوە کە کورد نەبوو. واقیعەن کوردی لەمەدا حاڵی ئینگلیسی هەیە. هەموو کەس دەزانێ کە یەکێ خۆی ئینگلیس نەبێ ناتوانێ چاک قسە بکات، کوردیش دیسان ئەم حاڵەی هەیە. |
| ١٥ مایس | 15 مایس |
| امشو قاصد له بغداده وه کەیشت به ٣ روژ هاتبو هوالی هینا که دایکی پاشا کەیشتوته بغداد و دیدەنی والیشی کردوه. والی بغدادیش قرەحسنی داوه به پاشا و حسن بیك برای پاشا که سالی رابوردو رایکردبو تسلیمی کردوه حکومتی آلتون کوپری و هولیری داوه به پاشا لبرامه باقرخان ناوی که چن وختیکه لیرەیه لەلاینی شازادهٔ کرمنشاهەوە داوای (٣٠) هزار تومان دەکات. جوابیان داوه. لپاشا باقر خان خوی هاته لای من. پیاویکی لوری یه زور بی تام و کا پیاو. | ئەمشەو قاسد لە بەغدادەوە گەیشت بە سێ ڕۆژ هاتبوو هەواڵی هێنا کە دایکی پاشا گەیشتوتە بغداد و دیدەنی والیشی کردووە. والیی بەغدادیش قەرەحەسەنی داوە بە پاشا و حەسەن بێگ برای پاشا کە ساڵی ڕابوردوو ڕایکردبوو تەسلیمی کردووە حکومەتی ئاڵتوون کۆپری و هەولێری داوە بە پاشا، لەبەر ئەمە باقرخان ناوێ کە چەن وەختێکە لێرەیە لە لایەنی شازادەی کرمنشاهەوە داوای 30 هەزار تومان دەکات. جوابیان داوە. لە پاشا، باقر خان خۆی هاتە لای من. پیاوێکی لوڕی-یە زۆر بێ تام و کا پیاو.[374] |
| لپاش باقر خان کیخسروبیك کورهٔ جافم دیدەنی کرد. اویش هال و هوالی طائفەی خوی بو وتم. خو کیخسروبیك اقراری دەکرد، که جاف زور وحشین زمانیان لکل زمانی سلیمانی جیاوازه سروسکوتیان امنده غریبه که لەهر شوینیك ببن دیاره که جافن نزیك دوهزار سواریان هیه بقد چوار هزار تفنکچیشیان هیه له ناویاندا دیسان هنی له طائفهٔ لورستان وك فیلی و کلهور أدوزریتەوە امانه چونکه لوڕن جاف زور بد ناو دەکن چونکه لورەکان همو دز حرامزادەن. | لە پاش باقر خان کەیخەسرەو بەگ گەورەی جافم دیدەنی کرد. ئەویش هاڵ و هەواڵی تائیفەی خۆی بۆ وتم. خۆ کەیخەسرەو بەگ ئیقراری دەکرد کە جاف زۆر وەحشین، زمانیان لەگەڵ زمانی سلێمانی جیاوازە، سەروسوکتیان ئەمەندە غەریبە کە لە هەر شوێنێک بن دیارە کە جافن، نزیک دوو هەزار سواریان هەیە، بەقەد چوار هەزار تفەنکچیشیان هەیە. لە ناویاندا دیسان هەنێ لە تائیفەی لوڕستان وەک فەیلی و کەلهور ئەدۆزرێتەوە ئەمانە چونکە لوڕن، جاف زۆر بەدناو دەکەن چونکە لوڕەکان هەموو دزی حەرامزادەن.[375] |

[374] لێرەشدا تەرجەمەکە نادروستە، ڕیچ دەڵێت:

*In the afternoon I had a visit from Bauker Khan. He is a plain, stupid man, with a most preposterous beard. He is of the Koordish race, of the tribe of Mafi, and speaks Koordish better than any other language. I asked him about the ruins of Hersin.* (Rich 1836: 108)

[375] کاتێک دەسەڵاتخوازیی بەدنیاز بڕیاردەر بێت، تەرجەمە دەستەواژەی ساختەی وەک «*لوڕەکان هەموو دزی حەرامزادەن*» دەکات بە گەرووی جڤاکناسیی کوردستاندا، ئەوەی ڕیچ-ی زانا نووسیویەتی جۆرێکی دیکەیە:

*The Jaf tribe, whose chief he is, inhabit the highest mountains on the frontier of the territory of the Vali of Sinna. They are a fine-looking, brave people, but esteemed exceedingly uncivilized and barbarous, even by the Koords. Their dialect of Koordish differs considerably from that of the Bebbeh*

| ژمارە ٢٤ | ژمارە 24 |
| --- | --- |
| ١٩ مايس<br>امر و لكل پاشا باسی آو و بای سليمانی كرا. دەيوت لە زستاندا هنی سال زور سارد دەبی. بتايبتی لە وختی رشبادا.<br>بينراوە كە زوی دو مانك لە ژيربفردابی. پار بيست و سە جار بفر باری و ختی هاوين خوشە اكر رشە با نەبی. ام رشەبايە چن لە زستاندا ساردە لە هاويندا كرم دەبی. زور بو حالی خلق خراپە امە زور غريبە كە دوسە ساعت لە سليمانی دور ام بايە نييە.<br>كويا شارەزور كەلەوی بزنجی زور دا أچينن زرر دەبينی لە كرما و ميشولەء زياد. ماريش ديسان اوندە زورە كە بە ڕوژيش لسر ريكا دەبينرين. | 19 مايس<br>ئەمڕۆ لەگەڵ پاشا باسی ئاو و بای سلێمانی کرا. دەیوت لە زستاندا هەنێ ساڵ زۆر سارد دەبێ. بەتایبەتی لە وەختی ڕەشەبادا.<br>بینراوە کە زەوی دوو مانگ لەژێر بەفردا بێ. پار بیستوسێ جار بەفر باری. وەختی هاوین خۆشە ئەگەر ڕەشەبا نەبێ. ئەم ڕەشەبایە چەن لە زستاندا ساردە، لە هاویندا گەرم دەبێ. زۆر بۆ حاڵی خەڵق خراپە، ئەمە زۆر غەریبە کە دوو سێ سەعات لە سلێمانی دوور ئەم بایە نییە.<br>گۆیا شارەزوور کە لەوێ برنجی زۆر دائەچێنن زەرەر دەبینێ لە گەرما و مێشولەی زیاد. ماریش دیسان ئەوەندە زۆرە کە بە ڕۆژیش لەسەر ڕێگا دەبینرێن. |
| ٢٠ مايس<br>امرو پياويك هاتە لای من ناوی تميرآغا بو اكر چی يكی لە بندەكانی احمد كهيا لپاش مردنی علی پاشا لە بغداد ڕايكرد و هاتە سليمانی. ايستا وك آغای كرد حساب دەكريت خاوندی چن زوی و زار و ملكە.<br>يكيكی ريش سپيش كە تازە لە مكە كرابوەوە أويش هات.<br>رسمە كوردەكان كە چونە حج سری سپی دەبستن. لم ٣ سالەدا دەلين كە ٣ هزار كس لە سنجاق سليمانی چونە مكە. | 20 مایس<br>ئەمڕۆ پیاوێک هاتە لای من ناوی تەمیرئاغا بوو ئەگەر چی یەکێ لە بەندەکانی ئەحمەد کهیا لە پاش مردنی عەلی پاشا لە بەغداد ڕایکرد و هاتە سلێمانی، ئێستا وەک ئاغای کورد حیساب دەکرێت، خاوەندی چەن زەویوزار و موڵکە.<br>یەکێکی ڕیشسپیش کە تازە لە مەککە گەڕابۆوە و ئەویش هات.<br>ڕەسمە کوردەکان کە چوونە حەج سەری سپی دەبەستن. لەم 3 ساڵەدا دەڵێن کە 3 هەزار کەس لە سنجاق سلێمانی چوونە مەککە. |
| ٢٢ ی مايس<br>امرو محمود مصرف باسی دەكرد لە بنا د نانی سليمانی كە نزيك ٣٢ سال لمو پيش بوە حاكم كردستان أو وختە أبراهيم پاشا بو باوكی سليمان پاشای كورد و خزمی حاكم ايستا. أو بو | 22 ی مایس<br>ئەمڕۆ مەحموود مەسرەف باسی دەکرد لە بنیادنانی سلێمانی کە نزیک 32 ساڵ لەمەوپێش بووە، حاکمی کوردستان ئەو وەختە ئیبراهیم پاشا بوو باوکی سلێمان پاشای کورد و خزمی حاکمی ئێستا. ئەو بوو کە جێگای بابانی لە قەڵاچواڵان گۆستەوە. |

*Koords; and their appearance is so singular that they are easily recognized. They form a body of yeomanry cavalry, in number about 2000, which follows the Bey when he is summoned to attend his feudal lord, the Pasha of Sulimania, in the field.*
*They can also turn out 4000 musketeers with ease; and they are reckoned the best soldiers in the Koordish army. As they are a strong and powerful tribe, they liave a number of refugees from various tribes, with remnants of broken tribes, under their protection; such as the Feileys and Kelliores, who often do injury to the Jaf name. When the chief dies, if his son is young, he does not succeed, as the clan could never be governed by a stripling. In that case the vacant chieftainship is filled by the brother or uncle of the deceased Bey.* (Rich 1836: 112)

که جیکای بابانی له قلاچوالان کوستەوه.

خوی دیوت لبر امه بو که ناویك بو خوی درکات. لبر راویش که قلاچوالان بو راو زور خراپ بو. ناوی سلیمانی به ناوی پاشای بغداد سلیمان پاشاوه دانراوه. لیره کردیك هبو ام لاو اولای أو کرده آوایی یکی بچوك بو ناوی ملکندی بو که ببه دەلیت کورت کراوهٔ ملك هندیه وختی که هاتنه أوی بناغەیان دایەوه شتی کون «آثار قدیمه» زور درکوت.

له هوالی که دەستم کوتبو سلیمانی امرو ۲۰۰۰ مال اسلام ۱۳۰ جولکه ۹ کاور و پینج مال أرمنی هیه.

امشو هنی له کوردەکان کورانیان أوت. دوکسیان بلویریان هبو. یکیکیان کورانی أوت هی وا که امرو سلیمانی زۆر نایابه (لیلی جان) (ازدنالم) (منی کوژانیار) (ملکی جان) (عزیزی بو لپاش خوێندن یکی هات شمشالی لی دەدا. زور دنکی خوشه. کویا شوانەکان له کیو زوری لی دەدەن وا بلاوه که مرەکان بم شمشاله بانك دەکن. لپاشدا یکیکی سنەیش خویندی بلام أم نختیك دنکی ناخوش بو نمان هیشت.

۲٤ مایس

امرو لکل شیخ خالد یکتریمان دی ام شیخه اونده مقدسه که کوردەکان تنها به أو حضرمولانادەلین. وتنی أو به حدیث دەزانن. کویا له جافه و درسی لای صوفی سلطان عبدالله دهلی هندستانی خوێندوه، و لای أو بوه به نقشبندی. دەلین ۱۲۰۰۰ مریدی هیه عثمان بك دەیوت که شیخ خالد له شیخ عبدالقادر کیلانی کمتر نیه.

لپاشا باسی طائفەی سوران کرا که لوەپیش له کردستان دستیکی زوری هبو. طائفه سوران زور لوەپیش بوه له «حریر» نزیك رواندز داانیشت که امرو زور له نشانهٔ بناکان سوران هیه. لپاش نمانی سوران طائفەکانی ترکه نجیب بون سرکوت یکی لمانه ببەکان بو ویکی طائفه کویسنجاق. بلام کویسنجاق نماوه. ببەکان اوانیان خلع کرد. ببەکان اوسا خوانین «پژدر» بون له دارشمانه دا أنیشتن هر چن ببەکان ایستایش زور به دستن لوه پیش زیاتربون. بەتایبتی له پیش سلیمان پاشا والی بغداد لو وختەدا (زنکاباد. مندلی. وبدره و جسان. ألتون کوپری. اربیل) لسر حکومت ببه بو.

امشو خوا حافظیم له پاشا کرد چونکه له کرما زور أترسم دەمەویت بچمه کویستان. بیرم وایه. ایستا بچمه لای قزلجەوه.

خۆی دەیوت لەبەر ئەمە بوو کە ناوێک بۆ خۆی دەرکات. لەبەر ڕاویش کە قەڵاچوالان بۆ ڕاو زۆر خراپ بوو. ناوی سلێمانی بە ناوی پاشای بەغداد سلێمان پاشاوە دانراوە. لێرە گردێک هەبوو ئەملا و ئەولای ئەو گردە ئاواییەکی بچووک بوو ناوی مەڵکەندی بوو کە بەبە دەڵێت کورتکراوەی ملک هندیە، وەختێ کە هاتنە ئەوێ بناغەیان دایەوە. شتی کۆن «آثار قدیمة» زۆر دەرکەوت.

لە هەواڵی کە دەستم کەوتبوو، سلێمانی ئەمڕۆ 2000 ماڵ ئیسلام، 130 جوولەکە، 9 گاور و پێنج ماڵی ئەرمەنیی هەیە.

ئەمشەو هەنێ لە کوردەکان گۆرانییان ئەوت. دوو کەسیان بلوێریان هەبوو. یەکێکیان گۆرانیی ئەوت، هی وا کە ئەمڕۆ سلێمانی زۆر نایابە «لیلی جان» «ئەز دنالم» «منی کوژانیار» «مەلەکێ جان» «عەزیزی بۆ». لە پاش خوێندن یەکێ هات شمشاڵی لێ دەدا. زۆر دەنگی خۆشە. گۆیا شوانەکان لە کێو زۆری لێ دەدەن، وا بڵاوە کە مەڕەکان بەم شمشاڵە بانگ دەکەن. لە پاشدا یەکێکی سنەییش خوێندی بەڵام ئەم نەختێک دەنگی ناخۆش بوو، نەمان هێشت.

24 مایس

ئەمڕۆ لەگەڵ شێخ خالید یەکتریمان دی ئەم شێخە ئەوەندە موقەددەسە کە کوردەکان تەنها بە ئەو حەزرەتی مەولانا دەڵێن. وتنی ئەو بە حەدیس دەزانن. گۆیا لە جافە و دەرسی لای سۆفی سوڵتان عەبدوڵا دەهلی-ی هیندستانی خوێندووە و لای ئەو بووە بە نەقشبەندی. دەڵێن 12000 موریدی هەیە. عوسمان بەگ دەیوت کە شێخ خالید لە شێخ عەبدولقادر گەیلانی کەمتر نییە.

لە پاشا باسی تائیفەی سۆران کرا کە لەوەوپێش لە کوردستان دەستێکی زۆری هەبوو. تائیفەی سۆران زۆر لەوەپێش بووە، لە «حەریر» نزیک ڕواندز دائەنیشت کە ئەمڕۆ زۆر لە نیشانەی بیناکانی سۆران هەیە. لە پاش نەمانی سۆران تائیفەکانی تر کە نەجیب بوون سەرکەوت، یەکێ لەمانە بەبەکان بوو و یەکێ تائیفەی کۆیسنجاق. بەڵام کۆیسنجاق نەماوە. بەبەکان ئەوانیان خەلع کرد. بەبەکان ئەوسا خوانێن «پژدەر» بوون لە دارشمانە دائەنیشتن. هەر چەن بەبەکان ئێستایش زۆر بەدەستن، لەوەوپێش زیاتربوون. بەتایبەتی لە پێش سلێمان پاشا والیی بەغداد. لەو وەختەدا زنگاباد، مەندەلی، و بەدرە و جەسسان، ئاڵتوون کۆپری، ئەربیل لەسەر حکوومتی بەبە بوو.

ئەمشەو خواحافیزیم لە پاشا کرد چونکە لە گەرما زۆر ئەترسم دەمەوێت بچمە کوێستان. بیرم وایە. ئێستا بچمە لای قزلجەوە.

| ژماره ۲٥ | ژماره 25 |
| --- | --- |
| ۱۷ جولای | 17 جولای |
| امرو وختی بانك بیانی بزوتین له ریکای کویژەوە. ام شاخی پشت سلیمانی یه زور توش و سخته. جکه له کویژه ریکایکی تری نیه که نختیك خوش بی «ازمر» نەبی کەریکای قلاچوالان لەویەوە دروات. بلام لای ژورو ریکایکی ترهیه «کاویان» ی پی دەلین. | ئەمرۆ وەختی بانگی بەیانی بزووتین لە ڕێگای گۆیژەوە. ئەم شاخی پشت سلێمانییە زۆر تووش و سەختە. جگە لە گۆیژە ڕێگایەکی تری نییە کە نەختێک خۆش بێ، «ئەزمەڕ» نەبێ کە ڕێگای قەڵاچوالان لەوێوە دەڕوات. بەڵام لای ژووروو ڕێگایەکی تر هەیە «کاویان» ی پێ دەڵێن. |
| که کەیشتینه سر کویژه چشم انازیکی زور خوش و ماقول درکوت همو سروچك و شارباژیر دیار بو. دارستانی کیوی له همو لایکەوە هیه. ریکا سر بروخوار نختیك سخته سعاتیك و ده دقیقه دریژەی بو. | کە گەیشتینە سەر گۆیژە چەشمەندازێکی زۆر خۆش و ماقووڵ دەرکەوت، هەموو سرۆچک و شارباژێڕ دیار بوو، دارستانی کێوی لە هەموو لایەکەوە هەیە. ڕێگا سەربەرەوخوار نەختێک سەختە سەعاتێک و دە دەقیقە درێژەی بوو. |
| کەیشتینه درەیکی زور باریك له آوای یکی بچوك ترازاین و کەیشتینه بناویله که لوی سرچاوەیکی زور باشی پر له ماسی لەژیر دارچناریکی کورەدا هیه ام آوای یه لسر سروچکه لپاش چا خواردنەوه بزوتین هاتینه «کرەدی» ام دی یه له درەیکی باریکدا یه دار کویز و بی و سپداری زوره سرچاوەیشی زوره «کرەدی» لسر شارباژیره جیکایکی زور باصفایه. | گەیشتینە دەرەیەکی زۆر باریک لە ئاواییەکی بچووک ترازاین و گەیشتینە بناویلە کە لەوێ سەرچاوەیەکی زۆر باشی پڕ لە ماسی لەژێر دارچنارێکی گەورەدا هەیە. ئەم ئاواییە لەسەر سرۆچکە. لە پاش چاخواردنەوە بزووتین هاتینە «گەرەدێ» ئەم دێیە لە دەرەیەکی باریکدایە، دارگوێز و بی و سپیداری زۆرە، سەرچاوەیشی زۆرە. «گەرەدێ» لەسەر شارباژێڕە، جێگایەکی زۆر باسەفایە. |
| وختی له سلیمانی بزوتین بیانی زور کرم بو. که کەیشتینه کویژه وەك دنیایکی تر بو. فینك و خوش أم لاشی دیسان وا خوشه لیره توتونیکی زورم دی. کویا همو میوەی سلیمانی لیرەوه دیت. | وەختێ لە سلێمانی بزووتین بەیانی زۆر گەرم بوو. کە گەیشتینە گۆیژە وەک دنیایەکی تر بوو. فێنک و خۆش .ئەملاشی دیسان وا خۆشە. لێرە تووتنێکی زۆرم دی. گۆیا هەموو میوەی سلێمانی لێرەوە دێت. |
| میواندار له لاینی پاشاوه عمر آغایه أویشم امرو دی یکی له پیاوەکانی خوی به ناوی « پرویز» بانك دەکات. چونکه ناویکی قدیمه لیم پرسی که له کوردستان ام ناوه کونانه دەنریت یانا. وتی بوچ وك خسرو، بهرام، پرویز، قباد، پریزاد زور دەبینریت. | میواندار لە لایەنی پاشاوە، عومەر ئاغایە ئەویشم ئەمرۆ دی، یەکێ لە پیاوەکانی خۆی بە ناوی «پەروێز» بانگ دەکات. چونکە ناوێکی قەدیمە لێم پرسی کە لە کوردستان ئەم ناوە کۆنانە دەنرێت یا نا. وتی بۆچ وەک خەسرەو، بەهرام، پەروێز، قوباد، پەریزاد زۆر دەبینرێت. |
| پاش نیوەرو نختیك چوم بو کران زور جیکایکی خوشه سپیدار، توترك، کویز، بی. باغی تربی، هلوژه قوخ، تو، هنجیری زور بو. له همو لاوه داریکی زیتون یشم دی. | پاش نیوەڕۆ نەختێک چووم بۆ گەڕان. زۆر جێگایەکی خۆشە، سپیدار، تووترک، گوێز، بی، باغی ترێ، هەڵووژە، قۆخ، توو، هەنجیری زۆر بوو. لە هەموو لاوە دارێکی زەیتون-یشم دی. |
| ۱۸ جولای | 18 جولای |
| امشو زور فینك بو من ویستم چاك بنوم بلام فایەءچی نیوه شو نبو دست کرا به هرا هرا لەلایکەوه دنکی پیاو و زرەءکر لەلایکەوه شرّ کردن و قسه و کفتکو به دنکیکی وا که پیاو | ئەمشەو زۆر فێنک بوو من ویستم چاک بنوم بەڵام فاییچی، نیوەشەو نەبوو دەست کرا بە هەراهەرا لە لایەکەوە دەنگی پیاو |

| | |
|---|---|
| دەترسا. هلسام دیم كاروانكەی خومان دەیانەویت بكونە ری. لم ولاته وام دی كه هیچ ایشیك ناكرنه دەست بی هلا هلا و قلەبالغ كردنی زور كه أویش هیچ دایك نادا به ایشەكه. وا دەزانن كه ولاغەكانیان بمانه كیف دەكن له قستی وا دەكن كه خاونەكانیان جنیویان پی دەدەن أوانیش دەزیرین، دەپرمین، دەلورین و دەپرنه سر یكتری تا به هزار رنج وازیت ایشی باركردن تواو دەبی و ری دەكون. | و زەڕەی کەر، لە لایەکەوە شەڕکردن و قسە و گفتوگۆ بە دەنگێکی وا کە پیاو دەترسا. هەڵسام دیم کاروانەکەی خۆمان دەیانەوێت بکەونە ڕێ. لەم وڵاتە وام دی کە هیچ ئیشێک ناگرنە دەست بێ هەڵاهەڵا و قەلەباڵغکردنی زۆر ،کە ئەویش هیچ دادێک نادا بە ئیشەکە. وا دەزانن کە وڵاغەکانیان بەمانە کەیف دەکەن، لەقەستی وا دەکەن کە خاوەنەکانیان جنێویان پێ دەدەن ئەوانیش دەزیڕێن، دەپرمێن، دەلوورێن و دەپەڕنە سەر یەکتری تا بە هەزار ڕەنج و ئەزێت ئیشی بارکردن تەواو دەبێ و ڕێ دەکەون. |
| امرو له وختی بزوتندا كیوی سرسیریان نشاندا كه عبدالرحمن پاشا بیری وابو له جیاتی سلیمانی أوی بكات به شار. چونكه هر ریكایكی هیه و لەدشمن زور باش دەپاریزریت. چونكه آوی نبو نكرا.<br>امرو سفر زور خوش بو له همو لایكەوە آوای و دارستان و باغ بلام زور سرەو ژورە و سرەو خوارەیه شو كەیشتینه «دولەدریژ» دیم كه هیشتا «ترێ» پی نكەیوە ولەهنی جیكایشی درەوی كنم هیشتا نكراوە. | ئەمڕۆ لە وەختی بزووتندا کێوی سەرسیریان نیشاندا کە عەبدولڕەحمان پاشا بیری وابوو لە جیاتی سلێمانی ئەوێ بکات بە شار، چونکە هەر ڕێگایەکی هەیە و لە دوژمن زۆر باش دەپارێزرێت. چونکە ئاوی نەبوو نەکرا.<br>ئەمڕۆ سەفەر زۆر خۆش بوو، لە هەموو لایەکەوە ئاوایی و دارستان و باغ بەڵام زۆر سەرەوژووره و سەرەوخوارەیە. شەو گەیشتینە «دۆڵەدرێژ» دیم کە هێشتا «ترێ» پێ نەگەییوە و لە هەنێ جێگایشی درەوی گەنم هێشتا نەکراوە. |

ژمارە 26

بازنەی ئەم زنجیرەیەی تێدا بڵاو نەبۆتەوە

| | |
|---|---|
| ژماره ٢٧ | ژماره 27 |
| ١٩ جولای | 19 جولای |
| له دولەدرێژ بزوتین ریکا به ناو جنکلیکی زور خوشا دەروات. تا ئیستا هیچ ولاتی واخوشم نەدیوه. هندیك رویشتیبوین توشی (فتح الله اغای ایشك اغاسی محمود پاشا) بوین. له سنەوه دەهاتەوه لپاش او پیاویك له لای خالد بك که کورۀ ام ناوه بو. هات به بەپیرمانەوه لکل چن تفنکچییك ام پیاوه هیچ تورکی نەدەزانی بلام روژیك لوەبر کویا چن قسەیکی تورکی له برفیربو بو. بی امه کەمانایان بزانی. پرسیارم لی کرد (ایکامان چن ماوه؟ وتی نأ پیری چو بو سلیمانی) ام جوابه وك کلیلی که به قفلیك نەکات وابو. | له دۆڵەدرێژ بزووتین ڕێگا به ناو جەنگەڵێکی زۆر خۆشا دەڕوات. تا ئێستا هیچ وڵاتی وا خۆشم نەدیوە. هەندێک ڕۆیشتیبووین تووشی فەتحوڵا ئاغای ئیشک ئاغاسی مەحموود پاشا بووین. له سنەوە دەهاتەوە. له پاش ئەو پیاوێک له لای خالید بەگ کە گەورەی ئەم ناوە بوو، هات بە پیرمانەوە لەگەڵ چەن تفەنگچییەک. ئەم پیاوە هیچ تورکی نەدەزانی بەڵام ڕۆژێک لەوەبەر گۆیا چەن قسەیەکی تورکی لەبەر فێر بووبوو، بێ ئەمە کە مانایان بزانێ. پرسیارم لێ کرد «ڕێگامان چەن ماوە؟» وتی «نا پێری چوو بۆ سلێمانی» ئەم جەوابە وەک کلیلی کە بە قفڵێک نەکات وابوو. |
| لپاشا زور سرەوژور بوینەوه. کیوی کاژاو کوتبوه پشت سرمان پیرەمەکدرون دیار بو. له خوارەوه ریکا دەبی به دو. به دسته راستدا دەچیت بو بستان که دو سعات دوره یکیکیان دەچیت بو احمد کلوان. له خوار شاخەوه کورانی خالد بك لکل دوصد سوار و چاوش وتپل هاتنه پیشەوه. یکی به پیرەوه چونی رسمی نەدیی ناتوانی بزانی چه هرا و هوریایك دەبی. له قسەوباس کردن و تپل لی دان و خوش هاتی و هیتر... هیتر خو اسپەکان چونکه حز له بیکانه ناکن و لکل اسپی اوان دژمنایتی دەنوین به دەنکیکی زور ناخوش. بشکو هنیکیان کوتنه شرکردن. | له پاشا زۆر سەرەوژوور بووینەوە. کێوی کاژاو کەوتبووە پشت سەرمان پیرەمەگروون دیار بوو. له خوارەوە ڕێگا دەبێ بە دوو، بە دەستە ڕاستدا دەچێت بۆ بیستان کە دوو سەعات دوورە، یەکێکیان دەچێت بۆ ئەحمەد کولوان. له خوار شاخەوە کوڕانی خالید بەگ لەگەڵ دووسەد سوار و چاوەش و تەپڵ هاتنە پێشەوە. یەکێ بەپیرەوەچوونی ڕەسمیی نەدیبێ ناتوانێ بزانێ چە هەراوهوریایەک دەبێ. له قسەوباسکردن و تەپڵلێدان و خۆش هاتی و هیتر... هیتر خۆ ئەسپەکان چونکە حەز لە بێگانە ناکەن و لەگەڵ ئەسپی ئەوان دوژمنایەتی دەنوێنن، بە دەنگێکی زۆر ناخۆش، بەشکو هەنێکیان کەوتنە شەڕکردن. |

ژماره ٢٨

١١ اوكست

كورى خالد بك ديويست هەوال پرسى بكات هيچ نەدەبيسترا. هر چاوم لى بو دەمى دەجوليت هيچم كوى لى نەبو. چونكە بجكە لە دنكى ولاغ لوتيەكان و زورنايش ام لاو اولايان كرتين وختى اوانەمان خستە لاوە پياويكى ايرانى پيابو. بە دنكيكى زور ناخوش دستى كرد بە وتن دومەلەكى بدستەوە بو اويشى هر لى دەدا برينەوەى نەبو. هر وا وك «كيوى» دەرويشتين. كوردەكان دستيان كرد بە رم بازى لپاش چنيك كەيشتينە جيكا. دو ساباتى زور چاك لسر چاوەيكى زور سارد و شيرين بسترا بو.

أم لاواولامان پرژين كرابو. كە باش خلوت بى لە چوار لامانەوە خزيكى دروبون. يكى لە كورانى بك ايزنى خواست لكل سوارەكانى چوە بستان محمد بك لاى من مايەوە. چونكە أم شوينانە زور ترسە خوى و سوارەكانى هتا بيانى ايشكيان كرت. أم ناوە لوكەى زورە بلام امسال كولەزورى لەناو داوە. شويش ميشولەزور بو.
دەلين لە نزيك ايرە وە لەسالى ١٠٩٠ هـ سليمان ببە لكل لشكرى سلطان شاە حسين شريان كرد. چن هزار ايرانيكيان شكان و رادا. لپاش چن روژى كە لە احمد كلوان مانيەوە ديم لبر ترسى مانەوە كرانە. و پرسيارى زور بو كورانى خالد بك دەبيت.

لبر `أوە بيرى چونە بستانم كرد بلام لە دواييدا زور پشيمان بومەوە. چونكە بستان بايكى زور نا سلامتى هيە. لكل پياو و نوكرەكانمان همو لرز و تامان كرت. نوكرەكانمان كە بغدادى بون نزيك بو بمرن.
لم ناوە دەبينم آوابى لە درەكان دەكن كە لە ريبوارەوە درنە كويت لبر ترسى كە هيانە لە قشونى ببە وايرانيەكان. بلام أوندەيش فائيدەٴ نيە. چونكە لم بيست سالى رابوردوە چنّ جاريك بە تواوى خاپور بوە بدەست امان الله خان و ايرانيەكان حاليان زور پريشان بوە.

بستان نزيك پنجا مالى هيە كە لوە پانزە بيست مالى جولە كەيە و لە جيكايكى ناخوشدايە.

لە بستان همو نخوش كوتين لە بردستەكانى من امرو ٢٦كس كيرودەى نخوشين. نختيك چاك ببم ديسان دەچمەوە سليمانى بلام جارى دەمەويت بجمە سنە هنديەكان زوريانم ناردەوە سليمانى چونكە ناتوانن لم كويستانە رابوين لبر سرماى شو.

ژماره 28

11 ئاوگوست

کوڕی خالید بەگ دەیویست هەواڵپرسی بکات هیچ نەدەبیسترا. هەر چاوم لێ بوو دەمی دەجووڵێت هیچم گوێ لێ نەبوو. چونکە بێجگە لە دەنگی وڵاغ، لۆتییەکان و زوڕنایش ئەملا و ئەولایان گرتین. وەختێ ئەوانەمان خستە لاوە پیاوێکی ئێرانی پەیا بوو، بە دەنگێکی زۆر ناخۆش دەستی کرد بە وتن، دومبەڵەکی بەدەستەوە بوو ئەویشی هەر لێ دەدا، بڕینەوەی نەبوو. هەر وا وەک «کێوی» دەڕۆیشتین. کوردەکان دەستیان کرد بە ڕمبازی لە پاش چەنێک گەیشتینە جێگا. دوو ساباتی زۆر چاک لەسەر چاوەیەکی زۆر سارد و شیرین بەسترا بوو.
ئەملا و ئەولامان پەرژین کرابوو، کە باشخەڵوەت بێ، لە چوار لامانەوە خەریکی درەوبوون. یەکێ لە کوڕانی بەگ ئیزنی خواست لەگەڵ سوارەکانی چووە بیستان، محەمەد بەگ لای من مایەوە. چونکە ئەم شوێنانە زۆر ترسە خۆی و سوارەکانی هەتا بەیانی ئێشکیان گرت. ئەم ناوە لۆکەی زۆرە بەڵام ئەم ساڵ کوللە زۆری لەناو داوە. شەویش مێشوولە زۆر بوو.
دەڵێن لە نزیک ئێرەوە لە ساڵی 1090 هـ، سلێمان بەبە لەگەڵ لەشکری سوڵتان شا حسێن شەڕیان کرد. چەن هەزار ئێرانییەکیان شکان و ڕادا. لە پاش چەن ڕۆژێ کە لە ئەحمەد کلوان ماینەوە دیم لەبەر ترسی مانەوە، گەڕانە. و پرسیاری زۆر بۆ کوڕانی خالید بەگ دەبێت.

لەبەر ئەوە بیری چوونە بیستان-م کرد بەڵام لە دواییدا زۆر پەشیمان بوومەوە چونکە بیستان بایەکی زۆر ناسەلامەتی هەیە. لەگەڵ پیاو و نۆکەرەکانمان هەموو لەرزوتامان گرت. نۆکەرەکانمان کە بەغدادی بوون نزیک بوو بمرن.

لەم ناوە دەبینم ئاوایی لە دەرەکان دەکەن کە لە ڕێبوارەوە دەر نەکەوێت لەبەر ترسی کە هەیانە لە قشونی بەبە و ئێرانیەکان. بەڵام ئەوەندەیش فائیدەی نییە. چونکە لەم بیست ساڵی ڕابوردووە چەن جارێک بە تەواوی خاپوور بووە. بەدەست ئەمانەڵا خان و ئێرانییەکان حاڵیان زۆر پەرێشان بووە.

بیستان نزیک پەنجا ماڵی هەیە کە لەوە پانزە بیست ماڵی جووولەکەیە و لە جێگایەکی ناخۆشدایە.

لە بیستان هەموو نەخۆش کەوتین لە بەردەستەکانی من ئەمرۆ بیستوشەش کەس گیرۆدەی نەخۆشین. نەختێک چاک ببم دیسان دەچمەوە سلێمانی، بەڵام جارێ دەمەوێت بچمە سنە، هندییەکان زۆریانم ناردەوە سلێمانی چونکە ناتوانن لەم کوێستانە ڕابوێرن لەبەر سەرمای شەو.

| ژماره ٢٩ | ژماره 29 |
| --- | --- |
| ١٣ اوكست<br><br>امرو بیانی زو له بستان بزوتین و له دشتی تتان رابوردین دیسان هاتینه‌وه دشتی بردم احمد كلوان له آوی قزلجه پرینه‌وه كه‌یشتینه پنجوین كه جیكایكی زور خوش و رون و ریكه. بلام من اونده نخوش بوم كه نم ده‌پرژایه سر هیچ. له هر چوار لاوه رش مالی جاف داكیری كردبو. خریكن كوچ بكنه شاره‌زور.<br><br>همو كلوپلو باریان دخسته سر «كا» وك كوردی «رشوان» لای اناطولی ده‌كن. جافه‌كان همو اسلحه‌یان هیه هندیكیان شمشیر و قلخان هنی دمانجه سواره‌كان همو نیزه‌یان هیه.<br><br>له‌ناو امانه‌دا ژنیك بو وا دیاره له نجیبه‌كانه چونكه سواری ماینیكی زور چاك بو. دوسه سواریشی لكل بو. ژنه‌كان هیچیان رو داناپوشن. اوای پینجوین هی فتح الله اغایه كه‌مالی له سلیمانیه. پینجوین سالی ١٥٠٠٠ غروشی ده‌بی باغ و ماغی زوری هیه اهالیه‌كه‌ی زور تریان كاروانچین. | 13 ئاوگوست<br><br>ئەمرۆ بەیانیی زوو لە بیستان بزووتین و لە دەشتی تەتان ڕابوردین دیسان هاتینەوە دەشتی بەردەم ئەحمەد کولوان. لە ئاوی قزڵجە پەڕینەوە گەیشتینە پێنجوێن کە جێگایەکی زۆر خۆش و ڕوون و ڕێکە. بەڵام من ئەوەندە نەخۆش بووم کە نەمدەپەرژایە سەر هیچ. لە هەر چوار لاوە ڕەشماڵی جاف داگیری کردبوو. خەریکن کۆچ بکەنە شارەزوور.<br><br>هەموو کەلوپەل و باریان دەخستە سەر «گا» وەک کوردی «ڕەشوان» لای ئەنادۆڵی دەکەن. جافەکان هەموو ئەسلیحەیان هەیە، هەندێکیان شمشێر و قەڵخان، هەنێ دەمانچە، سوارەکان هەموو نیزەیان هەیە.<br><br>لەناو ئەمانەدا ژنێک بوو وا دیارە لە نەجیبەکانە چونکە سواری ماینێکی زۆر چاک بوو. دووسەد سواریشی لەگەڵ بوو. ژنەکان هیچیان ڕوو داناپۆشن. ئاوایی پێنجوێن هی فەتحوڵا ئاغایە کە ماڵی لە سلێمانییە. پێنجوێن ساڵی پازدە هەزار غروشی دەبێ باغ و ماغی زۆری هەیە ئەهالییەکەی زۆرتریان کاروانچین. |
| ١٩ اوكست<br><br>امشو دو دزهاتنه ناو خیوه‌ته‌كانی ایمه‌وه بلام جكه له جوتیك كلاش هیچی تریان نه‌بردبو «واقع ورمانه - عجایبه» كه تا ئیستا «دز» زورتر نه‌بوه. چونكه جاف دزیان زوره.<br><br>عمر آغا ده‌یوت أو رشمالانه كه ایستا دیاره هی كلالی و كلهوره كه جافی تواونین له لاوه تیكل جاف بون همو جاف له جیاتی له‌ور ده‌بی باج به والی سنه بدات امسال ٤٠٠ تمانیان داوه جكه له هی ماین و مر.<br><br>پینجوین وا دیاره كه‌هیانه. همو جلی چاك و خانوی باش و باغی كوره‌یان هیه كه دوله‌مندی یان نشان أدات. | ١٩ ئاوگوست<br><br>ئەمشەو دوو دز هاتنە ناو خێوەتەکانی ئێمەوە بەڵام جگە لە جووتێک کڵاش هیچی تریان نەبردبوو «واقیع ورمانە - عەجایبە» کە تا ئێستا «دز» زۆرتر نەبووە. چونکە جاف دزیان زۆرە.[376]<br><br>عومەر ئاغا دەیوت ئەو ڕەشماڵانە کە ئێستا دیارە هی گەلاڵی و کەلهوڕە کە جافی تەواو نین لە لاوە تێکەڵ جاف بوون. هەموو جاف لە جیاتی لەوەڕ دەبێ باج بە والیی سنە بدات، ئەم ساڵ چوارسەد تومانیان داوە جگە لە هی ماین و مەڕ.<br><br>پێنجوێن وا دیارە کە هەیانە. هەموو جلی چاک و خانووی باش و باغی گەورەیان هەیە کە دەوڵەمەندییان نیشان ئەدات. |

[376] ئەم دەربڕینەش شێواندنی تێکستی سەرشارە، ڕیچ ناڵێت «جاف دزیان زۆرە»، دەڵێت:

*Last night two thieves made an incursion into our camp, and succeeded in carrying off two pair of shoes belonging to some of the tentpitchers. It is very surprising we have not been more troubled with them, considering our vicinity to the tents of the wandering tribes.*

| | |
|---|---|
| ٢٠ ١وكست | 20 ئاوگست |
| امرو بزوتين بو سنه أم سفرەم بويە يەكەكيوى «كران» ببينم لكل خاكى والى سنه لپاش ساعتيک چوينه ولاتى ايرانەوە لپاش ساعتيكى تر كه كەيشتينه بزرايى درياى مريوان دركوت. دەلين أم درياچەيە همو سال كورەتر دەبى. بلام له نشانەيەك من ديم وا تى دەكم كه پچوكتر دەبيتەوە. | ئەمرۆ بزووتین بۆ سنە. ئەم سەفەرەم بۆیەیە کە کێوی «کوڕان» ببینم لەگەڵ خاکی والیی سنە. لە پاش سەعاتێک چووینە وڵاتی ئێرانەوە، لە پاش سەعاتێکی تر کە گەیشتینە بەرزایی، دەریای مەریوان دەرکەوت. دەڵێن ئەم دەریاچەیە هەموو ساڵ گەورەتر دەبێ، بەڵام لە نیشانەیەک من دیم وا تێ دەگەم کە پچوکتر دەبێتەوە. |
| زستان هنى جارسهول واى دەبستيت سواردەتوانى بسريا بروات. لم نزيكانه چوار چاوشى كيخسروبك توش هاتين به ژير زك اسپەكانياندا پارچە فرشى ريشودارپان هلواسى بو. نازانم امه بەچه بيريك بو. | زستان هەنێ چار سەهۆڵ وای دەبەستێت سوار دەتوانی بەسەریا بڕوات. لەم نزیکانە چوار چاوەشی کەیخەسرەو بەگ تووش هاتین، بە ژێر زگ ئەسپەکانیاندا پارچە فەرشی ڕێشووداریان هەڵواسی بوو. نازانم ئەمە بە چە بیرێک بوو. |
| ساعت چوار كەيشتينه رشمالەكانى كيخسروبك نزيك درياچە كه خويشى هات به پيرمانەوە لكل ٣ كورى خوى و محمد بك كورى قادر بك. | سەعات چوار گەیشتینە ڕەشماڵەکانی کەیخەسرەو بەگ نزیک دەریاچە، کە خۆیشی هات بەپیرمانەوە لەگەڵ سێ کوڕی خۆی و محەمەد بەگ کوڕی قادر بەگ. |
| او شوينه كه رشمال و خيوەتەكانى كيخسرو بيكى لى بو جيكايكى زور خوش تماشابو. لاى خواروى قلاى مريوان دياربو. بلام ويرانەيە كويا له وختى ساسانيەكانەوە هيە. لسر شاخيكى تر شوينى دو قلاى كون هيە. | ئەو شوێنە کە ڕەشماڵ و خێوەتەکانی کەیخەسرەو بەگی لێ بوو جێگایەکی زۆر خۆشتماشا بوو. لای خواروی قەڵای مەریوان دیار بوو. بەڵام وێرانەیە، گۆیا لە وەختی ساسانیەکانەوە هەیە. لەسەر شاخێکی تر شوێنی دوو قەڵای کۆن هەیە. |
| اولاى دشت و لاى روژ آواى به شاخى هورامانەوە گيراوە - وەك ديوارە لسر شارەزور - پشتى هورامان درەيكى باريكە له سليمانيەوە دەروات بو كرمانشاه كه اوە ريكاى شاميانى پى دەلين. له ناو أم درەيەدا آويكى بچوك هيە لەشاخى (كران) ديته خوارەوە دەرژيته ناو آواى مريوان. | ئەولای دەشت و لای ڕۆژاوای بە شاخی هەورامانەوە گیراوە - وەک دیوارە لەسەر شارەزوور - پشتی هەورامان دەرەیەکی باریکە لە سلێمانیەوە دەڕوات بۆ کرمانشاه کە ئەوە ڕێگای شامیانی پێ دەڵێن. لە ناو ئەم دەرەیەدا ئاوێکی بچووک هەیە لەشاخی «کوڕان» دێتە خوارەوە دەڕژێتە ناو ئاوایی مەریوان. |
| ٢١ اوكست | 21 ئاوگوست |
| امرو بزوتين لپاش چنّ ساعتيك كەيشتينه آوايى كويزە كويرە كه لەدرەيكى تنك و باريكدايە ليرەدا شرى سليمان پاشاى كهياى بغداد و عبدالرحمن پاشاى كورد روى دا و لپاش دە دقيقه شر كردن سليمان پاشا به ديل كيرا. | ئەمڕۆ بزووتین لە پاش چەن سەعاتێک گەیشتینە ئاوایی گوێزە کوێرە کە لە دەرەیەکی تەنک و باریکدایە. لێرەدا شەڕی سلێمان پاشای کەهیای بەغداد و عەبدولڕەحمان پاشای کورد ڕووی دا و لە پاش دە دەقیقە شەڕ کردن سلێمان پاشا بە دیل گیرا. |
| آوايى كويزە كويرە زور خراپە دانيشتوانى زور بى دست و دستەلاتن. | ئاوایی گوێزە کوێرە زۆر خراپە، دانیشتوانی زۆر بێ دەست و دەستەڵاتن. |
| ٢٥ اوكست | 25 ئاوگوست |
| ام چن روژە نخوش بوم هيچم نه نوسيوەتەوە. ايستا له «دويسە» ين سبينى بيرمان وايە بچينە «سنە» امشو ميرزا فيضى الله كه يكيكه له كاتبانى والى سنه كەيشت. | ئەم چەن ڕۆژە نەخۆش بووم هیچم نەنووسیوەتەوە. ئێستا لە «دویسە» ین، سبەینێ بیرمان وایە بچینە «سنە». ئەمشەو میرزا فەیزولا کە یەکێکە لە کاتبانی والیی سنە گەیشت. |

| ژماره ٣٠ | ژماره 30 |
| --- | --- |
| والی سنه که چوته درەوه بو کن «بیجار» له هاتنی ایمه کەیشتوه و امریکی بو سنه ناردوه که له سنه وەك خوی احترامامان بکیریت. لبر أوه کوره ناونجی والی لکل قشونی خوی و بو چاوپیکوتن به پیرمانەوه دیت. بلام چونکه من ایجکار لام ناخوش بو ام پیرەوه چون و هرا و هوریایه وتم نأ پی ناوی. میرزا وتی خان فرمویتی ایمه ناتوانین فرمودەی أوبجی نەهینین. منیش وتم اکر وامانکویتی بکیشن هر ایستا دەکریمەوه سلیمانی له دواییدا دانرا که دو سه کس لەکوره کوران بین به پیرمەوه هتا او باغه کەلەبیرمدا بو تیادابزم. | والیی سنە کە چۆتە دەرەوە بۆ کن «بێجار» لە هاتنی ئێمە گەیشتووە و ئەمرێکی بۆ سنە ناردووە کە لە سنە وەک خۆی ئیحتیرامامان بگیرێت. لەبەر ئەوە کوڕە ناوەنجیی والی لەگەڵ قشونی خۆی و بۆ چاوپێکەوتن بەپیرمانەوە دێت. بەڵام چونکە من ئێجکار لام ناخۆش بوو ئەم پیرەوەچوون و هەراوهوریایە، وتم نا، پێ ناوێ. میرزا وتی خان فەرموویەتی، ئێمە ناتوانین فەرموودەی ئەوە بەجێ نەهێنین. منیش وتم ئەگەر وا ماندوێتی بکێشن هەر ئێستا دەگەڕێمەوە سلێمانی. لە دواییدا دانرا کە دوو سێ کەس لە کوڕە گەوران بێن بەپیرمەوە هەتا ئەو باغە کە لە بیرمدا بوو تیا دابەزم. |
| ام قسانه زور دریژبوەوه وختی کەسوار بوین درنك بوبو. سنه لەدورەوه جوان دردەکوت. دیار بو خانو و برەی چاکی هیه. ایمه نەچوینه ناو شار بەچپدا کراین له باغی خسروآوا دابزین.<br>باغیکی زور چاك و باشه. خیابانیکی سپی و کل باغچۀ جوان له ناو باغەکەدا حوضیکی کوره و خانویکی زور پاك و تمیزی هبو. أم باغه جواردەسال لوەپیش امان الله خان والی ایستا بنای کردوه بو یادکاری باوکی خوی خسروخان ناوی ناوه خسروآوا. لبر درکای باغەکه میرزا فرج الله برای امان الله خان وستابو. بخیر هاتنی منی کرد. پاشا نیوەرو قاصدی تایبتی لەلای والیەوه هات. خواهشی له من کرد بو پاشا حسانەوه له سنه لوریکایەوه بچمەوه سلیمانی که ایستا اوی لی هیه. اکر توانیم و ری کوت وادەکم. | ئەم قسانە زۆر درێژ بۆوە و وەختێ کە سواربووین درەنگ بووبوو. سنە لە دوورەوە جوان دەر دەکەوت. دیار بوو خانووبەرەی چاکی هەیە. ئێمە نەچووینە ناو شار، بەچەپدا کراین لە باغی خەسرەوئاوا دابەزین.<br>باغێکی زۆر چاک و باشە. خیابانێکی سپی و گوڵی باغچەی جوان. لە ناو باغەکەدا حەوزێکی گەورە و خانوویەکی زۆر پاک و تەمیزی هەبوو. ئەم باغە چواردە ساڵ لەوەوپێش ئەمانەڵلا خان والیی ئێستا بینای کردووە، بۆ یادگاریی باوکی خۆی خەسرەوخان ناوی ناوە خەسرەوئاوا. لەبەر دەرگای باغەکە میرزا فەرەجەڵلا برای ئەمانەڵلا خان وەستابوو. بەخێرهاتنی منی کرد. پاشنیوەڕۆ قاسدی تایبەتی لە لای والیەوە هات. خواهشی لە من کرد بۆ پاش حەسانەوە لە سنە لەو ڕێگایەوە بچمەوە سلێمانی کە ئێستا ئەوی لێ هەیە. ئەگەر توانیم و ڕێکەوت وا دەکەم. |
| اوانەی لیره دیمن همو لەناو خویاندا به زمانی کورانی ده دوان بلام لکل من به فارسی ده دوان. هموشیان بریکی ایرانی یان لبربو. کەلای من زور ناشیرین و ناخوشه امانه بەهیچ کلوجیك وك کوردەکانی سلیمانی و ببه پیاونین. وك کوردی کوردستانیش آزانین هچ وختیك لمانه ورد دەبمەوه و تماشا دەکم کردەوەو عادتی ایرانی امانه تیکیان داوه. دیسان هنی وختی وا دەبیم تواو ایرانین. هر وها تماشای عمر آغا دەکم لکل کوردی «راست - اصل» دا جیاوازیان زودر دەکویت. | ئەوانەی لێرە دیمن هەموو لەناو خۆیاندا بە زمانی گۆرانی دەدوان بەڵام لەگەڵ من بە فارسی دەدوان. هەمووشیان بەرگی ئێرانییان لەبەر بوو، کە لای من زۆر ناشیرین و ناخۆشە، ئەمانە بەهیچ کلۆچێک وەک کوردەکانی سلێمانی و بەبە پیاو نین. وەک کوردی کوردستانیش ئازا نین. هەچ وەختێک لەمانە ورد دەبمەوە و تەماشا دەکەم کردەوە و عادەتی ئێرانی ئەمانە تێکیان داوە. دیسان هەنێ وەختێ وا دەبینم تەواو ئێرانین. هەر وەها تەماشای عومەر ئاغا دەکەم لەگەڵ کوردی «ڕاست - ئەسڵ» دا جیاوازیان زوو دەردەکەوێت.[377] |

[377] ئەم کۆپلەیەش ڕەنگدانەوەی دروستی تێکستی سەرشار نییە، ڕیچ دەڵێت:

*The gentlemen whom I met with here (all of the Gooran race) spoke the Gooran Koordish among themselves, but used Persian in conversing with me. They were all habited in the Persian costume, the effect of which is not pleasing. They are by no means so open or manly as my friends the Bebbehs. The Persian dress and manners are certainly against them; but, besides this, I believe they are reckoned inferior in these respects to the other Koords: they have the appearance of something*

ژمارە 31

بازنەی ئەم زنجیرەیەی تێدا بڵاو نەبۆتەوە

ژماره ٣٢

٢٦ اوكست

له يك لايشه‌وه ايرانيه‌كان اونده‌ٔ توركه‌كان به‌ادب نين كس به‌سرسوكی ناهيلنه‌وه كه‌اوكسه بوخوی نختيك بحسيته‌وه. من اكر له مالی توركيكدا ده‌بوم هر به خيراتنی ده‌كردم. ايتر بو امه‌ی بحسيمه‌وه پيويستی بجی ده‌هينا و ده‌رويشته‌وه كن مالی خويان هتا وختی چاوپيكوتنی رسمی. ايرانيه‌كان به پيچه‌وانه‌ٔ امه‌ن. ده‌قيقه يك ناهيلن پياو خلوتی بی. وهام بيست اكر له‌شاردا بين رنكه بكريت له دست أمانه رزكاربين. لبر أمه لام باش بو كه جيكا له‌شار بدوزينه‌وه لپاش چن دقيقه‌يك كه‌يشتينه كن ديوار سنه كه له «قور» كراوه. له دركا چوينه ناوه‌وه له كولانيكی زور چپله وه چوين بو بردركای قلا له‌بر دركای قلا به قد صد تفنكچی هورامی هبو شتيكی غريين هيچ له كورد ناچن كلاويان هبو تايبتی بو بو خويان سری كلاوه كانيان قنج و باريك بو چوار پينج كلكی هبو وك پی «جالجالوكه» هاتين له هيوانيك دانيشتين لپاش چن دقيقه يك خان هات. مناليكی نو ده ساله‌يه عنايت الله بك ترجمانی بو خان ده‌كرد. لپاشا شربت و قاوه و شيرينينان هينا همو خواردمان ديم ايرانيه‌كان زور حز له شيرينی ده‌كن.

ژمارە 32

26 ئاوگوست

لە یەک لایشەوە ئێرانییەکان ئەوەندەی تورکەکان بەئەدەب نین، کەس بە سەرسووکی ناهێڵنەوە کە ئەو کەسە بۆ خۆی نەختێک بحەسێتەوە. من ئەگەر لە ماڵی تورکێکدا دەبووم هەر بەخێراتنی دەکردم. ئیتر بۆ ئەمەی بحەسێمەوە پێویستیی بەجێ دەهێنا و دەڕۆیشتەوە کن ماڵی خۆیان هەتا وەختی چاوپێکەوتنی ڕەسمی. ئێرانییەکان بە پێچەوانەی ئەمەن. دەقیقەیەک ناهێڵن پیاو خەڵوەتی بێ. وەهام بیست ئەگەر لە شاردا بین ڕەنگە بکرێت لە دەست ئەمانە ڕزگار بین. لەبەر ئەمە لام باش بوو کە جێگا لە شار بدۆزینەوە. لە پاش چەن دەقیقەیەک گەییشتینە کن دیواری سنە کە لە «قوڕ» کراوە. لە دەرگا چووینە ناوەوە لە کۆڵانێکی زۆر چەپڵەوە چووین بۆ بەردەرگای قەڵا. لەبەر دەرگای قەڵا بە قەد سەد تفەنگچی هەورامی هەبوو. شتێکی غەریبن هیچ لە کورد ناچن، کڵاویان هەبوو تایبەتی بوو بە خۆیان، سەری کڵاوەکانیان قنج و باریک بوو، چوار پێنج کلکی هەبوو وەک پێی «جاڵجاڵۆکە». هاتین لە هەیوانێک دانیشتین لە پاش چەن دەقیقەیەک خان هات. مناڵێکی نۆ دە ساڵەیە. عینانەتوڵا بەگ تەرجومانی بۆ خان دەکرد. لە پاشا شەربەت و قاوە و شیرینینان هێنا. هەموو خواردمان، دیم ئێرانیەکان زۆر حەز لە شیرینی دەکەن.

---

*sneaking about them; as Omar Aga would say, 'They are not clansmen'. I must confess he forms a very striking contrast to them; and he looks, with his military, frank deportment, his flowing dress, and party-coloured turban, thrown back off" his fine manly forehead, like a prince among them. I find he is well known and highly respected here.* (Rich 1836: 201)

| ژماره ٣٣ | ژماره 33 |
| --- | --- |
| قسەی زوریشیان کرد بلام قسەکانیان هموی بی تام و هیچ و پر لە تعارفی درو بو. لپاش نختیك هلسام چوم بو تماشا کردنی قلاکە لسر هیوانیك بالا خانە دەکن کە ناویان ناوە «خسرویە» والی خسرو خان ناو کوریکی هبو لبر أوە ایستا ناوەکیان کوری ناویان نا محمد علی.<br><br>دەلین سنە صدو حفتا سال لمو پیش بینا کراوە لەلاینی یکی لە باپیرانی امان الله خان ایستا نزیك چوار پینج هزار خانوی هیە دو صد مالی جولکە و پنجا مالی کاوریشی تیایە مسلمانی سنە هموی «شافعین» بلام والی و مالی والی لبرامەکە کوشی شای ایران ماچ دەکن خویان کردوە بە شیعە.<br><br>امان الله خان والی سنە چلوحوت سالەیە وا دیارە لە کردەوۀ ایرانی وك دروزنی بی قولی چاو برسیتی زور و چونە سر بشی یکیکی تربی تواو ایرانیە فارسەکانیش خویان بە وەستای أزانن اەلین زمانی اوندە لوسە کە همو کس تفرە ادا و هیچ وختیك چاکۀ بو کس ناویت هر چیك دەکا بو چونە پیشەوەی خوی و لی تیکدانی تری دەکات. | قسەی زۆریشیان کرد بەڵام قسەکانیان هەمووی بێتام و هیچ و پڕ لە تەعاروفی درۆ بوو. لە پاش نەختێک هەڵسام چووم بۆ تەماشاکردنی قەڵاکە لەسەر هەیوانێکی باڵەخانە دەکەن کە ناویان ناوە «خەسرەوییە» والی خەسرەوخان ناو کوڕێکی هەبوو لەبەر ئەوە ئێستا ناوەکەیان گۆڕی، ناویان نا محەمەد عەلی.<br><br>دەڵێن سنە سەدوحەفتا ساڵ لەمەوپێش بینا کراوە لە لایەنی یەکێ لە باپیرانی ئەمانەڵا خان. ئێستا نزیک چوار پێنج هەزار خانووی هەیە، دووسەد ماڵی جوولەکە و پەنجا ماڵی گاوریشی تیایە. موسڵمانی سنە هەمووی «شافعین» بەڵام والی و ماڵی والی لەبەر ئەمە کە کەوشی شای ئێران ماچ دەکەن خۆیان کردووە بە شیعە.[378]<br><br>ئەمانەڵا خان والیی سنە چلوحەوت ساڵەیە. وا دیارە لە کردەوەی ئێرانی وەک درۆزنی، بێقەولی، چاوبرسیەتی زۆر و چوونە سەر بەشی یەکێکی تر بێ، تەواو ئێرانییە. فارسەکانیش خۆیان بە وەستای ئەزانن، ئەڵێن زمانی ئەوەندە لووسە کە هەموو کەس تەفرە ئەدا و هیچ وەختێک چاکەی بۆ کەس ناوێت، هەر چییەک دەکا بۆ چوونە پێشەوەی خۆی و لێ تێکدانی تری دەکات. |

«...»

[378] ئەم دەربڕینەی « لبرامەکە کوشی شای ایران ماچ دەکن / لەبەر ئەمە کە کەوشی شای ئێران ماچ دەکەن» سووکایەتییەکی ناجۆری تێدایە لە زمانی سیاسەتکار دەوەشێتەوە نەک نووسینی زانایەکی وەک ڕیچ، ئەم دەڵێت:
*The Mohometan inhabitants of the town are all Sunnis of the Shafei sect. The Vali and his family affect to be Shiyyahs, in order to please the King of Persia.* (Rich 1836: 209)

## سەرچاوە

### سەرچاوە بە زمانی کوردی


ئەحمەدزادە، هاشم. *جیهانی رۆمان*، چاپەمەنی مانگ، بانە 2018.

ئۆلسن، رۆبەرت. *راپەرینی شێخ سەعیدی پیران*. تەرجەمەی لە فارسییەوە: ئەبووبەکر خۆشناو. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سولەیمانی 1999.

جەلیزادە، مەسعوود محەمەد - بۆ ئەم کتێبانە و کتێبەکانی دیکەی نووسەر بڕوانە سایتی مامۆستا: https://mamosta.net

- *زاراوەسازیی پێوانە*
- *لە پەرۆشەکانی ژیان*
- *گەشتی ژیانم*
- *دەستەودامانی نالی*
- *ژیان و جیهانبینی*

جوەیدە، وەدیع. *جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بنەما و پەرەسەندنی*. تەرجەمەی لە ئینگلیزییەوە: یاسین سەردەشتی، سلێمانی 2008. بڕوانە: https://www.kurdipedia.org/files/books/2011/62040.PDF?ver=129979140320000000

*«دیوانی نالی – مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی»*، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و فاتیح عەبدولکەریم و پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم. کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا 1976. بڕوانە سایتی ڤەژین https://books.vejin.net/ck/book/58

سمیث، ئادەم، *سامانی نەتەوەکان*، تەرجەمەی لە ئینگلیزییەوە عەوف عەبدولڕەحمان عەبدولا، دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی 2018.

مونی، کارۆل گارت. *بیردۆزە دەربارەی زارۆکەتی - ناساندنێکی دیوی، مۆنتیسۆری، ئێریکسۆن، پیاژێ، ڤیگۆتسکی*. وەشانی دووهەم. تەرجەمە لە ئینگلیزییەوە: هاوبەش خالید 2022.

ڤیگۆتسکی Vygotsky. *بیر و ئاخاوتن*، تەرجەمەی لە ئینگلیزیەوە: ڕوونبیر سەرکەپکانی. سوێد 2022.

ڤیگۆتسکی Vygotsky. *ئاوەز لە جڤاکدا - فراژووتنی پێڤاژۆی باڵای دەروونناسانە*. تەرجەمەی لە ئینگلیزییەوە: هاوبەش خالید، کوردستان 2022.

«گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، بەرگی دووهەم، بەشی یەکەم، ساڵی 1974،

نەبەز، جەمال. *وەرگێڕان هونەرە*. چاپی یەکەم: چاپخانەی ژین، 2658 ی کوردی، 1958 ی زایینی، سلێمانی. چاپی دووەم: 1971-1972، کتێبخانەی بەشی کوردی، کۆلیجی ئادابی زانستگەی بەغدا. چاپی سێیەم: 1986، ستۆکهۆلم، سوێد. چاپی چوارەم: نەورۆزی 2708 (April 2008)، لە بڵاوکراوەکانی کۆنگرەی نیشتیمانیی کوردستان – دەزگەی ڕاگەیاندن. بڕوانە: https://www.kurdipedia.org/files/books/2011/62387.PDF?ver=129817201220000000

## سەرچاوە بە زمانی عەرەبی

جەلیزادە، *من هموم الحياة*، بغداد 1988. بڕوانە سایتی مامۆستا:
https://www.mamosta.net/Arebi/Kteebi_Arebi/MM_Mn_humum_al_hheyat.pdf

هاملتون، ای. ام. *طريق في كردستان.* ترجمة: جرجيس فتح الله. بغداد، دار «التآخي» 1970.

## سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی

Ahmadzadeh, Hashem. *Nation & Novel: A Study of Persian and Kurdish Narrative Discourse.* Uppsala University 2003.

Baker, Mona and Saldanha, Gabriela (eds). *Routledge Encyclopedia of Translation Studies.* Third edition. Routledge 2020.

Barr, James. *A Line in the Sand: Britain, France and the Struggle that Shaped the Middle East.* Simon & Schuster 2011.

de Beaugrande, R.-A. and Dressler, W. U. *Introduction to Text Linguistics.* London: Longman 1981.

Hamilton, Archibald Milne. *Road through Kurdistan: The Narrative of an Engineer in Iraq.* Faber 1958.

Koehn, Philipp. *Neural Machine Translation.* Cambridge University Press 2020.

Koehn, Philipp. *Statistical Machine Translation.* Cambridge University Press 2009.

Malmkjær, Kirsten (ed). *Routledge handbook of translation studies and linguistics.* Routledge 2018.

Malmkjær, Kirsten (ed). *The Cambridge Handbook of Translation.* Cambridge University Press 2022.

Mooney, Carol Garhart. *Theories of Childhood - An Introduction to Dewey, Montessori, Erikson, Piaget, and Vygotsky.* Second Edition, Redleaf Press 2013. https://www.redleafpress.org.

Olson, Robert. *The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880–1925.* University of Texas Press 1989.

Pym, Anthony. *Exploring Translation Theories.* Routledge 2010 and second edition 2014.

Pym, Anthony. *Method in Translation History.* St. Jerome Publishing 1998 and Routledge 2014a.

Pym, Anthony. Translating as risk management, in *Journal of Pragmatics*. volume 85, August 2015, Pages 67-80.

Rawlinson, George. *The Seven Great Monarchies of The Ancient Eastern World*, Vol 3: *Media*. Murray 1872. Tredition Classics 2011.

Reiss, Katharina & Vermeer, Hans Josef. *Towards a General Theory of Translational Action.* Routledge 2014 (Reiß, Katharina & Vermeer, Hans Josef. *Grundlegung einer allgemeinen Translationstheorie,* de Gruyter 1984).

Rich, Claudius James. *Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh.* James Duncan, London 1836.

https://archive.org/stream/narrativeofresid01richuoft/narrativeofresid01richuoft_djvu.txt

https://ia800207.us.archive.org/24/items/narrativeofresid01richuoft/narrativeofresid01richuoft.pdf

Richards, Jack C. and Rodgers Theodore S. *Approaches and Methods in Language Teaching.* Third Edition, Cambridge University Press 2014.

Porter, James. Intertextuality and the Discourse Community. Source: Rhetoric Review , Autumn, 1986, Vol. 5, No. 1 (Autumn, 1986), pp. 34-47. Published by: Taylor & Francis, Ltd. Stable URL: https://www.jstor.org/stable/466015

Smith, Adam. *The Wealth of Nations.* First edition 1776. An electronic classics series publication 2005: https://www.rrojasdatabank.info/Wealth-Nations.pdf

Toury, Gideon. *Descriptive Translation Studies and beyond.* Benjamins Translation Library, 1995. Revised edition, Tel Aviv University, John Benjamins B.V 2012.

Venuti, Lawrence. *The Translator's Invisibility: A History of Translation*. London and New York: Routledge 1995.

Venuti, Lawrence (ed). *The Translation Studies Reader.* London/New York: Routledge 2000.

Vygotsky, L. S. *Mind in Society - The Development of Higher Psychological Processes.* Edited by: Michael Cole, Vera John-Steiner, Sylvia Scribner, Ellen Souberman. Harvard University Press. Cambridge, Massachusetts. London, England. 1979.

Vygotsky, L. S. *Thought and Language.* Translated by Eugenia Hanfmann and Gertrude Vakar. The MIT Press 2012.

Wadie Jwaideh. *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development.* Syracuse University Press 2006.

## سەرچاوە بە زمانی سوێدی

Håkanson, Nils. *Dolda gudar: en bok om allt som inte går förlorat i en översättning.* Nirstedt/litteratur 2021.

Ingo, Rune. *Konsten att översätta: översättandets praktik och didaktik.* Studentlitteratur AB 2007.

Stålhammar, Mall. *Att översätta är nödvändigt.* Carlsson Bokförlag 2015.

## وشەدانی ئینتەرنێت

https://bradost.net/ferheng
https://dictionary.cambridge.org
https://ferheng.info
https://lex.vejin.net
https://www.almaany.com/en/dict/ar-en
https://www.oxfordlearnersdictionaries.com
https://www.wikipedia.org/

## سەمیناری تۆژەران

Anthony Pym

- https://usuaris.tinet.cat/apym/publications/ETT/index.html
- https://www.youtube.com/user/AnthonyPym

Peter Constantine

- Translation Theory. Domestication and Foreignization: https://www.youtube.com/watch?v=xtKasLH6H0M

Philipp Koehn

- Machine Translation - Lecture 1: Introduction : https://www.youtube.com/watch?v=DuYkqCQEbpo
- Machine Translation - Lecture 2: Basics in Language and Probability: https://www.youtube.com/watch?v=dsBioR-U5P4&list=PLQrCiUDqDLG0lQX54o9jB4phJ-SLI6ZBQ&index=4

## سەرچاوەی دیکە

Catford, J.C. (1965). *A Linguistic Theory of Translation*. Oxford University Press. https://ia801200.us.archive.org/29/items/J.C.CatfordALinguisticTheoryOfTranslationOxfordUniv.Press1965/j.%20c.%20catford-a%20linguistic%20theory%20of%20translation-oxford%20univ.%20press%20%281965%29.pdf

Hermans, T. (1985) Introduction. The Manipulation of Literature: Studies in Literary Translation. Croom Helm.

Nida, Eugene & Taber, C.R. (1974). The Theory and Practice of Translation. Leiden: Brill.

Snell-Hornby, Mary (1988). Translation Studies: An Integrated Approach. John Benjamins Publishing.

«…»